# گـزنـگ

**ژماره (٨٧) کانوونی دووەم - ٢٠١١**

خاوەنی ئیمتیاز:

**یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک**

سەرنووسەر

**د. ئازاد ئەمین باخەوان**

**٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧**

بەڕێوەبەری نووسین

**عەبدولستار جەباری**

**٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨**

starjabari@yahoo.com

دەستەی نووسەران

**معتصم ساڵەیی**

**خالد مەجید فتح الله**

**کاردۆ محەمەد**

**زایر زەنگنە**

**ڕووزار ئەحمەد**

ڕاوێژکاران

**ئەمین شوان**

**د. فوئاد ڕەشید محەمەد**

**د. عادل مەجید گەرمیانی**

ئیمێڵی گۆڤاری گزنگ: **Gizing٢٠١٠@yahoo.com**

بەڕێوەبەری هونەری:

**دلێر ڕەفیق – ئەنجام سەعید**

**کوردستان – کەرکوک**

ناونیشان: **کەرکووک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەلی فەخری**

# لەم ژمارەیەدا 87

**سەکۆی گزنگ:**

هۆشیاری کات، سەرنووسەر..........ل٥

**زمانەوانی:**

شێخی عەرەب شێخی کورد نییە ، سەلام ناوخۆش..........ل٩
ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییە بۆچی؟٢/ د. شەهاب شێخ تەیب..........ل١٥

**وتار و لێکۆڵینەوە:**

پەیوەندی زمانی و جۆرەکانی لە شیعری (صابری)دا، د. ئازاد ئەمین باخەوان..........ل٢٩
ئەوین بەدەم فڕینەوە، حەمەسەعید حەسەن..........ل٣٩
تیۆریزم و میتافۆڕیی شیعر، د. ئازاد عەبدولواحێد کەریم..........ل٤٧
ئەدەبیات و مێژووی کلاسیك لای تۆماس هۆبز، د. محەمەد شوانی..........ل٥١
بایەخی چیرۆك لە پەروەردەکردنی منداڵ، ڕەزا شوان/نەرویج..........ل٥٩
هاینرش هاینە میری ڕۆمانسیەت و...، عومەر عەلی شەریف..........ل٦٣
رەهەندی مێژوو لە شیعری ئەسیریدا، زایەر زەنگنە..........ل٧٩
رەخنەی دەروونی و کردەی ئافراندن، هێرۆ کوردە..........ل٨٣
جەمشید خانی مامی بەختیار عەلی یان...، ئاری عوسمان خەیات..........ل٨٧

**وەرگێڕان:**

کێ کتێبخانە بەناوبانگەکەی ئیسکەندەریەی سووتاند، و:پرۆفیسۆر: زەنون پریادی.....ل٩٥
ژیان جوانە، و: ئازاد نەجم..........ل٩٩
شیعری نوێ، شیعری ئەمڕۆیە، و: رزگار جەباری..........ل١٠١
سەوزە فرۆش، و: خالید حەمید..........ل١٠٥
کێ لە دەریادا مینی چاند، و: سلێمان دڵسۆز..........ل١٠٩

**چیرۆك:**

مردنی سپی، هێمن عومەر خۆشناو..........ل١١٥
مەرز، سەلمان شێخ بزێنی،..........ل١٢٩
زریان، ئازاد شوان،..........ل١٢١
کۆتاییەکی تر، فەیسەڵ هەمەوەندی..........ل١٢٣
سێ ئافرەتی گەورە لە سێ کورتە چیرۆکدا، و: عەباس مەجید..........ل١٢٩

**شیعر:**

فەلسەفەی مەرگی سەلاح جەلال، سەلاح جەلال..........ل١٣٣
پایز، و: مستەفا سەیید مینە..........ل١٤٣
تیشکە سپییەکانی تۆ، و: هۆشەنگ شێخ محەمەد..........ل١٤٥
نامەیەك بۆ مامۆستا لەتیف هەڵمەت، خالید باشبلاخی..........ل١٥٣
لانەی نهێنی دایك، ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان..........ل١٥٧
ئەندێشەی تریفە، غازی زەنگنە..........ل١٥٩

**گفتوگۆ:**

کامەران دارتاش، دیمانە: وانیار جەباری..........ل١٦١

**هونەر:**

میسر و کاریکاتێر، و: گرفتار کاکەیی..........ل١٦٧
کورد لە سەرچاوە دێرینەکاندا، و: نەریمان خۆشناو..........ل١٧١
کاروچالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، سابان ستار..........ل١٩١

## سەکۆی گزنگ... هەر جارەی نووسەرێك دەینووسێ



سەرنووسەر

# هۆشیاری کـــــــات

گەشەکردنی کۆمەڵگا و پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونی دەگەڕێتەوە بۆ تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکەن و تا چەند ڕۆشنبیری و هۆشیاری کاتیان هەیە.

بەسەرچوون و تێپەڕبوونی کات ئەو دێوەزمەیەیە کە لەلایەن زۆربەی فەیلەسوف و نووسەران و ئەدیبان و شاعیران، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تاکو ئێستا بە دەستییەوە دەناڵێنن و هاواری دیکتاتۆرێتی و زاڵمی و بێ ڕەحمی و بێ مروەتی دەکەن... هەندێك بە (زەمانەی پڕ تەعەب) و هەندێك بە (چەرخی بێ وەفا و چەرخی چەپ گەرد و چەرخی سپڵە و... هتد) وەسفی دەکەن. ئەوەتا فەیلەسوفێکی وەکو (برتراند ڕاسل) دەڵێت : ((شاعیران بە دەست هێز و دەستەڵاتی کاتەوە، زۆریان ناڵاندووە، چونکە هەموو ئەو شتانەی خۆشیانویستوون، لە ڕەوتی تێپەڕینی کاتدا نەماون)).مامۆستا (هێمن)ی شاعیری لەمەڕ خۆشمان وتوویە :((هەرچیم خۆش ویستووە جێم هێشتووە)). هەموو ئەو جۆرە وەسفانەی کە بۆ کات دەکرێت، ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە لە (کات) چونکە : ((کات بەشێکی گرنگە لە





پێکهاتنی وشیاری مرۆڤ))، مرۆڤی هۆشیار ئاگاداری چۆنیەتی بەکارهێنانی کاتەکانێتی. چونکە گەشەکردنی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکاندا بە گشتی و(کات) بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا و گەشەکردنی مێژوویی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی. تاك بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگا و پێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگایەو کۆمەڵگاش پەروەردەکەری مرۆڤ و ئاراستەکەر و ڕێکخەری ڕێگاکانی ژیان و پێکهاتەی تاکە، بۆیە تاك قەرزاری کۆمەڵگاکەیەتی لە دروستکردنی کەسایەتی و کار و هەموو ئەو کارانەی کە پێی هەڵەستێ.چونکە تاك لە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروپشتیدا دانەبڕاوە و دانابڕێت. کەواتە دەبێت هۆشیاری کاتی هەبێت بۆ دانەوەی بەشێك لە قەرزەکانی کۆمەڵگا.

بیرکردنەوە لە کات و تێگەیشتن لە چەمکەکانی دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان. ئەفلاتوون بە شێوەیەکی بیرکاری دەڕوانێتە کات و پێی وایە : ((کات دروستکراوە و سەرەتای هەیە و بەپێی درێژ بوونەوەی ژمارەکان ئاراستەی خۆی وەردەگرێت. کات کەڵەکە بووی ساتەکانە وەك ئەوەی ڕیزێ ژمارەبن بە دوای یەکدا. شەو و ڕۆژیش ژمارەکانمان بیر دەخەنەوە و دەتوانن بە هۆیانەوە جووڵە و گەردشی گەردوون لێکبدەنەوە. واتا(کات) پێوەری جووڵە و بزوتنەوەیە، سەبارەت بە پێشکەوتن و دواکەوتن، کەوابوو کات لە بزوتنەوەوە دێت و بزوتنەوەش بە ژمارە ئەپێورێ)). بەڵام کات بەلای (ئەرستۆ) وە :((سەرەتای نییە و لە خاڵێکەوە دەستپێناکات و لە خاڵێکدا کۆتایی پێنایەت، بەڵکو ئەزەلی و ئەبەدییە، واتا کات هەرگیز دەستی پێنەکردووە و هەرگیز کۆتایشی نایەت)). هەرچی (قەشە ئاگۆستین) ە بە شێوەیەکی تر دەڕوانێتە کات و پێی وایە :((کات بەشێکە لە پێکهاتەی زەینی مرۆڤ و پێشی وایە کات شتێ نییە لە دەرەوەی زەین و بیرکردنەوە بێت. بیرکردنەوەش، بیرکردنەوەیە لە دۆخەکانی کات (ئێستای ڕابردوو – بیرەوەرییە – ئێستای هەنووکەیی – درککردنی ساتە وەختیانەیە – و ئێستای داهاتووش چاوەڕوانییە)). بەم جۆرە کات بەشێکە لە بیر کردنەوەی مرۆڤ و ئەزموونی مرۆڤ. هەر لەم ڕووەوە (ڕێبوار سیوەیلی) ئاماژەیەکی زۆر جوان دەکات و دەڵێت : ((هەموو شتێ لە جووڵەدایە و هەموو جووڵەیەکیش بەڵگەن لە سەر ئێستاییبوون (ئێستا) ش کامڵترین قۆناغی تەمەنە))، کە دەبێت مرۆڤ لە ئێستادا، لەم قۆناغە گرنگەی تەمەنیدا کاری تێدا بکات و فیڕۆدەری کاتەکانی نەبێت. بەم جۆرە دەشێت لەسەر کات و چەمکی کات لەلای

نووسەران و بۆچوونەکانیان دەیان و سەدان لاپەڕەی لەسەر بنووسرێت. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت ئەوەیە کە چۆن بتوانین ئێستای هەنووکەیی، کە زۆر گرنگە بەفیڕۆ نەدرێت و بەشێوەیەکی دروست و تەندروست بەرهەمهێن بێت و گەندەڵی و مشەخۆری لەسەر نەکرێت.

ئەوەتا (مەحوی) شاعیر بە دەست نەبوونی کاتەوە دەناڵێنێت و دەڵێت : ((دەبێ وەقتێ لە(بوالوقت)ێ بخوازم دا تیا بمرم)). ئەوەندە بێ کاتە و کاتی نییە تێیدا بمرێت ؟!!! دەبێت کاتێك بۆ مردن لە خاوەن کات بخوازێت تاوەکو تێیدا بمرێت. هەرچەندە خۆی پێی وایە کاتەکانی بە کاری بێ کەڵك بەسەر بردووە !! بۆیە بێ کاتە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دەبەخشێت کە (مەحوی) توانیویەتی کاتەکانی خۆی بە دروستی دابەش بکات و بەرهەمهێن بێت لە لاوێتی و کامڵترین ساتە هەستیارەکانی خۆیدا، لە ئێستای خۆیدا کاتەکانی بە فیڕۆ نەداوە، هەر بۆیەش لە نێو لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەیدا بە زیندوێتی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە...

کاتەکانی تاکی کۆمەڵگا بە تەنها هی خۆی نییە و بەشێکی باشی هی کۆمەڵگایە و لەلای تاکەکانیدا ئەمانەتە و هەڵگیراوە. پێویستە ئەو تاکانە زۆر بە وردی و بە دڵسۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ کاتەکانی کۆمەڵگادا بکەن. چونکە کۆی ئەو کاتانە پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگای بە دواوەیە. هەر کاتێك کۆمەڵگا دواکەوت و لە کاروانی پێشکەوتندا بەجێما ئەوا تاکەکانی نەیانتوانیوە ئەو ئەرکەی خۆیان بەجێ بهێنن و لە کاتی کۆمەڵگادا گەندەڵییان کردووە و بەفیڕۆیان داوە، ئیدی هۆکاری بەفیڕۆدان دەرەکی بێت یان ناوەکی تاك بەرپرسیارە. بۆیە دەشێت بڵێین لە پاداشتی ئەو بەفیڕۆدانەدا بڕواداران بەرەو دۆزەخ و بێ بڕوایانیش دەکەونە بەر نەفرەتی نەوەی دوارۆژ و کۆمەڵگا ، چونکە ئەو نەوەیەیی کە هێشتا لە پشتی باوکیدایە و نەهاتۆتە دونیاوە کەسانی بێهۆش و کاتکوژ مافیانی خواردووە و مافخوراون.!!

کەواتە کۆی ئەو کاتانەی کۆمەڵگا کە بەسەر تاکەکانیدا دابەشکراوە کاتێکی ئێجگار زۆرە و ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دیاری دەکات. کۆمەڵگا لە ئەنجامی دروست بەکارهێنانی کاتەوە گەشە دەکات و خێرا پێش دەکەوێت. بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە هەوڵی ئەوە بدات کاتەکانی خۆی و کۆمەڵگاکەی بەفیڕۆ نەدات و نەبێتە ئامێری لەناوبردنی کات، بەڵکو ببێتە هۆی بنیاتنان و دروستکردن و گۆڕانی کۆمەڵگاکەی بەرەو





باشتر و بوژاندنەوە.

ڕۆشنبیری چوست و چالاك ئەو مرۆڤەیە کە بتوانێت بەکەمترین وزە و کات زۆرترین زانیاری و بیرۆکە ببەخشێت. چونکە ((ڕۆشنبیر بزوێنەرێکی گرنگی خەیاڵی کۆمەڵایەتییە))، زۆر بگۆی و زۆر بڵێی و قسەکردن لە پێناوی قسەکردندا، کوشتنی کات و بەفیڕۆدانی وزە و توانای کۆمەڵگایە. ئەمڕۆ سەردەمی هەڵپە و کێ بڕکێی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. ئەو کۆمەڵگایەیی تاکەکانی فیڕۆدەری کات نین، گرەوی خۆیان دەبەنەوە. ئەمڕۆ پسپۆڕبوون و شارەزایی بوون لە کارێکدا هەلی کۆمەڵگا بۆ گەشەکردن و گۆڕان زیاد دەکات، نەك زانینی هەمووشت بە نیوە چڵی و پچڕپچڕی، کە حەوت کارەی بێ بەخت و فەڕ بێت. بۆ ئەوەی بەختی تاك و کۆمەڵگا بەخۆڕایی لەناو نەچێت و نۆغرۆ نەبێت، پێویستە سوود لە کات و پسپۆڕێتی کار وەرگیرێت. چونکە دروستکەری مێژوو خەڵکە و خەڵکیش کۆمەڵگایە و هەموو لایەنی چاك و خراپی دوا ڕۆژی لە ئەستۆدایە، بۆیە : ((نەتەوەی هۆشیار و خاکی پیتدار و کاتی چاك بەکارهاتوو، شارستانێتی و شکۆ دروست ئەکەن)).

سەرچاوە :


١- هاوکاتی و هاوشوناسی، ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠٠٤.

٢- ڕۆشنبیر و بەرپرسیارێتی، بەختیار علی و... (٢٠٠٩).

٣- هۆشیاری، فواد تاهر صادق.(١٩٨٧).

٤- الفرد والمجتمع، ب. بیخوفسکی، ترجمە هنری ریاچ.



**سەلام ناوخۆش**
زانکۆی سەلاحەدین

# (شێخ)ی عەرەب (شێخ)ی کورد نییە

## خوێندنەوەیەك بۆ دیاردەی گۆڕانی زمان

**دەروازەیەك :**

جوگرافیا و سیاسەت و جوگرافیا و زمان دوو جووتەن، هەردووك لە پەیوندییەكی دیالێكتیكی دان. جوگرافیا و سیاسەت قسەی زۆری لە سەر كراوە. بۆیە لە دەرەوەی بازنەی ئەم نووسینەیە. ئێمە زیاتر قسە لەسەر پەیوەندی نێوان جوگرافیا و زمان دەكەین فاكتەری جوگرافیا لە بواری زمانەوانی كۆمەڵایەتیدا هێندە گرنگە بەجۆرێ جگە لەوەی فاكتەری درەستكردنی زار و دروستكردنی زمانێكی نوێیە.

هاوجوگرافیا چۆن ئاریشەی سیاسی لێ پەیدا دەبێ هەروەها ئەو حاڵەتە هۆكارێكە بۆ پەیوەندی زمانەوانی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ.

لەم كورتە نووسینەدا، هەوڵ دەدەین لە فاكتەری هاوجوگرافیا بكۆڵینەوە و قسە لەسەر دیاردەی گۆڕانی زمان ( language change) لەنێوان دوو جوگرافیای هاوسنوور و دوورە سنوور بكەین. باوەڕی توێژەر وایە، كە گۆڕانی زمان مەحكومی چەند هۆكار و هۆیەكن هەروەها وێڕای ئەمەش، گۆڕانی زمان سەردەكێشێ بۆ گۆڕانی كەلتوری و



بیركردنەوەی تاكەكان.

**چەمكی گۆڕانی زمان :**

گۆڕانی زمان دیاردەیەكی زمانەوانییە كار لەسەر ئەو لایەنانەی زمان دەكات كە لە ماوەیەكی زەمەنیدا دەگۆڕێن. پرسی گۆڕانی زمان، حاڵەتێكی حەتمییە، بەڵام لە جوگرافیایەكەوە بۆ جوگرافیایەكی تر و لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر جودایە. هەروەها كەلتورو ڕەوشی سیاسی و شارستانی ڕێژەی گۆڕانەكە دیاری دەكەن، بە واتای چەند زمانەكە لە ڕەوشێكی سیاسی و شارستانی و تەكنەلۆژی بژی، ڕادەی گۆڕانەكانی لە بوارەكانی ژیان زیاتر دەبێ.

**ئاستەكانی زمان و گۆڕانی زمان**

گۆڕانی زمان وەك پرۆسەیەكی زمانەوانی لە زۆربەی ئاستەكانی زماندا دەردەكەوێ : فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆژی و ئاستی ڕستەسازی و ئاستی واتا سازی.

باوەڕێكی زمانەوانی هەیە بانگەشەی ئەوە دەكات كە هیچ دوو كەسێكی هەمان زمان، هەمان زمان وەك یەك بەكارناهێنن. جیاوازی لە گۆكردنی ( pronunciation) وشەكان ئەو گریمانە بەرجەستە دەكات. لە مێژووی پەرەسەندنی هەر زمانێكدا چەندەها گۆڕانی فۆنۆلۆژی لە سیستەمی زمانەكە ڕوودەدات. لە هەندێ زمانە هیندوئەوروپییەكاندا دەنگی ( laryngeals) هەبووە، بەڵام ئێستا ئەو دەنگە لە زمانێكی وەك زمانی ئینگلیزی بۆ نموونە، نەماوە هەروەها لە زمانی كوردی كۆنیش زۆرێك لە دەنگی (ع، ح، ق، غ) نەبووە، بەڵام ئێستا ئەو دەنگانە پێكهاتەی چەندەها وشەی كوردی پێك دەهێنن. لە ناو دەزگای ڕاگەیاندنیش جیاوازی گۆكردن لە دەنگی بێژەرەكاندا دەردەكەوێ. شێوەی گۆكردنی وشەكان ناسنامەی كۆمەڵایەتی و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری بێژەرەكە پیشان دەدات.

گۆڕانی مۆرفۆلۆژی یان لێكسیمی ڕووبەرێكی فراوانی ناو پرۆسەی گۆڕانی زمان داگیر دەكات. گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەكە فرە ڕەهەندە شێوەی ڕێنووسی وشەكان بەشێكی سەرەكی ئەو ئاستەی زمان پێكدێنێ بە تایبەتی لە زمانی ئەو گەلانەی كە هێشتا لە گەڕەلاوژەیی پەرتەوازەیی ڕێنووس ڕزگاریان نەبووە و زمانە كە بە قۆناغی ستاندەر بوونی ڕێنووسی (standordisation of spelling ) دا نەچووە. !نەك هەر دەستنووسە كوردیەكان، بەڵكو لە زمانی دەقی زۆربەی شیعرە كلاسیكیەكان و هەتا بەشێك لە ڕاگەیاندنی سەردەم ئەو دیاردە ناستاندارەی ڕێنووسی كوردی بەدەردەكەوێ.

گۆڕانە لێکسیکیەکان لە شێوەی (form ) و واتا (meanin ) بەشێك لە زانستی ئۆنۆماسیۆلۆژی پێکدێنن. هەر کاتێك زارێك یان شێوە زارێك دەبێتە زمانی ستاندەری زمانی نەتەوە، ئەوە کۆمەڵێ وشەی نوێ لە زار و شێوەزاری تر دێنە ناو زمانەکە و هەروەها زمانەکە ناچارە چەندەها وشە لە بواری جیاجیای تەکنەلۆژی، کارگێڕی، یاسایی،... هتد وەربگرێ و جارێکی تر شێوەی ئەو وشانە بە گوێرەی یاسای زمان و ڕێنووسی زمانەکە دابڕێژێتەوە.لە میانەی وەرگرتنی وشەدا هەندێ جار ئەو وشە بیانیانە (یان وشەکانی زارەکانی تری هەمان زمان) واتای بنەڕەتی خۆیان لە دەست دەدەن یان واتایەکی زێدەکی وەردەگرن هەروەها ڕێك دەکەوێ کە واتا و قسە وەرگیراوەکە بپارێزێ تەنها شێوەکەی بگۆڕێ. لەم نووسینە ئێمە زیاتر قسە لە سەر ئەم دیاردەیە دەکەین.

**هەرچی گۆڕانە واتاییەکانن ئەوە لە چوار شێوە دەردەکەون :**

١ – واتای نێگەتیڤی، هەندێ وشە ڕەسەنی زمان یان وشەی وەرگیراوی زمانی تر، هەندێجار بەبەهانە یان بەبێ بەهانە بە گوێرەی بیرکردنەوەی هەندێ گروپ و توێژ و تاکی کۆمەڵگا خوێندنەوەی نێگەتیڤیان بۆ دەکرێ. بۆ نموونە وشەی (ئازادی) لە هەندێ شوێن دەکرێتە هاوواتای (بەرەڵایی) .

٢ – واتای پۆزەتیڤی ( Amlioration )، هەندێ وشە لە مێژووی پەرەسەندنی خۆیدا لە بەراییدا واتایەکی هاکەزایی یان نێگەتیڤی هەبووە، بەڵام بەحوکمی هەندێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك بەرەو (شارچوون) و بەرەو (دەوڵەت چوون) هەندێ وشەی میللی، واتایەکی شاریی و سیاسی وەردەگرێ. وشەی (ڕەوەند) لە کۆمەڵگای گونددا بە واتای (کۆچەر) دێت، ئەو ڕەوەندانەش لە کۆمەڵگایەکی ناشارستانیین و تەواو ملکەچی کەلتور و داب و نەریتی کوردی نیین، ئێستا ئەو وشەیە، واتایەکی سیاسی و مەدەنی وەرگرتووە، لە بریتی (جالیەی عەرەب بەکاردێ) لەم ڕوانگەوە، کە دەڵێین (ڕەوەندی کوردی) مەبەستمان کوردەکانی تاراوگە، هەندەرانە نەك (کوردی گەرمیان و کوێستان).

٣ – تەشەنەکردنی واتا ( widening of meaning ) تەشەنەی واتا چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە، وەك : ((ماوەی بەکارهێنانی وشە لە باری جارانی فراوانتر بێت)). یان ((مەبەست لە تەشەنەی واتا ئەوەیە کە وشەیەك واتایەکی تەسك یان تایبەتی هەبێت پاشان ئەم واتایە ببێتە واتایەکی گشتی و فراوان)). بۆ نموونە وشەیەکی وەك (تان و پۆ) جاران لە بواری تەونکاری و جۆڵە و ڕایەڵە بەکار دەهات، بەڵام واتاکەی تەشەنەی کردووە و





چەند واتایەکی دی لە بواری ئەدەبناسی، و ماتماتیك وەرگرتووە، تان و پۆی ئەدەبناسی، بەواتای گرێ ( plot ) حبکە دێت.

٤ – واتا تەسککردنەوە ( norrowing of meaning ) تەسککردنەوەی واتا پرۆسەیەکە، کە تێیدا چەند وشەیەك بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بەرەبەرە هەندێ واتا لە دەست دەدەن. تەسککردنەوەی واتا بریتییە لە بچووککردنەوەی (فرە واتا – polysemy ) بەرە و تا کۆتا یان واتای کەمتر. ئەم چەند وشەیەی خوارەوە دیاردەی تەسککردنەوەی واتا لە کوردی دەبەخشن.

_ ئاگر باران، کالاٌ، تۆپباران، شەڕە تفەنگ، گەرما، ئەم وشەیە واتای یەکەم و سێیەمی لە دەست داوە.

_ کارك = کەندوو، پێڵاوی چەرمین، کارژۆڵە، ئێستاش لە ژیانی شاری کوردی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، وشەکە تەنها واتای سێیەمی ماوە و ئەوانی تری لە دەست داوە.

**هۆیەکانی سەرهەڵدانی گۆڕانی زمان**

چەندەها هۆکار هەن کە هەر یەکەیان بەجیا یان پێکەوە کاریگەری خۆیان لە دروستکردنی دیاردەی گۆڕانی زمان هەن. هۆیەکان هەندێکیان سروشتین و هەندێکی تر ناچاریین.

جوگرافیا فاکتەرێکی سروشتی پەیدابوونی گۆڕانی زمانە. لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، دروستبوونی دایەلێکت و بەشێکی زۆری پەیوەندی بە جوگرافیاوە هەیە. فاکتەری جوگرافیا نەك هەر تەنیا لە سەر ئاستی نەتەوە کاریگەری خۆی هەبووە لە سەر زمانی کوردی، بەڵکو لە سەر ئاستی یەك عەشیرەتیش. دروستبوونی، بۆ نموونە، سورچی سۆرانی و سورچی بادینی و هەرکی سۆرانی و هەرکی بادینی و گەردی باکور و گەردی باشور پەیوەندی بە فاکتەری جوگرافیاوە هەیە.

لە لایەکی تر فاکتەری سروشتی پەیوەندی بە خودی زمانەوە هەیە، کە هەردەم ئەگەر دەلیڤەی بۆ بڕەخسێ لە پرۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕاندا دەبێت.

هەندێ هۆکاری تر هەن وەك داگیرکردن، کۆچکردن، تەکنەلۆژیا، گۆڕانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، زمان ناچار دەکەن کە گۆڕان لە زۆربەی لایەنەکانی زمان بەرپا بکەن.

وەرگرتنی وشە و گۆڕانی وشە لە کوردیدا :

وەرگرتنی وشە Borrowing زاراوایەکە لە بواری زمانەوانی مێژوویی و بەراوردکاری بەکاردێ بۆ دیاردەی ئەو فۆرمە زمانەوانییانەی لە زمانێکی تر یان زارێکی دی هەمان

وەردەگیرێن و وەرگرتنەکە، بەچەند شێوەیەك دەبێ، بۆ گۆڕانکاری لە دەنگ و ڕێنووس و واتای وشەکە. ئەم دیاردەیە زیاتر لە وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانی پڕ هەژموونی زمانەوانی، تەکنەلۆژیی بەرقەرارە:

* تەکنەلۆژی، تەکنەلۆجی، سانسۆر، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ و ئەلتەرناتیڤ، هەروەها لەو زمانەی کە کتێبی ئایینی پێ نووسراوە وەك زمانی قورئان: قیامەت، حەج، قەبر.. هتد.

وەرگرتنی وشە لە زمانی تر گوزارشت لە زیندوێتی هەردوو زمان: زمانی سەرچاوە Source و زمانی وەرگر receiver دەکات. زمانی ئینگلیزی بەهەزاران وشەی لە سەد و چل و شەش زمان وەرگرتووە.. زۆرێك لەو زمانانەش ئەمڕۆ هەژموونێکی ئەوتۆیان لە بواری زمانەوانی و سیاسەت دا نییە!

زمانی کوردی بەحوکمی ئەوەی هەر زوو بەزمانی قورئان ئاشنا بووە. کورد ئەگەر دووەم نەتەوە نەبێ ئەوە سێیەم نەتەوەیە لە دەرەوەی جەزیرەی عەرەبی کە موسوڵمان بووبێ. هەر لەوساوە هەتا بیستی کۆچی کورد ئاشنای زمانی قورئان بووە و قورئان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی هەبووە. لێرەدا گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین، کە ئەو وشە عەرەبییانەی ناو ئەدەبی کلاسیکی و کلاسیکی نوێی کوردی زیاتر وشەی قورئانین نەك وشەی ئەدەبی و ئاخاوتنی عەرەبی.

کورد بەسەدان وشەی عەرەبی وەرگرتووە و ئەو وشانەش بەجۆرێ "کورداندووە" کە عەرەب نایناسنەوە هەروەها هەندێ وشەی دی بەجۆرێکی تری، شێوازێکی تر و واتایەکی دی داڕشتۆتەوە.

ئەو وشانەی خوارەوە بەهۆی گۆڕانی دەنگییەوە لە وشە عەرەبییەکەوە داڕێژراون:

- کتابی – قوتابی
- وقت – وەخت
- سجدە – سوجدە
- عقار – ئاقار
- اذن – ئیزن

کورد هەندێ وشەی دی لە عەرەبی وەرگرتووە، بەڵام بەهیچ جۆرێ بەواتا عەرەبییەکەی بەکار ناهێنێ هەردوو وشەی (شێخ و سەید) لە زمانی عەرەبی و کەلتووری عەرەبیدا هیچ پەیوەندییان بەدەسەڵات و لەقەبی دینییەوە نییە. شێخ لە عەرەبیدا بەواتای گەورەی





قەبیلە، ڕدێن سپی گوند هەروەها بەواتای (پیرە مێرد)یان هەر (پیر) دێت.

ئەو وشەیە لە کوردیدا بەو واتایە بەکار نایەت، بەڵکو (شێخ) دوو واتای بنەڕەتی هەیە و هەردووکیان ئاینیین، شێخی خاوەن دەروێش شێخی خاوەن تەریقەت، شێخ بە بنەماڵە هەروەها لە هەندێ شوێن "یا شێخ" بەکاردێ. شێخ زۆر جودایە لە (مەلا)، چونکە بەدەگمەن شێخ وەك مەلا قۆناغەکانی خوێندنی ئاییني لە حوجرە خوێندووە، هەروەها زۆرجار شێخ بەشێك بووە لە سیستەمی سیاسی قۆناغی دەرەبەگی لە کوردستان دەنوێنێ.

وشەی (سەید) لە عەرەبیدا بەواتای (ڕێزدار) (بەڕێز) وەك زاراوەیەکی ڕێزگرتن Honorifics بەکاردێ. لە کوردیدا ئەو وشەیە واتایەکی زۆر تایبەتی هەیە، شێوازەکە زیاتر مۆرکی مەزهەبی (شیعەگەری) پێوەدیارە، کەچی کورد زۆربەی هەرەزۆری سونەی شافیعین، کەچی وشەی (سەید) بۆ ئەو کەسانە بەکاردێن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن "نەوەی پێغەمبەرن" یان خۆیان واتەنی "لە ئەولادی رەسوڵن" هەروەها ئەوانەی خۆیان بە "سەید" دادەنێن چیتێکی کەسك "پژتێنی سەوز" دەبەستن! ئەو جۆرە پۆشاکەش "سەید" لە "مەلا" و "شێخ" و "قازی" و "موفتی" جیادەکاتەوە.

# ئەم لێکۆڵینەوە زمانەوانییانە بۆچی؟

**د. شەهاب شێخ تەیب**
**کۆلێژی پەروەردە / قەڵادزێ**

**بەشی دووەم**

هەروەها هەستان بە بەرهەم هێنی کتێبی بەرنامەڕێژکراو (مبرمجە) و ئامێری فێربوون (Teaching Machines ) کە لە هەندێ ماوەدا بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاوبوو ، بەڵام ئەو ڕەواجەی کە تاقیگە زمانییەکان هەیبوو ئەم نەیبوو لەناو و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا . هەندێ زانیاریمان بەتایبەتی لە بارەی دیاریکردنی کاریگەری ئەو قوتابخانە زمانەوانییە بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان زانی ، لەبەر ئەوەی گەورەترین کاریگەری هەبوو لە مێژوودا و شتی زۆری لێ فێربووین . ئێستا بە شێوەیەکی ڕوون دەرکەوت کە زۆربەی ئەوەی خاوەنی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە بە بنەما بۆ بیردۆزەکانیان دایان نا تەنیا گریمانەیەکە، کە بنیات نراوە لەسەر ڕێبازەکانی زانستی دەروونناسیی، کە ناتوانێت گشت دیاردە ڕەفتارییە زمانییەکان پێکەوە لێکبداتەوە ، تەنانەت ئەگەر بێت و گریمانەی ئەوەش بکەین کە توانای هەیە لەسەر لێکدانەوەی دیاردەی ڕەوشتە مرۆڤایەتییەکانی تر .

ئێستا ڕوون بووەوە کە ڕێبازەکانی ئەم قوتابخانەیە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا زۆر گشتگیری و قوول نییە بە شێوەیەك، کە لەگەڵ ئاڵۆزی زمانی مرۆڤایەتیدا شان بە شان بڕوات، ئەم زمانەش تەنیا کۆمەڵە نەریتێك نییە ، وەك کە باوەڕیان وابوو ، بەڵکو ئامێرێکە





بەندە بە دەستووری دیاریکراو پێویستە بدۆزرێتەوە و پەیوەندی نێوان پارچەکانی ڕستە زۆر قوولترە لەو پەیوەندییەی، کە لەسەرەوە بۆ یەکێ تر دیارە ئەوەی، کە چۆمسکی و هاوەڵەکانی هێنایانە کایەوە ، کە لە بەشی پێنجەم بە وردی دێینە باسکردنی .

ڕێزمانی گوێزانەوە باوەڕی بە بیردۆزەی قوتابخانەکەی پێشوو جوولاند و بە گشت ئەوانەی کە لەسەری بنیات نراوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ڕێگای وتنەوەی زمانە بیانییەکانەوە هەیە.

هەروەها ئەزموونی ڕێگەی بیستنی زارەکی( سمعیە شفویە ) بۆ ماوەی بیست ، یان سی ساڵ لەهەندێ جێی ئەم جیهانەدا ئاماژەی بەوە کرد کە خەوشی تێدایە ، یان خەوشی سەرەکی کە پێویستە نەمینێت ، سەرەڕای گشت ئەو لایەنە چاك و باشانەی هەیەتی ، کەچی خاوەنی ڕێزمانی گوێزانەوە لەوانەش پێشەوا چۆمسکی خۆیشی گومانیان لە چەندێتی سوودی بیردۆزەکانیان بۆ دەستووری زمان لە لایەنی جێ بە جێکردنەوە هەبوو ئەگەر بێت و وەك بنەمایەك بۆ ڕێگایەکی نوێ لە فێربوونی زمانە بیانییەکاندا بەکاربێت . لەبەر ئەوە تا ئێستا هیچ ڕێگایەکی نوێ نەهاتە کایەوە بە شێوەیەکی تەواو .

بەڵام دوا ئاراستە لە لێکۆڵینەوەی زماندا ئەوەیە جەخت لەوە دەکات کە زمان هۆیەکی گەیاندنە ، لایەنگرانی وەك پەروەردەییەکان هەوڵ دەدەن بۆ سوود وەرگرتن لێی بۆ دەرخستنی ڕێگەیەکی نوێ، کە سوود لە لایەنە چاکەکانی گشت ڕێگاکانی تر ببنێت و ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییەی بخاتە سەر کە تا ئێستا پشت گوێ خرابوو . بایەخدان بە فێربوونی زمانی بیانی – بەڵکو زۆر جاریش لە فێربوونی زمانی نەتەوەیی – بڕابووە سەر تەندرووستی زمانیی( accuracy ) واتا لەسەر ناسین و شارەزابوونی شێوەی زمانیی بۆ ئەرکی گەیاندن ، یان بە دەستەواژەیەکی تر لەسەر وشە و نووسین بەبێ هەڵەی زمانیی ، کە ئەمەش ئامانجێکی باشە . بەڵام ئێمە باش دەزانین لە توانای مرۆڤدا هەیە ڕستەیەکی تەواو لە لایەنی زمانەوانییەوە بەکاربێنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خزمەتی ئەرکە مەبەست بۆکراوەکە ناکات ، یان دەبێتە خراپ تێنەگەیشتن بۆ گوێگر و کەشێك لە بێزاربوون دەخولقێنێ ، یان دەبێتە هۆی لێ تێنەگەیشتن ، یان بەلایەنی کەمەوە ئاکامی ویستراو ناخولقێنێ ، وەك ئەوەی خوێندکار بە مامۆستاکەی بڵێت :

دەرگاکە دابخە ، بایەکە ساردە .

دارِشتەیەکی فەرمانی وشکی لە جێیەك بەکارهێناوە کە پێویست بوو جۆرێکی داواکاری

ڕێکوپێك و بە ئەدەبەوە بەکار بهێنایە . ئەم ڕستە بەکارهاتووە لە لایەنی ڕێزمانەوە ڕاستە ، بەلام لە لایەنی کۆمەلایەتییەوە زۆر گونجاو نییە .

ئێستا ئاراستەی بەهێز بۆ هەوڵدانی هێنانە کایەی ڕێگە و دابینکردنی کەرەسە و وانە فێربووەکان کە خزمەتی ئامانجێکی گشتی لە زماندا بکات، ئەوە گەیاندنە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە و هەوڵی پەرەسەندنی توانای خوێندکار ، یان فێرخواز بدات بۆ گەیاندن ( Communcative Competence ) نەك تەنیا لە جیاتی پەرەسەندنی توانستی زمانیی ( Linguistic Competence ) کە ئەمەش ئامانجێکە بۆ گەیشتن پێی و شایستەی خۆماندووکردنە. بەلام ئەو ئەستەمانەی دێتە پێشی گیروگرفتی گەورەیە و بەسەردا زاڵبوونی بەهەر بارێك بێت ئاسان نییە .

یەکەم ئەو ئەستەمانەش مامۆستای خۆماڵی( مدرس محلي)ە . توانا لەسەر گەیاندن بەو واتا باسکراوە دەست ناکەوێت تەنیا بۆ خاوەنی زمانی خۆیان نەبێت ، یان ئەوانەی کە گشت ژیانی لە نێوان ئەوانەدا ژیابێت ، بەلام زۆربەی مامۆستای خۆماڵی لەو جۆرە نین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێگە پێشنیارکراوە پشت بە بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵدا بەکارهێنانێکی ئەرکی دەبەستێت ، بۆ گشت کۆمەڵێك زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە کە بۆ دابینکردنی گشت پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەکاردێت ، لەبەر ئەم هۆیانە وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لە قۆناغە بەرزەکاندا ( بلندەکان ) سەرکەوتوویێت پاش ئەوەی خوێندکار توانیبێتی توانایەکی زمانیی زۆری وەرگرتبێ و پەیداکردبێ، بۆ ئەوەی بتوانێت بەکارهێنانێکی ئەرکیانە بەکاری بێنێ. کە ئەمەش ڕوویداوە لە پۆلەکانی خوێندنی یەکەمی زانکۆکان ، یان کۆلێژەکان کە خوێندکار تێیدا ناچار دەبێت وانەکان بە زمانی بیانی بخوێنێت . لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لێکۆڵینەوە هەیە کە دەکرێت لەسەر بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لە یەکەم قۆناغەکانی فێربوونی زمانی بیانیدا و هەندێ کات دەڕوات پێش ئەوەی ئاکامەکانی دەربکەوێت .

٤- سوودی تر :

لەگەڵ ئەمانەی باسکرا ، ئەوە دەرکەوت کە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانیی جۆراوجۆر سوودی تری هەیە هەندێکیان زۆر بە کورتی لەم لاپەڕانەی خوارەوەدا باس دەکەین :

( أ) زمانی نەتەوەیی و زمانی جیهانی :

بە بلاوبوونەوەی هۆکارەکانی گواستنەوەی نوێی زۆر خێرا لە سەدەی ئێستادا سەبارەت بە





سەدەکانی پێشووتر ، جیهان زۆر بچووك بووە، لە پارچەیەکی بۆ سەر پارچەکانی تر کاریگەریی ڕوودانی هەیە . هەروەها جەنگەکان بوونە جەنگی جیهانی هاوبەشی تێدا دەکەن ، یان ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەکانی لە هەمان کاتدا پێوەی دەسووتێت ، دەزگا جیهانییەکان وەك کۆمەڵەی گەلان ( عصبه الامم ) پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانییەوە ، هەوڵدەدەن کەوا لە بەکارهێنانی زمان لە گفتوگۆی ئارام بکەنە هۆیەك بۆ پاراستنی سەر ئاشتی جیهانی . لەبەر ئەوە گرنگیی بەکارهێنانی ژمارەیەکی دیار لەو زمانانەی کە بایەخێکی سیاسی گەورەیان هەیە وەك ئینگلیزی و فەڕەنسی و ڕووسی ئیسپانی و چینی و دەربکەوێت و ببێتە هۆیەکی لێ تێگەیشتن لە نێوان نوێنەرانی ولاتە جیاوازەکانی جیهان لەو جێیە نێودەوڵەتییانە و ئەو دەزگایانەی کە لێیەوە دەرچووە ، هەروەها پێویستی ئەوەی ویست ، یان پێویستی بەکارهێنانی یەك زمانی سرووشتی ، یان دروستکراو لە کۆنگرە زانستییەکان کە بەسەدانی لە گشت ساڵێکدا لێ دەبەسترێت .

لە لایەکی ترەوە سەربەخۆیی ژمارەیەکی زۆر ولاتەکانی جیهان بە تایبەتی لە ئەفریقیا و ئاسیا لە نێوان سەدەی ئێستادا و هەستی گشت ئەو ولاتانە بەیەکگرتنی نەتەوەیی بووە پێویستی پشت بەستن بەزمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوو، کە گشت خەڵکی ئەو ولاتە لە نێوان خۆیاندا بۆ تێگەیشتن بەکاری بێنن بێ گوێدانە ئەو زمانەی کە گشت توێژێك پێشووتر بەکاری دەهێنا ، ئەم کارەش لە زۆر باردا ئاسان نەبووە کە تێیدا ولاتی سەربەخۆی بەسنووری دروستکراو کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی داگیرکەری ئەورووپییەکان پێکهاتووە ، ئەو کاتەی ژمارەیەك لە هۆز و تیرە جیاوازەکان لە ڕەچەڵەك و زمان و کولتووریدا تێیدا نیشتەجێ بووبوون.

سەرەڕای دژیەکی ئەم دوو ئاراستەیە تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەك لەوانە بەشی خۆی لە سەرکەوتن وەرگرت. کە ژمارەیەك لە زمانە نەتەوەییەکان لەو ولاتانەی تازە سەربەخۆییان بەدەست هێنا دەرکەوت . هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا چەندین جۆری زمانی جیهانی، کە ئامانج ئەوەبوو ببێتە زمانێکی دووەم کە گشت خەڵکانی جیهان فێری بێت ئەوانەی پێویستیان بە گەیاندن هەیە لەگەڵ خەڵکانی تر، کە بەزمانێکی نەتەوەیی جیاواز دەدوێن. دەرکەوت کە بیرکردنەوە لە داهێنانی زمانێکی جیهانی تا ئەو کاتە دواکەوت لەبەر ئەوەی پێویستی بانگەشەی بۆ ڕابردوو نەدەکرد. زمانی لاتینی دەستی

گرت بەسەر ئەورووپا تا ڕۆژانی پەرەسەندنی ئەورووپای نوێ، کە بە زمانێکی جیهانی دەربارەی ئەورووپا دادەنرا . هەروەها زمانی عەرەبی دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆری وڵاتەکانی ئاسیا و باکووری ئیفریقیا و هەندێ پارچەی ئەورووپا گرت و بە زمانێکی جیهانی بۆ چەند سەدەیەك دانرا . لە سەدەی ئێستاماندا زمانی فەڕەنسی بۆ ماوەیەك زاڵبوو وەك زمانێکی سیاسی و دیبلۆماسی ، وەك ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی ئێستا وەك زمانێکی جیهانی بۆ بازرگانی و هەندێ لایەنی زانستی و کار بەکاردێت .

کەچی دەربارەی زمانە جیهانییە دروستکراوەکان بەناوبانگترینیان ئیسپرانتۆ( الاسبرانتو – Esperanto ) بوو ، کە لە ساڵی ( ١٨٨٧ز ) زانای ڕووسی دکتۆر ( لازارۆس زامنهۆڤ – Dr.Lazarus Zamenhof ) داینا ، کە لەژێر نازناوی وەرگرتووی دەینووسی دکتۆر ئیسپرانتۆ کە ڕەواجێکی گەورەی هەبوو ، یان بەشێوە بنەچەکەی ، یان بەشێوە چاك کراوەکەیەوە ، هەتاکو پەنجا و شەستەکانی ئەم سەدەیەی ئێستا لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتە ئەورووپی و ئەمریکی و وڵاتەکانی تری جیهان ، گۆڤار وبەرنامەی ئێستگەی بۆ تەرخان کرا ، هەروەها لە ژمارەیەك لە قوتابخانە و زانکۆکاندا خوێنرا . لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و کۆڕە زانستییەکان بەکار هات . هەروەها وەك پێشەکییەك بۆ خوێندنی زمانەکانی تر بەکار هات .

ئیسپرانتۆ زمانێکی سرووشتی نییە،کەچی لە هەمان کاتدا بەواتایەکی ورد زمانێکی دروستکراویش نییە،لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای هەڵبژاردەی زمانە ئەورووپییەکان بنیات نراوە . کە ئەویش زمانێکی دەنگییە بەواتای ئەوەی بۆ گشت پیتێك لە پیتە ئەبجەدییەکانی تەنیا یەك دەنگ هەیە ، هەروەها دەستووری ڕێزمانی کەمی هەیە کە لە شانزە دەستوور تێناپەڕێت و هەندێ دەستووری داڕشتنی وشەکان لەگەڵ یەکتردا . گشت ئەمانەش زۆر بەجوانی ڕێکخراون بە سەر گشت ئەوبارە خاوەن پەیوەندییانەدا دەچەسپێت ، بێجگە لەو ناوێزانەی کە گشت زمانە سرووشتییەکان پڕە لێی . سەرەڕای ئەوەی هەندێ پێشگر لەسەرەتای وشە ، یان کۆتاییەکەی دروستکراوە ، وەك ئەوەی کە دەچێتە سەر باری فرمان سەبارەت بە کاتەکان ئەویش ئەوەیە :

| زمانی ئینگلیزی | ئیسپرانتۆ |
| --- | --- |
| helps | helpas |
| helped | helpis |
| Will help | helpos |
| Would help | helpus |





بەواتای ئەوەی بەشێوەکەی ئێستای بۆ ئاماژەبۆکردن لەسەر ئەو بارانە لەهەر زمانێکدابێت بەکار نایات ، کەچی ئەمە سرووشتییە لە ڕووی ڕێکخستنی دەنگەکانی و نامۆ نییە لەسەر زمانە ئەورووپییەکان ، کە ئیسپرانتۆی لەسەر بنیات نرا . داهێنەری ئەم زمانە و ئەوانەی پاش ئەو کەڕاستیان کردەوە و داهێنەرانی زمانە لێکچووەکانی تر هەوڵیان دا ، کە باری وەرگرتن ئەم زمانە زۆر ئاسان بکەن ، بەوەی گشت شتێك تێیدا زۆر ڕێکوپێکە ، لە سەر دەستوورێکی ڕوون و کەم کردنەوەی ژمارەی وشە و زاراوەکان کە تاك بەشێوەیەکی سەرەکی پێویستی پێ دەبێت و یارمەتیدانی لەسەر داڕشتنی ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوە لە ڕێگەی داڕشتەیەکی ڕێکوپێك دەڕوات .

لەگەل گشت ئەم ئاسانکارییانە دەربارەی ئەو زمانە دروستکراوانە ئەمیش پاش بڵاوبوونەوەیەکی زۆر بۆ هەندێ ساڵ ، ئەستێرەکەی نەدروشایەوە و نەیتوانی خۆڕابگرێت و بەشێوەیەك بڵاوببێتەوە کە چاوەڕوانی لێ دەکرا ، ئەویش لەبەر هۆکاری زۆر لەوانە هاننەدانی زۆربەی خەڵکی لەلایەن حکومەتەکان بۆ فێربوونی ئەویش لەبەر هۆی سیاسی بوو ، هەروەها لەبەر ئەوەی کە زمانی هەر نەتەوەیەك هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ گوزارشت و دەربڕین لەسەر بیر و ژیاری تایبەتکاری ئەو نەتەوەیە ، کەچی ئیسپرانتۆ و هاوشێوەکانی گوزارشت لە ژیارێکی تایبەتکار ناکات ، بەڵکو لەوانەیە بەرزترین شت کە گوزارشتی لێ بکات ژیاری جیهانی هاوبەشی نێوان گشت گەلەکانە .

لە لایەکی ترەوە ، ئاسان نییە بۆ زمانێکی لەم جۆرە کە بەردەوامییەکی درێژی هەبێت بگواسترێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا نەیات ، وەك ئەو گۆڕانەی بەسەر زمانە سروشتییەکاندا دێت ، پاش ئەوەی نەوەیەکی نوێ لە نەوەیەکی پێش خۆیانەوە فێری دەبن لەگەڵ گۆڕانێکی کەم لە گشت جارێکدا ، کەوا پێویست دەکات لە گشت کاتێکدا چاوخشاندنێك بەو زمانەدا بکرێت.

لە لایەنی سێیەمەوە زمانی هەندێ لە وڵاتە زلهێزەکانی وەك ئینگلیزی و ڕووسی و چینی ڕەواجێکی بڵاو لەو وڵاتانەی خاوەن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆن لەگەڵ گشت ئەو وڵاتانەدا وەردەگرێت ، پاشان لەسەر ئاستی جیهانی و کۆڕ و کۆنگرە جیهانییەکان کە ئەو وڵاتانە کاریگەری و گرنگیان لەسەر ئەو دەزگایانە هەیە . لەبەر ئەوە زمانە دروستکراوەکان لە لایەن ئەو زمانە سروشتیانەوە بەرانگاری پێشبڕکێیەکی توند دەبن .

لە کۆتاییدا ئەگەر خاوەنی بیرۆکەی زمانێکی جیهانی یەکگرتوو بەهیوای ئەوەبن، کە زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش بتوانێت پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان نەتەوەکان بەهێز بکات و لە هەلی جەنگ و ناکۆکی و دەمەقاڵێ کەم بکاتەوە و هەلی ئاشتی زیاد بکات ، ئەوانە خراپ تێگەیشتوونە ، چونکە زمانێکی یەکگرتوو هێچ ڕۆژێ لە ڕۆژان نابێتە تاکە هۆکار بۆ قەدەغە و بەربەست کردنی جەنگ و ناکۆکی .

بەڵام پەیوەندی زانستی زمان بە زمانە جیهانییەکانەوە ، یان نەتەوەییەکان پەیوەندییەکە لەوپەڕی بەهێزبوونە ، جا ئەگەر بێت و ئەو بنەمایانە نەبوایە کە بیردۆزە نوێیەکان گەیشتووە پێی نەدەتوانرا بیر نە لە زمانێك بکرێتەوە، کە بگونجێت بۆ زمانێکی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگایەك بە زمانێك ، یان شێوەزاری جیاواز قسە دەکەن و نە لە داڕشتنی زمانێکی جیهانی کە خاوەنی گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە زمانە سرووشتییەکان هەیانە .

( ب ) <u>وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێری</u> :

هەمان ئەو هۆکارانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کردن بوونە هۆی زیاتر بایەخدان بە وەرگێڕان وەك هۆکارێکی تێگەیشتنی نێوان نەتەوەکان ، هەروەها بڵاوبوونەوەی زانیاری لەم ساڵانەی دوایی ئەم سەدەیەدا بووە هۆی هەوڵدانی داهێنانی هۆکارێکی خێرا بۆ وەرگێڕان ئەویش بە بەکارهێنانی ئامێر ، بۆیە بووە هۆی دەرکەوتنی وەرگێڕانێك بەناوی وەرگێڕانی ئامێری ( Machine Translation ) بەواتای وەرگێڕان لە ڕێی ئامێرەوە ، ئەمەیە کە یەکەم جارە قسەی لەسەر دەکەین .

کاتی ئێستامان بەڕاستی بەچەرخی زانیاری دەژمێررێت ، کە نەبووە لەهیچ کاتێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم هەموو زانیارییانە بەشەپۆل بێتە پێشمان کە تەنیا تایبەت نییە بە یەك شوێن ، یان یەك زمان ، هەروەها تەرخان نەکراوە بۆ یەك تەوەرە ، یان یەك بابەت ، یان ژمارەیەکی ژیاری لە بابەتێك ، بەڵکو گشت لایەنە زانستی و مرۆڤایەتییەکانی بە یەکسانی گرتووەتەوە ، هەروەها لەهەموو زمانە جیهانییە سەرەکییەکاندا دەردەکەوێت . بێجگە لەمانە ئەوەی بەنهێنی نەتەوەیی ، یان سەربازی دادەنرێت زۆربەی ئەو زانیارییانە بەشێوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی جیاواز دەردەچن ، پێویستە بۆ ئەو نەتەوانە کە دەیانەوێت لە پێشەوەی نەتەوەکان بن ، ئاگاداری و شارەزاییەکی بەردەوامی تازەترین ئەو زانیارییانە بن . ئەوەی تا ئێستاش ڕوودەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەوەیە کە وەرگێڕە پسپۆڕەکان هەر یەکە و لەبواری خۆی بەکاری بەردەوام بۆ وەرگێڕانی گرنگترین کتێب و





وتارەکان لە زمانی بیانییەوە بۆ سەر زمانی نەتەوەیی ئەنجام بدات .

بەڵام ئێستا ڕوون بووە کە ئەمە ئامانجەکە ناپێکێت لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی کتێب و گۆڤار...تاد، کە گشت ساڵێك بەزمانی جیاوازدەردەچێت و کەمی ژمارەی وەرگێڕی لێهاتوو و گیروگرفتی ئامادەکردنیان بەشێوەیەکی باش. لەبەر ئەوە ئاراستەی هەوڵی زانایان کەوتە گڕ بۆ داهێنانی ئامارێك( یان هۆکارێك ) بۆ خەزن و پاراستنی زانیاری لە تەسکترین جێی پێویست ، بۆ ئەمەش ئامێری ژمێریاریان ( کۆمپیوتەر) بەکارهێنا ، هەروەها هۆکارێکیان بۆ وەرگێڕانی ئامێری هەڵهێنجا بۆ ئەمەش هەروەها ئامێری ژمێریاریان بەکارهێنا ، بۆ گەیشتن بەم دوو هۆکارە پشتیان بەو زانیارییانە بەست کە زانا زمانەوانە نوێیەکان لە شیکردنەوەی زماندا پێیان داون — ئەوەیە کە دەمانەوێت بیرۆکەیەکی خێرای لەسەر بدەین لەوە جێیەی لەم کتێبەدا ماوە — هەروەها سوودیان لە بیردۆزەی زانیاری بینی ، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەیەکی خێرامان پێدا .

ئەو دوو هۆکارەی ناویان هاتووە هەردووکیان سەرکەوتوون ، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی کە پرۆسەی خەزنکردن و پاراستنی زانیارییەکە تووشی بوو زۆر گەورەتر بوو لە پرۆسەی وەرگێڕان . سەرەڕای ئەوەی ئێستا کە وەرگێڕانی ئامێریی لە بوارێکی فراواندا لە وەرگێڕانی توێژینەوە زانستییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەتی بەکاردێت ، بەڵام ئێمە بەرەنگاری گیروگرفتی گەورە دەبین کاتێ ئامێرەکە بخرێتە بەر وەرگێڕانی دەقەکانی تری پەیوەند بە بوارە زانستییە مرۆڤایەتییەکانەوە ، هەروەها ئامێرەکە هەست بە پەککەوتنی تەواو دەکات لە وەرگێڕانی هەر دەقێکی ئەدەبی ، بێجگە لە دەقە دینییەکان . زۆر جار باسی ئەو نوکتانە دەکرێت کە کاتێ ئامێرەکە هەوڵدەدات کارەکەی خۆی لە دوا بوارەکانی بکات ، لەو نوکتانەش کە وتەیەکی ئینگلیزی ناسراو هەیە وەك ئەمەی خوارەوە...

The spirit is willing but the flesh is weak کە لە واتادا لەم دێڕە شیعرە عەرەبییەوە نزیکە :

واذا كانت النفوس كبارا       تعبت في مرادها الاجساد

ئەمەش درا بە ئامێرەکە بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسی ، پاشان وەرگێڕاوە ڕووسییەکە جارێکی تر بە ئامێرەکە درا بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ، ئەنجامەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:—

The vodka is good but the meat is poor کە دوو مانای زۆر جیاوازن .

كەواتە دەبێت هۆی پەككەوتنی ئەو ئامێرە لە جێ بەجێ كردنی گشت ئەو جۆرە وەرگێڕانە چی بێت ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەر دەبێت ڕوون بێت كە دەرك بە چەندێتی ئاڵۆزی زمان دەكات كە لە لاپەڕەكانی تری ئەم كتێبەدا دەیخوێنێتەوە . لەگەڵ ئەوەی زانایانی زمان تا ئێستا بیردۆزەیەكیان نەهێناوەتە كایەوە، كە بتوانێت شیكردنەوە و لێكدانەوەیەكی تەواو لەسەر گشت دیاردە زمانییەكان بكات و دەستوورێكی تەواو بۆ زمان دابنێت ، ئەو دەستوورەی پەیوەندی بە پێكهاتەی وشەسازی و ڕستەسازییەكانەوە ، یان ئەوەی پەیوەندی بە وشەكان و پێڕەوی واتاكان ( یان واتاسازی )ەوە هەیە. لەوانەیە ئەگەر ئەمەش ڕوویدا سوودێكی گەورەی بۆ ئامێری وەرگێڕانەكە نەبێت ، بەهۆی ئاڵۆزیی ئەو دەستوورانە و نەتوانینی جێ بەجێ كردنی بێ هەڵە بەبێ بوونی مرۆڤ . با نموونەیەك بدەین لەسەر جۆری دەستوور ، یان یاساكانی كە هیچ تێكەڵكارییەك لە جێ بەجێ كردنیدا سەرەڕای ئاڵۆزیشی ڕوونادات . ئەگەربێت و مۆسیقا ژەنێك هات و پارچە ئاوازێكی داهێنا بە بەكارهێنانی ( نۆتە ) و ڕەمزە ناسراوەكانی ، هەر مرۆڤێكی تر ئەو ڕەمز و دەستوورانەی كە هەر یەكەیان بەیەكەوە دەبەستێتەوە دەناسێت و هیچ قوورسییەك لە خوێندنەوە و تێگەیشتن نایەتە پێشی . ئەمەش بە سەر زمانی ڕەمزی بەكارهاتوو لە بیركاریدا كە زمانێكی جیهانییە و گشت كەسێك لێی تێدەگات دەچەسپێت .

ئەو زمانە بەكارهاتووەی لەو دوو باردا زمانێكی وەسفییە، نەك سرووشتی، وەك زمانی مرۆڤایەتی كە دانراوە بەمەرجێ گشت ڕەمزێك تێیدا ئاماژە بۆ یەك شت دەكات نەك هی تر ، هەروەها دەستووری بەكارهێنان و بەستنەوەی ئەو ڕەمزانە دەستوورێكی توندوتیژ و گشتگیرییە كە بواری تێكەڵكردنیان نییە لە كاتی بەكارهێناندا. ئەمەش لە زمانەسرووشتیەكانی مرۆڤدا نییە ، نە لەوەی پەیوەندی بەڕەمزەكانەوە هەیە كە ئەو وشانەی لەفەرهەنگەكاندا هەیە و نە لەڕووی ئەوەی ئەو دەستوورانەی كە ئەو وشانە دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی بیكاتە كۆمەڵێك لە نیمچە ڕستە و ڕستەی سادە ، یان لێكدراو كە هەڵگری واتای داواكراوی هەیە ، لەبەر ئەوە كاری كۆمپیوتەر (ڕایەڵە) لە وەرگێڕاندا تا ئاستێكی گەورە دەوستێتە سەر توانامان بەپێدانی بە دوو قامووسی تەواوی دوو زمانی دیاریكراو ، هەروەها بە دوو كۆمەڵی تەواوی دەستووری ئەو دوو زمانە ، هەردوو بارەكەش زۆر زۆر سەختە، دووەمیان پێویستی بەوەدەبێت كە زانایانی زمان بگەنە بیردۆزەیەكی





زمانیی تەواوی گشتگیری ، كە بكرێت پشتی پێ ببسترێت بۆ شیكردنەوەی گشت لایەن و ڕووەكانی زمان.

بەڵام دەربارەی وشە و زاراوەكان یەكێ لەو گیروگرفتە سەرەكییەی كە بەندە پێی ئەوەیە ، زۆری واتاكان یان ئاماژەبۆكردنەكانی لەمەڕ زۆرینەی ، یان ( بەهۆی مێژووی و كۆمەڵایەتی كە لێرەدا پێویست ناكات باس بكرێت ) . لەگەڵ زۆربوونی هاووتاكان لە زۆرینەی زمانەكاندا . سەبارەت بە باری یەكەم نموونەی بە زمانی عەرەبی زۆر نییە ، لە بارەیەوە ئەوە دێنینەوە بۆ نموونە ، وشەی ( الخال )( خاڵ – برای دایك ) كە ئەم واتایانەی خوارەوەی هەیە ، هەندێكیان لە ئەدەب و هەندێكیشیان تا ئێستا بەكاردێت :

الخال(خاڵ/خاڵە) : لیوا لە سوپادا .

: لەخۆبایی بوون / خۆپەسەندیی .

: مرۆڤی لاواز .

:جۆرێك لە جل ( واتا شتومەك) .

: هەور .

:خاڵێك لە لەشدا .

:برای دایك .

یان وشەی ( أمە ) نەتەوە كە لە قورئانی پیرۆزدا بە سێ واتا هاتووە ، وەك :

كۆمەڵێك لە خەڵكی – لەچەند ئایەتێك .

ئێستا – لەئایەندا : ( واذكر بعد أمة ) .

دین – لە ئایەندا:( انا وجدنا أباءنا علی أمة ).

ئەم دیاردەیە لەهەندێ لە زمانەكانی وەك زمانی ئینگلیزی بۆ نموونە زیاتر لە زمانەكانی تردا هەیە.

مەبەست لە مانای وشەی فرەواتا ئامێر ناتوانێت بگات پێی بۆ ئەوەی بیگوازێتەوە بۆ سەر زمانێكی تر ، چونكە ئەمە دەوستێتە سەر سیاقی (میانەی) زمانیی كە تێیدا باس دەكرێت یان دێت ، لەبەر ئەمە بارەكە پێویستی بەئاوەزی( عقلی) مرۆڤ هەیە كە ناتوانرێت لە كۆمپیوتەردا پرۆگرامساز( برمجە) بكرێت .

كەچی هاوواتا گیروگرفتەكەی لە جۆرێكی تردایە ، كە ئەویش بۆ مرۆڤی وەرگێڕ گیروگرفتێكی قورسە ، نەك بەتەنیا بۆ ئامێری وەرگێڕەر . زمانە خۆرئاواییەكان بڕوایان بە

هاوواتای تەواو نییە ، بەواتای ئەوەی بۆ ئەوەی دوو وشـەی هاوواتـا بـە هاوواتایـەکی تـەواو دابنـێین پێویـستە بتـوانین بـە گۆڕینـەوەی یـەکێکیان بـەوەی تـر لـە گـشت سـیاقەکانی( میانەکانی) زماندا ، بە لێکۆڵینەوەی ورد بۆیان دەرکەوت کە ئەمـە هـەرگیز ناکرێـت ، بـەلاَم وادیارە زمانەوانە عەرەبەکان ڕایان لەم بارەیەوە جیاوازە ، هەندێکیان باوەڕیـان بـە بـوونی جیاوازیی لە مانای نێوان وشە هاوواتاکاندا هەیە ، کەچی هەندێکی تریـان پێـچەوانەی ئەمـە دەڵێن ، لەمەشدا ( ابراهیم انیس ) کە لە تازەگەرەکانـە و لایـەنگرییان دەکـات ، دەڵێـت (( هاوواتا بە زۆری لە وشـەکانی قورئانـدا هەیـە و کەوتۆتـەوە سـەرەڕای هەوڵـدانی هەنـدێ لـە شیکەرەوەکان جیاوازییەکی خەیاڵی کە بوونی نییە تەنیا لە بیریاندا نەبێت هەست پێکرد بۆ جیاوازی وشەکانی قورئانی هاوواتا )) بارەکە هەر چۆنێك بێت ، هەڵبژاردنی وشـەی گونجـاو بۆ میانەی(سیاق) زمانیی بارێکە بۆ وەرگێڕ قورسە ، مرۆڤ بێت ، یـان ئـامێر ئـەویش لەیـەك زماندا ، بەلاَم ئەگەر هاتوو ئەوەت گواستەوە بۆ زمانێکی تر؟

لەگەڵ ئەوەشدا بەستنەوەی وشە و زاراوەکانی زمان بە ژیاری ئـەوە نەتەوەیـەی بـەو زمانـە قسە دەکەن — واتـا — بـە ڕێگـەی ژیـانی کۆمـەڵ کـەوا لـەو وشـانە دەکـات ببێتـە شـتێك و لەوانەیە ببێتە ئەندامێك و بە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بلکێت لکـانێکی تونـد بەمـەرجێ هەسـت بەرانبەر هەریەکێکیان  هەستێکی تایبەتی بکـات لـەو هەسـتە بـچێت کـە بەرانبـەر کەسـانی کۆمەڵی تـر دەیکـەین ، هەنـدێ لـەو هەسـتانەش سۆزدارییە و هەنـدێکی تریـان ئایینییـە و هەندێکی سکماکییە ...تاد .

پەیوەندی وشە و زاراوەکان بـە کۆمـەڵێکی دیـاریکراو بـەم شـێوەیە وا لـەو وشـە و زاراوانـە دەکات ببێتە شتێکی توند و بەو زمانەوە نووساوبێت ، کە نەریتی ئەو کۆمەڵە و هەستەکانی و جۆری خووڕەوشتی و ڕەفتار و لەو شێوانە لە لایەك هەڵدەگرێ ، هەروەها وایان لێـدەکات ببێتە شتێکی کەسیی دەربارەی کەسانی کۆمەڵ کە هەر یەك لەوان هەست بەرانبەر یـەکتری بە هەستێك جیاوازبێت لە کەسانی تر بکات . ئەویش لەبـەر ئـەوە گواسـتنەوەی قورسـە بـۆ زمانی کۆمـەڵێکی تـر بـە تایبـەتی ئەگـەر هـاتوو ژیـاری ئـەو کۆمەڵـەی تـر و ڕێگـەی ژیـانی جیاوازییەکی گـەورەی لـە ژیـاری کۆمـەڵی یەکـەم و ڕێگـەی ژیـانی هـەبێت ، هـەروەها ئـەم قورسییەش تەنیا تایبەت نییە لەسەر ئـامێر  ( کـە ناتوانێـت هەسـتێ بەچارەسـەرکردن ) ، بەڵکو درێژ دەبێتەوە و مرۆڤیش دەگرێتەوە کە هەڵدەستێت بەکاری وەرگێڕان .

لەگەڵ ئەوەشدا سرووشتیـیە کە یەکێ لـە زمانـەکان دەوڵەمەنـد بێـت بـە وشـە و زاراوە کـە ئاماژە بۆ شتەکان ، یان دیاردەیەکی دیاریکراوی زۆر گرنگ بـۆ کەسـانی ئـەو کۆمەڵـەی کـە





بەو زمانە قسە دەکەن بکات، وەك ئەو وشە و زاراوە زۆرانەی کـە ئامـاژە بـۆ جـۆری بـەفری جیاواز لە زمانی ئەسکیمۆ دەکەن و ئەوانەی ئاماژە بـۆ نـاوی حوشـتر و شمـشێر لـە زمـانی عەرەبیدا دەکەن ، ئەوانـەی ئامـاژە بـۆ دیـاردەی پیـشەسازی و تـەکنیکی لـە زمـانی وڵاتـە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان و بەم شێوەیە دەکەن ، زۆر پێویست نییە کە بـۆ گـشت هـەر یەکێ لەوانە هاوواتا هەبێت لە گشت زمانەکانی تردا .

لەوانەیە قورسـترین بـاری سـەر وەرگێـڕان بـە شـێوەیەکی گـشتی و وەرگێڕانـی ئـامێری بـە شێوەیەکی تایبەتی ئەو وشە و زاراونەبێت کە ئاماژە بۆ شتە ڕووتەکان( مجردە) ، یان سۆز و هەســت و بــیر و بــاوەڕە جیاوازەکــان دەکــات، وەك دیموکراســیی ، سەربەســتی ، سوشیالیستی ، حکومەت ، خۆشەویستی ، ، هیوا  ، تووڕەبوون ، دڵەڕاوکی ، ...تـاد . کـە چـەمکی ئـەم وشـانە ، یـان تێکـەڵبوون لەگـەڵ واتاکانیـدا نـەك تـەنیا لـە کۆمەڵێکـەوە بـۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە ، بەڵکو هەروەها لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش جیاوازە پێویـست ناکات لێرەدا زۆر درێـژەی پـێ بـدەین ، چـونکە باسـی زۆر شـتمان کـرد کـە بـەس بێـت بـۆ دەرخستنی هەندێ گیروگرفت و قوورسییەکانی وەرگێڕان بە گشتی و وەرگێڕانی ئامێری بـە شێوەیەکی تایبەتی لە کێڵگەی وشە و زاراوەکان و واتاکانیان ، ئەویش لەگەڵ ئەوەی کە لە بەشێکی تایبەت بە زانستی واتا ، یان واتاسـازیی لـە بەشـی پێنجـەمی ئـەم کتێبـەدا باسـی دەکەین .

ئەگەر بچێنە سەر ئەو گیروگرفتانەی کە بە دەستووری زمـانی وشەسـازی و ڕستەسـازییەوە بەندن دەبینین لەوانەیە ئەستەمی سەرەکی بێت لـە سـەر ڕێگـەی پەرەسـەندنی وەرگێڕانـی ئـامێری ، کەواتـە بـۆ ئـەوەی ئـەم پرۆسـەیە سـەرکەوتووبێت دەبێـت لێـرەدا بیردۆزەیـەکی زمانیی تەواوکار هەبێت بتوانێت کە بە شێوەیەکی تەواو گشت پێکهاتە و واتاکانی هـەر یـەك لەو دوو زمانەی ئارەزووی وەرگێڕان لە یەکێکیانەوە بۆ یەکێکی تر دەکەین شـی بکاتـەوە و لێکبداتــەوە . لەبەشــەکانی تــردا دەبیــنین کــە چــۆن خــاوەنی قوتابخانــە وەســفییە شێوەکارییەکان بیرۆکەییێکیان لە بیردۆزەی زمانیی پێ پیشان داین کە ( ڕستە ) بە کۆمەڵـە وشــەیەکی یــەك لــە دوای یــەك ڕیزکــراوە بــەپێی پێڕەوێکــی دیــاریکراو ، کــە دەڵێــت پەیوەندییەکانی نێوان وشەکان پەیوەندییەکی ئاسۆییە  بە واتای لێرەدا یەك دۆخ هەیـە بـۆ قسەکردن کە دەتوانرێـت لەسـەر ئـەو بنەمایـە ڕسـتەکان شـی بکەینـەوە و تێیـان بگـەین و دروستیان کەین .

یەکەم تاقیکردنەوە لەسەر ئامێری وەرگێڕان بە پشت بەستن لەسەر ئەو بیردۆزەیە دەستی پێکرد ، دواتر ئەوە سەلمێنرا کە بیردۆزەیەکی ناتەواوە و بێ بیرۆکەیە کە ناتوانێت وەرگرتنێکی گشتگیری زمان وەربگرێت ، لەبەر ئەوە ئاکامی ئەو تاقیکردنەوانە بە شێوەیەکی هیوا نەویست هات .کەچی ئێستا لەلای زانایانی زمان بیردۆزەی زمانی باشتر وەك بیردۆزەی ڕێزمانی گوێزانەوە هەیە، کە دەتوانێت چارەسەری زمان بە شێوەیەکی باشتری زۆر لە بیردۆزەکانی پێشووتر بکات، کە بایەخ پێدەران لە بابەتی وەرگێڕانی ئامێری پشتی پێ دەبەستن بۆ دانی کۆمپیوتەر بە ڕێزمانی زمان و وشەکان و بە پلانی کارەکە، کە دەتوانێت بەو پێیە دەست بکات بە شیکردنەوەی زمانی یەکەم بۆ دۆخە جیاوازەکانی ، پاشان بۆ ڕەگەزە یەکەمییەکان و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو ڕەگەزانە، پاشان گۆڕینەوەی بەهۆی بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ زمانی تر ، ئەو ئاکامانەی بە دەستیش کەوت تا ئێستا لە بنکەکانی توێژینەوە و تاقیکردنەوە جیاوازەکان زۆر هاندەربوون .

کورتەی قسە ئێمە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بین ئامێر لە پرۆسەی وەرگێڕاندا جێی مرۆڤ بگرێتەوە ، کە ئەوە ناتوانێت زۆر شت بکات دەربارەی هەندێ شێوەکانی دەربڕینی زمانیی بەستراو ، بەستراوێکی توند بە ژیاری کۆمەڵەوە وەك ئەدەب و دین ، بەڵام لە بواری وەرگێڕانی بابەتە زانستییەکان ، یان هەواڵییەکان ، یان بابەتییانە ئەرکێکی گرنگ دەگێڕێت ، ئەم بوارانەش بواری بڵاو و زۆر گرنگن . سەرەڕای ئەوەی کە ئاکامی وەرگێڕانە ئامێرییەکانی ئێستا تا ئێستاش مرۆڤ پسپۆڕ هەڵدەستێت بەپێداچوونەوەی ، بەڵام هیوا زۆرە کە ئاستی شارەزابوون و توانست بە پلەیەك زیاد بکات و وا لەو پرۆسانە بکات ببێتە پرۆسەیەکی شێلگیرانە(جدی) ، بەڵام سوودی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکان لە بواری وەرگێڕاندا بەشێوەیەکی گشتی لەم باسەدا بۆ دیاریکردنی بە ڕێگەیەکی گونجاو جێی نابێتەوە ، بەڵام بێگومان سوودێکی گەورەی هەیە .

شوێنەواری لێکۆڵینەوەکان کە هەندێکیان لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا بە جۆرە جیاوازییەکانییەوە لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان ڕەنگیان داوەتەوە ، بەمەرجێ وەرگێڕان بووە ئەوەی بە زانستێك دابنرێت لەگەڵ ئەوەی کە هونەرێکیشە ، لە جیاتی ئەوەی کە وەك چالاکییەك و ڕاهێنان و هەستێکی هونەری بەتەنیا سەیر بکرێت . لە زۆرترین ئەوانەی بایەخیان بە جێ بەجێکردنی بیردۆزەکانی زمانەوانیی نوێ لە بواری وەرگێڕان داوە ئەو دەزگا و سەندیکایانە بوون کە پسپۆڕێتیان لە وەرگێڕانی کتێبە پیرۆزەکانی زمانە کۆنەکان





بۆ سەر زمانە نوێیەکان بوو ، بەتایبەتی بۆ زمانی ئەمریکی نوێ . بەناوبانگترین کارکەر لەو دەزگا و سەندیکا زمانەوانیانە ( یۆجین نایدا – Eugene Nida )بوو ، کە بەشداری کرد و دەیکات لە وەرگێڕانی کتێبە پیرۆزەکان، هەروەها سێ کتێبی داهێنا لە بیردۆزەی وەرگێڕان کە بە نموونەی زۆر ئەوەی ڕوون کردەوە کە چۆن دەبێت چارەسەری وشەکان و واتاکانیان لەلایەنە جیاوازەکانیانەوە بکەین ، لەگەڵ بایەخدان بە باگڕاوندی ژیاری و لایەنە هەستییەکانەوە .

هەروەها ئەوەی دەرخست چۆن دەبێت ئەو ڕستانەی کە ئارەزووی وەرگێڕانیان دەکەین بەو ڕێگەیەی خاوەنی قوتابخانەی ڕێزمانی گوێزانەوە پێشنیاری دەکەن تا دەگەینە ئەو پەیوەندییە مانابییە ڕاستەوخۆیە ڕاوەستاوەی نێوان ڕەگەزە یەکەمەکانی کەرستەی لێ پێکدێت و پاشان دەتوانین کە پێکهاتەکەی بەشێوەی ، یان شێوە ڕێ پێدراوەکان لە زمانەکەی تر بگەڕێنینەوە ، بەمەرجێ پاراستنی وردی واتاکە لە لایەك و لەسەر باگڕاوندی ژیاری زمان و لەسەر شێوازی قسەکردنی نەژادەکە لە لایەکی تر ، شی بکەینەوە .

دوا وشە لێرەدا ئەوەیە ، کە هەندێ لەو سوودانەی کە تا ئێستا دەستمان کەوتن ژماردن ، کە دەکرێت لە ئایندەدا و لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخییەکان و کە هەموویانمان نەژمارد لەبەر ئەوەی جێ نییە بۆ ژماردنی گشتی دەست بکەوێت . لێرەدا سوود هەیە پەیوەندە بە ڕۆڵی زانستی زمان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا و سوود هەیە بەندە بە دروستکردنی فەرهەنگەوە ، هەشە بەندە بەچاککردنی ئاخاوتن ، یان وشە و ڕاستکردنەوەی ئەو واژانەی کە گێڕن ، هەروەها لێرەدا ئەوە هەیە کە بەندە بە قسەی دەستکرد( artificial speech ) هەشە بەشێوەیەکی تایبەتی بەندە بە چاککردنی لەیەك گەیشتنی نێوان گشت مرۆڤێك و نێوان خاوەنی کار و کرێکار لە کارگەکاندا. هەروەها هەیە پەیوەندە بە ڕێگەی دواندەری جیاواز و شێوازی گفتوگۆ لە کۆمەڵە بچووك و گەورەکاندا هی تریش زۆرە ، کە هەندێکیان بەتەواوی ڕوونە و هەندێکی تریان لە ئاستی داواکراو نییە ، لەبەر نەبوونی جێی لێرەدا ناتوانین باسیان بکەین ، بەڵام پەنامان بردە بەر هەندێ نموونە لەسەر ئەو سوودانە کە لەوانەیە یەکێ لە ئێمە بڵێت ، کەوابوو سوودی ئەو لێکۆڵینەوانانە چی بوون ؟

تێبینی : لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە :

**اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة ، د.نايف خرما ، كويت ، ١٩٧٨ ، ص ١٥- ٦٩ .**



# پەیوەندی زمانی و جۆرەکانی لە شیعری (صابری)دا

**د. ئازاد ئەمین باخەوان**
**زانکۆی کەرکوک – کۆلێژی پەروەردە**

یەکێك لە ئەرکەکانی زمان پرۆسەی پەیوەندی کردنە لەناو کۆمەڵگادا. چونکە تاکی هەر کۆمەڵگایەك بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بکات و پێویستییە ماددی و دەروونیەکانی خۆی دابین بکات. ئەگەر زمان نەبووایە بوونی کۆمەڵگاش نە دەبوو. کەواتە زمان پەیوەندییەکی پتەوی بە کۆمەڵگاوە هەیە. زمان وەك ئامێرێك لە خزمەتی پاراستنی ئەو پەیوەنیکردنەدایە و بە بەردەوام دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاك و کۆمەڵ و کاریگەریێتی بۆ سەر ژیانیان دەبێت. هەر بۆیە لە پێناسەی زماندا دەوترێت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگا بەهۆی زمانەوە دەتوانێت هەموو پەیوەندییە جۆربەجۆرەکان ئەنجام بدات. هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە مەبەست لە کۆمەڵایەتیی زمان ئەوەیە کە تاکی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بەهۆی ئەو ڕەمزە زمانییە لەخۆوانەوە (الاعتباطیة) دەتوانێت پەیوەندی





کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی هاوڕەگەزی خۆیدا و لەگەڵ خۆیدا ئەنجام بدات. ئەو ڕەمزە زمانییانەش یەکێکە لە داهێنانە گرنگەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی دەوروپشت و ناوەوەی خۆی بکات و پۆلێنیان بکات. کەواتە زمان هۆکارێکە بۆ پێناسەکردنی شتە ماددی و نامادییەکان. لێرەشدا دەبێت ئەوە بڵێین بە ڕەمزکردنی شتەکان لەلای هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بەپێی کلتوور و ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازی نیشان دەدەن. واتە لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ئەو ڕەمزانە لە تاکێکەوە بۆ تاکێك دەگۆڕێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوە گشتییەکەیدا کە واتای گشتی دەبەخشێت هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا دیاریکراوە (هاوبەشن)، هەر بۆیەش تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن لەناو یەکتردا پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بکەن. کەواتە ئەو شتانەی هاوبەشن بریتیین لە سیستەمی زمانەکە و چوارچێوە گشتییە واتاییەکانی شتەکان ، کە بەهۆی ئاخافتنەوە دەردەبڕدرێن. ئاخافتنیش ئامرازی گواستنەوەی ڕەمزەکانە لە قسەکەرەوەبۆ بیستەر. بەهۆی ئەندامەکانی ئاخافتنەوە مرۆڤ دەتوانێت کۆپییەکی هزر و بۆچوونەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی دەربڕێت. چونکە ئەو بیرەی کە هەیە ناشێت سەدلەسەد وەك خۆی دەربڕدرێت، بۆیە لەو پرۆسەیەدا هەوڵی ئەوە دەدەین بتوانین بەشێوازی جۆراوجۆر ئەو هزرە دەربڕین. کەواتە زمان وەك سیستەمێك بەهۆیەوە دەتوانین بە بەردەوام قاڵب و شێوازی نوێی پێی دروست بکەین، کە پێشتر نەوترابێت و نەنوسرابێت. هەر بۆیەش تاکەکانی کۆمەڵگا لە نێوان خۆیاندا لە ڕووی دەربڕینەوە جیاوازی نیشان دەدەن. بێگومان هەرگیز ناشێت زمان لە بیر جودا بکرێتەوە. هەرچەندە دەربڕینی بیرەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ڕووی شێوازو قاڵبەوە جودا بێت. هەروەها زمان هۆکارێکە بۆ ناسینی دەوروبەر و دروستکردنی پەیوەندی، چونکە ((ئادەمیزاد بێ زمان ناتوانێ لە واقیعی دەوروبەری تێ بگاو خۆی تێیدا بناسێ))[1] ئەوجا ئەو پەیوەندییە دەرەکی بێت یان ناوەکی. مەبەستیش لە دەرەکی پەیوەندیکردنە بە دەرەوەی خود و ناوەکیش پەیوەندیکردنە بە ناوەوەی خود.

## پەیوەندییەکانی (صابری) :

(صابری) وەك شاعیرێکی بە توانا و بە سەلیقە، بەهۆی زمانە تەڕو پاراوەکەیەوە توانیویەتی ڕەمزەکانی زمان بۆ دەربڕینی هزرو ناوەوەی خۆی لە چوارچێوەی هۆنراوەکانیدا تا ڕادەیەك بەرجەستە بکات. هەروەها بەهۆی ئەو ڕەمزانەوە توانیویەتی تۆڕی پەیوەندییەکانی ناوەوەی خۆی و دەرەوەی بە یەکەوە ببەستێت و بەشێوەیەکی

بەرفراوان ئەو پەیوەندییانە دروست بكات.

پەیوەندییەكانی (صابری) جۆراوجۆرە و دەشێت لە میانەی هۆنراوەكانییەوە ئاماژەیان بۆ بكەین، وەك :

**١_ پەیوەندییە داخراوە كان:—**

**أ: لەخۆیەوە بۆ خۆی.. خۆدواندن (مۆنۆلۆگ).**

لێرەدا مەبەستمان لە پەیوەندی داخراو ئەوەیە، كە مرۆڤ چۆن هەڵدەستێت بە دروستكردنی بازنەیەكی داخراوی خودی : واتە ئەو پەیوەندییەی كە دروستی دەكات لە خۆیەوە بۆ خۆیەتی، بۆیە ((ئەم جۆرە پەیوەندی كردنە پێویستی بە كەناڵ نییە، ناردن و وەرگرتنی پەیام لە لایەن تاكە كەس ئەنجام دەدرێت كە زۆربەی كات بێ دەنگە))[٢]. واتا پەیامەكە لە خۆیەوە بۆ خۆیەتی هەروەها دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین، كە : ((پێوەندی كردنی مرۆڤ بەخودی خۆیەوە ئەوەیە كە لە ناوەوەی كەسایەتی مرۆڤدا ڕوو دەدات، یا ڕێگای پێوەندی كردنە بە خۆمانەوە، جا ئیتر ئەو پێوەندی كردنە بە بیركردنەوە بێت یان بە درك و پێزانین بێت یا بە جەخت كردنەوە و پێداگرتن بێت یان بە بیرو باوەڕ و نرخ بێت، ئەمەش بەڕاستی ئەو جیهانە ناوخۆییەیە كە بۆ یەكەم جار هەموو شتێكی تێدا ڕوو دەدات پێش ئەوەی لە جیهانی دەرەكیدا بەتەواوی دەربكەوێت بۆ ئەوەی ببێتە كەسێكی شایستە و پەیوەندیداری سەركەوتوو...))[٣]

كەواتە پەیوەندییە داخراوەكان پەیوەستە بە جیهانی ناوخۆییەوەو پەیوەندیكردنە بە ناوەوە. بۆیە پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێك بكەین كە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە كە ئەو جۆرە پەیوەندییە داخراوانە لەلای تاكە كەسی ئاساییدا پێویستی بە كەناڵ نییە، بەڵام لەلای شاعیر جگە لەوەی پەیوەندییەكە خودییە و داخراوە، كەچی كەناڵی نووسین هۆكارێكە بۆ ئاشكراكردن و دەرخستنی هەموو بازنە داخراوەكانی ناخی شاعیر بۆ دەرەوەی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە داخراوی دادەنێین، چونكە ڕاستەوخۆ هەواڵێك یان پەیامێك بۆ بەرانبەر نانێرێت، هەر چەندە خوێنەر ئاگاداری شتە شاراوەكانی ناخی شاعیریش دەبێت.

صابری شاعیر لەخۆ دواندنێكی ناخیدا، كە بازنەیەكی داخراوی پەیوەندیە ناوخۆییەكەی خۆیەتی، دەڵێت :

**(صابری) دونیا پەرستی و نەوجوانی تابەكەی**

**غافلی تا كێوی عومرت ناگەهان دێنێ هەرەس**





**(د.ص، ل ١٠٣)**

لێرەدا شاعیر بەپێچەوانەی مرۆڤی ئاساییەوە، ئەو پەیوەندییە ناخییەی خۆی بەهۆی ئەو بەیتە شیعرەوە، كە زمانی ناخی شاعیرە لە چوارچێوەی بەیتێكدا چڕی دەكاتەوە و دەری دەبڕێت، بەڵام مرۆڤی ئاسایی هەموو پێوەندییەكانی بەبێ دەنگی لە ناخیدا پەنگ دەخواتەوە و لەخۆیەوە بۆ خۆیەتی. واتە بیركردنەوە و خەیاڵ و پەیوەندییە گیانییەكانی لە خۆی بەولاوە ناچێتە دەرەوە.

كەواتە شاعیر مرۆڤێكی ئاسایی نییە، كە هەموو خەمە پەنگ خواردووەكانی ناخی بكات بە بازنەیەكی داخراوی نەبینراو، بەڵكو لە دەستەلاتیدا هەیە پەیوەندییە داخراوەكانی خۆیشی چێوەبەند بكات و دەربڕێت، واتە شاعیر دەتوانێت بیركردنەوە و خەیاڵ و پەیوەندییە خودییەكانی خۆیشی دەربڕێت و ئاشكرای بكات . (صابری) شاعیر لە ئەنجامی خۆخواردنەوەیەكی زۆردا پەنا بۆ ناسینی ناخی خۆی دەبات و دەیەوێت لەڕێگای ئەو خۆناسینەوە، هەڵسەنگاندنێك بۆ (عەقڵ) و (عەشقی) خۆی بكات. ئەمیش ئەو پەیوەنییەیە، كە مرۆڤ زۆر جار هەوڵی ئەوە دەدات بۆ پاككردنەوەی ناخی خۆی لە پەنایەكدا بەبێ دەنگی تێڕامان و تێفكرین بكات لە كارو كردەوەی خۆی ، صابری دەڵێت :

**(صابری) بێ خۆت بناسە عەقڵ و عەشقت كامەیە**

**عاشقێكی ترسنۆك و عاقڵی بێ حاڵ و ماڵ**

**(د.ص.ل ١٣١)**

شاعیر لە بیر كردنەوە خودییە داخراوەكانی خۆیشی لە بەیتێكدا چێوەبەند دەكات و گەڕانەوەیەكە بۆ ناخی خۆی و وریا كردنەوە و ڕاچڵەكاندنێكی دەروونی بەهێزە بۆ گەڕاندنەوەی ڕابردوویەكی بەسەر چوو، لەگەڵ هاتنەوەی بۆ سەر ڕێگای ڕاست هەروەها دەشێت بڵێین كە ئەم خۆدواندنە پەیوەندییەكە لە نێوان (صابری) ڕابردوو و (صابری) ئێستا، وەك دەڵێت :

**(صابری) عومرت بەزایع دا ئیتر ورياوەبە**

**عومری ڕابردوو قەزاكە بێرە سەر ڕێگەی ڕەشاد**

**(د.ص، ل ٨٢)**

بێگومان ئەو پەیوەندییە داخراوە خودییانەی شاعیر کە خۆی لە خەیاڵێکی وردا دەبینێتەوە، دەشێت خەیاڵێکی، (دەروێشانە، عاشقانە،... هتد) بێت و لە قاڵبێکی شیعریدا ئەو پەیوەندییە تاڕادەیەك دەربخات و کۆپییەکی خەیاڵە نەك هەموو خەیاڵ، چونکە زمان یەکەم بەربەستە بەرانبەر بە بەرجەستە کردن و دەربڕینی زۆربەی شتە ڕوحی و ناخییەکانی مرۆڤ.

(صابری) شاعیر بۆ دەربڕینی ناخی خۆی و زاڵبوون بەسەر دەروونیدا، هەوڵیداوە دوو وێنەی جیاوازی ناخی خۆی بگرێت و بە خەیاڵێکی ورد لەگەڵ خۆیدا مەنەلۆگێك دروستبکات، واتە خۆدواندنێکی وێنە ئامێز و پەیوەندییەکی داخراوی خودییە، کە دەڵێت :

**شێری پیری بەردەسەر نەفسی ڕێوی (صابری)**

**گەر تۆ (صیاد) ی بزانە هەم شکار و هەم جیهاد**

(د.ص، ل ٢٨)

لێرەدا ئەو پەیامەی (صابری) دەینێرێت دوو وێنەیە (شێری پیری) و (نەفسی ڕێوی) کە گومانی تێدا نییە ڕێوی بەرانبەر بە شێر هەر دەم لە شکستیدایە و ناتوانێت ململانێ لەگەڵ شێردا بکات. ئەم دەربڕینەی شاعیر ئەوە دەسەلمێنێت، کە کرداری زمان لە دەربڕینە ڕوحییەکاندا تاڕادەیەك دەستەوەستانەو ناتوانێت لە چوارچێوەیەکدا (واتا) بەرجەستە بکات، بۆیە پەنا بۆ وێنە مادییەکان دەبات تاوەکو ببێت بە هۆکارێك لەو دەربڕینە ناخیەدا، شاعیر دەڵێت :

**(صابر) بە گریان و فغان　　ناکوژێتەوە خەرمانەکەت**

**تا ئاوی سەبری پیانەکەی　　بێ سوودە نالآن (الغیاث)**

(د.ص، ل ٧٢)

خەرمانی گڕگرتووی دەروونی (صابری) بە گریان و فوغان ناکوژێتەوە، ئەگەر بێت و ئاوی ئارامگرتنی پێدا نەکات. ئەمە ئەو پەیوەندییە خودییە وێنە ئامێزە خەیاڵاوییەی شاعیرە، کە بەڕاستی داهێنانی تێدا کردووە، زمانیش هۆکارێکی گرنگ بووە لەم وێنە گرتنەدا.

بێگومان دەشێت گەلێك لەم جۆرە خۆ دواندنە ناخییەی شاعیر دەستنیشان بکرێت، کە بەتۆڕی پەیوەندی کردنی خودی ناومانبرد.

ب : دروستکردنی تۆڕی پەیوەنی کردن لە خۆیەوە بۆ دەرەوەی خۆی :





لەم بوارەشدا دەشێت چەند جۆرێکی تری پەیوەندی دەستنیشان بکەین، کە شاعیر بەهۆی هۆنراوەکانییەوە دروستی کردووە، وەك :

**١ – پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (خودا) دا :**

مەبەست ئەو پەیوەندییە ڕوحییەیە کە شاعیر ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دروستی دەکات. ئەو پەیوەندییەش، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە کە دەچێتە خانەی خواپەرستییەوە. واتە شاعیر دەیەوێت لە میانەی شیعرەکانییەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودای خۆیدا ئەنجام بدات و کەناڵێکی ڕاستەوخۆی دەروونی لەگەڵدا دروست بکات و بدوێت، دواندنێك پڕ لە بێدەستەڵاتی و شکاندنەوەی خود و پەنا بۆ بردن و پاڕانەوە، کە ئەمیش دیاریکردنی پەیوەندی پلە وباڵادەستییە، کە دەبێت بەوپەڕی ڕێزەوە داواکەی خۆی پێشکەش بە بارەگای پەروەردگار بکات ، وەك :

**خودایە عاجزو بێ دەستەڵاتم**

**بگاتە بارەگای تۆ شکاتم**

(د، ص، ل ١٤٦)

بێگومان دروستکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، پەیوەندییەکی سۆفیانەیەو دەشێت بڵێین زمانیش زۆر جار بەربەست و بێ توانایە لە بەرجەستە کردنی ئەو جۆرە پەیوەندییانەدا، چونکە ئەو ئەزموونە سۆفیانەیەی کە خوا پەرستێك لە ئەنجامی ئەزموونی ڕوحیدا بە دەستی دێنێت، زۆر سەختە بتوانێت لە نێو کۆمەڵە وشەیەکدا چێوەبەندی بکات و دەریبڕێتە دەرەوەی خۆی. بۆیە دەکرێت بووترێت لەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەدا، تەنها کۆپییەکی بیرۆکە ڕوحییەکەی خۆی لە قاڵبێکی شیعریدا بەرجەستە دەکات کە(واتا)یە. ئەگینا هەرگیز زمان لەتوانایدا نییە بتوانێت بە تەواوی و بە دروستی هەموو شتە ڕوحی و نامادییەکانی مرۆڤ بەرجەستە بکات. بۆیە دروستکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییە، پەیوەندییەکی ڕوکەشانەیە و وشەکان لە توانایاندا نییە ئەو پەیوندیە گیانییە نەبینراوە شاراوەیە ڕاستەوخۆیە بەرجەستە بکەن.

لێرەدا پێویست بەوە دەکات هەڵوەستەیەك بەرانبەر بەو لێکۆڵینەوانە بکەین کە سەبارەت بە شیعری تەسەوف نووسراون. ئاشکرایە پۆلێنکردنی قۆناغەکانی تەسەوف بەهۆی کۆمەڵێك وشەوە دیاری دەکرێت. ئەوجا ئایا ئەو شاعیرە بەڕاستی توانیویەتی وێنەیەکی

دروست و ڕاستەقینەی ئەو حاڵەت و مەقامانەمان بۆ بگرێت یان نا؟ کەواتە پێویستە خوێندنەوەیەکی تازەترمان هەبێت بۆ ئەو دەقانەی کە پێی دەوترێت شیعری تەسەوف. یان دەبێت جیاوازییەکانی نێوان شیعری تەسەوف و خواپەرستی لە سەر کۆمەڵێك بنەما دەسنیشان بکرێت. چونکە مەرج نییە هەموو شاعیرێك وەك خواناسێکی سۆفی بگاتە ترۆپکی مەبەستە ڕوحییەکەی خۆی و هەموو قۆناغەکانی ببڕێت و لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە. بۆیە دەشێت شاعیری وا هەبێت، کە تەنها کارتێکردنی شیعری شاعیرانی پێش خۆی هۆکارێك بووبێت بۆ لاسایکردنەوە. کەواتە ئەو پەیوەندییە ڕوحییە ڕاستەوخۆیەی شاعیر دروست نەبووە. بەڵام سەبارەت بە (صابری) شاعیر دەشێت بڵێین تاڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەو پەیوەندییە ڕوحییە دروست بکات و گەلێك لە قۆناغەکانی تەسەوفی بڕیوەو خۆیشی وەك مامۆستایەکی ئەو بوارە خاوەن ئەزموون بووە.

**٢_ پەیوەندییە دانەخراوەکان لە خۆیەوە بۆ کەسانی تر**

ئەم جۆرە پەیوەندییە زیاتر کراوەیە و هەوڵدانە بۆ ئاراستەکردن، واتە ناردنی پەیامێك بۆ بەرانبەر و کارتێکردنی. لێرەدا پەیوەندییەکی دانەخراو دروست دەبێت لە نێوان نێرەر و وەرگر. ئەو پەیوەندیەش بەهۆی ئەو دەقەوە ئەنجام دەدرێت کە دەبێتە ناوەندێك بۆ ئەو پەیوەندییە. ئیدی ئەو پەیوەندییە لە سەر کۆمەڵێك بنەما دروست دەبێت، واتە ئەو دەقە تا چەند دەربڕین لە ناخی ئەو وەرگرە دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ بەستنەوەی وەرگر بە نێرەرەوە، یان وەرگر تا چەند لە ئاستی ڕۆشنبیریدایە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو دەقەو دروستکردنی پەیوەندی، یان لەگەڵ ئەزموونەکانی خۆیدا تاچەند یەکانگیر دەبێت و تێکەڵی دەبێت. یاخود ئەو دەقە تاچەند دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی نێوان وەرگر و نێرەر، چونکە دەشێت هەندێك دەق لە بەرژەوەندی کەسانی تردا نەبێت، یان لەگەڵ دیدو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا نەگونجێت، ئەم ئەگەرانە هۆکارن بۆ پچڕاندتی پەیوەندی و داڕوخانی پردی پەیوەندییەکانی نێوان وەرگر و نێرەر. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە مەرج نییە وەرگر تەنها تاکە کەسێك بێت، بەڵکو دەشێت لایەنێك یان کۆمەڵێك بێت، واتە ڕەنگە وەرگر (کۆ) بێت، ئیدی ئەو وەرگرە لەو دەقەدا لایەنی پۆزەتیف بێت یان نیگەتیف.

(صابری) شاعیر لەم پەیوەندییە دانەخراوانەدا دانەبڕاوە، بەڵکو لەگەلێك هۆنراوەدا هەوڵی دروستکردنی ئەم تۆری پەیوەندییانەی داوە، وەك دەڵێت :



**ئەی موسڵمانان خودا لێمان قبووڵ ناکا کەوا**

**وا بە جاریْ دینی خۆمان نایە سەر نان و کەوا**

(د.ص.ل٤٨)

شاعیر وەك نێرەرێك دەیەوێت لەمیانەی ئەم بەیتەدا وەرگر بورژێنێت. هەروەها پەیوەنیکردنەکەشی ناردنی پەیامێکە لە قاڵبی (کۆ) دا، جگە لەمەش بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە کاریگەر تر بێت خۆیشی لەگەڵ ئەواندا کۆکردۆتەوە و لە وشەکانی (لێمان و خۆمان) دا بووەتە بەشێك لە وەرگر. بێگومان ئەم جۆرە دواندنە زۆر کاریگەرە، چونکە (نێرەر) لە ناردنی ئەو پەیامەیدا بۆ وەرگر، هەوڵی داوە خۆیشی وەك نێرەرێك و وەرگرێك بکەوێتە نێو پرۆسەی پەیوەندیکردنەکەوە. لێرەدا وەرگر لە قاڵبی (کۆ) دا هاتووە و ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك خەڵك، ئەوانەی کە دینی خۆیان ناوەتە سەر (نان و کەوا). شاعیر دەیەوێت بەهۆی ئەم بەیتەوە پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت و هۆشیاریان بکاتەوە، هەروەها نەیویستووە بەتەنها گلەوگازندە بخاتە سەر ئەستۆی وەرگر بەڵکو خۆیشی بەشێکە لەوان و ئەوەی بەو کارەی ئەوان ڕازی نییەخودایە. لێرەدا پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر بەهێز دەبێت، چونکە (نێرەر) خۆیشی دەبێتە بەشێك لە وەرگر و خۆی دانابڕێت، ئەمیش خاڵێکی گرنگە لە تایبەتییەکانی شیعری (صابری) دا.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی (صابری) دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە پەیوەندییەکانی لە میانەی دەقەکانەوەیە، واتە (دەق) چەقی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگرە. هەروەها وەرگر مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەقدایە نەك لەگەڵ نێرەر. بەڵام لەگەل ئەوەشدا ناکرێت تاڕادەیەك ڕۆڵی نێرەر پشتگوێ بخرێت.چونکە دەق کلیلێکە بۆ کردنەوەی ناخی نووسەر و ئاوێتە بوونی خوێنەر لەگەڵیدا و چوونە ژوورەوەی ئەو ناخە. کەواتە دەرگای ناخی نووسەر (دەق)ەو خوێنەریش دەتوانێت بەهۆی کۆدە زمانییەکان و دەورووبەر و کەناڵە هەستییەکانییەوە، ئەو دەرگایە بکاتەوە و پەیوەندی دروستبکات. کردنەوەی ئەو دەرگایەش دەگەڕێتەوە بۆ خویندنەوە و تێگەیشتن لە دەق و ئاشکراکردنی ئەو نهێنی و زانیارییانەی، کە ئەو دەقە بەخۆیەوە گرتووە.

لە خوێندنەوەی ئەو دەقانەی پەیوەندی دەبەخشن، خوێنەر هەست بە ئامادەیی و بوونی (شاعیر) دەکات. چونکە ئەو جۆرە دەقانە کە پێی دەوترێت (دەقی پەیوەندیکردن)

تاڕادەیەکی زۆر خویندنەوەی جۆربەجۆر هەڵناگرێت، چونکە دەقێکی کراوەیە و داخراو نییە. واتە دەقی کراوە بواری لێکدانەوەی کەمترە وەك لە دەقێکی داخراو، کە زۆرجار نووسەر بە ئەنقەست هەوڵی ئەوە دەدات بوار بۆ لێکدانەوەی (تاویل) خوینەر جێبهێڵێت. ئەمەش جیاوازی نێوان دەقی پەیوەندی کردن و دەقەکانی ترە.

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە هەندێك جار دەشێت دەقێك هۆکارێك بێت بۆ پچڕاندنی ئەو پەیوەندییە. یان شاعیر خۆی بەئەنقەست دەیەوێت ئەو پەیوەندییە بپسێنێت و نەیەوێت پەیوەندی پۆزەتیڤ دروست بکات. هەر وەك شاعیر لە هێرشێکیدا بۆ سەر (شێخی تەکیە زل) , کە بە ئاشکرا دیارە پچڕاندنی پەیوەندییە و نەیویستووە پەیوەندی لەگەڵیدا بکات، بەڵکو هەوڵی تێکشکاندن و ڕیسواکردنی داوە، چونکە ئەو جۆرە شێخانە، مەبەستی سەرەکییان فریودان و خەڵەتاندنی کەسانی ساویلکە و سادەن. بۆیە شاعیر نایەوێت پەیوەندی پۆزەتیڤیان لەگەڵدا ببەستێت، هەر وەك دەڵێت :

**ئەی شێخی تەکییە زل و خانومانی دین بچووک**
**وەی پیری دەعیە زل و گران جان و عەقڵ سووک**

**(د.ص، ل ١٢٨)**

ئەم هێرشەی شاعیر پچڕاندنی پەیوەنییە و کەمکردنەوەی پایەی ئەو جۆرە مرۆڤانەیە، کە بە هۆی دەسەڵاتی ئاینییەوە بەدەستیان هێناوە. یاخود بەکارهێنانی ئەو دەستەڵاتە ئاینییەیان بۆ پڕکردنەوەی ورگ و گیرفانی خۆیان، کەئەمە بەلای شاعیرەوە بە تەواوی ڕەتدەکرێتەوە. هەر لەو هۆنراوەیەدا زۆر بەتوندی ڕەخنە لەو جۆرە شێخانە دەگرێت و بەتەواوی دەیگەیەنێتە سەر ئێسك و دەڵێت :

**باوەڕ بکە قسەکانم هەموو کۆک و بێ غەشە**
**گەر عەیبی لێ ئەگری وەرە بکۆکە ئەی چرووک**

**(د.ص، ل ١٢٨)**

بەم جۆرە پەیوەندیە دانەخراوەکانی شاعیر زۆر جار بەهۆی ڕازی نەبوون و بەگژداچوون دەگاتە پلەی پچڕاندنی پەیوەندی.





١ – میدیا، سەرەتاییەکی زماننانسی، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٢٠٥.

٢ – شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، ساڵی ٢٠٠٨، ل١٧.

٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨ (لە سەرچاوەی (الاتصال والاعلام فی المجتمعات المعاصره، صالح ابو اصبع) ەوە وەرگیراوە).



حەمە سەعید حەسەن

# ئەوین بەدەم فڕینەوە

٧

**لە لوتكەوە دەستم پێ كرد، بۆیە بێجگە لە شۆڕبوونەوە، هیچ ڕێگەیەكی دیكەم لە بەردەمدا نەبوو.**

ئۆرسۆن وێڵز

درێدا كە دەقێكی هەڵدەوەشاندەوە، دەیبردەوە بۆ سەر چەند دەقێكی دیكە، بەو شێوەیە، دەركی بە پێكهاتەكانی دەكرد. هەڵوەشاندنەوەخوازی هیچی دیكە نییە، غەیری ئەوەی وەك دەق سەرنجی هەموو بەرهەمێكی كولتووری بدەین، ئیدی چیرۆك بێت، یان شیعر، تابلۆیەكی شێوەكاری بێت، یان تەلارێكی دێرین. لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعیدەوە، ژاك دریدا بزربوویەك بوو، عەدەمی بەرهەم دەهێنا و پێی وابوو، هەڵوەشاندنەوەخوازی خوێندنەوەیەكە هیچ ئامانجێك بە دەستەوە نادات و ناگاتە هیچ یەقین و بڕیارێك. ئێدوارد سەعید بێ ئاگابوو لەوەی هەڵوەشاندنەوەخواز بە دوای مانای ناو دەقدا وێڵ نییە، بە دوای





ئەو مانایەدا دەگەڕێت كە دەشێت لەودیو دەقەوە هەبێت و تەنیا ئەوانە پێی دەگەن كە لەژێر كاریگەرییەتیی هیچ لێكدانەوە و بڕیارێكی پێشوەختدا نین.

خوێنەری ڕۆمان هەیە، تەنیا عەودالّی چێژوەرگرتنە و شەیدای ئەو ڕۆمانە دەبێت كە هەر لە لاپەڕەكانی سەرەتاوە، كەمەندكێشی دەكات، خوێنەر هەیە حەزی لەو ڕۆمانەیە كە خۆی تێدا دەبینێتەوە و خۆی لێ دەبێت بە یەكێك لە كارەكتەرەكانی، خوێنەری وایش هەیە، شتگەلی نەنووسراوی پشتی دێڕەكانیش دەبینێت و لێكیان دەداتەوە و بە چاوێكی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی تەواوی ڕۆمانەكە دەدات. ئەو خوێنەرە وریایەی كە ڕۆڵی ڕەخنەگریش وازی دەكات، دەزانێت ڕۆماننووس پەیامێكی پێیە و خەریكی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی واقیعە، دەزانێت نهێنیی داهێنان لە چیدایە و هەست بە دڵەڕاوكێی كارەكتەرەكانیش دەكات. دەزانێت ڕۆمان جیهانێكە ئاڵۆز و دەست بۆ مەسەلە هەرە گرنگەكانی لە بابەتی، ژیان و مردن، چاكە و خراپە، ڕووناكی و تاریكی و گومان و یەقین دەبات.

چونكە خەیاڵ، بناغەی دۆزینەوەی زانستییە، بۆیە دەشێت ڕۆماننووسی خەیاڵفراوان، ڕێ بۆ دۆزینەوەی زانستی خۆش بكات. سەد ساڵ پێش ئەوەی بۆ یەكەمین جار ئینسان پێی لەسەر مانگ دابنێت، ڕۆماننووسی فەرەنسایی ژۆل ڤێرن، ڕۆمانی خەیاڵی زانستیی (گەشتێك بەرەو مانگ)ی نووسیبوو. ڕۆمانی سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕاستی و درۆ پێك نایەت، بەرهەمی واقیع و جادووە، واقیعێكی سەیر و سەرسووڕهێن، واقیعێك بە دەم فڕینەوە لە ئاسمانی خەیاڵدا، واقیعێك سەر بە جیهانی ئەفسانە و داستان، واقیعێك بارگاوی بە شارستانییە دێرینەكان و میسیۆلۆژیا. ڕەنگە (هەنگاوە بزربووەكان)ی نووسەری كووبایی، (ئالیگۆ كاربینتیر) یەكەمین ڕۆمانی سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی بێت، یەكەمین ڕەخنەگریش كە تێرمی (ڕیالیزمی جادوویی)ی بەكار هێنا، (فرانس ڕۆ)ی ئەڵمانیایی بوو.

ڕیالیزمی جادوویی پەڕیوەتەوە بۆ ناو دنیای هونەری شێوەكارییش، مارك شاگاڵ[1] یەكێكە لەو هونەرمەندە شێوەكارانەی ئەفسانەی تێكەڵ بە واقیع كردووە. ڕیالیزمی جادوویی هەر لە لاتین ئەمریكادا گیری نەخوارد، هەر زوو پەڕییەوە بۆ ئەورووپایش، دەشێت ئیتالۆ كالڤینۆ و گۆنتەر گراس، ناسراوترین دوو نووسەری ئەورووپایی بن كە بەرهەمیان بڕژێتە زێی ئەو ڕێبازەوە. هەرچەندە لەمێژە (ڕیالیزم) لە لاتین ئەمریكای زێدی خۆی، ئەو

(جادوو)ەی جارانی نەماوە، کەچی تازەکی بەختیار عەلی لە (ڕۆمان)ی (جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)دا، بە ڕیالیزمێك دەنووسێت کە جێی داخە، ناچارم بڵێم، زێتر درۆئامێزە، وەك لەوەی جادوویی بێت.

جەمشید خان لە زینداندا بەشێکی زۆر لە کێشی خۆی لە دەست دەدات و هێندە لاواز دەبێت، با دەیبات، (یەکەم جار با، لە زیندانی (هەیئە)ی کەرکووکەوە دەیبات و لە سلێمانی لەسەر سەربانی دووکانی فیتەرێك دەدۆزرێتەوە. ل٦)[٢] جارێکی دیکە با، لە (فاو)ەوە تا (ئەسفەهان)ی دەبات، ل٤٦ کە وەك سۆراخم کرد، ماوەی نێوانیان چوارسەد و چل کیلۆمەترە، جارێکی تر، با لە سلێمانییەوە دەیبات، لە باکووری کوردستان، نەك قەندیل، نزیك بنکەیەکی گەریلاکانی پەکەکە دایدەبەزێنێت! ل٧٩ دوا جار با لەم کیشوەرەوە بۆ ئەو کیشوەری دەبات! ناوبەناو لە ئاسماندا دەخەوێت و ماوەیەك لە ئاسمانەوە ڕازی دڵداری بۆ کیژێکی زەویننشین دەدرکێنێت.

با نووسەر کۆمەڵێك سەرچاوەیشی لەبەر دەستدا بێت، لەوانە: ژیاننامەی کەسانێکی زۆر، بیۆگرافیای خۆی و مێژووی هەموو مرۆڤایەتی، وەلێ هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ هەیە کە بێ ئەو ژێدەرە، ماندووبوونی بە فیڕۆ دەڕوات، ئەو سەرچاوەیش، خەیاڵی نووسەرە کە بێ ئەو کەرەسەیە، هەر چی بکەین، ئەوەی دەینووسین لە هونەر نزیك نابێتەوە. کێشەی سەرەکیی لەم (ڕۆمان)ەدا، بەگەڕخستنی خەیاڵە کە بەختیار عەلی لەو بوارەدا دەستوپێ سپییە. ڕاستە داهێنان، تاقیکردنەوەی ڕێیەکی تازەیە نەك گرتنی ملی ڕێگەیەکی دێرین، پێشکەشکردنی وێنەیەکی نوێیە، نەك دووبارەکردنەوەی وێنەیەکی کۆن، سەفەرێکی پڕ لە مەترسییە بەرەو دنیایەکی نەزانراو، نەك گەشتێك بەرەو جێیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەم پاساوانە ڕێگەمان پێ نادەن، شکۆی هێڵی سووری نێوان بەگەڕخستنی خەیاڵ و هۆنینەوەی درۆ پێشێل بکەین.

سالار و سمایل بە فەردەیەك گوریسەوە دەچنە دەرەوە و جەمشید خان کە بە تەمەنی حەڤدە ساڵی، ئەسڵی چەشنەکانی چارڵس داروین دەخوێنێتەوە و خەریکی ڕەتکردنەوەیەتی، وەك کۆلارە هەڵدەدەن. ئەم کوڕە کۆلارەیە، لە گوندێکی چۆڵکراوی دوورەدەستی کوردستانەوە، لە کۆتایی ساڵانی حەفتادا، خەریکی گۆڕینەوەی نامەیە، لەگەڵ پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی بەغدادا! ڕەنگە نووسەر ئیلهامی ئەم جۆرە نامەگۆڕینەوە سەختەی لە ڕۆمانی (بارۆنی سەر دارەکان)ی (ئیتالۆ کالڤینۆ)وە بۆ هاتبێت، ئاخر





(کۆزیمۆ)ی قارەمانی ئەو ڕۆمانەیش، سەرقاڵی ئەو جۆرە نامەگۆڕینانەوەیە و لەسەر درەختەکانی دەڤەرێکی چەپەکی کەناری ئەورووپاوە، نامە لەگەڵ ڕۆشنفیکرەکانی سەنتەردا دەگۆڕێتەوە!

بەختیار عەلی دەنووسێت: (سمایل هەردوو فەرهەنگی گەورەی مەورید و (کێمبێردج)ی ئینگلیزی لە بەرگەوە بۆ بەرگ لەبەر کرد. ل٣٥) (کامبریج) Cambridgeڕاستە، نەك کێمبێردج! تکایە بەراورد لە نێوان (کێمبێردج) و (کامبریج)دا بکەن، تا بزانن نووسەر چەند بە پێخاوسی تێ کەوتووە! تەنانەت ئەوەیشی نەزانیوە کە حەرفی دال، لەو وشەیەدا، دەنووسرێت، وەلێ ناگوترێت! تەنیا قامووسی مەورید، ئەوەی لەبەر دەستمدایە کە چاپی بیستودووەمینە و ساڵی١٩٨٨ پەخش کراوە، هەزار و سێسەد و بیستوچوار لاپەڕەیە و لە پەنجاپێنج هەزار وشە پێك هاتووە! ئایا ئەوە لەبەر دەکرێت؟ بەختیارعەلی دەزوو بۆ کۆلارەی (خەیاڵ) بەر دەدات و دەڵێت: (سمایل بە شەو لە بەرەی جەنگدا، بە دەستێك پەتی بۆ جەمشید خان دەگرت و بۆ ئاسمانی هەڵدەدا و مەوریدیشی دەگرت بە دەستەکەی تریەوە و دەیخوێندەوە. ل٣٦) بە مەرجێك مەورید هێندە قورسە، هی ئەوە نییە، بتوانین بە دەستێك هەڵی بگرین و پەڕەکانی هەڵبدەینەوە. بە مەرجێك چرا پێکردن یان هەر ڕۆشناییەکی دیکە، لە بەرەی جەنگدا، شتێکە لە بابەتی ناپاکی یان کوفر.

ئەوە ئاساییە لە ڕۆماندا شوێن، تێکەڵەیەك بێت لە واقیع و جادوو، وەك لە (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)یەکەی (مارکیز)دا هەیە، وەلێ لای بەختیار عەلی واقیعێکی دیاریکراو هەیە، وەلێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی کەسێکی ناواقیعییە. وەك چۆن دەشێت ڕۆمان سوود لە مێژوو وەربگرێت، بەڵام نابێتە بەڵگەنامەیەکی دیرۆکی، هەر وایش دەشێت ئەتمۆسفێری ڕۆمان لە هی شیعر بچێت و بە زمانێکی شیعری بنووسرێت، بێ ئەوەی بکەوێتە خانەی شیعرەوە. ڕەنگە لایەنی لاوازی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی ئەوەبێت، نووسەرەکەی بە نرخی ڕۆمان بە خوێنەری بفرۆشێت، هەرچەندە لە سیناریۆی فیلمی کارتۆنەوە نزیکترە.

چیرۆکبێژ لەم ڕۆمانەدا، هەرزەکارێکە دوورونزیك پێوەندیی بە دنیای کولتوورەوە نییە، کەچی کە تابلۆی (عاشقە فڕیوەکان)ی شاگاڵ دەبینێت، وەك مامۆستای هونەری شێوەکاری بێت، یەکسەر دەیناسێتەوە! ل٧٣ سمایل کە بەردەوام خەریکی خۆ پەروردەکردن و فێربوونە و ڕۆژنامەنووسێکی ناودار و سەرکەوتووی لێ دەردەچێت، لەناکاو

و بێ هیچ ڕێ بۆ خۆشکردنێك، دەبێتە کەسێکی چالاکی نێو مافیایەکی ترسناك! ئەگەر ڕۆماننووس لە بواری ئیشەکەیدا لێزان بێت، هیچ کارەکتەرێکی لەگەڵ بادانەوەی وا کوتوپڕدا ڕووبەڕوو نابێتەوە.

لای نووسەری مەکسیکی کارلۆس فۆینتس کە بە ڕۆمانی (ڕوونترین ناوچە) دنیای سەرسام کرد، زۆر جار کەسایەتیی ڕۆژنامەنووس هەیە و هەمیشە کارەکتەرێکی هەلپەرست و بەدئاکارە. ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە لە ئەدەبی عەرەبیشدا نموونەی هەیە، وەك لە کن نەجیب مەحفووز لە ڕۆمانی (دز و سەگگەل)دا، یان لای فەتحی غانم لە ڕۆمانی (ئەو پیاوەی سێبەری خۆی بزر کرد)دا دەیانبینین. (سمایل) هەر هەمان ئەو کەسایەتییە خراپەیە لەم (ڕۆمان)ەی بەختیار عەلیدا دووبارە دەبێتەوە.

(ڕۆشنبیر کەسێکی سەربەخۆیە، خاوەنی هۆشیارییەکی خۆ نوێکەرەوەیە، هۆشیارییەك تەرخانە بۆ ڕاژەی پێشکەوتن. ڕۆشنبیر بانگەشە بۆ هیچ فیکر یان ئایینێکی دیاریکراو ناکات، لە سەنگەری هیچ حیزبێکدا نییە و پاساو بۆ ستەمی هیچ دەسەڵاتێك ناهێنێتەوە.)[٣] ڕۆشنبیر کەسێکە ئەگەر وەکوو ئیبن ئەلموقەفەع، بە زیندوویی ئەندامەکانی لەشی یەك یەك دەرخواری ئاگریش بدەن، دەست لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە ڕاستەقینەکان هەڵناگرێت و باوەڕێك پەسەند ناکات، ڕێز لە جیاوازیی نەگرێت. کارەکتەرە (ڕۆشنبیر)ەکەی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم...) ڕۆژنامەوانێکە سەر بە مافیا، ئەو خەڵکە لە دووڕیانێکدا ڕادەگرێت، یان ئەوەتا دەبێت سەرانەی بدەنێ، یان سکاندالیان بۆ دەهۆنێتەوە.

دیالۆگ لە ڕۆماندا جوانی و جادووی خۆی هەیە، ڕۆماننووسی سەرکەوتوو زەوینەیەکی وەها دەڕەخسێنێت کە کارەکتەرەکانی هەر چی گومان، خولیا، ئەوین و شێتییەك لە ناخیاندا هەیە، دەری بڕن. ئەوە دیالۆگە سنووری نێوان خەون و ئاگایی، ڕاستی و خەیاڵ، واقیع و ئەفسانە و ئێستا و ڕابردوو دەسڕێتەوە. لە ئاوێنەی دیالۆگدا، ناخی کارەکتەرەکان دەبینین و بە هۆی دیالۆگەوە دەزانین، ئەم کارەکتەر خاوەنی کەسایەتییەکی ئاڵۆزە و ئەویان کەسێکە ساکار. لە کاتە نائاساییەکاندا، وەك: سەرخۆشی، نەخۆشی، تووڕەیی و بەختەوەری، دیالۆگی هیچ کارەکتەرێك لە هی ئەوی دیکە ناچێت. لە (ڕۆمان)ی (جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی (بەختیار عەلی)دا، دیالۆگ نەك هەر نەیتوانیوە، ڕۆڵی بایەخداری خۆی بگێڕێت، بەڵکوو نزیکەی بە تەواوی بزرە، ئەمەیش





زادەی دەرکنەکردنە بە ڕۆڵی ئەو تەکنیکە گرنگە. گێڕانەوە بە مۆنۆلۆژی ڕاستەوخۆیش کە تێیدا هەست بە هەبوونی نووسەر ناکرێت و شێوە گێڕانەوەیەکی کاریگەر و جێی بڕوایە، نووسەر سوودی لێ وەرنەگرتووە و لە توانایشیدا نەبووە لە ڕێی چیرۆکبێژی جیاوازەوە، هەمان ڕووداو بەسەر بکاتەوە و لە کۆمەڵێك گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجی هەمان کێشە بدات، ئەمانەیش وایان کردووە، خوێنەر گومان لە ڕاستگۆییی نووسەر بکات.

جوبران خەلیل جوبران دەڵێت: (گۆزەکەی پڕ دەکات لە ئاونگ و بە پەیژەی تریفەدا بەرەو ئەستێرە هەڵدەکشێت.) جەمشید خان بە گوریس هەڵدەکشێت و لە بەرزاییەوە، جارێك ئەویندارێکی شەیدایە، گۆرانیی دڵداری دەچڕێت و کەڕەتێك مافیا ئاسا، پلانی ترسناك بۆ ئەم و ئەو دادەڕێژێت. (چ قەیدی با دنیا ئەنگوستەچاو بێت، گرنگ ئەوەیە ناو دڵمان ڕۆشن بێت.) جەمشید خان لە نێوان ئینسانێکی ڕۆحپاکژ و دڵپیسدا دێت و دەچێت، دواجار نیشتمان جێ دەهێڵێت و بەرەو هەندەران دەفڕێت، ئەمەیش دروست وەك ئەوە وایە، کەسێك کلیلی دەرگەی بەختیاریی لە زێدی خۆی لێ بزر بووبێت، بچێت لە تاراوگە بۆی بگەڕێت کە لە مەحاڵیش ئەستەمترە لەوێ بیدۆزیتەوە.

کافکا دەڵێت: (کە زیان بە زمان بگات، زیان بە هەست و بە عەقڵیش دەگات.) بۆیە ئەگەر زمانت ساغ نەبێت، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی نە توانای ئەوەت هەیە، هەستی خۆت بە دروستی دەرببڕیت و نە پێت دەکرێت ئاوەزت وەك پێویست بەگەڕ بخەیت. بەختیار عەلی دەنووسێت: (جەمشید بە ناو کێڵگە و مەزرا و چۆمدا پیاسەی دەکرد. ل١٥) چۆم بە مانای چەم دێت و شوێنی پیاسە نییە. (جەمشید ناردی لە زۆر جێگای دوورەوە دیکۆر و توحەفیاتی بۆ هات. ل٧٣) کورد میللەتێکی چەند گوناهە! ڕۆماننووسەکەی، مانای دیکۆر نازانێت، بۆیە ناتوانێت بیخاتە ڕستەوە. چەند جارێك، نەك تەنیا تاقە جارێك، تا پێمان وابێت هەڵەی چاپە، لەبری قارچك، کە کارگ و کوارگیشی پێ دەڵێن، دەنووسێت: قاچك! ل٥٥ و ل١١٦ و ل١١٨ بەختیار عەلی دەنووسێت: (شیاکەی وشکی مانگاکانی لادێ. ل١٣٢) شیاکە: ڕیخە بە شلی، کە وشك دەبێتەوە، پێی دەڵێن: تەپاڵە! ئەوەیشیان شیاکە هی مانگای لادێ بێت یان شار، هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. قەت بووە کەسێك زمانزانینی لەو ئاستەدا بێت و پرکێشی ئەوە بکات، ڕۆمان بنووسێت؟

بەختیار عەلی دەنووسێت: (جەمیشید خان هەر بە دەزوویەك دەچوو، هەوا بیهێنیت و بیبات، بە تەنێك دەچوو، نەسیم بیجووڵێنێت. ل٧) ئەوە وێڕای درێژدادڕی، خوێنەر بە

نەفام زانینیشە، ئاخر چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان دەزوویەكدا هەوا بیهێنێت و بیبات، لەگەڵ تەنێكدا نەسیم بیجوولێنێت؟ ئەدی دەزوو، تەنێك نییە؟ ئەدی نەسیم، هەوا نییە؟ یان: (هەستم كرد ئەوەی كە تێپەڕیوە بۆ ئەبەد تێپەڕیوە و ئەوەشی كە ڕابردووە، بۆ ئەبەد ڕابردووە. ل٢٣) مەگەر خوێنەری خەواڵوو، ئەگەر نا خوێنەرێكی وریا نییە، ئەو سووكایەتی پێ كردنە، لە هیچ نووسەرێك قەبووڵ بكات. هەر باشە ئەمەیشی ئیزافە نەكردووە: (ئەوەیشی كە بەسەرچووە، بۆ ئەبەد بەسەر چووە!) یان دەنووسێت: (شەڕ لە چەند بەرەیەكی جیاوازەوە، ئاگری گرت و هەڵگیرسا. ل٢٤) ئاخۆ ئەو ڕستەیە هیچ پێویستییەكی بە (ئاگری گرت) هەیە؟ یان: (پیاوێكی خڕیلانەی كورتە بوو. ل٢٩) خڕ خۆی كورتە، خڕیلانە، چونكە بچووككراوەی خڕە، لە خڕیش كورتترە، ئیدی ئەو ڕستەیە چ پێویستی بە (كورتە،) هەیە؟ (پیاوێكی وەسواس و دووگومانە. ل٧) دوودڵ هەیە، دوودڵم، بە واتای گومانم هەیە و دڵنیا نیم، دێت، بەدگومان هەیە، خانەگومان هەیە، بەڵام دووگومان مانای نییە و هەڵەیە.

ئەوپەڕی سەرپرایز و ڕەنگە سكاندالیش، ئەوەبێت، بەختیار عەلی دەڵێت: (لەناو كەلاوە و خەراباتەكانی گوندە ڕووخاوەكاندا، لێفە و پێخەفمان كۆ كردەوە. ل٥١) لەوەیان گەڕێ كە لێفەیش جۆرێكە لە پێخەف، كارەسات ئەوەیە، لە بەختیار عەلی وایە، (خەرابات) بە مانای وێرانە و كەلاوە دێت!

**شوكر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە**

**كە بەدمەستی بكا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم**

خەرابات بە مانای مەیخانە دێت، مەحوی مەبەستی ئەوەیە، چونكە دنیا مەیخانەیە، ئەوە ئاساییە خەڵكانی زێدە سەرخۆشی ئەو مەیخانەیە، خراپەیان لێ بوەشێتەوە. پێ دەچێت نووسەر، پێی وابوو بێت، خەرابات، كۆی (خەرابە)یە! ئاخر بە عەرەبی میللیی عێراقی بە كاولە دەڵێن: خەرابە! نووسەرێك ڕێز لە ئاوەزی خوێنەر بگرێت و بكەوێتە گۆمی هەڵەی وا كوشندەوە، ئەگەری ئەوە هەیە، دەستبەجێ دەست لە نووسین هەڵبگرێت.

ئەوی بەم بەرهەمە كرچوكاڵە، دەست بە خوێندنەوەی نووسینی بەختیار عەلی بكات، هێندە نائومێد دەبێت، ئەستەمە بە دوای كتێبێكی دیكەیدا بگەڕێت. (بەهرە) نەمامێكە وەك چۆن دەشێت گەشە بكات و ببێتە درەختێكی بەردار، هەر وایش ئەگەری ئەوە هەیە، وشك هەڵبگەڕێت، ئەوە بۆیە پێویستە بەردەوام بە تەنگییەوە بێین و پەروەردەی بكەین.





كتێبی (جەمشید خانی مامم...) نیشانەیە بۆ ئەوەی درەختی بەهرەی بەختیار عەلی، ڕوو لە وشكهەڵگەڕانە. ئەوە لوتكەی نەفامییە، خەڵك لە دژی ئەوانە هان بدەین كە وەك ئێمە بیر ناكەنەوە. نیتشە هەرچەندە خەڵكی بۆ ئیلحاد هان دەدا، كەچی قەشە جیوڤانی دەیگوت: پێویستە ڕێزی لێ بگرین و هەرگیز نەیخەینە دەرەوەی دنیای بەرینی مەسیحیبوونەوە، ئاخر نیتشە ئاوەزمان زاخاو دەداتەوە و فێرمان دەكات جوانتر بیر بكەینەوە.

(١) مارك شاگاڵ (١٨٨٧ _ ١٩٨٥) كە لە بێلەڕووسیا لە دایك بووە و لە فەرەنسا كۆچی دوایی كردووە، قسەی زۆر جوانی هەیە، لەوانە: (هونەری مەزن لەوێوە دەستپێ دەكات كە سروشت كۆتایی دێت.) یان: (دەشێت ئینسانێكی چاك بیت، وەلێ هونەرمەندێكی خراپ بیت، بەڵام مەحاڵە، هونەرمەندێكی چاك بیت و ئینسانێكی خراپ.) یان: (لە ژیاندا بێجگە لە خۆشەویستی، هیچ شتێكی دیكە جێی بایەخی من نییە و تەنیا هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەو كەس و شتانەدا دەكەم كە خۆشم دەوێن.)

(٢) (هەیئە) ڕۆمانێكی (سەلام عەبدوڵڵا)یە، تێیدا بەسەرهاتی ڕاستەقینەی هەڵاتنی خۆی، لە زیندانی هەیئە خاصەی كەركووكەوە بۆ سلێمانی، دەگێڕێتەوە.

(٣) سەلاح بوسریف.

(٤) بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم كە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، لە بڵاوكراوەكانی ئەندێشە، چاپخانەی كارۆ ٢٠١٠ سلێمانی.



**د. ئازاد عبدالواحد کریم**

# تیۆریزم و میتافۆڕی شیعر

تیۆریزمەکردنی شیعر بریتییە لەو بنەمایانەی کە بناغەداڕێژی بۆ ئـەکتیڤ کردنـی ڕەخنـەی پراکتیکی دەکەن، گرۆنباوم لە ساڵی ١٩٤١ دا، باسێکی بـە پێـزی سـەبارەت بـە (ڕەخنـەی ئەدەبیی سەدەی چوارەم ) نووسی، تێیدا داوای ئـەوەی دەکـرد، کـە(( زۆر بـە ڕوونـی ئـەو پێوەرانە بخرێنەڕوو، کە بنەماکانی ڕەخنەی پراکتیکیی لەسەر بنیات دەنرێت، بە مانایـەکی تر، ئەو بنەمایانە دەستنیشان بکرێن کـە چـێژی شـیعر لـە چوارچـێوەی ڕەخنـەدا فەراهـەم دەکەن ))[1].

پاش ماوەیەکی کەم لە توێژینەوەکـەی گرۆنبـاوم، چـەندین بابـەتی ڕەخنـەیی پراکتیکـی بڵاوکرایەوە، هەتا ساڵی ١٩٦٩ (هاینەر شەس) سەبارەت بە هونەری شیعر لەلای گریکـەکان باسێکی گرنگی بڵاوکردەوە، ئیدی لە پاش ئەو لێکۆڵینەوەیە، ((چەمکەکانی تیۆری ئـەدەب





و نـاوەڕۆکی شـیعرو میتـافۆڕ گۆڕانکارییـەکی بنـەڕەتییان بەسـەردا هـات. هەنـدێك لـە ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە تیۆری ئەدەب بریتییە لـە هونـەری شـیعرو ڕەوانبێـژی، بـەڵام ئەو بۆچوونە دروست نییەو شێواندنی ڕاستیی تیۆریزمەکردنی ئەدەبە ))[2]، هەروەها هاینەر شـەش جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە زۆربـەی ئـەو لێکۆڵینـەوەو وتـارو کتێبـە ئەدەبییانەی، کە هـەتا ئێـستا بڵاوبوونەتـەوە، جگـە لـە هونـەری شـیعرو ڕەوانبێـژی باسـی جۆراوجۆری ئەدەبییان تێدایە، کەواتە دەبێت بە تـەنها تیۆرداڕێـژیی ئـەدەب نەخەینـە نێـو چوارچێوەی بابەتە ڕەوانبێژییەکانەوە.

هاینـەر شـەس لەمیانـەی چـەند بیروبۆچـوونێکی هاوچـەرخەوە، چـەردەیەکی زیـاتری خستەسەر بنـەماکانی ڕەخنـەی پراکتیکـی، بـەڵام هێـشتا چـەمکە جیاوازەکـانی ڕەخنـەی پراکتیکی بەرجەستە نەبووە، ئەو چەمکانەی کە لە چوارچێوەی تیـۆری ئەدەبـدا سـنورێکی زانستیی بۆ دەکێشرێت.

ئـەو سەرچـاوانەی کـە بـاس لـە تیـۆری شـیعرو ڕەخنـەی پراکتیکـی دەکـەن، زیـاتر لـە چوارچێوەی دەقە زمانەوانییەکاندا فەراهەم دەبن، ئەوەش بە یەکەمین قۆناغی دەرکـەوتنی زانستی تیۆرو شیعرناسی دادەنرێت.

ڕۆژگارێکی زووتر گوتراوە، کە شیعر ئاخاوتنێکی کێش و سـەرواداره، بـەڵام ئـەو پێناسـەیە ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی هەندێك لە ڕەخنەگرانی ئـەدەب بووەتـەوە، بـەوەی کـە شـیعر (( داڕشتنەوەی ڕەوتی وێنەکێشانە ))[3]، هەر لەو ڕوانگەیەوە شیعر لەسەر بنـەمای ئەندێـشەو وێنەکێشان پێکهاتەکانی دادەڕێژرێت و ویژدانی مرۆڤ دێنێتە گۆ.

ئەدگارێکی گرنگ لە شیعردا، لە چوارچێوەی سیستەماتیکیی فۆرم و ناوەڕۆکەکەیـەتی، کـە دەبێـت شـیعر چـاپکراو، یـان نوسـراو بێـت، وێـڕای ئـەوەی کـە دەبێـت یەکـەمین هـەنگاوی کارتێکردنی لە خوێندەڤان، بەدەر بێت لە زۆر لەخۆکردن و پـەیڤ داتاشـین، بـەڵکو دەبێـت گوزارشـتێکی ڕاسـتەقینە بێـت لـە سـایکۆلۆژیای خودانەکـەی، ڕەنگـە ئـەو گوزارشـتە، ئەزمونێکی ڕاستەقینەی خودی هۆزانڤانەکە بێت، یان هی هاوڕێیـەکی، یـان ئـازیزێکی، یـان ئەزمونی کۆمەڵگایەك بێت.

لە پرۆسەی شیعرنوسیدا، دەبێت ئەقڵ و هۆش سەروکاریی بکات و کەوشەنی داهێنانێکی

ڕاستەقینە فەراهەم بکات، بەوەی کە سروشتی شیعر خۆی لە خۆیدا زمانی داهێنان و تەکنیکی ئاخاوتن و ختووکەی ئەقڵییەتی خوێنەرە، وێڕای ئەوەی کە وروژێنەری هەست و کوشتنی بەستەڵەکی دۆگمای ئەقڵییەتی چەقبەستووی دوور لە عاتیفەیە.

شیعر پرۆسەیەکی چالاکیی کۆمەڵایەتی و داهێنانی بەرهەمێکە، کە لە زەینی مرۆڤدا ڕەوشی بەردەوامە،هەر یەکەو بە پێی تێڕوانینی خۆی مامەڵەی لە گەڵدادەکات. شاعیر بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە بازنەی ئەرکەکانی شیعر وەکو (پرۆسەیەکی داهێنانی زمانی) لە ئەرکە مرۆڤایەتیەکەی دەرناچێت. خوێنەریش بە میزاجی جیاوازو جۆربەجۆرەوە دەڕوانێتە شیعر. وەکو ئەوەی کەشیعردەبێت پەیامێك بێ بەڕۆڵی کەلتوورکردنی هزری مرۆڤ ڕا بێت.

واتا پێناسەی شیعر نەك هەر میزاجی نییە، بەڵکو ڕەخنە هیچ کاتێك جوغزێکی تەواوی بۆ پێناسەی شیعر سنوورکێش نەکردوە. لەو هاو کێشەیەشدا، شیعر ئەکەوێتە دوانەی فەلسەفەی.. بەئاگایی شاعیرو تێکشکانی زمان، کە بە کەسی دووەمی خوێنەری ئەگەیەنێ. تای دووەمی هاوکێشەکەش ئەو پرۆشەیەیە، کە خوێنەر لە خانەی پۆلێنکردنی شیعری پەیامداری و..شیعری بێ ناسنامە، پلەیەك بە شاعیرێتی کەسێك دەبەخشێت. مەرجیش نییە میزاجی کەسێك پێناسەکەی بەرجەستە بکات. گرنگ ئەوەیە تا چ ڕادەیەك شیعر ئەرکەکەی خۆی بەجێ دەگەیەنێ.

دەبێت سنوورێك هەبێت لە نێوان میزاج و پێوەری زانستی بۆ پێناسەکردنی شیعر.لە کۆنەوە تا نهۆ پێناسەیەکی پڕبەپڕی ماناو زاروەیی بۆ شیعر نییە. تەنها ئەوە نەبێت کە (( شیعردەبێت دووتای هاوکێشەیەك فەراهەم بکات.. ئەوانەش چێژوەرگرتن و.. سوودمەندبوونی خوێنەرە ))[٤]، بەڵام لەوەشدا ڕەخنەگران ناکۆکن، بەوەی کە هەندێك شیعر هەن لە ئانوساتێکدا دەنووسرێنەوە،کە لە گەڵ ڕەوشی میزاجی هەندێك کەس ناگونجێت. بەڵام هەر چێژو سوودەکەی لە بازنەیەکی تردا دەمێنێتەوە..

**پەراوێز و سەرچاوە:**

(١) فؤاد سزكين ، تاريخ التراث العربي , المجلد الثاني ، نقله الى العربية الدكتورمحمود





فهمي حجازي ، مطبعة جامعة الإمام ، ١٩٨٣، ص٣٢.

(٢) د. محمد غنيمي هلال ، المدخل إلى النقد الأدبي , ط ٢ ، مكتبة الأنجلو ، القاهرة ، ١٩٦٢،ص ٥٦ .

(٣) عمر الدسوقي ، الأدب الحديث ،ج ٢ ، ط٦, دار الفكر للطباعة والنشر ، القاهرة ،١٩٥٠،ص٨٩.

(٤) عز الدين إسماعيل ، الأدب وفنونه ، ط ٨ ، دار الفكر العربي ، القاهرة ، ١٩٥٥، ص٤٥.



د. محمد شوانی

# ئەدەبیات و مێژووی کلاسیک لای
# تۆماس هۆبز

تۆماس هۆبز بە یەکێك لە فەیلەسوفە گەورە و بە ناوبانگەکانی سەدەی حەڤدە دادەنرێت لە بەریتانیا، کەم بواری مەعریفی هەیە جێ دەستی هۆبزی پێوە دیار نەبێ هەر لە یاساوە بیگرە تا فەلسەفەی ئاکارو رەفتاری مرۆیی و رامیاری و پێشکەوتنە زانستیەکانی سەردەمی خۆی، بوارێکی گرنگی جێی بایەخی هۆبز و لێرامانی بریتیە لە ئەدەبیات و مێژووی کلاسیك بە گشتی کە ماوەیەکی زۆر نوسەرو توێژەرانی دووای خۆی سەرقاڵ کردووە و توێژینەوەیان لەسەر ئەوە کردووە بۆچی تۆماس هۆبز بەلای ئەم بابەتەدا شکاوەتەوە و بایەخێکی زۆری بەم بوارە داوە؟؟ دەبێ سەرچاوەکانی ئەم گرنگیدانەی لە کوێوە هاتبن؟؟هەموو ئەو نوسەرو توێژەرانەی لەسەر هۆبزیان نوسیوە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیان داوە. دیارە لە رووی کۆمەڵناسیەوە هزرو ئاراستەکانی بیرکردنەوەو خەیاڵ و ئەندێشەکانی مرۆڤ پەیوەستن بەو رەوشە کۆمەڵایەتیەی مرۆڤەکەی تێدا دەژیت بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە راو بیرو بۆچوون و شێوازی بیرکردنەوەو نەخشەی زەینی هەر مرۆڤێك تێ بگەین دەبێ لەو رەوشە کۆمەڵایەتیەوە دەست پێ بکەین کە ئەو مرۆڤەی تێدا ژیاوە، بە تایبەتی بۆ زاناو فەیلەسوف و بیرمەندانی مرۆڤایەتی کە ئاراستەکانی مێژووی کۆمەڵگایان گۆڕیوە، کە یەکێك لەوانە تۆماس هۆبزە.

هۆبز لە پێنجی نیسانی ١٥٨٨لە گوندی (ویست پۆرت) لە دایك بووە، ئەم گوندەش نزیکە







تۆماس هۆبز

لە مالمیسبۆری ودەکەوێتە هەرێمی ولچایەر، لە قۆناغێکدا لە دایك بوو بە کۆتایی سەدەکانی ناوەراست یان سەدە تاریکەکان وقۆناغی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا ناسراوە، فەلسەفە لەم قۆناغەدا پاشەکشەی کردبوو، دوواتر لەسەردەستی فەیلەسوفانی وەکو دیکارت[١] و هۆبز گوڕو تینی پێ درایەوە، ئەم سەردەمە لە ئەوروپا سەرەتای قۆناغی سەرکەوتنە سەربازیەکان و کرانەوەو پەلهاویشتن بوو بۆ دەرەوەی کێشوەرەکە کە نزیکەی سەدەیەك بوو بە هۆی بازرگانی پەیوەندی ئاشتیانەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام لە ١٥٧١ شکستی عوسمانیەکان لە دەریای سپی ناوەڕاست لە بەرامبەر پرتوگالیەکان و دوواتریش لە ئۆقیانوسی هیندی و لە دەستدانی یەمەن و لە ساڵی ١٥٨٠ یەکگرتنی ئیسپانیا و پرتوگال و دروستکردنی ئیمبراتۆرییەتێکی جیهانی[٢] جێی مەترسی بوو بۆ بەریتانیا زێدی هۆبز،بۆیە لە دایك بوونی هۆبز وەکو هەر منداڵێکی ئاسایی نەبوو، وا رێکەوتبوو سەردەمی پێش لە دایك بوونی پڕوپاگەندەی ئەوە بەریتانیای پڕ کردبو کە پاپۆڕە دەریاوانیەکانی ئیسپان (ئەرمادا)،بە نیازی پەلاماردانی بەریتانیا پێشڕەویان کردووە، سنووری وڵاتەکەیان بەزاندووە وڕێزی کەنارە دەرياییەکانی بەریتانیایان نەگرتووە، ئەمەش دایکی تۆماس هۆبزی توشی ترس و داچڵەکین کرد، بۆیە پێش کاتی ئاسایی دیاری کراوی خۆی منداڵی دووەمی (تۆماس)ی بە حەوت مانگی بوو.

لە رووی ئاینیشەوە ئەگەرچی باوکی تۆماس پیاوێکی ئاینی و قەشە بوو لە (ویست بورت) و(چارلتۆن)، بە حوکمی پیشەو پێگە ئاینیەکەی دەبوو وا نەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن سروشت ورەفتارێکی خراپ بوو، رۆژێك لە بەر دەرگای کەنیسە، لەگەڵ قەشەی گوندێکی دراوسێیدا بەشەڕ هات و کەوتە لێدانی، بۆیە ناچار بوو (مالیسبۆری) جێهشێت و بەرەو لەندەن هەڵات، دوواتر لە رەوشێکی نادیاردا کۆچی دوایی کرد. هەرسێ منداڵەکەی لە ژێر چاودێری براکەیدا (فرانسیس هۆبز) بە جێ هێشت، ئەگەر بۆ هەر کەسێك باوك مردن کارەساتێکی گەورە بێت و وەکو هێمنی شاعیر دەڵێت مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا باوکی بمرێت



دیکارت

هەست بە هەتیوی دەکات، بەڵام مردنی ئەم باوکە نیشانەی بەختەوەری و کرانەوەی ڕۆژی هاتی تۆماس هۆبز بوو. ئیتر ئەرکی چاودێری وپەروەردەکردنی کەوتە سەر شانی کەسێکی وەکو مامی چونکە بە پێچەوانەی باوکیەوە پیاوێکی دەوڵەمەندی وەچاغ کوێری خاوەن ناوبانگی باش بوو ئەقڵمەندو ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی مالیسبۆری بوو، وەك دەڵێن نانی کەوتە ڕۆنەوەو لە نێو خێزان و ژینگەیەکی نا ئارام و پڕ لە توندو تیژی و مەترسیەوە کەوتە باوەشی خێزانێکی پڕ لە نازونیعەت و زانست پەروەرو جیاواز لە شێوازی پەروەردەکردنی دایك وباوکی. هەرچەندە لەبارەی دایکیەوە هیچ شتێك نەزانراوە تەنیا ئەوەندە نەبێ کچی خێزانێکی جوتیاربووە و کاری کشتوکاڵیان کردووە، ئەمیش پێ ناچێت باگراوندێکی ڕۆشنبیری و شارەزایی لە پەروەردەکردن و ئاراستە کردنی منالدا هەبووبێت .ئەمە قۆناغی ڕێنیسانسی ئاینی بوو. ئەم سەردەمە زۆر نەبوو مەزهەبی پرۆتستانتی لە سەر دەستی مارتن لۆسەر (١٥٤٦مردووە)هاتبووە ئاراوە، بانگەشەی ئازادی دەکرد لە کاروبارە دینی و دنیاییەکانیشدا[٣]

تۆماس هۆبز سەردەمی منالی لە مالیسبۆریدا بە ئارامی تێپەڕاند، کاتێك گەیشتووەتە تەمەنی چوارساڵی لە قوتابخانەی کەنیسەی ویست بۆرت نێردراوەتە بەر خوێندن لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەستی بە خوێندنی گریکی ولاتینی کردووە. دووای ساڵێك یان دوو ساڵ پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی بچوکەوە کردووە کە پیاوێکی یۆنانی بە ناوی (ڕۆبەرت لاتیمێر) سەرپەرشتی کردووە. ئەم قوتابخانەیە هەلێکی باش بوو بۆ تۆماس هۆبز کە تیایدا لە بارەی کلاسیکەوە زانیاریەکی زۆری وەرگرتوە، لەم قۆناغەوە چاوی بۆ یەکەم سەرچاوەو کانگا هزریەکانی، بۆ زانیاری و ڕۆشنبیریەکەی کراوەتەوەو سەرکەوتنێکی دیارو بەرچاوی پیشانداوە، بۆیە مامۆستاکەی گرنگی زیاتری پێداوەو وردتر خستوویەتیە ژێر چاودێریەوە، بەمەش بناغەکانی هەردوو زمانی لاتینی و گریکی لە زەینیدا چەسپیون، بە





شێوەیەك توانیویەتی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا شانۆگەری (میدیا) لە نوسینی یۆرپیدس وەرگێڕێتە سەر هۆنراوەی لاتینی، ئەمەش سەرەتایەکی گرنگە بۆ دروست بوونی هزری گرنگیدان بە مێژوو و بابەتە کلاسیکیەکان بۆ ڕاڤەکردنی ڕەوشی ئەو قۆناغەی بەریتانیا ..
لە ساڵی ١٦٠٣دا بۆ تەواو کردنی خوێندن، مامی ناردی بۆ (مۆدلن هۆڵ)لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لەوێشدا کە چەندین ئاراستەو مەیلی دژ بەیەك کۆ بوبونەوە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ مایەوە، لەلایەك نەریتە بیوریتانیەکان ڕەگ وریشەیان لەم زانکۆیەدا داکوتابوو، لە لایەکی تریشەوە تا ڕادەیەکی زۆر،زرمەزلێ وخواردنەوەو قوماری تێدا بڵاو بوبووەوە .بەڵام لە بارەی ئاستی خوێندن وزانستیەوە تا ئەو کاتەش ئاراستەی هزری ئەریستۆیی زاڵ بووبەسەر ئەم زانکۆیەدا، زۆربەی مامۆستاکانی سەربە ئاراستەی تێڕوانینی ئەریستۆیی بوون ئاستەکانی خوێندن تا ئەو پەڕی تێکچوون وداڕوخان دابەزیبوون سەرەڕای ئەوەی هۆبز هەوڵی ئەدا بۆ ڕازی کردنی مامۆستاکانی بەڵام گرنگیەکی کەمی بە فەلسەفەی قوتابخانەیی دەدا کە لەو کاتەدا لە زانکۆ دەخوێندرا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وا دیارە، فێری لۆژیك و سروشتیەکانی ئەرستۆ بووە بۆیە دوواتر لە دۆخی شەڕی ناوخۆی بەریتانیادا هۆبز پێی وایە سروشت ئاماژەیە بە سروشتی سۆزداری مرۆڤ، خەڵکی تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا مافیان هەیە و ئەرکیان لەسەر(٤)ئەم بۆچوونەش ڕێك وتەبا بووە لەگەڵ دەسەڵاتی شاهانەی ئەو قۆناغەدا
کاتێك هۆبز لە پێنجی فیبرایەری ١٦٠٨بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە دەستهێنا، ڕاگری کۆلێژەکەی بۆ مامۆستای تایبەتی گەورەترین کوڕی خێزانی کافندش هەڵی بژارد، ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگی ڕێڕەوی ژیانی هۆبز بوو، تێکەڵاوبوون بە ژیانی خانەدان و ئەرستوکراتی شێوازی بیرکردنەوەو جیهانبینی هۆبزی گۆڕی، سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ ژیانی هزری ئەم، لێرەشەوە پەیوەندی بەم خێزانەوە بەست و پەیوەندیەکانیشی جگە لە هەندێك پچڕانی ناو بەناو تا دووا ساتەکانی ژیانی بەردەوام بوو. کارکردنی لەگەڵ ئەم خێزانەدا کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گەشەکردنی هزری هۆبز، لە ڕێگەی ئەم خێزانەوە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا لەگەڵ بژاردەو پێشەنگی ناودارانی ئەو ڕۆژگارەو ڕۆشنبیرە بەرزەکانی ئەو قۆناغە چ لە بواری ڕامیاری یان ئەدەبیات یان زانستدا ئاشنایەتی پەیدا بکات، بنەماڵەی کافندشی سۆزو میهرەبانیەکی زۆریان بەرامبەر هۆبز دەنواند وسروشتێکی هاوڕێیەتیان دابووە پەیوەندیەکانیان لەگەڵیدا، نەك هەر لە بواری ئەوەی پەیوەندی بە پەروەردەو فێرکدنی منالەکانیانەوە هەیە بەڵکو لە وتووێژە خێزانیەکانیانیشدا بەشداریان

پێ دەکرد، ئەمەش بوارێکی باشی بۆ هۆبز رەخساندبوو تا ئاگاداری بەشێکی زۆری کێشە گەرماوگەرمەکانی رۆژ وپرسە هەنووکەییەکان بێت، لە رێگەی گفتوگۆی لەگەڵ ئەم کەسایەتیانەوە بواری ئەوەی بۆ رەخسا بوو ئاگاداری پرسە وێژەیی و هزریەکانیش بێت، ، بۆ نمونە بە وتووێژی لەگەڵ لۆرد هێربێرت ئۆف چێربۆری، لە فەلسەفەو کێشە فەلسەفیەکان، لەگەڵ لۆکیۆس کاری و لۆرد فۆلکلاند لە رێبازی ئەرمینیزم و ئەوەی پەیوەندی بەم رێبازەوە هەبوو، لەگەڵ بێن جۆنسۆن لە بارەی پرسەکانی هۆنراوەو وئەدەبیاتەوە لە دەمەقاڵێ و گفتوگۆو راوێژدا بوو بۆیە ئاگاداری ناوەندە مەعریفی و رۆشنبیری و فەلسەفیەکان بوو .

لە هەموو ئەمانە گرنگتر لەم بوارەدا ئەو کەشە ئەقڵیە گونجاوە بوو کە لە (ویلبیك ئابی) شوێنی نیشتە جێبوونی بنەماڵەی کافندشدا هەبوو .هەر یەك لە ولیام کافندش، ئێرلی نیوکاسل، و براکەی (چارلس کافندش)ی ماتماتیکزانی بە توانا، گروپێکی بژاردەی فەیلەسوفە سروشتیەکان وتوێژەرانی زانستی بەدەورەوە بوو وکاریان بۆ دارشتنی سەرەتاکانی پێگەی زانستی نوێ دەکرد .

لە لایەکی ترەوە هەبوونی کتێبخانەیەکی گەورە لە بەردەستی هۆبزدا بواری خوێندنەوەی سەدان چیرۆك وشانۆگەری بۆ رەخساندبوو، زانیاریەکانی لە بارەی هۆنراوەو مێژوونوسانی کلاسیکەوە دەوڵەمەند تر دەکرد، لە ساڵی ١٦١٠دا هەلی سەردانیکردنی ئەوروپای بۆ رەخسا، ئەوە بوو لەگەڵ قوتابیەکەی خۆیدا پێکەوە سەردانی فەرەنساو ئیتالیاو ئەڵمانیایان کرد، لە میانەی ئەم سەردانەیاندا توێژینەوەیان لە سەر زمانە بیانیەکان کرد بە تایبەتی لەسەر زمانی فەرەنسی و ئیتالی .

دەتوانین پەرەسەندنی هزری هۆبز ببەستینەوە بەو سەردانانەی کە بۆ کێشوەری ئەوروپا کردبووی پێش ناچار بوونی بە هەڵبژاردنی پاریس وەك پەناگەی تاراوگە بۆ خۆی،هۆبز نزیکەی حەڤدە ساڵی لە ئەوروپا بەسەر بردبوو، ئەم سەردانانە تا ئاستێکی زۆر بەشداریان لە فراوانکردنی تێگەیشتنەکانی و پەرەپێدانی ئاسۆی هزری و دواتریش لە خەملاندنی ئاراستە فەلسەفیەکانیدا کرد، ئەمەش لە رێگەی ئەو ئەزمون وشارەزایی و هەلی فێربوون وزانینانەوە کە بە دەستی هێنا بوو .

کرانەوەی هۆبز بە رووی سیما هزریەکانی کێشوەری ئەوروپادا یەکێك بوو لە گرنگترین دەستکەوتەکانی سەردانی یەکەمی، هەروەها هەلی ئەوەی بۆ رەخساند کە بزانێت هزری ئەرستۆیی یان ئەو هزرەی لە سایەیدا گەورە بووبوو، بە کوێ گەیشتووە، چونکە تا ئەو







**گالیلۆ**

کاتەش لە ئینگلتەرە بایەخێکی گەورەو گرنگی زۆری پێ دەدرا کەچی لەوێ لە دابەزین وکپ بوونەوە بوو، یەکێك لە سیماو خەسڵەتە دیارو بەرجەستەکانی قۆناغی دوای گەڕانەوەی هۆبز لە سەردانی یەکەمی بریتیە لە خۆتەرخانکردنی بۆ توێژینەوە لە بابەتە کلاسیکیەکان، بە تایبەتی ئەدەبیات ومێژووی کلاسیك، ئەوەی لە بارەی ئەم پرسەوە لەسەرچاوەکاندا هاتوون لێڵ وجێی رامان وسەرسوڕمانن، زۆربەی سەرچاوەکان دەیانەوێت بڵێن روو کردنە بابەتەکانی کلاسیك لە لایەن هۆبزەوە بە هۆی کاریگەری یەکەم سەردانەکەیەوە بووە بۆ کێشوەری ئەوروپا، لە راستیدا توێژینەوەی هۆبز لە کەلەپوری کلاسیکی جێگەی سەرسوڕمان نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە جێی گرنگی لە مێژینەی هۆبز بووە(٥)، چونکە یەکێك بووە لە پێویستیەکانی ئەو قۆناغەی بەریتانیا و دەسەڵاتی سیاسی بۆیە نەك هەر دەستبەرداری نەبوو تا دووای دەست بەکاربوونیشی لە خزمەتکردنی بنەماڵەی کافندشدا، بەڵکو لەئەنجامی بینینی کتێبخانە دەوڵەمەندو گەورەکەی ئەم بنەماڵەیە کە لەسەر هەموو بوارەکانی رۆشنبیری کلاسیکی تێدا بوو گرنگی پێدانی بەکلاسیك زیاتر بوو، دووای گەڕانەوەی لە سەردانەکەی ولە درێژەی گرنگی پێدانەکانی پێشتریدا نەك وەك رەنگدانەوەیەکی کاریگەریەکانی سەردانەکەی بۆ ئەوروپا کە هەندێك لەسەرچاوەکان وای بۆ دەچن، لە خوێندنەوەی نوسینی مێژوونوسانی کلاسیك بەردەوام بووە، ئەگەری ئەوە هەیە کە لەم قۆناغەدا گرنگیەکی زیاتری بە ئەدەبیات و مێژووی کلاسیك دابێت، چونکە بۆ بەهێزبوون و ململانێکانی بەریتانیا زۆر پێویست بووە سوود لە مێژوو وەربگرن.

لە ساڵی ١٦٣٦دا هۆبز گەشتێکی بۆ ئیتالیا کرد وچووە سەردانی گالیلۆ لە فلۆرەنسا پێی گەیشت، بێگومان خۆڕاگری هۆبز بەرامبەر زەحمەتی و ناخۆشیەکانی گەشتەکەی بۆ ئیتالیا و بەمەبەستی سەردانی گالیلۆ، هەرلەو کاتەوەش داننانی بەردەوامی بە گەورەیی بەرهەم و ئەنجامە زانستیەکانی گالیلۆدا لە بواری فەلسەفەی سروشتیدا، بەڵگەی سەرسوڕمانی گەورەو کاریگەری قوڵی هۆبز بوو بە گالیلۆ، دەتوانین بە روونی ئەمەش لەو گرنگی پێدانەی

هۆبزدا ببینین لەم قۆناغەدا بە فەلسەفەی سروشتی بینینی بەرهەمەكانی گالیلۆو كیبلەر ئەو راستیەیان بۆ هۆبز بەدەرخست كە ئاراستەكانی هزری ئەرستۆیی وهزری قوتابخانەیی لە ئەوروپادا پێی گەیشتبوون لە كپ بوون و بەستنەوە .لە نەزۆكی و بێ سوودیان دڵنیا بوو، كەچی هێشتا ئەلتەرناتیفێك بۆ جێ گرتنەوەی ئەم ئاراستە هزریەی لا پەیدا نەبوو بوو، ئەو هێشتا نەكەوتبووە ژێر كاریگەری ئاراستە نوێیەكەی گالیلۆ و كیبلەرەوە، بە قوڵی نەكەوتبووە ژێر كاریگەری ئەو ئاراستە نوێیەی ئەوان بانگەشەیان بۆ دەكرد بە شێوەیەك كە بیكاتە درووشم وبە بانگەوازخوازی ئەم ئاراستەیە لەقەڵەم بدرێت .

كاریگەری ئەم ئاراستە نوێیە لە ئاگاداركردنەوەو جەختكردنە سەر راستی ئەو كپ بوون وبێدەنگیەدا كورت بوو بووە كە ناوەندەكانی روناكبیران وداموەدەزگا رۆشنبیری وزانستیەكانی وڵاتەكەی گرتبوەوە، لێرەوە دەشێ قۆناغی دووای گەڕانەوەی بە قۆناغی خەمڵین وپێگەیشتن و هەوڵدانی بەردەوام دابنێین لە توێژینەوە كلاسیكیەكاندا، كاركردنیشی لەگەڵ بنەماڵەی كافندش هۆكاری یارمەتی دەربوون بۆ ئەم جۆرە توێژینەوەیە، بە هۆی ئەو بارودۆخەی بۆیان رەخساندبوو بۆ خوێندنەوەو رامان وبیركردنەوە،سەرەڕای ئەوەی دەیتوانی بەهەموو ئەو روناكبیرو بژاردەو نوسەرانەی بواری زانست وئەدەب بگات كە هاتوچۆی دیوەخان و یانەی ئاغاكەیان دەكرد، كتێبخانەیەكیشی لەبەردەستدابوو هەموو ئەو كتێبانەی تێدابوون كە پێویستی پێ بوو، سەرقاڵ بوونی بەكاری توێژینەوە لە بابەتە كلاسیكیەكان نزیكەی پازدە ساڵی خایاند، كە خۆی لە ژیننامەكەیدا بە خۆشترین قۆناغ وەسفی كردووە، تیایدا چەندین بەرهەمی شاعیرو مێژوونووسە كلاسیكیەكانی گریك ولاتینی خوێندەوە، ئەم خوێندنەوەو توێژینەوانەش وەرگێڕانی كتێبی (Thucydides) (تیوسیدیدیس)یان لێ كەوتەوە كەلەسەر جەنگی(بیلۆبیۆنیوزیە) نوسرابوو، لەساڵی ١٦٢٨دا بڵاوبووبووەو چەند ساڵێكیش پێش ئەمە نوسرابوو، ئەم وەرگێڕانەو ئەو پێشەكیەی بۆی نوسیبوو، گرنگی خۆیان هەبوو بۆ ئاراستەی بیركردنەوەی، كۆمەڵێك لایەنیان تێدا رەنگ دەداتەوە. دەكرێ لەمانەدا باگراوندی هزری هۆبزمان بۆ دەربكەوێت كە پشتی پێ بەستووە یان راستی هەڵوێستیمان بۆ روون ببێتەوە بەرامبەر رووداوەكانی وڵاتەكەی، پێش هەرشتێك ئەم وەرگێڕانە ئاستی سەرسوڕمانی هۆبزمان بۆ دەردەخات بەرامبەر (تیوسیدیدیس)و كاریگەری لەسەری هەروەها ئەو پێشەكیەی لە دەستپێكی كتێبەكەدا نوسیبووی هزری سیاسی ئەو دەمەی هۆبزمان بۆ دەردەخات، لە رێگەی گرنگیدانی بە مێژوونووسانی دەسەڵاتی شاهانە ئەو لایەنە





سیاسیەمان بۆ روون دەكاتەوە كە هۆبز لایەنگیری لێ دەكرد، لە كۆتاییدا بڵاوكردنەوەی وەرگێڕانەكە لەو ساتەوەختەدا هەڵوێستی ئەو سەردەمەی هۆبزمان بۆ دەردەخات بەرامبەر رووداوە سیاسیەكانی وڵاتەكەی، چ لە بارەی ئەوانەی بە سروشتی دەسەڵاتەوە پەیوەست بوون ئەوانەی بە ئاراستەی رووداوەكان، ئەو جیهانەی هۆبز وەرگێڕانەكەی تێدا بڵاوكردەوە رووداوگەلێكی زۆری بە خۆی بینیبوو، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم رووداوانە پاڵیان بە هۆبزەوە نابێ بۆ دەست پێشخەری وەرگێڕانەكەی، شا چارڵسی یەكەم لەگەڵ پەرلەماندا ناكۆك بوو، هەروەها ئەو هەڵبژاردنەی لەو ساڵەدا كرا ئەنجامەكەی سەركەوتنی ركابەرەكانی شا بوو بە زۆرینەی دەنگ، هەروەها سێر ئەدوارد كۆك بەمەبەستی مسۆگەركردنی تەواوی ماف و ئازادیەكانی گەل داوای مافەكانی پێشكەشی شا كرد، هەموو بە سەریەكەوە، رووداوەكان ئاماژەیەك بوون بۆ بەرزبوونەوەی رەوتی دیموكراسی، بە گوتەی یەكێك لەو توێژەرانەی لەسەر هۆبزیان نوسیوە، بەشێوەیەك بوو خۆپاراستنی دەویست لە خراپەكانی، ئیتر سروشتی بوو لایەنگرانی دەسەڵاتی شاهانە بۆنمونە وەكو هۆبز، هاوڵاتیانیان لەو كارەساتانە ئاگادار بكەنەوە كە كۆمەڵگەی ئەسینایی لە سایەی هەمان رەوشداو لە سەدەی چوارەمی پێش لە دایك بوونەوە بەسەری هاتبوو(٦)، واتە ئاگادار كردنەوەی بەریتانیەكان لە مەترسیەكانی دیموكراسی، دوواتریش یان دووای رووداوەكانی فەرەنسا ئەوەی بەتەواوی لا چەسپی كە تەنیا دەسەڵاتی شاهانەی رەها دەتوانێت ئارامی و ئاسایشی كۆمەڵگە بپارێزێت .


سەرچاوەكان :

١–دكتور نبيل عبدالحميد، توماس هوبز ومذهبة في الأخلاق، رسالة ماجستير تقدم بها الى جامعة بغداد، ١٩٧٨، ص ٢٠——٢٧.

٢–جيرار ليكلرك، العولمة الثقافية الحضارات على المحك، ترجمة جورج كتورة، طرابلس، ٢٠٠٤، ص٩٦–٩٧

٣–الدكتور عبدالوهاب المسيري والدكتور فتحي التريكي، الحداثة وما بعد الحداثة، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٣٤٢.

٤–سڤین ئێرك لیرمان، رێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێڕانی ئاسۆس شەفیق، سوید ١٩٩٧، ل١٢٩

٥– دكتۆر نەبیل عەبدولحەمید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠–٣٥

٦–هەمان سەرچاوە، ل ٣٤–٣٩



رەزا شوان-نەرویچ

# بایەخی چیرۆک لە پەروەردەکردنی منداڵ[٧]

**چیرۆك بڵاوترین و باوترین لقە لە لقەكانی ئەدەب .بەڵكو ژیانی مرۆڤ لە دایك بوونەوە تا سەرنانەوە، بریتیە لە ڕۆمانێكی درێژ،كە لە زنجیرە چیرۆكێكی شیرین و تاڵ پێكهاتووە .**

چیرۆكی منداڵان، گرنگترین بەشی ئەدەبی منداڵانە،هەموو منداڵێك بە سروشتی تامەزرۆی چیرۆكە و بە پەرۆشەوە گوێ لە چیرۆكخوان دەگرێ وخەیاڵ و هۆشی دەخاتە سەرپشت و تێكەڵ بە ئەو چیرۆكانە دەبێت كە لەگەڵ ئاستی هۆش و تێگەیشتن و حەزیدان و، چێژیان لێوەردەگرێت.بێگومان هەر یەكە لە ئێمەش گەر یادەوەرییەكانی منداڵیمان بێنینەوە یادمان، دان بەم ڕاستییەدا دەنێین، هەرگیز تامی ئەو چیرۆكانەمان لەبیرناچێتەوە كە باپیرە و داپیرە یا دایك و باوكمان یا مامۆستاكانمان بە خۆشی و ڕووگەشییەوە بویان دەگێراینەوە. یان ئەو چیرۆكانەی كە لە كتێبەكانی خوێندنەوەدا خوێندوومانەتەوە.. ئەمە و گەنجینەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیمان زۆر دەوڵەمەندە لە ئەفسانە و داستان و لە حیكایەت و سەرگوزشتە و بە سەدان چیرۆكی ئاسانی ئەندێشەیی و، كورتە ئۆپەرێتی بۆ منداڵانیشمان لە خۆ گرتووە.. خەیاڵ و خەیاڵكردنەوە بۆ منداڵ زۆر گرنگە، بەڵكو قۆناغی





منداڵی بە قۆناغی خەیاڵبازی دادەنرێت، تا زیاتر خەیاڵی منداڵ گەشە و نەشونوما بكات، ئاسۆی هۆش و تێگەیشتن وبیركردنەوەشی فراوانتر دەبێت .چیرۆكی منداڵان بایەخ و كاردانەوەیەكی زۆر گرنگی لە سەر بیر و هۆش و زەین و زمانی منداڵ هەیە.. بە تایبەتیش لە قۆناغی خەیاڵبازیدا، بۆیە بۆ پەروەردەكردن و ڕێنمایی و گەشەكردنی خەیاڵ و بیروهۆش و گۆش و زەین و زمانی منداڵ، دەتوانین سوودێكی باش لە چیرۆك وەربگرین بە تایبەتیش لە چیرۆكی ئەندێشەیی، پێویستە ئەو چیرۆكانەیان بۆ گوڵبژێر بكەین، كە سووك و ئاسان و بێ گرێوگۆڵن، ئەو چیرۆكانەی كە پەروەردەیین و سوودبەخشن، فێری ڕەوشت بەرزی و كاری باش و خوو و ڕەوشتی جوان و بەها مرۆییەكانیان دەكات، لە دڵ و دەروونی منداڵاندا خۆشەویستی و جوانی، خوشك و برایەتی و هاوڕێتی و،قبووڵكردنی یەكتری و، تەبایی و پێكەوە ژیان و، ڕووحی یارمەتی و هاوكاری و،سۆز و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمانەكەیان و،خۆشەویستی كار و خزمەتكرن و،جێبەجێكردنی ئەرك و، ڕێزگرتنی گەورە و یاسا و،پاراستنی ژینگە و.. ئەم ئامانجە پیرۆزانەیان لە دڵ و هۆشیاندا بڕوێنن..كە لە بنیاتنانی ژیانی داهاتوویاندا كاردانەوە و ڕەنگدانەوەیەكی پۆزەتیڤ و باشیان لێدەكەوێتەوە.پێویستە دووریان بخەینەوە لەو چیرۆك و فلیمە كارتۆنییانەی كە زیانیان پێدەگەیەنن، كە لێیانەوە فێری خووی خراپ و لە خۆبایی بوون و چەقاوەسوویی و شەڕانگێزی و سەركێشی و كاری بەد و ناشیرن و یاخی بوون دەبن.كە ڕەنگدانەوەیەكی نێگەتیڤیان لە ژیانی داهاتوویاندا دەبێت، بۆ نموونە زنجیرە كارتۆنی :« سۆپرمان » و « گرین دایزەر» و «تەڕەزان»و«هاری پوتەر»كە منداڵان لێیانەوە فێری سەركێشی و كاری لە توانا بەدەر و مەترسیدار و....هتد.دەبن. نموونەیەكی كاردانەوەی ئەو فلیمە زیانبەخشانەتان بۆ دەگێڕمەوە : لە ساڵی «١٩٧١ »دا لە شاری كەركوكدا، منداڵێكی جوانی كوردمان كە تەمەنی یانزە ساڵان بوو، ویستبووی لاسایی«سۆپرمان»بكاتەوە و وەكو ئەو هەوڵی فڕین بدات.سەرچەفێكی تەنكی هەڵگرتبوو، كردبوویە كۆڵی ..تا وەكو باڵ پێی بفڕێت ...لە سەربانی خانووەكەیانەوە خۆی هەڵدابووە خوارەوە، سمتی شكابوو مێشكیشی زەدەی هێنا بوو، هۆشی تێكچوو،لەدواییشدا شێت بوو، تا ئێستاش هەر لە شێتخانەدایە و بە كەڵكی دەرەوە نایات .. باوك و دایكیشی هەر لە سوێی ئەو كوڕەیان سەریان نایەوە.. بۆیە پێویستە سانسۆر بخرێتە سەر ماوەی بەرنامەكانی منداڵان لە تەلەفزیۆنەكاندا، بۆ ئەوەی فلیمی كارتۆنی زیانبەخش پێشان نەدەن. پێویستیشە قەدەغەی هاوردن و

کۆپیکردن و فرۆشتنی فلیم و،

فلیمی کارتۆنی منداڵانی

زیانبەخش بکرێت و سزای ئەو کەس و کۆگایانەش بدرێن کە سەرپێچی دەکەن .

لە بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕێنماییدا، مامۆستایانی باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتییەکان، دەتوانن سوودێکی زۆر باش لە چیرۆکی منداڵان وەربگرن، ڕادەی ئەم سوود وەرگرتنەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و شارەزایی و لێهاتوویی خودی مامۆستاکان، کە چ جۆرە چیرۆکێکی گونجا و هەڵدەبژێرن یا خۆیان بە پێی بابەتەکانی وانەکان چ چیرۆکێ دادەڕێژن ..لە ڕاستیدا چیرۆك بە هۆیەکی زۆر گرنگی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت. کام بابەت و تیۆر گران و وشکە بە لای منداڵەوە، مامۆستای بلیمەت دەتوانێت ئەو بابەتە گرانە لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا بە ساکاری و ئاسانی دابڕێژێت و گرێی بدات بە ژینگەی منداڵەوە، ئەوا بە ئاسانی منداڵان ئەو بابەتە گرانە فێردەبن، بۆ درێژترین ماوەش لە بیریان ناچێتەوە، پێویستە مامۆستایان ئەوەش بزانن کە گێڕانەوەی چیرۆك بە شێوەیەکی هونەری مەرجی سەرکەوتنی گێڕانەوەی چیرۆکە، دەبێ بزانێت لە کوێی چیرۆکەکەدا خۆی گرژ دەکات و لەکوێدا ڕووی خۆی خۆش دەکات و بزە دەخاتە سەر لێوی، لە کوێدا دەنگی بەرز و نزم دەکات، لە گێڕانەوەی چیرۆکدا لاسایی کردنەوە شوورەیی نییە.. بۆ نموونە بەرخەکە باڕاندی مامۆستا لە گێڕانەوەی ئەم ڕستەیەی ناو چیرۆکەکەدا، ئەویش لاسایی بەرخەکە بکاتەوە و ببارێنێ « بباعێنێ ». بە کورتی پێویستە مامۆستا یا چیرۆکخوانی چیرۆکی منداڵان، ڕۆڵی ئەکتەرێك ببینێ، چونکە گێڕانەوەی چیرۆك بە شێوازێکی سارد و سڕ و خاو ڕەمەکی، سەرنجی منداڵان ڕاناکێشێ و چێژێکی ئەوتۆی لێوەرناگرن.

من بۆ ماوەی«٢٩»ساڵ لە شاری کەرکوك و لە نەرویجدا، مامۆستا بووم، هەموو وانەکانم وتۆتەوە .سوودێکی زۆرم لە چیرۆکی منداڵان بینیوە، چ وەکو هۆیەکی ئاسان و گرنگی ڕوونکردنەوە و ئاسانکردن و نزیککردنەوەی بابەتەکان لە ئاستی بیر و هۆش و تێگەیشتنی منداڵاندا، یان وەکو هۆیەك بۆ پەروەردەکردن و ڕێنمایی و چەسپاندنی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی..گۆشکردنیان بە کوردایەتی و بە سۆز و خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان، بەشی زۆری هێنانەدی ئەم ئامانجە پیرۆزانە بە هۆی چیرۆکەوە بوو،کە بەشێکی زۆری چیرۆکەکان بەپێی بابەتەکانی وانەکان خۆم دام دەڕشتن، ئێستا زۆر دڵخۆشم بەوەی کە ماندووبوونەکەم بە فیڕۆ نەچوو، چونکە هەستدەکەم کاریگەریی ئەو چیرۆکانەی کە وەکو





هۆیەکی پەروەردە و فێرکردن بۆ قوتابییەکانم گێراومەتەوە، بە زەقی ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و کاری ئەمڕویاندا بەدی دەکرێن و ئامانج و مەبەستی خۆیان پێکاوە، کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەوقوتابیانەم لە پلە و پایەیەکی بەرز و شیاودان و، خزمەتی کورد و کوردستان دەکەن، کە دەگەین بە یەکتری پێم دەڵێن: خۆشترین بیرەوەرییەکانمان، لە یادنەکردنی ئەو چیرۆکە خۆشانەن کە بۆت گێڕاوینەتەوە، ئەو کوردایەتییە کە فێرت کردین، کە بووە بە هەوێنی کورد و کوردستانپەروەریمان، ئەمڕۆ ئێمەش چیرۆکەکانت بۆ منداڵەکانمان دەگێڕینەوە.. دەمەوێ ئەوەش باس بکەم کە لە ئەنجامی ئەزموونی سوود وەرگرتنم لە چیرۆك، توانیشم بە هۆی چیرۆکەوە چارەسەری کێشەی تووشبوونی چەند قوتابییەکم بە گرێی دەروونی و خەمۆکی یا شەرم کردن و بێدەنگی و گۆشەگیری و تێکەڵ نەبوونییان، چارەسەر بکەم..زیاتریش لە دە ساڵ ئامادەکەری بەرنامەی «جیهانی منداڵان» بووم لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کە بەرنامەیەکی نیو کاتژمێریی هەفتانە بوو، کە قوتابییەکانم پێشکەشیان دەکرد، هەر هەفتەی بۆ ماوەی سێ تا پێنج خولەك بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە، چیرۆکێکی خۆش و ئاسانمان پێشکەش بە منداڵانی کوردمان دەکرد..زۆر جار نامەی پێخۆشی و دەستخۆشیان بۆ دەناردین..داواش لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان ـ خانەی ڕۆشنبیریی منداڵان ـ دەکەین بە پارە یارمەتی چیرۆکنووسی منداڵان بدەن بۆ چاپکردنی چیرۆکەکانیان، چونکە لە ڕاستیدا کتێبخانەی کوردیمان لە بواری چیرۆك و شانۆگەری و ئۆپەریت و بابەتی هەمەڕەنگەی منداڵاندا هەژارە.

# هاینریش هاینە

## میری ڕۆمانسییەت و نوێگەرایی ئەڵمان



عومەر عەلی شەریف

هـ. هاینە یەکێکە لە ناوە هەرە پرشنگدارەکانی مێژووی ئەدەبی ئەڵمانی و ناودارترین شاعیری لیرکی ئەوروپیشە لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا. هەمدیس هاینە، وێڕای شاعیرییەتە درەوشاوەکەی، ڕەخنەگرو ڕۆژنامەوانێکی بلیمەتی سەردەمی خۆیشی بووە.

هەڵبەتە ئەدەبی ئەڵمانی بە تایبەتی و زمانی ئەڵمانی بە گشتی تا ڕادەیەکی زۆر منەتباری هاینەن لەو پلەو پایە بەرزەو نوێگەراییە بەرچاوەی هێناویانەتە دی. هاوکات هاینە یەکەمین کەسیش بوو کەزمان و شیعری ئەڵمانی لە قاڵبە کلاسیکییە وشك و چەقبەستووەکانی جارانیان هێنایە دەر و ئازادی کردن.

لە ڕاستیشدا شیعری ئەڵمانی بەر لە هاتنی هاینە، لەلایەن ساڵۆنە ئەدەبییەکان و بازنە ئەرستۆکراتییەکان و دەرباری پاشاو میرەکانەوە پاوان کرابوو، وەلێ ئەم شاعیرە داهێنەرو





هەست ناسکە شیعری لە قەڵا عاجیەکەیەوە هێنایە خوارەوە بۆ نێو خەڵکی سادەو ئاسایی و خستیە خزمەتیانەوە. نەك هەر ئەوەندە، بگرە یەکەمین شاعیریش بووە کە ڕێبازی ڕۆمانسیی ڕزگار کرد لە نغرۆبوونی نێو جیهانی وەهم و ئەندێشەو نموونە گەرایی و گەڕان بەدوای یۆتوبیای ونبوودا. بۆیە هاوسەردەمانی ئەو بە ڕۆمانسیی واقیعی ناوزەدیان کرد، ڕەخنەگری ئەڵمانی هاوچەرخیش ((رانیکی)) بە باوکی نوێگەرایی ئەڵمانیی لە قەڵەم دا، هەمدیس بە میری نوێگەرایی ئەڵمانییش ناودەبرێت.

هەروەها کاریگەری هاینە لەسەر ئەدەبی ئەڵمانیی پاش سەردەمی خۆی ((ئەدەبی سەدەی بیست)) نەخاسمە لە کارو بەرهەمەکانی ((برتۆلد بریشت و گوینتەرگراس )) و هێما بەرزەکانی دیکەی ئەو ئەدەبەدا، کاریگەرییەکی دیارو بەرچاوە. بگرە دەڵێن، ئەگەر هاینە نەبا، ئەوا ئەڵمانیا ((بریشت و ریلکە و تۆماس مان)) ی تێدا بەدەر نەدەکەوتن، زمانی ئەڵمانیش لایەنە ستاتییەکانی خۆی هەر لە زمانەکانی دیکەوە وەردەگرت.

بە گشتی دەکرێت بڵێین، هاینە زیاتر لە هەرکەسێکی تر ناسنامەیەکی تایبەتی بە ئەدەبی ئەڵمانی لە سەر ئاستی ئەوروپادا بەخشی و، خوێنێکی نوێی کردە دەمارەکانییەوەو ڕێگای نوێگەرایی بۆ والا کرد.

جگە لەمانە هاینە یەکێکیش بووە لەو داهێنەرە سەرەکییانەی کە ڕۆڵی گرینگ و کارایان بینیووە لە گۆڕینی هزرو دەروونی ئەڵمان و ئەوروپییەکاندا، فەزڵێکی زۆریشی بۆ دەگەڕێتەوە کە پەیوەندیی نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا –لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانییەوە – تایبەتمەندییەکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت و، هەردوو وڵات بوونەتە ڕابەرو پێشەنگی هەوڵی یەکگرتنی ئەوروپا، ئەمە وێڕای فەزڵی هاینە لە هاتنە کایەی بیرۆکەی ناسنامەی ئەوروپی کە ئەو بە ناسنامەی کەسیی خۆی دادەنا.

وەلێ سەرەڕای گشت ئەو داهێنان و بەخشە مەزنانەی هاینە، کەچی وڵاتەکەی بێئینسافییەکی زۆری دەرهەق نواند و، تا تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر کۆچی دواییدا ((یان ڕوونتر بڵێین، تا پاش دووهەمین جەنگی جیهانی و هەرەسهێنانی ڕایخی سێهەم )) هەقی شیاوی خۆی لە خوێندنەوەو نرخاند پێ نەدا. ئەمە وێڕای

قەدەغەکردن و سووتاندنی کتێب و بەرهەمەکانی چ لە سەردەمی ژیانی خۆیدا و چ پاشتر لە سەردەمی نازییەکاندا، هەروەها مشتومڕی لادانی لە ئایینی جوو و بوونی بە کریستیانی و یەکلانەبوونەوەی ئینتیمای ئایینی ڕاستەقینەی لە نێوەندەکانی هەردوو ئاییندا. بەڵام



هاینـە دوایـی بـوو ە شـاعیری خۆشەویـستی ئـەڵمان کـە تـاکو ئـەمڕۆ لـە خوێندنـەوە و لەبەرکردنی هەڵبەستە لیرکییە قەشەنگەکانی بەردەوامن، بە تایبەتیش ئەو شیعرانەی کە لە سـەر دەسـتی مۆسـیقا ژەنـە لێهاتووەکـانی وەك.: فاگنـەر، شـۆبان، شـۆبەرت، شـۆمان، راخمانینۆڤ، برهامز، مندلسۆن.... ئاوازیان بـۆ دانـراوە وکراونەتـە پارچـە مـوزیکی نایـاب و جوان. دیارە بەشێکی زۆری ناوبانگی شیعریی هاینە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هـۆنراوە دڵگیرە زۆرانەی کە لە شێوازی گۆرانیدا هۆنیونییەتەوە و کراونەتە پارچە مـوزیکی نایـاب و جـوان ، هەر ئەمەش وای لە مۆسیقا ژەنە هاوسەردەمەکانی کرد کە بکەونە کێبرکێی ئاواز دانـان بـۆ ئەو شیعرە ناسك و هەستبزوێنانەی، لەوانە مۆسیقا ژەنی لێهـاتوو و هاوشـاری هاینـە خـۆی ((ڕۆبەرت شۆمان))، جا بۆیە دەکرێت بگوترێت هاینە وەك ئەستێرەی ((رۆك ئەندرۆل))





ی سەردەمی خۆی بوو:

ئەوەشمان لە بیر نەچێت کـەوا هاینـە قوتـابیی سەردەسـتی فەیلەسـوفی نـاودار ((هیگـل)) بووە و، دۆستایەتیی ((کارل مارکس)) ی کردووە کە لە مەوە ((لە هاینەوە)) ئەو وتە بـە ناوبانگەی وەرگرتووە کە ئایین بە ئەفیون ((تلیاك)) ی روحی وەسف دەکات.

لەو سەردەمەشدا کە هاینە لە فەرەنسادا ژیـانی بەسـەربردووە، تێکـەڵاویی ئەدەبیگـەلێکی نـاوداری وەك، هیگۆ و بلزاکـی کـردووەو، پێکـەوە گـەلێك گفتوگۆ و مـشتومڕی ئـەدەبی و هزرییان ئەنجام داوە.

سـاڵی ٢٠٠٦، واتـە پـاش تێپـەڕبوونی ١٥٠ سـاڵ، بـە سـەر کۆچـی دوایـی هاینـەدا، وڵاتـی ئەڵمانیا ئاهەنگێکی شکۆداری بـۆ زیندووکردنـەوەی یـادی ئـەم ڕۆڵـە بلیمەتـەی سـازدا، کـە دەمێـك بـوو شـەیدایانی ئـەم زاتـە چـاوەڕییان دەکـرد. هـەر بـەم بۆنەشـەوە دەزگایـەکی ڕۆشنبیری گرینگ بە ناوی ((کۆمەڵەی هاینریش هاینە)) هاتە دامەزرانـدن، ئـەو ماڵـەیش کـە تێیدا هاتبووە دونیاوە و سەرەتایی ژیـانی تێـدا بەسـەربردبوو، کرایـە مۆزەخانەیـەك بـۆ بەرهەم و شتومەکە کەسییەکانی.

<u>ژیانێکی پڕ لە کۆشش و بەخشش</u>

((کریستیان یۆهان هاینریش هاینە)) ڕۆژی ١٣ کانونی یەکـەمی سـاڵی ١٧٩٧ لـە ئـامێزی خانەوادەیەکی بازرگانی جوودا، لە شاری ((دویسلدۆرف)) ی سەر کەناری ڕووباری ((رایـن)) لە باکووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیادا هاتۆتە دونیاوە و پێگەیشتووە(١). هاینە هەر لە سـەرەتای ژیانییەوە درك دەکات بە واقیعی تاڵ و ناهەمواری مرۆڤی جـوو لـەو کۆمەڵگەیـەدا کـە تـەنها کریستیانیی بە هاوولاتی دەزانی و بەدەر لەوان حسێبی بۆ خـەڵکی تـر نـەدەکرد. جا ئـەو واقیعە دەبێتە بزوێنەرێکی سەرەکیی ئیلهامی شیعری ڕەسەنی و بەردی بناغەی فەلـسەفەو ئایدۆلۆژیای ژیانی.

پاش تـەواو کردنـی قۆنـاغی خوێنـدنی دواناوەندی،هاینـە لـە دویـسلدۆرفی شـاری دایکـەوە دەچێتە زانکۆی ((بۆن))بۆ خوێنـدنی یاسا. هـەر لەگـەڵ جێگیربوونیـدا لەوێندەر،یەکـەمین هەنگاوەکانی دەها وێت بەرەو هێنانەدیی

ئاوات و خواستە ئەدەبییەکانی خۆی و، پەیوەندی دەکـات بـە سـاڵۆنی ئـەدەبیی((ئۆگـست ڤێلهلم شیگل)) ە وە.

شیگل یەکێك بوو لە شاعیرە ڕۆمانسییە هەرە دیارەکـانی ئـەڵمانیاو سەرسـەختترین نـەیاری

ڕژێمی پاشایی و دەرەبەگایەتی و زەبرو ستەمی کڵێسای مەسیحی ئەو سەردەمە و، بەگشت هێزو توانایەکییەوە ئامانج و پرنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسیی پەیڕەو دەکرد لەبەرقەراربوونی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیدا و دەستەبەرکردنی مافی گشت چینەکانی کۆمەڵگادا. بۆیە ڕاو بۆچوون و شیعرەکانی ((شیگل)) ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بنیاتنانی باوەڕی هزری و سیاسی هاینەدا کە بە هاوکاری ژمارەیەك لە هاوەڵانی خێرا کۆمەڵەی بەناو ((ئەڵمانیای گەنج)) یان دامەزراند.

کۆمەڵەی ناوبراو یەکەمین قەوارەی شۆڕشگێری بوو لە کۆمەڵگای ئەڵمانیدا کە ڕاستەوخۆ و زۆر بەتوندی تانەی ئاراستەی دەرباری پاشایی و دامەزراوی ئاییینی ئیمپراتۆرییەتی برووسی کردبێت. ئەوەش بووە هۆکاری سەخڵەتبوونی بەرپرسانی زانکۆکە ((زانکۆی بۆن)) کەناچار بوون لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکەدا بکەن، بەڵام بێ ئەوەی بتوانن هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ بکەنەوە لە بانگەشە کردن بۆ ڕووخاندنی پاشاو دامەزراندنی سیستەمێکی کۆماریی وەك ئەوەی فەرەنسا.

بەرلەوەی هاینە دووساڵ لە ((بۆن))دا تەواو بکات، بڕیار دەدات خوێندنەکەی لەوێندەر ببڕێت و ڕوو بکاتە شاری بەرلین ((ساڵی ١٨٢١)).لەماوەی ئەو سێ ساڵەی لەو شارەدا بەسەری بردن,هاینە چوون شاعیرێکی لاو و ڕۆژنامەوانێکی ئاژاوە گێڕ ناوبانگی دەرکرد، نەخاسمە پاش ئەوەی((راشیل فارنهاگن )) ی خاوەن ناودارترین سالۆنی ئەدەبیی ئەوسەردەمەی ناسی و بەهۆیەوە توانی شیعرەکانی خۆی بداتە گوێی ((فوکو)) و ((کار میزو)) و ناوە ئەدەبییە درەوشاوەکانی تر کە زۆر سەرسام بوون بەزمان وموزیکی تایبەتیی هاینە لە شیعرەکانیدا.ئەمە وێڕای شێوازە ڕۆژنامەوانییە دەگمەنەکەی لەنووسینی دەنگوباسی چینی ئەرستۆ کراتدا کەپڕ بوو لە لاقرتی و توانجی شاراوە، ئەویش بەمەبەستی دەرخستنی ڕووی نابووتی گەندەڵی لەکۆمەڵگای ئەلمانیدا. ساڵی١٨٢٣ هاینە پاش هەوڵێکی زۆر کتێبی ((پشوویەکی لیرکی)) ی دانا کە ئیلهامەکەی لە چیرۆکی خۆشەویستییە کڵۆڵەکەیەوە لەگەڵ((ئەمیلی سالمۆن )) ی کچە ئامۆزایدا بۆ هاتبوو.هاوکات بەهۆی ئەم کتێبەوە ((هاینە)) هاتە نێو ئەو جیهانەی کەبەجیهانی سۆزە دژە یەکەکان دەناسرێت.

ساڵی ١٨٢٥پاش تەواوکردنی خوێندنێکی ناسەقامگیرو وە گەڕۆك لە نێوان زانکۆکانی بۆن و بەرلین گویتنگن ـ دا, هاینە نازناوی دکتۆرای لەیاسادا وە دەست هێنا .بەرلەوەش، هەر



لە هەمان ساڵدا وازی لە ئاییینی جوو هێناو چووە نێو ئاییینی مەسیحی (( پرۆتستانت)) ییەوە، ئەویش بە گوتەی خۆی بەمەبەستی وەدەستهێنانی پیشەیەکی کارگێڕی و چوونە نێو شارستانیەتی ڕۆژئاواوە !

هەر لەو سەروبەندەدا، هاینە بەهۆی باری تەندروستییەوە سەردانی کەناراوەکانی دەریای باکوور دەکات و بۆ ماوەیەك لە ((هیلیگالاند)) و ((نۆردینیێ)) دەمێنێتەوە. لەوێندەر لەژێر کاریگەریی کەشی تەماویی مات و خامۆشدا و ئاسۆی بەرین و تاریك و خەمئامێزو پڕ لە نهێنیدا، ئیلهامی ئەدەبیی بەرەو شێوازی ((وەسفە وێنە)) دەبزوێت.

ساڵی ١٨٢٧ هاینە دیوانە بایەخدارەکەی ((کتێبی گۆرانییەکان)) دەردەکات کە تێیدا خوێنەری ئەڵمانی دەنگی هاینەی تایبەت بە شیعرە لیرکییە رەگ و ریشە داکوتاوەکانی لەکەلەپووری میللیدا ژنەفت، لەمیانەیشیدا جارێکی تر ((هاینە)) پرسی پەشیمانی و نائومێدی و بێهوودەیی دووپات کردەوە.

لەسەر ئاستی پیشەییشدا ((هاینە)) بۆی نەرەخسا کارێکی جێگیر بۆخۆی بدۆزێتەوە. دیارە تانەو ڕەخنە تیژەکانی لە دەسەڵات و سیستەمی حوکم بووبوونەوە گرفتێکی بەرچاو بۆی لەومیانەدا. ئەوەبوو ساڵی ١٨٢٨ نەیتوانی کورسیی مامۆستایی لە زانکۆی میونیخ ((موینشن)) دا و دەست بهێنێت. پاشان هاینە بووە هەواداری شۆڕشی ١٨٣٠ لە وڵاتدا، بەدوویشیدا ((ساڵی ١٨٣١)) بەهۆی بارودۆخی سیاسی وڵاتەوە، بڕیاری دا ڕوو بکاتە پاریس، پایتەختی ڕۆشنبیری و هزریی ئەو سەردەمەی ئەوروپا. لەوێندەر((هاینە)) خێرا لەگەڵ کەشی ژیانی نوێیدا ڕاهات وخۆی تێکەڵی تۆڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هزرییەکانی پایتەختی فەڕەنسادا کرد و، لەبلزاك وهیگۆ و ساند نزیك بووەوەو پێکەوە گەلێك گفتوگۆی ئەدەبی و هزرییان ئەنجام دا. لەساڵی ١٨٣٢ یشەوە لەتەك ڕۆژنامەی ((AbsburgerAllgemeineئابسبورگی هەمووان)) دا وەك نووسەرو پەیامنێر کار دەکات . پاشانیش ئەو گوتارو بابەتانەی لەرۆژنامەکەدا بڵاوی کردبوونەوە،لەکتێبێکدا بە ناونیشانی (( لە فەرەنساوە )) کۆدەکاتەوە.

لەڕاستیدا قۆناغی ژیانی هاینە لە پاریسدا، وەك ژیانێکی نوێ بوو بۆ ئەم شاعیرە دیاردەیە کەلەو ماوەیەدا گەیشتە لووتکەی کامڵبوونی هزریو درەوشانەوەی ئەدەبیی. گومانیش لەوەدا نیە،هاینە لەپێشەنگی ئەو شاعیرو بیرمەندانە بووە کە هەر زوو درکیان کردبوو بەکاریگەریی دەرنجامە نەرێنییەکانی شۆڕشی پیشەسازی لە نێو کۆمەلگای

ئەورووپیدا لەلایەك و پەیدا بوونی چینێکی نوێی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش ((چینی کرێکار)) لەلایەکی ترەوە.بەڵام سەرەڕای هاوسۆزیی لەگەڵ ئەوچینەدا ،کەچی هاینە سۆشیالیستیی بەرێبازی خۆی هەڵنەبژارد ،بەڵکو بە کەشێکی گونجاوی دەبینی بۆ رادیکالییەت و توندڕەوی. بەهەرحاڵ ئەو بەردەوام بوو لەسەربڕوای خۆی بەسیستەمی کۆماریی دیموکراسی کە لەوسەردەمەدا باوەڕی سیاسیی باوی ئەورووپا بوو.

هاوکاوت هاینە هەستی بەنیگەرانییەکی زۆر دەکرد لەو تەوژمە نەتەوەگەراییەی کە لە وڵاتەکەیدا سەری هەڵدابوو و پڕبوو لە هەستی ڕەگەزپەرستی و رق و کینە دەرهەق بەبێگانان,نەخاسمەپاش هەردوو سەردانە نهێنییەکەی بۆئەڵمانیا((ساڵی١٨٤٣_ ١٨٤٤))بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی دایکی و مامی بەهۆی نەخۆشییانەوە. هەروەها بەرهەمی هەردوو سەردانەکەی دووکتێبی نایاب بوون بەناونیشانی(( ئاتاترول)) و ((ئەڵمانیا ئەفسانەیەکی زستانەیە)) کەتیاییاندا تاسەو خۆشەویستی خۆی بۆ وڵات و زمانەکەی دەردەبڕێت و, سەرکۆنەی ستەم و گەندەڵی دەکات و، بەخەڵکی ڕەش و ڕووت و سەپان وکرێکارانی جیهاندا هەڵدەدات، هەروەها ماڵئاوایی لە وڵاتە کەشی دەکات، چونکە دەیزانی جارێکی تر نایبینێتەوە.ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەوا هاینە لە ساڵی (١٨٣٤) ەوە کچە فەرمانبەرێکی نێو فرۆشگایەکی پاریسیی ناسیبوو وپەیوەندی خۆشەویستیی لەگەڵدا بەستبوو. ئیدی لەو دەمە بەدواوە خۆشەویستە فەڕەنسییەکەی ببووە هاوبەشی ژیانی,جا بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکی ئەڵمانیی پێ ببەخشێت ناوی ((ماتیلدا))ی لێنابوو.

ساڵی ١٨٤٥،بەدووسێ ساڵێك پاش پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ دڵدارەکەیدا، هاینە بەهۆی تەشەنەکردنی نەخۆشییە سەختە درێژخایەنەکەیەوە ((نەخۆشی دڕکە مۆخ )) نیمچە ئیفلیج دەبێت،دواتریش ئیفلیجی تەواو دەبێت و لە جموجووڵ دەکەوێت و،تا ئەو ڕۆژەی لەپاریسدا کۆچی دوایی دەکات ((١٧ ی شوباتی ١٨٥٦)) ئازارومەینەتییەکی زۆر دەچێژێت.

میراتی شاکار و بەرهەمە بەجێماوەکانی هاینە جگە لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن،کۆمەڵێك ناونیشانی تر دەگرێتە خۆ لەوانە: نامە گەلێك لەبەرلینەوە ((ساڵی ١٨٢١)),فەلسەفەیەك لەئەڵمانیادا ((ساڵی ١٨٣٤))،قوتابخانەی ڕۆمانسی ((گوتارێکی درێژە ساڵی ١٨٣٦ نووسیویەتی)) ٢،مرەکەبی باخەرباخ ((ڕۆمانێکی تەواو نەکراوە ساڵی ١٨٤٠ دەستی داوەتە نووسینی )),ڕۆمانسی ((شیعر،ساڵی ١٨٥١)) ٣ کتێبی شیعرەکان ((ساڵی ١٨٥٣





– ١٨٥٤)) ٤.......

**هاینە لە نێو جوو و کریستیانیدا**

وەکو وتمان ((هاینە)) لە ئامێزی خانەوادەیەکی جووی ئەڵمانیدا چاوی بە ژیان هەڵهێناوەو پەروەردە بووە، لەتەمەنی ٢٨ ساڵیدا لە ئایینی باب و باپیرانی خۆی لایداوە و بووەتە کریستیانی. لەڕاستیدا پرسی لادانی هاینە لەو ئایینەوە بۆ ئەم ئایین یەکێکە لەو لایەنانەی ژیانی کە لە مێژەوە مایەی ورووژاندنی ڕاو بۆچوون و قسەو قسەڵۆکی زۆرو جۆراوجۆرن لەنێوەندەکانی هەردوو ئاییندا، ئەمە وێڕای ئەو ڕەخنەو گازندە توندانەی کەبەهۆی هەندێك هەڵسوکەوتی کەسیی و ڕاو بۆچوونەکانییەوە دەرهەق بەهاوسەردەمانی خۆی، بەهەق و ناهەق ئاڕاستەی کراون !

بەهەرحاڵ هاینە سەرەڕای بوونی بە کریستیانی، کەچی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی برووسی و ڤاتیکانیشەوە ، هەمیشە بەچاوی دوژمنایەتییەوە ە تەماشا کراوە و، بە چەواشەکارو بید عەچی و نەیاری کڵێسای مەسیحی ((کاسۆلیکی)) لەقەڵەم دراوە، هەر لەو ڕوانگەیشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە !

ساڵی ١٨٣٦، دەوڵەتی ڤاتیکان بەفیتی دەرباری برووسی ((لەڤیەننادا)) بڕیارێکی دەرکرد بەقەدەغەکردنی سێ کتێبی گرنگی هاینە، بە بیانووی ئەوەی گوایە هەندێك لە بڕگەکانیان بریتیین لە لادان و چەواشەکاریی ئایینی !

لە دەقی بڕیارەکە ((یاخود ڕاستتر بڵێین فەتواکە)) دا کە بە وێنەی هاینەو مۆری ڤاتیکانەوە لکێنرابوونە ستوون و پایەکانی ڤاتیکان و کڵێساکانی ئیتاڵیادا، ئەمە هاتبوو: بۆ هیچ کەسێك نیە، هەرچی بێت پلەو پایەی یاخود باری دارایی، ئەم کتێبانە((دی لافرانس – لە فەرەنساوە، وێنەکانی گەشتێك، دادگایی ئەڵمانیا )) بکڕێت و بفرۆشێت و دەستاو دەستیان پێ بکات، چونکە دەچنە ریزی ئەو کتێبانەی کە لە ئایین لایان داوە. هەر کریستیانییەك سەرپێچیی ئەم بڕیارە بکات، دەرگای کڵێسای بەڕوودا دادەخرێت و لە مافە ئایینییە کریستیانییەکانی بێبەش دەکرێت !

هەمدیس فەتواکە هاینەی بەو شاعیرە جووە ئەڵمانییەی نیشتەجێی وڵاتی فەرەنسای، وەسف کردبوو. ئەمە لە کاتێکدا ئەو بۆ پتر لە دەساڵ دەچوو وازی لە ئایینی جوو هێنابوو و بوو بووە کریستیانی:

پرۆفیسۆر ((هۆبێرت ڤۆلڤ)) مامۆستای زانکۆی ((گوێتە)) لە فرانکفۆرت لە کتێبەکەیدا

((هاینە و ڤاتیکان)) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کتێبانە لەسەردەمی کاردینال ((جیاکو گویستنیانی)) ی سەرۆکی لیژنەی چاودێریی ئەدەبییاتدا قەدەغەکران، لیژنەی ناوبراو وەک باوبوو سی قەشەی توندڕەوی لە خۆدەگرت. ٥

بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی ((ڤۆلف)) پشتیان پێ دەبەستێت، دەوڵەتی برووسیا، لە سەرووشیەوە ڕاوێژکارەکەی لە ڤیەننا ((کۆنت مێترنیش)) ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو میانەدا گێڕاوە. پێشتریش ((مێترنیش)) پەرلەمانی فرانکفۆرتی لەدژی هاینە هان دابوو و، بە ترسناکترین نووسەرو سەری گرووپی ئەڵمانیای

گەنجی وەسف کردبوو.

هەروەها بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی بەردەستی ((ڤۆلف))، ((مێترنیش)) بەوە تۆمەتبار دەکەن کە باڵیۆزی برووسیای لە ڕۆمادا خستۆتە گەڕ بۆ دژایەتیکردنی ((هاینە)) ،ئەمیش بۆ ئەو مەبەستە وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان ((کاردینال لامبرۆشی)) ی بینیووە و پێکەوە دەربارەی دوژمنی هاوبەشی هەردوولایان ((واتە هاینە)) گفتوگۆیان کردووە. ئەوەبوو ڤاتیکان سێ کتێبەکەی ((هاینە)) ی قەدەغەکرد و دەرخواردی ئاگری دان. دواتریش ((ساڵی ١٨٤٥)) لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکانی لای ڤاتیکان، دیوانە نوێکەی هاینە ((شیعرگەلێکی نوێ)) یشی گرتەوە. هەڵبەت ئەم بەرهەمانەی ((هاینە)) لەگەڵ ڕێتمی کلێسای کاسۆلیکی و دەقەکانی کتێبی پیرۆزی مەسیحیدا نەدەگونجان، بۆیە بەو شێوەیە سووتێنران !

لە ڕاستیدا بڕوایەکی زۆر هەیە کەوا هاینە بەنابەدڵی و ناچاری، نەک بەخواست و ئارەزووی ڕاستەقینەی خۆی، چووەتە نێو ئایینی مەسیحییەوە، پاشانیش دەسەڵاتدارانی نازی لە ئەڵمانیادا درکیان بەو ڕاستییە کردووەو ، بەو هۆیەوە کتێبەکانی خراونەتە نێو ئەو ٢٥ هەزار کتێبەی کە ساڵی ١٩٣٣ لە بەرلیندا سووتێنران

!وەلێ کتێب سووتێنەرەکان هەر بەسووتاندنی کتێبەوە نەوەستان، بەڵکو بێ بەزەییانە مرۆڤیشیان دەسووتاند. ئەمەش پێشبینییە مەزنەکەی هاینەی زیرەك و وردبینی سەلماند کە ساڵی ١٩١٩ لە نووسینێکی نۆبەرەیدا گوتبووی: ئەوەی بە سووتاندنی کتێب دەست پێبکات بە سووتاندنی مرۆڤ کۆتایی پێ دێنێت !

لە لایەکی تریشەوە هاینە بە بۆچوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی جوو، بەناودارترین جووی لەئایین لادەر و وروژێنەری مشتومڕو چەن و چوون لەقەڵەم دەدرێت. ئەویش نەک





هەرتەنها بەهۆی لادانی لەئایینەکەیەوە, بەڵکو هاوکات بەهۆی گوتە بەناوبانگەکەیشییەوە کە تێیدا دەڵێت: جوو ئایین نیە,بەڵکو کارەساتە !

هەمدیس ئەوان ڕەخنەی ئەوەیشی لێ دەگرن کە لە هەندێك شیعرو نووسینەکانیدا هاوسۆزیی خۆی بۆ مێژووی ئیسلام لە وڵاتی ئەندەلوس ((ئەسپانیای ئەمڕۆ)) دا دەربڕیووە و باسی چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی کەمینەی موسڵمانی لەسەردەمی دادگاکانی پشکنیندا لەو وڵاتەدا کردووە ، کەچی ئاماژەی نەکردووە بە چەوساندنەوەی جووەکان لە هەمان شوێن و سەردەمدا !

وەلێ لە کتێبێکی نوێدا بەناونیشانی ((هاینە ژیانێکی دوولا)) نووسەرە ئیسرائیلییەکەی ((ئیگال لوسین)) هەوڵ دەدات پێچەوانەی ئەو جۆرە ڕاو بۆچوونە باوانەی نێو ڕۆشنبیرانی جوو بسەلمێنێت، گوایە هاینە جوویەکی ڕەسەن بووە ! ئەویش بە پشتبەستن بەدەقی گوتەیەکی بەناوبانگی خۆی کە تێیدا وا هاتووە : من ناگەڕێمەوە بۆ سەر ئایینی جوو، چونکە لە بنەڕەتدا وازم لێ نەهێناوە !

هەمدیس ((ئیگال لوسین)) پێی وایە کەوا هاینە یەکێك بووە لە گەورە بانگخوازانی بیرو باوەڕی زایۆنیزم، بگرە لەو میانەدا هیچی لە خودی ((هرتزل)) کەمتر نەبووە !

جا بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی کە ((لوسین)) لە کتێبەکەیدا هێناونیەتەوە ، دەکرێت بگوترێت: هاینە ژیانێکی دوولا ((کریستیانی –جوو)) ی لەیەك کاتدا بەسەربردووە !

**هەڵبژاردە لە شیعرەکانی**

جیهانی شیعری هاینە، جیهانێکی گەلێك بەرین وقەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگە,بۆیە مەحاڵە بتوانین لەدەرفەتێکی ئاوەهاداو بەپشتبەستن بەم هەڵبەست و برگە شیعرییە بچرپچڕانەی لەبەردەستماندان،ئەم جیهانە بەر بڵاو

و ڕەنگینە وەکوپێویست بەخوێنەرانی ئازیز بناسێنین.

جا ئەمانەی لێرەدا دەیانخەینە ڕوو، نموونەگەلێکن لەوشیعرانە کە بە چامەیەکی دڵگیری دیوانی ((ڕۆمانسی)) بەناونیشانی ((ئەسترا Der Astra)) دەست پێ دەکەین. وەلێ پێش تۆمارکردنی ئەم هۆنراوە لووتکەیە، پێمان باشەخوێنەرانی بەڕێز ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەدەبی عەرەبی و کلتووری عەرەبیی کۆن بەگشتی تا ڕادەیەکی زۆر کاریان کردۆتە سەر((هاینە)). ئەمەش لەچەندنموونەیەك لەشیعرەلیرکییە ناسك وجوانەکانیدا,بەتایبەتیش لەم هەڵبەستەیدا ((مەبەست ئەسترایە)) بەڕوونی دەردەکەوێت.

بەگوێرەی تێگەیشتنی ((هاینە)) —وەك لەشیعرەکەیدا دیارە—ئەسترا خێڵ و تیرەگەلێکی عەرەبی خەڵکی وڵاتی یەمەن بوون کە ڕۆڵە عاشقەکانیان لە تاو ئازاری ئەویندا دەمردن.بەڵام راستییەکەی،ئەمانەی ((هاینە)) بە ئەسترا ناوی هێناون،هۆزو خێڵەکانی ((بنوعژرە)) ی سەر بە ئێلی ((قچاعە))

بوون کە بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان نیشتەجێی باکووری حیجاز بوون و, بەرلەوەی ببنە موسڵمان ئاگرپەرست بوون.. هەروەها دەستەواژەی باوی ((الحب العژری)) کە گوزارشت لە ئەوینی پاك و بێگەردو بەجۆش دەکات بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە بە شانازییەوە گوتوویانە ((نحن من بنی عژر اژا عشقنا متنا))واتە ئیمە لە ((بنو— بنی عژرە)) ین هەرکاتێك شەیدا بین، دەمرین: ئاشکراشە، شاعیری دڵداری عوزریی ناودار ((جمیل بن معمر)) کە بە ((جمیل بپینە)) ش دەناسرێت، خۆیشی و ((بپینە)) ی دڵداریشی لەو قەومە بوون.

هەڵبەت سەرسامی و کاریگەربوونی ((هاینە)) ش بەم جۆرە خۆشەویستییە، زۆر ڕەنگیان داوەتەوەو دیارن لەم هەڵبەستە خەم ئامێزو دڵگیرەیدا ((ئەسترا)) کە تێیدا هەست دەکرێت بە ئێش و ئازارێکی قوڵی شاعیر لە ئاکامی شکستهێنانی یەکەمین ئەزموونی دڵداریی ژیانی — لەگەڵ ئەمیلی سالمۆنی ئامۆزایدا — کەوا پێدەچێت دڵدارییەکی یەك لایەنە بووبێت، وەکو بیشیەوێت حاڵی خۆی بەشەیدایانی ((بنو عژرە)) بشوبهێنێت و بڵێت کە ژیانی راستەقینەی لەگەڵ ناکامیی ئەو دڵدارییە بە سوێیەدا، گەیشتە کۆتایی:

ئەمەش دەقی شیعرەکەیە کە هەندێك بەناونیشانە ئەسڵییەکەی ((ئەسترا)) و هەندێکی تریش بە ((بنو عژرە)) وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی:

**هەموو رۆژێک لە ئێوارەدا**
**کچی پاشا دەهات و دەچوو**
**بە دەوری فوارەکەدا**
**ئاوەکە ساف و سپی هەڵدەقوولا**
**هەموو ڕۆژێک لە ئێوارەدا**
**کوڕە کۆیلەیەک لای فوارەکەدا ڕادەوەستا**
**ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر رەنگی هەڵدەبزرکا**





**ئاوەکە ساف و سپی هەڵدەقوولا**
**ئێوارەیەکیان شازادە هاتە لای و**
**بەم وشانە خێرا خێرا، پرسیاری لێ کرد:**
**-ناوت ، وڵاتت، هۆزت ؟**
**کوڕە کۆیلەش وەڵامی دایەوە،**
**-خاتوونەکەم، بەندە ناوم موحەممەدە**
**خەڵکی وڵاتی یەمەنم،**
**لە خێڵی ئەسترا «بنو عژرە» م**
**ئەمانە قوڕ بەسەریان**
**هەرکاتێک شەیدا بن،**
**لە تاوی ئەویندا دەمرن !**

**«گەشتی ژیان»**

**پێکەنین و گۆرانییە**
**شەوقی خۆر دەدرەوشێتەوەو سەما دەکا**
**شەپۆلەکان بەلەمە شادمانەکە دەهەژێنن،**
**لەگەڵ برادەرانێکی ئازیز دا،**
**بە بیرێکی سافەوە، لە نێویدا دانیشتم**
**بەلەمەکە تێک شکاو بووبە پاشماوەیەکی بێ کەڵک**
**هاوەڵەکان مەلەوانی کارامە نەبوون**
**لە نێو خاکی وڵاتدا بەرەو خوار داکشان**
**منیش باهۆز فرێی دامە کەناراوی «سین»**
**لەگەڵ هاوەڵانێکی نوێدا**
**سواری کەشتییەکی نوێ بووم**
**خوڕاوە نامۆکان ڕایان وەشاندم**
**لێرەو لەوێ ڕایان ژەندم**

نیشتمان چەند دوورە لێم:
دڵم چەند پڕە لە خەم:
لێرەش جارێکی دی بەزمی گۆرانی و شادییە
هاژەی با دێ،تەختەکان وردو خاش بوون
لەئاسماندا دوا ئەستێرە ئاوا دە بێ
نیشتمان چەند دوورە لێم !
دڵم چەند پڕە لەخەم  !
ماڵئاوا ئەی گەلی شادمانی  فەرەنسا
ئێوە برا رووخۆشەکانی منن
وا تاسەیەکی یەکجار گەوج دەمداتە پێش
وەلێ بەم زووانە دەگەڕێمەوە لاتان
بیخەنە بیری خۆتان کە تاسەیەکی بەسۆی
دەمباتەوە بۆ بۆنی مێرگوزار
بۆ بەرخۆڵە نازارەکانی  لەوەڕگای «لۆنبێرگ »
بۆ قەرنابیتی خۆشکراو وچەوەندەر,
بەتاسەوەم  بۆدووکەڵی جگەرە،
کۆبوونەوەی سالۆنەکان،حەسحەسەکانی شەو,
زاراوەی نزمی ئەڵمانی ونانی بۆر,
تەنانەت تاسەی دڵڕەقیشییان دەکەم،
تاسەی کیژە قژ زەردەکانی واعیز دەکەم,
هەمدیس تاسەی بینینی دایکیشم دەکەم
دەمەوێت راشکاوانە دان بەوەدا بنێم
کە سیازدە ساڵەخاتوونە پیرەکەم نەبینیووە
خوداحافیز هاوسەرەکەم,ژنە جوانەکەم
تۆ ناتوانی بەربەستی سوێی ئازارەکانم بکەیت
من بەتوندی دەتنووسێنم بەدڵمەوە
وەلێ دەبێت بەجێت بهێڵم





سوێیەکی بەتین دەمداتە بەر،
لەبەچێژترین بەختەوەریم دوورم دەخاتەوە
پێویستە جارێکی تر هەوای ئەڵمانیا هەڵمژمەوە
بۆ ئەوەی نەخنکێم!

جۆلاکانی شلزیا
«برگەیەک»
لە چاوە تاریکەکانیاندا
ئاسەواری فەرمێسک بەدی ناکرێت
لەسەر تەختی چنین دانیشتوون و
بەددان دەزووەکان دەبڕ ن.
ئەی پیرە ئەڵمانیا..
ئێمە کفنی تۆ دەچنین  ..
نەفرەتەکانمان دەچنین
دەچنین و دەچنین..
نەفرەت لە پاشا، پاشای وڵاتان
کە کەساسیمان دەستی پێ هەڵ نەگرت
لە راوڕووتکردنی  دوا عانەمان
ئاگری گوللە کانیشی
بەوێنەی سەگ دوورینییەوە
دەچنین ودەچنین

لە نامۆییدا
«برگەیەک»
رۆژێک لە ڕۆژان ،
وڵاتێکی  جوانم هەبوو
تێیدا سەری  دار بییەکیان _

**لە ئاسمانیان دابوو**

**گوڵە وەنەوشەكان،**

**نەرم ونیان چەمابوونەوە**

**( ماچم كە ) بە ئەڵمانی،قسەكە وەهابوو**

**خەریكم بڕوانەكەم ، دەنگی چەندە خۆش بوو**

**كاتێك دەیگوت ((ئش لیبە دش)) خۆشم دەوێی**

**بەڕاستی خەون بوو .**

**پەراوێزەكان**

١-پاش لەدایكبوونی هاینە، باوكی بەناوی هاوەڵێكی ئینگلیزییەوە، كە لە گەشتێكی بازرگانیی كوتالّدا بۆ ئینگڵستان ناسیبووی، ناوی ( هاری ) ی لێ دەنێت،ناوە تەواوەكەشی دەبێتە ((هاری سیمۆن هاینە)) تا ئەو كاتەی واز لە ئایینی جوو دەهێنێت و دەبێتە كریستیانی. ئەوەشمان لە بیرنەچێت كە لە هەڕەتی لاوێتی هاینە دا ( ١) خانەوادەكەی تووشی قەیرانێكی دارایی سەخت دەبێت، ئەویش بەو هۆیەوە ناچار دەبێت هەندێك ئیش و كاری ئازاد بكات.

٢-لەم بەرهەمەدا، هاینە بە گوێرەی مەیل و ئارەزوو و دیدی تایبەتی خۆی، سنوورە دوورمەوداكانی ڕێبازی ڕۆمانسی دیاری كردووە.

٣-لەم بەرهەمە شیعرییەدا، شاعیر هەوڵی داوە چوون كەسێكی نەخۆش و پەككەوتەی سەر جێگا گوزارشت لە گومان و دوودڵی ئایینی خۆی بكات.

٤-تێیدا هاینە، بە بەهرەیەكی ڕەسەن و دەگمەنەوە، ئاماژە دەدات بە سەختیی دەردە كوشندەكەی كە ناچاری دەكات بیر بكاتەوە لە نزیكبوونەوەی وادەی مردنی، هەمدیس ئاوڕێكیش بداتەوە لە ڕابردووی دوورو لەگەڵ فرمێسكی خوڕو گەرمدا یادی یەكەمین ئەوینی تاڵی ژیانی بكاتەوە.

٥- بۆ ئەم حاڵەتەی هاینە سیان لە ئەندامانی لیژنەكە دەسنیشان كران بۆ لێكۆڵینەوە لە هەرسێ كتێبەكەی و نووسینی ڕاپۆرت دەربارەیان. یەكێكیان. ج.پ. پاڵما (سەرسەخترین ئەندامی لیژنەكە ) بوو كە لە لایەن سەرۆكەكەیەوە ((گویستینیانی)) دۆسیەی كتێبی ((دادگایی ئەڵمانیا)) پێ سپێردرا.

ناوبراو ڕۆژی ١٢ی كانوونی یەكەمی ١٨٣٦ لەبەردەم دادگای پشكنیندا تیشكی خستە سەر ئامێتەبوونی بێ باوەڕیی هاینە لەگەڵ ڕق و كینەیدا دەرهەق بە كڵیسای كریستیانی، ئەویش وەكو جوویەك كە كڵیسا دانی نەدەنا بەكریستیانی بوونیدا. ئەو گو تی: هاینە جوویەكی بە ڕەگەز بروسییەو سەر بە گرووپی هیگلییە نوێكان و ئەڵمانیای گەنجە. جا ئەگەر چی ئەدیبێكی گرینگ و چالاكە، بەڵام هاوكات مەترسیدارو چەواشەكارو ئاژاوەگێڕە، بگرە یەكێكیشە لە ڕێبازگرانی فەلسەفە چاكسازییەكەی ((مارتن لوسەر)) و بانگەشە دەكات بۆ بەهێزكردنی ڕۆڵی هزرو چاكسازی لە بەرامبەر ئاییندا، بەو ەشێوەیەی كە دەبێتە مایەی وروژاندنی خەڵك و ڕاپەرینیان.,

٦-Ich liebe dich ئش لیبە دش سێ ووشەی ئەڵمانین، بەواتای: خۆشم دەوێی

**سەرچاوە**

**ئەم باسە پوختی كۆمەڵێك بابەتن كەلە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراون, لەوانە:-**

- هاينريش هاينة، الرومانطيقى الواقعى /امير علام /شتوتگارت
- رحلة حياة الشاعر هاينريش هاينة /ترجمة: بهجت عباس
- هاينة، الڤاتيكان احرق كتبة، ماجد الخطيب /كويلن /المانيا
- Allgemeine Information،Heinrich Heine – Gesellsehaft
- هاينريش هاينە..تقاسيم للحب العذرى
- قلق التاليف والكتابة عن اليهود,سعد البازعى / السعودية



# ڕەهەندی مێژوو لە شیعری ئەسیریدا

زایەر زەنگنە

دیارە بەدەرخستنی هەر تاك ڕەهەندییەك بەو پێیەی "ئەدەب بە ئاوێنەی دۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سەردەم و لەنێو ژینگەی سەردەمدا گەشە دەکات" نەك خزمەت ناگەیەنێ، بەڵکو لەنگی شیعر وەدەر دەخات، بەڵام بۆ بوارێکی تەسکی وەك ئەمە دەکرێ باس لە خیتابێکی یەك لایەنی شیعرەکانی ئەسیری بکەین، ئەویش ڕەهەندە مێژووییەکانی شیعری ئەسیرییە. ڕەنگە ئەسیری تاقە شاعیرێك بێت، یان لەو شاعیرە زۆر کەمانە بێت کە هەموو هەستێکی سۆزداری خۆی لە بۆ دەقەیەکی مەزندا تواندۆتەوەو هەمووی کردوونەتە قوربانی و زاڵکردنی نەتەوەپەرستی بەسەر هەموو کایەکانی دیکەدا، بەو پێیە شاعیر لە سەردەمی شۆڕشە مەزنەکانی کورد لە باشوور و باکووری ڕۆژهەڵات ژیاوەو تێکشکاندنەکانی شێخی نەمر و، عوبەیدوڵڵاو سمکۆ و پیرانی بەچاوی خۆی دیوون، یان لەگەڵ ڕووداوەکاندا ژیاوەو ئەو سەردەمەش سەردەمی جۆشدانەوە و وەجاخ ڕونکردنەوەی بەرهەڵستکاری و بەگژاچوونەوەی ئەو دوژمنانە بوو کە تەنگیان بە کورد هەڵچنیبوو. بۆیە شاعیر لە زۆر بۆنە و شوێنەکاندا پەنای بردۆتەوە بەر زیندوو کردنەوەی مێژوو جەختی زۆری لەسەر کردۆتەوە، فەلسەفەی شاعیر فەلسەفەیەکی ئاپینی تۆخی تیا بەدەر دەکەوێت، بەڵام نەك لە ڕووی ستایشی ئیسلامەوە وەك زۆربەی شاعیرە تەسەوفەکانی تر،





بەو حوکمەی شارەزایەکی قوڵی لە ئایندا هەبووە، بەڵکو لە فۆرمیلە کردنەوەی ئەو شێوازەی لە قورئان و زۆرێك لە ئایینە کۆنەکانی دیدا هەبووە، لە جەخت کردنە سەر شێوازی دووبارە کردنەوەی لەم بوارەشدا هێندەی پێ کرابێ درێغی لە دووبارە کردنەوەیان نەکردووە، کە وەك چۆن قورئان لە ڕێی ئەو دووبارە کردنەوانە باوەڕ و ئیمانی هێند بەهێزی لە عەرەبدا دروست کرد کە عەرشی قەیسەر و کیسرایان شکاند، بەهەمان شێوەش گیانی بەرخودان لەنێو کوردەواریدا بەو چەشنە گۆش بکات. ئەگەر کورتەیەك لەو شیعرانە بخەینە ڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەسیری چەند شارەزایی قوڵی لە مێژووی میللەتی خۆیدا هەبووە لە شوێنێکدا دەڵێت:

**دیارە هێشتا تاقی کیسرای دەوڵەتی ساسانی من**

**ئیدعای عیلمی مۆسیقای ئەمن ئیسپات دەکا**

لەم شیعرەدا شاعیر لەدوو ژێی گرنگی داوە، لەلایەکەوە شانازییەکانی دەوڵەتی ساسانی بەدەرخستووە کە هەتا نووکەش فارسی قۆرخی ئەوەی کردووە کە ئەوان میرات گرین، لەلایەکی دیکەشەوە شانبەشانی بوارە سیاسییەکە لایەنی عیرفانی و هونەریشی وەك پێگەیەکی گرنگی شوناسی هەر میللەتێك بەدەر خستووە کە گەلێ لە زانایان پێیان وایە ئاستی ڕۆشنبیری هەر وڵاتێك پابەندی پێشکەوتنی هونەرەکەیەتی.

دەتوانین لەم شیعرەدا بێجگە لە سایکلۆژییەتی شاعیر کە باسمان لێوەکرد، هزر و فەلسەفەی شاعیر وەك ڕێبازی دەرەکی شیعرەکە بخوێنینەوەو تێکەڵ بە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو سەردەمەی بکەینەوە، پاش ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا ئاهێك وەبەر کورد هاتەوە، پەیمانی لۆزان خەونەکانی کوردی کردە تراویلکەو ئەودەم لە ڕێگەی شیعرەکانەوە ویستوویە ئەوە بڵێت کە کورد ئەو میللەتە نییە کە ئەمڕۆ بخرێنە ژێر میکرۆسکۆبی تاقیکردنەوەی ئەوەی داخوا دەکرێت ببن بە خاوەن وڵات، بەڵکو لە مێژووی وڵاتی کوردەواریدا وڵاتێکی بەهێزی وەك ساسانیەکی هەبووە، دیارە لە چەندین جێگەی دیکەشدا ئەو ڕاستییەی زیندو کردۆتەوە. لە جەژنی نەورۆزیشدا بۆ بنەما مێژووەکانی ئەو جەژنە گەڕاوەتەوەو لەپاڵ بەدەرخستنی چلۆنایەتی ئاهەنگەکانی جەژنەوە ویستوویەتی ئەوەبڵێ مێژووی ئایینی ڕۆژهەڵات قەرزاری باپیرە گەورەی ئێمەی کوردن و ئەو باوکی پێغەمبەرانەی کە جولەکە و عەرەب لافی میللەتی هەڵبژاردەی خواو، خودان پەیامی نەمری پێوە لێئەدەن لە بنەچەوە مافێکی دزراوی کوردە و ئەوان قۆرخیان کردووە کاتێ دەڵێت:

**(ئەم ڕۆژە ڕۆژی شادی جەژنی برایە**

**پێغەمبەرێکی کورد بوو لە ئاشوور و نەینەوا)**

لەمەشەوە ویستوویە سەردەمی ژیانی ئیبراهیم وەدەربخات، دیارە لێرەدا ویستوویە

پانتاییەكی بەرفراوانتر داگیربكات، ئاستە نەتەوایەتییەكە تێپەڕێنێ و شێوازێكی هیۆمانیستی بێنێتە ئاراوە.. هەر لە هەمان بۆنەی جەژنی نەورۆزدا لە شیعرێكی دیكەدا دەڵێ:

**(میللەتی "گیو" هەرچەنێ دیسانەكەش بەختیان هەیە**

**چوون لە ئاساری قەدیمی جەژنی نەورۆزیان هەیە)**

دیارە یەكێكی دیكە لە فەلسەفەی نەتەوایەتی شاعیر ئەوەبوو بێجگە لە قەوم، شانازیشی بەو ڕۆڵانەوە بكات كە چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی نەتەوایەتیدا شوێن دەستیان دیار بووەو بەمەبەستەوە پاڵەوانانی میللەتەكەی هێناوەتەوە نێو شیعرەكانیەوە، تاوەك تۆمارێكی نیشتمانی ناویان هەمیشە گەشاوەبێت و بیرنەچنەوە. لە شیعری (رابردووی كورد) هێندە رەوان سوحبەت لە مێژوو دەكات كە دەتوانین بڵێین هیچ مەبەستێكی دەرخستنی ئیستاتیكا و فەرمی شیعری لا مەبەست نەبووە بەقەد ئەوەی خواستی ئەوەبووە تەوژمی مێژوویی بەرجەستە بكاتەوە كاتێ دەفەرمێ:

**(وەختێ بوو منیش حاكمی مەجموعی جیهان بووم**

**مەڕوانە ئەلەم رۆژە كە بێ ناونیشان بووم)**

دەمەوێت ئەوە بڵێم بەرلەوەی بگەڕێمەوە بۆ خودی شیعرەكە، موناسەبەی شیعرەكانی ئەسیری زۆربەیان مۆركی سەردەمی بەمانای كات پێوە دیارە و هەرچەند دووریش رۆشتبێ سەرئەنجام لەناو هەمان قۆزاخەی هەمان كاتدا سەری دەرهێناوەتەوەو لەناو جغزێكی بچووكی شوێن–كاتدا سوڕاوەتەوە، ئەگەر بەوردی موناسەبەتی شیعری شاعیر بخوێندرێنەوە دەكرێت بەچاوێكی دی وەك نووسینەوەی مێژووی سەردەمی خۆی تەماشا بكرێت، بەڵام لە میانەی نووسینێكی نەستی خودیەوە بەواتا هونەریی ئەدەبی شاعیر زۆربەی جارەكان لەسەر ژانری دوێنی بۆ زیندوو كردنەوەو گیان وەبەر هێناوەی ئەمڕۆ كاریان كردووە، كاتێ دەڵێ وەختێ (من حاكمی دونیا بووم) سەد دەرسەد دوورە لە دوعاو نزاو پاڕانەوەی شاعیرانەی كە لە هەموو شیعرێكی ویژدانی دیار دەكەون، بەڵكو گلەیی كردنە لەو واقیعە دروست كراوەی ئەمڕۆ بەسەر كورددا سەپێنراوە.

لەم ڕووەشەوە شانازییەكانی قەومی خۆی بەسەر تەواوی میللەتانی دەورووبەر و جیهان بەدەر دەخات، كە دەڵێ:

**(من بوومە سەبەب خاتیمەی دەوڵەتی ئاشوور**

**من مونجی دانیال نەبێ ئیسرائیلیان بووم).**

من جوانیی ئەم كۆپلەیە لەوەدا دەبینم كە دوو دژی لەیەك شوناسدا كۆكردۆتەوە، ئەویش ناسنامەی قەومی كوردییە، بەو پێیەی وڵاتی ئاشوور خوێن ڕێژترین ئیمپراتۆریەتی





سەردەمی خۆی بووەو ئایینی ئیسرائیلیش مەزنترین پەیامی پیرۆزكردنی خودای لەدڵ رەق و سزا دەرەوە، بەرەو جوانی و دادپەروەری و جیهانگیری، چڕكردنەوەی ئەم دوو دنیا جیاوازەی ئەو كاتە لەیەك توخمی مرۆڤایەتیدا نیشانەی بەدەرخستنی فۆرمێكی مەزنی نەتەوایەتییە بۆ زیاتر برەودانیش بە جەخت خستنەسەر بڕوابوون بەخۆوە دەڵێت:

**(بابیل بە قوەی لەشكری من بوو بە خەرابە**

**ئەستێرە پەرست بوون و منیش ئەهلی حەق).**

بێجگە لەمەش هێندەی شاعیر هەوڵی خستنەڕووی خەسڵەتە مێژوویەكەی گەلی كوردیداوە، تۆمارێكی نەمریش بووە بۆ شۆڕشەكانی سەردەمی خۆی و پابەندی سەردەمی خۆی بووە، بەڵكو لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەی داوە بۆ نەوەكانی دوای خۆشی كارەساتە جەرگ بڕەكانی سەردەمی دوای سەركوتكردنی شۆڕشەكانی گەلی كوردیش دیاربخات.

دەمێ دەفەرمێ:

**(شێخی عەبدولقادر و هەم نەجلی عەبدوڵڵا ئەوا**

**بێ خەتا هەڵواسران، بەسیە لە غەفڵەت نوستن).**

هەرچەندە ئەوەی لە بەردەستدایە مشتێكە لەو خەرمانە بەرینەی دونیای شاعیر كە بێجگە لە مێژوو چەندین لایەنی فەرهەنگی و ئابووری كوردستان و جەخت خستنە دوو لایەنی گرنگی ئاوو نەوت و گەشت و گوزار و، لایەنی ئایینی و چەندین و چەندینی تر.. كە دەكرێ بۆ هەر كامێكیان شرۆڤەیەكی ورد بكرێت و تیشكیان بخرێتە سەر لە كۆتاییدا هیوادارم خزمەتێكی گچكۆلەمان بەم شاعیرە مەزنە كردبێ.

* سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

عەلی وەردی، كاریگەری نەست

دیوانی ئەسیری ل٢٢

ناسنامەی دەق: د. فوئاد رەشید ل٥٦

ئەسیری ل٢٦

دیوانی ئەسیری ل٢٩

دیوانی ئەسیری ل٤٤

پەراوێز بۆ شیعر.. بڕوانە دیوانی ئەسیری.



هێرۆ کوردە

# ڕەخنەی دەروونی و کردەی ئافراندن[٧]

## گرێی دەروونی و ڕەخنەی دەروونشیکاریی

ڕەخنەی دەروونشیکاری، بە یەکێك لە گرینگترین جۆرەکانی ڕەخنەسازیی دێتە ژماردن، چونکە لەم چەشنە ڕەخنەیەدا، ڕەخنەگر، کار لەسەر دەروونی دانەر (نووسەر، هونەرمەنەند) دەکا و کار لەسەر دانراوەکان (دەق، بەرهەمی هونەری) دەکا، لەو ڕێیەیشەوە، هەست و نەست و گرێی دەروونیی دانەر شی دەکاتەوە.

ڕەخنەسازە دەروونشیکارەکان، کردەی ئافراندن بۆ دەروونی ئافرێنەر دەگەڕێننەوە" سەروەختی گەشەکردن و ژینگەی دانەر و سەوەختی گەشەی جەستەیی و خەون و خەیاڵ و گەلێك لایەنی دیکە، کە لە کۆتاییدا هەموو ئەمانە پێکڕا کەڵەکە دەبن و لە چوارچێوەیێکی ئەدەبی و هونەرییدا، دەخرێنە دەرەوەی ناخ و جەستەی هونەرمەند و دانەرەکەوە. فرۆید و لایەنگرانی، کردەی ئافراندن بۆ گرێی دەروونیی دەگەڕێننەوە، بەوەی کە هەموو ئافرێنەرێك، یان هەموو نووسەر و هونەرمەندێك، خاوەنی گرێیەك، یان چەندین گرێن، لە کارەکانیشیاندا ئەو گرێیانە ڕەنگدانەوەیان دەبێ.

فرۆید، لە باسی گرێی دەروونی و کردەی ئافراندندا، بۆ چەند خاڵێکی گرینگ دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتاکانی تەمەنی تاك (دانەرەکە)دا دیاردەکەون، ئاراستەکردنی هێندێك پرسیاریش دیاری دەکا و هۆکاری دروستبوونی گرێ و خەفەکردنی حەز و ئارەزووە





دەروونی و جەستەییەکانیش (بە تایبەت حەزە سێکسییەکان) شی دەکاتەوە، بە تایبەت لەو بارەیەوە: کاتێك جەستە دەچێتە قۆناغی گەشەکردن و حەزە سێکسییەکانییەوە و داوای تێکردن دەکەن، بەڵام، تاك بە هۆی چاودێرەکانەوە: چاودێری کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی، یانیش مۆراڵیی، ناچاری خەفەکردن دەبێ، بەمەیش: حەزەکانی ئەو تاکە لە ناوەوەدا کەڵەکە دەبن و لە نەستدا دەمێننەوە، بە بێ ئەوەی خودی تاك، هەست بەم کەڵەبوون و مانەوەیە بکا، کە لە کۆتاییدا، لە دانراوەکانیدا (بەرهەمە ئەدەبی، هونەرییەکان) بە ئاشکرا دەردەکەون.

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، تابلۆ ئیرۆتیکیەکان، ئافرێندراوی ئەو هونەرمەندانەن، کە خاوەنی گرێی سێکسین. ئەمەیش لە خۆڕا بڕیاری لەسەر نادرێ، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی تەمەنی هەرزەکاری و گەشەی سێکسی ئەنجامەکە ڕۆشن دەبێ، ئەڵبەت، ڕۆشناییەکەیش لە زۆرترین کاتدا، تەنیا لە لایەن دەروونشیکارەکانەوە هەستی پێ دەکرێ و ئاماژەی بۆ دەکرێ.

وەنەبێ تەنیا سێکس و خەفەکردنی حەزە سێکسیەکان، گرێی دەروونی (بۆ نووسەر، هونەرمەند) دروست بکەن، بەڵکوو پێوەندییە خێزانییەکان و پێوەندیی تاك بە خێزانەوە، بە تایبەتیش پێوەندیی تاك بە باوکەوە و حەزی زاڵبوون و وەرگرتنی دەستەڵات لە باوك، یانیش کوشتنی باوك وەك تۆڵەکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی حەزە تێرنەبووەکانی تاك، کە لە ئەنجامی ململانێ و نەگونجان لەگەڵ باوکدا سەرهەڵدەدەن، فرۆید زۆر لەسەر ئەم خاڵە ڕادەوەستێ و پێی وایە، کە گرێی دەستەڵات و تۆڵەکردنەوە لە باوك، وەك چاودێری بێکەم، بە بیرکردنەوە لە کوشتنی باوك، گرێکە گەشە دەکا، بەڵام کوشتنی باوك تەنیا حەزە تێرنەبووەکە تێر دەکا و ناتوانێ گرێکە لە نێو ببا، بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبی کوردی، دەتوانین بە نموونەیێك ئاماژە بۆ ئەم حاڵەت و ویستە بکەین، کە لە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەندا بە ئاشکرا دەردەکەون" کاتێك کوڕی گەورە بۆ تۆڵەکردنەوە، باوکی خۆی دەکوژێ، بەڵام هەر وەك فرۆید ئاماژەی بۆ کردووە، ئەمە کۆتاییی کێشە و گرێکان نییە.

لە (ڕەخنەی دەروونشیکاری)دا، کردەی نووسین و ئافراندن، بەسەر هەست و نەست، یاخۆ ئاگایی و بێئاگایی دابەش دەکرێن. خاڵێکی دی، کە ڕەخنەگران زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوەیە کە، کردەی ئافراندن بۆ تێرکردنی حەزە، یانیش بەتاڵکردنەوەی ئەو

حەزانەیە، کە خەفە کراون.

(گرێی دەروونی) کاتێك دروست دەبێ، کە لە نێوان حەز و تێرکردنی حەزدا چاودێرێك هەبێ، ڕێ لە تێربوون بگرێ و وەك چاودێری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و خێزانی... تاد، خۆی بنوێنێ. لێرەدا، تاك، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو حەزانە تێر بکا، بە دوای شوێنێکی لاتەریکدا دەگەڕێ، تاکوو حەزەکانی تێر بکا، ئەوەیش لە ڕێی جۆربەجۆرەوە دەکرێ، کە ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەست و باسمان لە تاکی نووسەر، یاخۆ هونەرمەندە، کە پێوەندییان بە کردەی ئافراندنەوە هەیە" کردەی ئافراندن، وەك قەرەبوویێك لە پێناو تێرکردنی ناوەختی دا.

## حەزی خەفەکراو

لە دیدی فرۆیدەوە، کردەی ئافراندن تەنیا بریتی نییە لە حەزی خەفەکراو، بگرە خەون و زاڵبوونیشە بە سەر مۆتەکەکانی ئەو حەزە خەفەکراوە، واتا: گوازتنەوەی حەزە خەفەکراوەکانیشە بۆ دەقی نووسراو.

فرۆید، بە قووڵی، واتا لە چەندین ڕەهەندەوە دەروونی دۆستۆیڤسکیی شی کردەوە و توانیی لە ملاملانێی باوك و کوڕ و حەزی کوشتنی باوك، لە کن دۆستۆیڤسکی، بۆ خوێنەر ئاشکرا بکا. هەروا فرۆید ئاماژە بۆ ئەوەیش دەکا، کە نووسەر دەبێتە خودێکی فرەڕەهەند و هەر ڕەهەندێکی ئەو خودە، گرێیەك، یان حەزێکی بەهێزی خەفەکراوە، کە نووسەر دەریان دەهێنێتە دەرەوە، بەڵگەیشی بۆ دەربڕینێکی لەو چەشنە، تابلۆ ئێرۆتیکی و تاوانکاری و ڕۆمان و داستانەکانی کوشتن و شەڕکردنی تاکە لەگەڵ ئایین و حەرام و حەڵاڵ و مەسەلە حەرامکراوەکاندا.

بە بۆچوونی من، لەوانەیە ڕەهەندی خراپی ڕەخنەی دەروونی ئەوە بێ، کە بە دوای ڕابردووی دانەردا دەگەڕێ و کار لەسەر ڕابردوویدا دەکا و ئێستای فەرامۆش دەکا.

ئافراندن، دەرئەنجامی شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو گرێیانەیە، کە لە کن دانەر هەن. کاتێك پەیکەرسازێك دێ، تابلۆی پیاوێکی تەواو ڕووت، لە نێوەراستی شارێکدا دروست دەکا، ئەوا ئەم تابلۆیە دروستکردنی خۆیەتی لە بەرگی بەرد و ئاسن دا، لە ڕێی ئەم هونەرەیشەوە، ئەوە نیشان دەدا، کە خاوەنی گرێیەکە، کە لە سەردەم و تەمەنێکدا حەزی ئەوەی هەبووە، بە ڕووتی لە نێوەڕاستی شاردا دابنیشێ و پیاسەیەك لە دەرەوەی





شمەکەکاندا بکا. هونەرمەندەکە، بە هۆی چاودێریی ئەخلاقییەوە نەیتوانیوە بەو کردە، یاخۆ حەزە هەڵسێ، بۆیە خەفەکراوە و لە داهاتوودا، کە سەروەختی هونەرمەندبوونییەتی، پەیکەرەکەی تۆڵەی ئەو حەزە خەفەکراوە دەکاتەوە، یاخۆ لە فۆرمێکی تردا و لە زەمەنێکی تردا، دەیخاتە ڕوو.

بۆ شیعریش هەمان لێکدانەوە دەیگرێتەوە. بۆیە، تاکی خاوەن گرێ، کاتێك و گرێکانی لە کردەیەکی ئەدەبی، یاخۆ هونەریدا دەکاتەوە، ئافراندن دەخوڵقێنێ.

ڕەخنەی دەروونی، بۆ ئەوەیە تاکوو باشتر لە دانەر تێبگەین و باشتر داهێنراو شی بکەینەوە و حوکمی نەزانانە بە سەر دانەردا نەدرێ، بۆ ئەوەیە: تاکوو لەوە تێبگەین، کە ئەوەی دەپەیڤێ، ناخ و نەستی دانەرە، حەزە خەفەکراوەکانی بەشی نائاگاییەتی، نەك شتێکی تر لە دەرەوەی ئەم بینینەدا.


سەرچاوە:

١- رضا البطاوي (فرويد والتحليل النقد النفسي).

٢- ع ع الشمري (نظرية فرويد والنقد النفسي)

# جەمشید خانی مامی بەختیار عەلی یان گێلە پیاوی عەزیز نەسین

ئاری عوسمان خەیات

نکۆڵی لەوە ناکەین کە (بەختیار عەلی) یەکێکە لەو نووسەرو ڕوناکبیرە جیدیانەی دنیای ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی ئەم سەردەمەی ئێمە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بینینی ئەو وەك کەسێك کە هیچ هەڵەوپەڵەیەکی نەبێ، کارێکە پێچەوانەی هەموو لۆژیکێك دەکەوێتەوە. مەبەستمان لەهەبوونی هەڵەوپەڵە، دەقە ئەدەبییەکانیەتی چونکە ژیانی تایبەتی مولکی تەنیا خۆیەتی. لەنێو دەقە ئەدەبییەکانیشیدا، ڕۆمانەکانی پشکی زۆری ئەو هەڵەوپەڵانەیان بەرکەوتووە، کە ناخۆشبەختانە لە دوابەرهەمی خۆیدا (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)، مۆری لەو مەسەلەیە داوە، بەوپێیەی نەیتوانیوە بەسوود وەرگرتن لەو پێشنیارانەی لە ئەنجامی ڕەخنەگرتنەوە، لە بەرهەمەکانی پێشووی، خۆی لە هەڵەکان بەتایبەت هەڵەی زمان ببوێرێت، کە وایان کردووە خەوشگەلێك لە سیاقی گشتی دەقەیدا بەرهەم بێت، ئەگەرچی ئەو کەموکورتییانەی کە لە زمانی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، بەگشتی هەن و بەرچاو دەکەون، بەرابەر بەو سەلیقە و توانایەی ئەو، لە ڕۆماننووسیندا، ئەوەندە نین، تا هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو لایەنەکانی تری ڕۆمانەکانیدا بهێنرێت، چونکە ئاشکرایە، کە ئەو هەندێ تەکنیك شێوازی تازەی بەکارهێناوە، کە پێشتر بەوشێوە



لە ڕۆمانی کوردیدا بەرچاو نەبوون.

لەلایەکی ترەوە، ئەزموونی ڕۆماننووسی بەختیار عەلی لەدوای (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەوە، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە نەیتوانیوە ئەو جوغزەی خۆی تێپەڕێنی و شتی نوێ بە خوێنەرانی ببەخشێت، چوون ئەوەی لەدوای ئەو بەرهەمەوە کەوتبێتە سەردەمی خۆجوینەوەوە، کە بێگومان ئەمەش بۆ نووسەرێکی وەك ئەو زۆر زووە. ئەوەی لە دوای شاری مۆسیقارە سپییەکانەوە خوێندمانەوە، لەچاو ئەودا، تەواو لە ئاستێکی نزمدایە. بۆیە هەقی خۆیەتی بپرسین: ئەم پاشەکشێیە لەپای چی؟ ئایا نەدەبوو نووسەرێکی وەك بەختیار عەلی دەقێکی تازەی پێشکەشی خوێنەرەکانی بکردایە؟ هەرهیچ نەبێ، نەدەبوو غەزەلنووس و کۆشیکی باڵندەکانی لەو ئاستەی شاری مۆسیقارەکان نەهاتبایەنە خوارێ؟ ئەی چی بڵێین، ئەو دەمەی لەبەرامبەر دەقێکی تەواو لاوازی وەك (جەمشید خانی مامم..)دا، خۆمان دەبینینەوە؟

دیارە ئەوەی دەیڵێم لەکاتێکدایە، کە ئەزانم دەقی ئەدەبی بە (قەپانی بەقاڵان) ناپێورێت، تا بەو ئاسانییە وەها بڕیارێك بدەین، بەڵام خوێنەری هۆشیار دەزانێ مەبەستمان لە چییە، چونکە ئێمە هەڵکشانی پلەبەپلەی بەختیارمان لە دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆمانییەوە (مەرگی تاقانەی دووەم) تا شاری مۆسیقارەکان بینی، بۆیە تەواوەن بڕواموایە، ئەو پرسیارانە لە جێگەی خۆیاندان و هەقە بەختیار عەلییش بۆخۆی بیریان لێبکاتەوە.

من کە (جەمشیدی مامم) خوێندەوە، هەستم کرد کاراکتەر و کەسایەتی جەمشید خان، وێنەیەکی کتومتی کەسایەتی (گێلەپیاو)ەکەی (عەزیز نەسین)ە، بەڵام هاتۆتە کوردستان دەژی! ئەوەی کە چارەنووسی (گێلەپیاو) بەدەست خۆیەوە نییە و هەرجارەی ژیان بەلایەکدا دەیبات، تەواو لەو چارەنووسە دەچێت، کە جەمشید خانی تێدایە و بەڵام لای بەختیار (با) وەك سیمبۆلێك لەبری (ژیان) بەکارهاتووەو هەمیشە جەمشید لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەم لێکچوونەش حەرام نییە، چونکە لێکچوونی کەسایەتی و ڕووداو و شوێن و تەنانەت بابەتەکانیش لەنێوان دەقی زۆربەی ڕۆمانەکانی دنیادا، بەدی دەکرێت، کە دواجار بەپێی هەر تیۆر و پێوەرێکی ڕەخنەیی بێت ئەکرێ بەجیا، قسەیان لەبارەوە بکرێت، هەروەك ئاراستەی فیکری و فەلسەفی وادەکەن، ئەو لێکچوونانە لەپنتێکی دیاریکراودا، لێکجیاببنەوە، بەڵام کاتێك تۆ وەك خوێنەرێك، ڕۆمانێك دەخوێنێتەوەو هەست بەوە دەکەیت، کە دەگەڕێیتەوە بۆ نێو دنیای ڕۆمانێکی تر، کە پێشتر نووسراوەو بەرهەمهێنراوە، ئەوا ناتوانی لە فیکر و فەلسەفەی سەرەکی ئەو ڕۆمانەی پێشوو دابڕێیت، ئەمەش ڕێك وەك ئەو حاڵەتەیە، کە من لە خوێندنەوەی ڕۆمانی جەمشید خانی ماممدا تووشی هاتم و هەستم ئەکرد ئەودەمەیە، کە بۆ یەکەمجار (گێلەپیاو)م، تیاخوێندەوە.

لێرەوە گەشتمە ئەوەی بەخۆم بڵێم: بەڕاستی بەختیار عەلی نەیتوانیوە بە قووڵی فیکرێکی دیاریکراو تەوزیف بکات، وەك لە شاری مۆسیقارەکاندا (بۆ نمونە) کردوویەتی، بەڵکو ئەو هاتووە هەندێ سەربوردی جیاجیای داوەتە پاڵ کەسایەتییەك و بەوەش هێڵی گشتی و سەراپاگیری حیکایەت لەنێو دەقەکەدا نادیار و ونە.

لەلایەکی ترەوە، ئێمە دەزانین یەکێك لەو هۆکارانەی کە وائەکات ئاستی دەقێك بەرزتر لە دەقێکی تر، لە ڕووی بنەما ئیستاتیکییەکانەوە، پیشان بدات، ئەو زمانەیە، کە خاوەن دەق، لەڕێگەیەوە ویستوویەتی پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت. واتا زمانی دەق مەرجی یەکەمە لە دیاریکردنی ئاستی هەموو دەقێکدا، بەتایبەت ئەگەر ئەو دەقە خۆی لە چوارچێوەی یەکێك لە ژانرە ئەدەبییەکاندا ببینێتەوە، ئەگەر وردترو تایبەتی تریش قسان بکەین، ئەوا دەڵێم: (دەقە گێڕانەوەبەندییەکان)و لەسەرووی هەمووشیانەوە دەقی ڕۆمان، پێویستی بە زمانێکە، کە لەهەموو ڕوویەکەوە، تا ئەوپەڕی سنوورەکانی ئاگایی، لەلایەن ڕۆماننووسەوە مامەڵەی دەگەڵ کرابێ، دەنا بەرلەهەر شتێك ڕۆمانەکە وەك هەر دەقێکی لاواز، دەر دەکەوێت و خۆی نمایندە دەکات، هەروەك ئەو تیمەو مژارەی کە تێیدایە بەهۆی کەموکورتی لە زمانەکەیدا، تیا دەچێت و بەوەش پەیامی دەق ناگاتە خوێنەر.

ئێستا ئێوە سەرنج بدەنە ئەم حاڵەتانەی لای خوارەوە، کە لەڕاستیدا نازانم هۆکارەکەی بەلای (بەختیار عەلی)ەوە، بۆچی دەگەڕێتەوە: تۆ بڵێی بیەوێ ئەم جۆرە زمانە بەزۆر بکاتە زمانی داهێنان و جوانکاری، کە هەرگیز ئەمە بۆ کەس ناچێتە سەرو قابیلی قبوڵیش نییە؟

١. وشەی (گەرداو) وشەیەکی لێکدراوەو لە (گەرد + ئاو= گەرداو) پێکهاتووە، وەك: (گولاو، خوێناو، چڵکاو، قوڕاو..)، بەڵام ئەو لە چەندین شوێندا لەگەڵ وشەی (با)دا بەکاری هێناوە، کە هیچ بیانوویەك بۆ بەکارهێنانی نییە. خۆ مادامەکێ باس باسی (با)یە، لەبری (با و گەرداو)، (با و گەردەلوول)بووایە باشتربوو! {بڕوانە:ل٦}

٢. ئەوەی کە هەیەو بیستوومانە (بەدگومان)و (دوودڵ)و (ڕاڕا)یە، ئیتر تێناگەم مەبەست لە (دووگومان) چییە، کاتێك دەنووسێت: (باپیرم کە پیاوێکی وەسواس و دووگومانە). {بڕوانە:ل٧}

٣. پێڵاو و پۆستاڵ و کەوش و کڵاش، (لێوار)یان هەیە، نەك (لێو)، وەك ئەو دەڵێت: (لێوانی پۆستاڵ) {بڕوانە:ل٢٩}

٤. (ناوچە حەرامەکان) مەبەستی لە (منطقة محرمة) یان (اراضي محرمة)ی سەردەمی ڕژێمی بەعسە، کە هیچ کەس بۆی نەبوو پێ بخاتە ئەو ئەرزانەو بچێتە ئەو ناوچانەوە، چونکە بەپێی بڕیارێکی بەعس ئەو ئەرزو ناوچانە حەرامکرابوون. کەواتا (ناوچە



حەرامەکان) هەڵەیە، دەبوو بینووسیبا (ناوچە حەرامکراوەکان)، چونکە ئەمەیان (ئاوەڵناوی کراو)ەو ئەویتریان (گرێیەکی ئاوەڵناوی)یەو جیاوازیشیان ئاسمان و ڕێسمانە. بەهەڵە بەکارهێنانیشیان واتای ڕستە سەقەت ئەکەن. {بڕوانە: ل٤٩}

٥. ئەگەر ڕستەی (گرفتەکان چیین و کێشەکان چۆن دەبن. {بڕوانە: ل١٥}) بەمشێوەیە بووایە (گرفتەکان چین و چۆن دەبن) یان (کێشەکان چیین و چۆن دەبن)، کورت و پوخت و باشتر نەدەبوو؟

٦. ڕستەیەکی وەکو (بەچەند مانگێك جارێك شەوێك دەهات بۆ لام.. {ل١١٧}) هەم لەڕووی سینتاکسییەوە جوان نییە و هەمیش بۆ خوێندنەوە قورس و ڕەزاگرانە.. ئەی ئەگەر (چەندمانگ جارێ شەوێك دەهات بۆ لام..)ی نووسیبا جوانترێك نەدەبوو؟

٧. لە لاپەڕە (٥٥)دا، هاتووە: (لە بەهاردا جگە لە دەنگی بروسکە کە بێئەندازە جەمشید خانی دەترسان گرفتێکی زۆر گەورەمان نەبوو، زۆر ڕۆژ ئەوم بە باوەش هەڵدەگرت و بەرەو باڵا سەردەکەوتم و لەسەر ترۆپکی چیاکانی دەوروبەر مامم بە خۆمەوە دەبەستەوەو سەیری سروشتمان دەکرد). بۆ ئەمەش دەڵێین: (بروسکە) دەنگی نییە تا مرۆڤ بە (جەمشید)یەوەن لێی بترسێت، بەڵکو ئەوە (هەورەگرمە)یە، دەنگی زۆر و ترسناکی هەیە. لەلایەکی ترەوە، کە لەسەرەتای ئەو پەرەگرافەدا ناوی (جەمشید خان) هاتووەو دواتریش بە جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاك ئاماژەی پێکراوە، ئیدی چ پێویست ئەکات بنووسرێت: (مامم بە خۆمەوە دەبەستەوە)، کە ئەمە لە هەڵەی ڕێزمانی و سێبارەکردنەوە زیاتر هیچی تری بەرهەم نەهێناوە.

٨. هەرگیز پێموانییە بەکارهێنانی هەندێ وشەی عەرەبی، کە لەنێو زمانی کوردیدا جێگەیان بووەتەوە، ببێتە مایەی لاوازی لایەنی زمان لە دەقدا، بەڵام کە وشەی (دەریا)مان هەیە، گوناح نییە بنووسین (بەحر)! {بڕوانە:ل١٠٦ و هتد..}، کە (هەوالگر)مان هەیەو جوان و چەسپیوە، چ پێویست دەکات بیکەینە (خەبەرگر) {بڕوانە:ل٤٢}؟ ئەدی حیکمەت لەوەدا چییە (ڕەشەبا) هەڵگێڕینەوەو بیکەنەوە بە (باڕەش)؟

٩. ئەگەر کەسێك (گوێ)ی نەبێت، بێگومان ناشتوانێ گوێ بگرێت، ئیدی چ پێویست دەکات بڵێین: (گوێرەکەیەکی گەورەی گوێنەگری بێگوێ..)؟ {بڕوانە:ل١٢٤} هەرچییەك و هەرچۆنێك بێت، وشەی (بێگوێ) لە سیاقی ئەو ڕستەیەدا زیادەیە.

١٠. لەلاپەڕە (١٢٦)دا هاتووە: (من دڵنیابووم بەشەو دەفڕێت و بۆ سەعاتی درێژ لە ئاسماندا دەمێنێتەوە)، دیارە مەبەست لە (سەعاتی درێژ) (کات یان ماوەی زۆر و درێژە)، بەڵام ئەو بەکارهێنانە زۆر ناڕێکە، چونکە (سەعاتی درێژ) بیرمان بەلای (سەعاتی کورت و سەعاتی بچوك و سەعاتی پان و هی بازنەیی و..هتد)یشدا دەبات.



گزنگ ٨٧ — سەکۆی گزنگ — کانوونی دووەم ٢٠١١

١١. ئەوە چ پێویستییەکی زمانەوانی یان ئیستاتیکییە وا دەکات، کە ڕۆماننووس (ماچی کچانە و گلەیی ژنانە) لەنێوان دوو کاراکتەری کچدا، کە هێشتا شوویان نەکردووە و نەبوونە بە ژن، بەکاربهێنێ؟ (خەزاڵ لەبەر دوکانەکەدا کۆنە هاوڕێیەکی خۆی دەبینێت کە ناوی سافیناز خانە.. بە دەستووری کچان یەکتری ماچ دەکەن و دوای گلەیی ژنانە لەیەکتر، خەزاڵ پێشنیاری ئەوە بۆ سافیناز دەکات کە بیگەیەنێت بۆ ماڵەوە..) {بڕوانە:ل٦٤} کەوابێ ژنگەلێکیش هەن، بە دەستووری ژنانە یەکتر ماچ بکەن و گلەیی کچانەش لەیەکدی بکەن.. وانییە؟

١٢. (جەمشید لە کردەیەکی چاوەڕوان نەکراو و ڕاستەوخۆی عاشقانەدا دەستی سافیناز دەگرێت و تکای لێدەکات لەم هەفتەیەدا هەر شەوێك با بوو، سەعات یەکی شەو کە خەڵك هەموو دەخەون بچێتە سەربان و چاوەڕوان بکات، چونکە شتێك دەبینێت و دەبیستێت کە پێشتر نەیبینیوە، بەڵام نابێت لێی تێك بچێت). پێشا وادیارە ڕۆماننووس بیری چووە تەواوی بکات و بڵێت: (کە پێشتر نەیبینیوەو نەیبیستووە". خۆ ئەگەر تەواویشی بکردایە، هەر لەو هەڵەیە قورتاری نەدەبوو، چونکە هەڵبەت مەبەستی لەوەی کە سافیناز پێشتر نەیبینیوە (بابردنەکەی جەمشید خان)ە، ئەوەشی کە دەبێ پێشتر (نەیبیستبێت)، دەنگی جەمشید خانە، بەڵام بەداخەوە، چونکە دیسانەوە وادیارە ڕۆماننووس بیری چووەتەوە، کە لاپەڕەیەك پێشتر، لەو دەعوەتەدا، کە خەزاڵ خان ڕێکی دەخات، ئەو ڕۆژە جەمشید خان تائێوارە لەگەڵ سافینازدا دەباتەسەر و بەردەوام قسە دەکات و باسی ژیانی خۆی دەکات.. ئایا ئیتر ئەوەی کە ماوەتەوەو سافیناز نەیبیستبێ چییە؟! {بڕوانە:ل ٦٥-٦٦} هیچ، چونکە لەلاپەڕەکانی دواتردا ڕۆماننووس شتێکی چاوەڕوان نەکراومان بۆ ناگێڕێتەوە.

١٣. دواتر هەر لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا، دەڵێت: (سافیناز لە سەعات یەکدا دەچێتە سەربان و لەسەر بەرزترین ستارەی ماڵی خۆیان دەوەستێت.. {بڕوانە:ل٦٩}) ئەوەی دوو ڕۆژ لەبەردەست وەستایەکی بەننادا ئیشی کردبێت، دەزانێ (ستارە) دەکاتە چ شوێنێکی ماڵەکان (خانووەکان)؟ ئیدی نازانم سافیناز چۆنچۆنی چووەتە سەر بەرزترین ستارەی ماڵەکەی خۆیان؟

١٤. لە وەسفی جەمشید خاندا هاتووە: (.. پێستێکی ناسکە و بەسەر هەندێك ئێسکی باریکدا وشکبۆتەوە. {بڕوانە:ل٧}) پێش هەرشتێك ئەگەر پێستێك (ناسك) بێت، بێگومان (وشك)نییە، خۆ ئەگەر هات و (وشك)بێت، بێگومان (ناسك)یش نابێت.. واتا وشکی و ناسکی دوو بەشی جیاوازی دوو سیفەتی پێچەوانەن، ئیتر تێناگەین چۆن ئەم (پێستە ناسکە) بەسەر ئێسکی جەمشید خاندا (وشك) بۆتەوە؟

هەر لەبارەی وەسفی جەستەی جەمشید خاندا دەنووسێت: (من تەنیا فریای ئەوە کەوتم





سەرسام سەیری تەنکی و لاوازییەکەی بکەم. {بڕوانە:ل١٢})، کەواتا جەستەی جەمشید خان (تەنك و لاواز) بووە، کەچی لەهەمان لاپەڕەو دێڕێك یان دووان لە خوار ئەوەوە، خەیاتێکی تایبەت دێت تا بەپێی (گەورەیی و تەنکی) جلی تایبەتی بۆ جەمشیدخان بدروێت (نەك جلی بۆ بکات، وەك ئەوەی ڕۆماننووس نووسیویەتی)، هاوکات لەلاپەڕە (١٣)شدا دەنووسێت: (جەمشید خۆشحاڵانە لە پێشمانەوە دەڕۆیی، پیاوێکی بچوك و تەنك..)، ئێستا ئێمە شایەتومان بەکاملادا هەڵدەین: جەمشیدێکی (گەورەو تەنك) یان (تەنك و لاوازە) یان (بچوك و تەنك)!

١٥. بەختیار دەنووسێت: (جەمشید خۆشحاڵانە لە پێشمانەوە دەڕۆی، پیاوێکی بچوك و تەنك کە هەموو گوندەکە بە گەورەو منداڵییەوە هاتبوونە سەیری. ئەو چەند پیرەی لە دێکەدا دەژیان و لەدایکبوونی باوکی جەمشیدیان لەیاد بوو، هاتن بۆ بەخێرهاتنی و لە نهێنی ئەو پەتەشیان پرسی کە سەرێکی بەردەوام بە دەست من یان سمایلەوە بوو. {بڕوانە:ل١٣} بەوپێیە بێت، هەموو خەڵکی گوند بە گەورەو منداڵییەوە، ئەوەیان زانیوە کە جەمشید پەتی لێبەستراوە، تا با نەیبات، هەروەك خۆیشی (بەلووت بەرزییەوە) بۆ ئەو چەند پیرەی لە دێیەکەدا هەبوون، ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: (ئەو پەتە بۆ ئەوەیە لە کاتی ڕەشەبادا نەفڕم و گەر گێژەڵوکەی گەورە هات بەڕێزمان با نەیبات){بڕوانە/ ل١٣} کەچی لە لاپەڕە (١٨)دا، مەسەلەی بابردنەکەی جەمشید (نەك فڕینەکەی جەمشید، وەك ڕۆماننووس لە چەند شوێنێکدا بابردن و فڕینی لێ تێکەڵ بووە)، وەك نهێنییەك باسی لێوە دەکرێت و نابێت کەس پێیانبزانێت، ئەوەتا وەك خۆی دەڵێت: (دەبێتە ئابڕوچوونێکی گەورە بۆ من و بۆ هەموو خانەدانانی تایەفەکەمان گەر ڕۆژێك لە جێگایەکی گشتیدا با بمبات.) {بڕوانە:ل١٨}.

کارەکە هەر بەوەندەوە ناوەستێت، بەڵکو ئەو پەتەی کە خەڵکی گوندەکە بینیان و پرسیاریان لەبارەوە کردو جەمشیدیش وەڵامی دانەوەو بۆی ڕوون کردنەوە لەوەی مەسەلەکە چییە، دەبێتە (کێشەی گەورەی ئەو سەرەتایەمان چۆنێتی و چەشنی گوریسەکان بوو. ئەو گوریسانەی دەبایە لە ڕۆژدا و بۆناو خەڵك بەکاریانبهێنین، گوریسی زۆر کورت بوون کە جەمشیدیان بە ئێمەوە دەنووسان، بەجۆرێك هەندێجار دەبایە وەك سیانەیەکی پێکەوەلکاو بڕۆیشتبابینایە تا خەڵك زۆر سەرنجی پەتەکەی نێوانمان نەدەن و بایەکی خێراش جەمشید لە دەستمان نەفڕێنێت. {بڕوانە:ل١٨} ئەرێ ئەمەیان ناوبنێین چی؟

١٦. لەلاپەڕە (٣٣)دا دەنووسێت: (پسپۆڕەکانی سوپا هەندێك جلی تایبەتیان بۆ مامم دەستەبەر کرد، کە ڕەنگیان لەگەڵ هەموو تۆنە جیاوازەکانی ڕەنگی ئاسماندا دەگونجا و

پەتی وەهایان بۆ هێنایین، ئـاویی و ڕوون بـوون و لـە هـەوادا نـەدەبینران). ئێمـە قبوڵمانـە، پەتێك ڕەنگی ئاویی بێت، نابینرێت، بەڵام ئاخر پـەتێکی ئـاویی کـە ڕوون بـوو، ئیـدی چۆن باوەڕ بە خۆمان بکەین، کە نایبینین؟ کەواتا ئەگەر سیفەتی (ڕوون و ڕوونـێتی)مـان خـستە پاڵ هەر شتێك، با پـەتێکی ئـاوییش بێـت، ئـەوا وەك (ڕۆژی ڕوون) بەرچـاومان ئەکـەوێت و ئەیبینین.

١٧. هەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە، خوێنەر تێـدەگات، کـە هەمیـشە هـەر (بـــا) جەمـشید دەبات، ئیدی چ پێویست دەکات باسی (هەوا)یش بکـەین و بڵـێین: "بـا سـرتەی نـەدەکرد و هـەوا هیـچی نەدەبزوانـد. {بڕوانـە:ل٣٢})، بەتایبـەتی ئەگـەر هـات و ئێمـە بـزانین (بـــا) و (هـــەوا) دوو شتی تەواو جیاوازن. ڕەنگـە ئـەو جیاوازییـەمان بـە عەرەبییەکـەی تـەواوتر بـۆ ڕوون بێتـەوە، ئەگـەر بـزانین (بـــا واتـا ریـــاح). بۆیـە (هـەوا) کـە هـی هەڵمژینـە، نـاتوانێ (جەمشید) لەگەڵ خۆیدا ببات، چما ناوهێنانی لەپای چی؟

١٨. بە وردی ئەم ڕستە لێکدراوە بخوێنەوە: (ئەو لە ئاسمانەوە چەندین شاری وێرانکـراوی ئێرانی بینـی، لەسـەرەوەڕا دەیـان هـەزار لاشـەی تێکـەڵاوی سـوپاکان کەوتنـە بـەردەمی.. {بڕوانە:ل٣٤}) تێدەگەین، لە ڕستەی یەکەمدا تێدەگەین، کە کاتێك جەمشید بەئاسمانـەوە بـووە، چـەندین شـاری وێرانکـراوی ئێرانـی بینیـوە، بـەڵام لـە ڕسـتەی دووەمـدا، لەڕێگـەی بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری (لەسەرەوەڕا)، ڕۆماننووس ئەوەمان پێـدەڵێت، کـە جەمـشیدخان لەکاتێکدا بەحەواوە بوو، هەرلەوکاتەشدا (لەسـەرێڕا)ی جەمـشیدەوە (کـە مەگـەر هـەر کـاك بـەختیار خـۆی بزانـێ چـەنێك بـەرز بـووە)، دەیـان هـەزار لاشـەی تێکـەڵاوی سـوپاکان کەوتوونەتە بەردەمی! وەك ئـەوەی جـەنگی هەشـت ساڵەی ئێـران–عێـراق، بەرەیـەکی لـە ئاسمانیشەوە دامەزرابێ و ئێمە پێمان نەزانیبێ!

١٩. لەلاپەڕە (٤٩)دا باس لـە (کـەمی بـژێوی و کـورتی زەخـیرە) دەکـات، بـەڵام لەپـەڕەی دواتـردا (سـێ مـانگ پـتر خـەریکی زەخیرەخـستن) دەبێـت، بێئـەوەی خـەمێکی (کـورتی زەخیرە) بخوات؟ بێگومان (کورتی زەخیرە)ش گرێیەکی تری بێمانایە و هـەر نەیخستایەتە ئەو ڕستەیەوە، بۆ هەموومان باشتر دەبوو.

٢٠. ئەو غەزەبەی کە چارەنووس بەسەر جەمشیدخانیدا هێناوە، هەر ئەوە نەبووە، کە (با) بردبێتـی و بـە ئـارەزووی خـۆی ئەمـسەرو ئەوسـەری پێکردبێـت، بـەڵکو وادەر ئەکـەوێت، کوردگوتـــەنی، تووکەڕیـــشی جەمـــشیدخان، (لـــەگووا بـــووبێ)، ئـــەوەتا ڕۆمـــاننووس دەنووسێت:"ئێوارانیش کە هەڵدەستاین جەمشید هـەردەم مـەزاجێکی خراپـی هـەبوو، کـەم قـسەی دەکـرد، زۆر لەبـەردەم ئاوێنـەی دەستـشۆرەکەدا دەوەسـتا، چـەند جارێـك ڕیـشی دەتاشی...)!! {بڕوانە:ل٩٩}





لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم، بەداخـەوە: لـەم ڕۆمانـەدا، هەرچـی پێگـە و شـوێن و ئاراسـتەی جوگرافی هەیە، بەشێوەیەکی وا تێکەڵ و پێکەڵ کراون، تەنانەت لەسـەر وردتـرین نەخـشەی جوگرافییش بۆمان نادۆزرێنەوە. بەختیار عەلی وەك چۆن لە کۆشکی باڵنـدە غەمگینەکانـدا (عیزرائیل و جوبرائیل)ی لێتێکچووبوو، لەمەشیاندا بەشێوەیەکی ئەوتۆ سامناك زاراوەکـانی (بـاکور و باشـوور و کرمـانجی و کـوردی بـاکور و کوردسـتان و بـاکوری عـیراق و کـەرکوك و..هتد)ی شێواندووە، گومانم هەیە لـەوەی بتـوانین بـە کۆمـەکی بەرنامەیـەکی وەك (گۆگـڵ ئیرس)یـش بتـوانین پێگـەی ڕاستەقینەی ئەوانـە لێکجیابکەینـەوە! بـۆ ئـەوەش بـەدەر لـە لاپــەڕەکانی (٤٠، ٤٦، ٩٧، ٩٦ و..تـد)، بڕوانـە ئەمـە، کـە دەڵێـت:"یەکـەمین فڕینـی لـە زیندانێکی تایبەت لە کەرکوکەوە دەست پێـدەکات و کاتەکەشـی شـەوێکی ساردی زسـتان دەبێت."{ل٤}، ئەنجا لە لاپەڕە (٦)دا، دەڵێت: (بایەك کە جەمشید لە باشورەوە بۆ بـاکور هەڵدەگرێت..). ماڵوێرانییەکە هەر لەوەدا نییە، کە ئەم بـرادەرە (کوردسـتان) بـە (بـاکوری عێراق) ناودەبات، بەڵکو لەوەدایە، (کەرکوك) بە (باشووری عێراق) دەزانێ؟

# کێ کتێبخانە بەناوبانگەکەی ئیسکەندەرییەی سووتاند؟

**و: پرۆفیسۆر: د. زەنون پریادی**

شاری (ئەسکەندەریە) لە میسر شارێکی دێرینی زۆر کۆنە لە سەردەمی فیرعەونیەکان و یۆنانییە کۆنەکاندا دامەزراوە. پێش هاتنی ئیسلام بۆ میسر لە سەردەمی خەلیفەی ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب) بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی یۆنان و پاش مێژووی زایینی ئاییی مەسیحی تیایدا بڵاو بووەتەوە.

شایانی باسە ئینسکلۆپیدیایەکی ئەمەریکی دەڵێت: شاری ئەسکەندەریە لە میسر ساڵی (۳۲۳)ی پێش زاین لەلایەن قوتابیەکانی ئەرستۆوە دامەزراوە. پاش کۆچی دوایی ئەسکەندەری گەورە واتە ئەسکەندەری مەکدۆنی. یەکێك لە قوماندارەکانی (ئەسکەندەر) بەناوی (پتۆلمی) کرایە حاکمی شارەکە و لە پاشان خۆی بە (شای) (ئەسکەندەریە) ناساند. کتێبخانەی ئەسکەندەریە لەمێژوودا زۆر بەناوبانگەو ژمارەیەکی زۆر لە کتێب و دەست نووسی دەگمەنی تیادا هەبوو بەچەشنێك یەکێك بوو لە عەنتیکەکانی جیهان. بەداخەوە لە کاتی داگیرکردنی میسر لەلایەن قومانداری ئیسلام عومەری کوڕی عاص کتێبخانەکە ئاگری تێ بەربوو.

ئایا کێ ئەم کتێبخانەیەی سووتاند؟؟





لەم بارەوە دوو ڕا هەیە: یەکەمیان ئیسلامەکان تاوانبار دەکات بەسووتاندنی کتێبخانەکە پاش داگیرکردنی میسر بە سەرۆکایەتی (عومەری کوڕی عاص). دووەمیان دەڵێت: ئەو سوپا داگیرکەرانەی لە یۆنانەوە هاتنە میسر سووتاندوویانە.

وادیارە کە کتێبخانەکە دوو سێ جار سووتاوە. یەکەم جار لەلایەن لەشکری شای ڕۆمان یۆلیۆس قەیسەر کە لەنێوان ساڵەکانی (١٠٢–٤٤ پ ز) ژیاوە. یۆلیۆس قەیسەر سەرۆکی ڕۆمان بوو خۆیشی زانا و فەیلەسووف بوو. بۆ وێنە ڕۆژنامەیەکی تایبەتی دامەزراند جگە لە خوێندنی بەرز لە بواری بیرکاری و فەلەکدا.

دووەمیان دەڵێت سوپای یۆلیۆس قەیسەر هێرشیان کردۆتە سەر شاری ئەسکەندەریە و کەشتیەکانی سوپاکە لە لێوار دەریاکە نزیك بە ئەسکەندەریە ئاگری تێبەربوو و لایەکی کتێبخانەکەی ئەسکەندەرییەی سووتاند. بەڵام بەشێکی کتێبخانەکە زیانی پێ نەکەوت. هەروەها دەڵێن گوایە یەکێك بەناوی (سترابۆن) سەردانی کتێبخانەکەی کردووە پاش سووتاندنەکە و نووسیویەتی کە کتێبخانەکە ڕێك و پێك بووە و زۆر زیانی پێ نەگەیشتووە. بەڵام وادیارە پاش ماوەیەك هەراو هوریایەك لە نێوان مەسیحییەکان و ئەوانی تردا ڕووی داوەو لە ئەنجامدا ئەوەی مابووەوە لە کتێبخانەکە بەتەواوی سووتاندوویانە.

لەلایەکی دیکەوە ئەوانەی ئیسلامەکان تاوانبار دەکەن بە سووتاندنی کتێبخانەکە پێویستە بزانن کە ئاییی ئیسلام ڕێزی زانست و زانیاری گرتووە. شایانی باسە ئەوانەی ئیسلام تاوانبار دەکەن بەم کارە ناشیرینە دەڵێن:

گوایە کە هەواڵی سووتاندنی کتێبخانەکەی ئەسکەندەریە بۆ عومەری کوڕی عاص دەبەن. فەرمانی داوە تەماشای کتێبەکان بکەن و ئەوەی لەگەڵ ڕەوشتی ئیسلامدایە با بپارێزرێت و ئەوەیشی ناگونجێت بسووتێنرێت. بەم جۆرە زۆربەی کتێبخانەکان جیاکرانەوە بۆ سووتاندن و دابەش کرانە سەر چوار هەزار چاڵی ئاگر بۆ سووتاندن. هەندێك دەڵێن شەش مانگی خایاند بۆ سووتاندنی ئەو هەموو کتێبانە.

بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسی ئەوروپایی ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی تر دەگێڕنەوە. بۆ وێنە مێژوونووسی بەریتانی (ئیدوارد گیبۆن) خاوەن کتێبی بەناوبانگ. "دەوڵەتی ڕۆمان لە پێکهاتنیەوە بۆ ڕوخانی" واتە "الدولة الرومانية منذ تأسيسها الى سقوطها" باسی سووتاندنی کتێبخانەکەی ئەسکەندەریە دەکات و دەڵێت: (من بڕوا بەو ڕووداوانە ناکەم!! هەروەها مێژوونووسی ئینگلیز (ئەلفرێد بەتلەر) نکۆڵی لەو ڕووداوە



دەکات وەلێ ئەوانەی دەڵێن کە (حنافلبیۆتوس) چووە بۆ لای عومەری کوڕی عاس لە کاتی سووتاندنی کتێبخانەکە هیچ راست نییە، چونکە (حنافلبیۆتوس) کە میسر داگیر کرا لە ژیاندا نەبوو. هەروەها دەڵێت ئەم هەڵبەستەیان بۆ ئیسلام رێك خستووە چونکە زۆربەی کتێبەکانی ئەو سەردەمە پەڕەکانی لە چەرم دروست کرابوون، چەرمیش وەکو کاغەز ناسووتێت!!

ئەگەر خەلیفە بیویستایە کتێبەکان بسووتێنێت بۆچی دەیانگواستەوە بۆ چاڵی ئاگر تەنانەت لە شوێنی خۆی ئاگری تێبەردەدان. دوای ئەوە ئەم چیرۆکە پاش سووتاندنی کتێبخانەکە بە (٥٠٠) ساڵ بەبێ بەڵگەنامە و سەرچاوە نووسراوە.! هەروەها دەڵێت: کتێبخانەکەی ئەسکەندەریە وەکو زانراوە لە ساڵی ٤٨ی زاین ڕوویداوە پاش ئەوە ئاژاوەو





شەڕ لەنێوان خێڵە مەسیحییەکان ڕوویداوە.

زانای خۆرهەڵاتزان (کازانۆڤە) دەڵێت ئەم چیرۆکەکە پاش رووداوەکەی ئەسکەندەریە بە (٦٠٠) ساڵ بڵاوبۆتەوە و رێگەی تێ ناچێت!! هەروەها دەڵێت ئەم چیرۆکە لە رێکخستنی (ابن القفتی)یە کە ئەویش لە خۆیەوە وەکو (ئەفسانە) گێڕاویەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە مێژوونووسی میسری بەناوبانگ (جرجی زیدان) لە بەرگی سێهەمی کتێبەکەی (مێژووی شارستانیەتی ئیسلام) دەڵێت: لە پێشا حیکایەتی سووتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەریە بڕوام پێی بوو، بەڵام پاشان هەڵگەڕایەوە و گوتی: سووتاندنی کتێبخانەکە لەلاین سوپای عومەری کوڕی عاص هەڵبەست نەبوو لەلایەن (ابو الفرج) چونکە هەواڵەکەی لە (ابن القفتی)یەوە بیستووە قازی هەموو قازیەکانی ئیسلام بوو و زانا بوو لە قورئان و فقه و نەحو و منتیق و ئەندازیاری و گەلێ زانیاری تر و خاوەن کتێبخانەیەکی گەورە و دەگمەن بووە.

لە کتێبەکەی (ابن القفتی) بەناونیشانی (أحیاء مصر من ابتدائها الی ایام صلاح الدین) و هەروەها لە کتێبەکەی تری بەناونیشانی (تراجم الحکماء) باسی مەسەلەی سووتاندنی کتێبخانەکە دەکات و دەڵێت: وادیارە کتێبە کۆنەکان ئیسلامەکانیان تاوانبار کردووە بەو کارەساتە، بەڵام دوای ئەوە بە چەند ساڵێك ئەم هەواڵەیان فەرامۆش کردووە.

سەرچاوە: **رضا عبدالحکیم** (مصیر مکتبه الاسکندریه القدیمه) **گۆڤاری (العربی)** ژمارە ٥٦٩ ساڵی ٢٠٠٦ لاپەڕە (١٦٨).



## ئەنتۆن چیخۆف

# ژیان جوانە

## (بۆ ئەو کەسانەی نیازی خۆکوشتنیان هەیە)

**لەفارسیەوە/ئازاد نەجم**

ژیان شتێکی تاڵ و بە ئازارە، بەڵام ئەگەر نیازی گۆڕینیت هەبێت کارێکی هێندە دژوارو ئەستەم نیە. بۆ ئەم کارەشت ئەوەندە بەس نیە کە دوسەد هەزار ڕۆبڵێکت بۆ دەرچێت یان میدالیای (هەڵۆی سپی) یت پێببەخشن یان لە گەڵ کچێکی جوانکیلەی دڵڕفێن زەماوەند بکەیت یان وەکو کەسێکی باش و دڵساف بناسرێیت و ناوو ناوبانگت چەندین ساڵان دەماودەم بکات . بێگومان ئەگەر بتوانی لە ژیاندا ئەمانە وەدەست بێنی،خراپ نیە، بەڵام هەمو ئەمانە شتێکن لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا ئەگەری نەمان و لە بەین چونیان هەیە و دەشێ لە چرکە ساتێکدا لە دەستیان بدەی.

بۆ ئەوەی ئیدی لەمەودوا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە لەو پەڕی نیگەرانی دایت، شادو بەختەوەر بژیت، دەبێ ئەم دو هەنگاوەی خوارەوە جێبەجێ بکەیت . یەکەم ڕازیبیت بەوەی کە هەتەو دووەم دەبێ باوەڕی تەواوت بە دەستەواژەی (لەوانەیە لەمەش خراپتر ڕوبدات ) هەبێت. ئەمەش هێندە کارێکی ئەستەم نیە.

کاتێ قوتوی کبریت لە گیرفانتدا گڕ دەگرێ، دڵ تەنگ مەبە و سوپاسی خودا بکە کە گیرفانت گەنجینەی باروت نەبوە. کاتێ کۆمەڵێك خزمی لێقەوماوو بێچارەت لە ڤێللا هاوینیەکەتتدا دێنە سەردانیت، نێو چاوانت گرژمەکەو شادو شوکربەو بڵێ زۆر سوپاس خودایە خزمان بەسەریاندا داوم نەك پۆلیس .

ئەگەر درکێك لە پەنجەت چەقی، برۆ سوپاسی خودا بکەو بڵێ چاك نەبو لە چاوم نەچەقی .

ئەگەر هاتو بینیت ژنەکەت یان خوشکی ژنەکەت لە بری گۆرانیەکی دڵڕفێن، خەریکی ڕاهێنانە لەسەر نۆتەکانی ئامێرێکی مۆزیك و کردویەتیە درینگە درینگ، دڵگیر مەبە ولە خۆشیان هەڵپەڕە چونکە گوێت لە موزیك بوە نەك لورەی چەقەڵ و مرو میاوی پشیلە .

برۆ سوپاسی خودا بکە کە نە ئەسپی ژێر باری، نەمیکرۆبی، نەکرمی (تریشین) ی،نە بەرازی و نەولاخی و نەمێشولەیت و نەورچی قەرەجە گەڕۆکەکانیت . برۆ هەڵپەڕە لە خۆشی ئەوەی کە نەشەلی، نەکوێری، نەکەڕی، نەلاڵی، نەتوشی نەخۆشی کۆلێرا بویتە .هەڵهەڵە لێدە لە خۆشی ئەوەی کە چاك نەبو ئیستا لە دادگا و لەنێو قەفەزی تاوانباران دانەنیشتویت و بەرامبەر داواکاری گشتی ڕانەوەستاویت و بۆ وەرگرتنی پاداشتی نوسینەکەت لەگەڵ کابرای بلاو کەرەوەدا لە بێنەو بەرەدا نیت .

ئەگەر ماڵت لە شوێنێکی دورەدەستە، بیر لەوە بکەوە بڵێ چاك نەبو ماڵم دوور تر نەبو .ئەگەر ددانێکت دێشێ، دڵت بەوە خۆشکە و بڵێ چاك نەبو کەهەموو ددانەکانم نەدێشان .ئەگەر بۆت دەکرێ گۆڤاری (شارۆمەند) نەخوێنیەوە یان لە سەر بەرمیلێکی زبڵی ماڵان دانەنیشتویت یان لەونێوەدا سێ ژنت نەهێناون، برۆ بۆخۆت تێر هەڵپەڕە. ئەوکاتەی کە دەتگرن و ڕاپێچی کەلانتەریت دەکەن، شاگەشکە بە لەخۆشیان، چونکە دڵنیایت و دەزانی بۆ کەلانتەرییت دەبەن نەك دۆزەخی سوتێنەر،کاتێ لەوێ بە قامچی کەوتونە سەرت، هەڵهەڵە لێدە لە خۆشی ئەوەی کە قامچیە نەك تەور .

ئەگەر ژنەکەت خیانەتت لێدەکات برۆ لەخۆشیان هەڵپەرەو بڵێ چاك نیە خیانەت لە من دەکات نەك لە نیشتیمان.

وقس علیهذا ...ئەی مرۆڤ ! گوێ لە پەند و ئامۆژگاریەکانم بگرە تا لەمەودوا ژیانت لێوانلێو بێت لە شادی و بەختەوەری.

کرمی تریشین/ کرمی نێو گۆشتی بەراز

سەرچاوە / مجموعه اثار چخوف / داستان کوتاه / ترجمه سروش استپانیان / انتشارات توس /چاپ چهارم / ۱۳۸۹

# شیعری نوێ، شیعری ئەمڕۆیە

**و: رزگار جەباری**

**(راوبۆچوونی شاعیری ئێرانی نادری نادرپوور لەسەر شیعری نوێی فارسی، لە پێشەکی کۆمەڵە شیعرەکانییەوە وەرگیراوە.)**

نەك تەنها مەودایەك لە نێوان شیعری کۆن و تازەدا نیە، بەڵکو شیعری نوێ درێژەپێدەری لۆجیکی شیعری کۆنە. دەستەیەك وایدەردەخەن کە ئەمڕۆ دوو جۆرە شیعر هەیە: شیعری نوێ و شیعری کلاسیك.

ئێمە دەڵێین جگە لە شیعری نوێ لەم سەردەمەدا شیعرێك بوونی نیە و ئەوەی لاساییەکی گاڵتەجاڕانەی مامۆستایانی دێرینە، نابێ شیعری ناو بنێین.

ئێمە هەمان ئەندازە کە رێز لە کاری مامۆستایانی گەورەی شیعر دەگرین و بەرهەمەکانیان بە رەسەن و هونەرمەندانە هەژمار دەکەین، بێزاریشین لە لاساییکەرەوە بێ مایەکان کە ناوەڕۆکی ئەو مەزنانە بە لاوازییەکی زۆر و کاڵییەکی فراوانەوە لەنێو هەمان چوارچێوە و وشەدا دادەرێژنەوە.

ئەمانە کۆمەڵە سکەسازێکی بەدبەختن کە تەمەنی خۆیان لەسەر لاسایی سکە زێرین و زیوینەکانی شیعری کۆن دەدۆڕێنن و هەرگیزیش توێشوویەك لەم رێڕەوەدا پاشەکەوت ناکەن.





ئەمانە چەشنی هەر ئەو کەسانەن کە لە سێرکەکاندا لاسایی کردنەوەی بەنبازەکان دەکەنە پیشەی خۆیان. لە کاتێکدا ئەوان بە لێهاتووییەکی زۆرەوە لەسەر تەنافەکە رێ دەکەن و دەسووڕێنەوە، ئەمانیش لەسەر زەوی و لەخوارەوە لاسایی هەمان رێکردن و جووڵە دەکەنەوە.

من نازانم چی ناسکییەکی تێدایە کە بۆ هەزار و چەندەمین جار ئەم هەموو ناوەڕۆك و بابەتە دووبارەبووەوانە کەلە سەرەتاوە لە کاری مامۆستایانی پێشین چۆڕیوە و بە باشترین شێوە خراوەتەروو، لە نێو چوارچێوەیەکی غەزەلی و چامەیەکی دەستکردی بڕێژنەوە و دەرخواردی خەڵکی ئە م سەردەمەی بدەن؟

شیعری کۆن مایەی رێز و مایەی سرووشی ئێمەیە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی ((خەلەف راستوێژ))ی شیعری کۆن ناوزەد دەکرێن و لەبەرامبەر شیعری نوێ واتە شیعری واقیعی ئەم سەردەمە قیت بوونەتەوە، ناتوانێت مایەی پەسەندی ئێمە بێت.

شاعیر دەبێت لە کۆمەڵگا پێشتر بچێت و کارەسات و تەنگوچەڵەمە کۆمەڵایەتییەکان، یان پێش روودانیان یان لانی کەم هاوکات بە روودانیان هەست پێ بکات. تاکو بتوانێت هونەرمەندێکی واقیعی بێت.

ئەم لاساییکەرەوانە نەك تەنها هاوشان بە رووداو و کارەساتەکانی سەردەمەکەیان هەنگاو هەڵناگرن، بەڵکو بە ساڵ و بە سەدە پاشتر لەم سەروبەندەدا رێ دەکەن.

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنها _شیعری نوێ_ دەتوانێت داخوازی مەعنەوی سەردەمی ئێمە دەستەبەر بکات و دیسانەوە شیعری نوێیە ئەمڕۆ دەتوانێت ناوی رەهای _شیعر_ وەربگرێت.

بەڵام ئەوەی ئێمە تازەی ناوزەد دەکەین، لەگەڵ ئەوەی دەستەیەکی دیکە بە تازەی دەزانن جیاوازی هەیە.

شیعری نوێ کە ئێمە باوەڕمان پێ هەیە، دەبێت خودان دوو رەهەندی بنچینەیی بێ:

١_دیدی تازە

٢_چنین ((دارشتن))ی تازە

زەرووڕەتی نووسینی شیعری نوێ ئەوە نیە، بۆ نموونە کەسێك خەریکی وەسف و شرۆڤەی بابەتێك بێ تاکو ئەمڕۆ وەسف نەکرابێ. بۆ نموونە کەسێك دەربارەی (ئەتۆم) یان (فڕۆکە) کە دوو بابەتی تازەن، شیعر بڵێت. بە پەتی بوونی بابەتەکە، ناتوانێت تازە بێت.

لەکاتێکدا ئەگەر کەسێك بابەتێکی کۆن و ئاسایی بە شێوازێکی تازە گوزارشتی لێ بکات، دەتوانێت بانگەشەی نوێخوازی و نوێگەری بکات.

دیدی تازە بریتیە لە هەست و تێگەیشتنی تازە لە شتەکان و بوونەوەران. بە دڵنیاییەوە سەرنجتان داوە کە کامێرای وێنە دەتوانێت لە ئاراستە و مەودای جۆراوجۆرەوە وێنە بگرێت و ئەم جۆراوجۆری و هەمەچەشنەییەی وێنەکان پەیوەندی بە گۆشەی دیدی وێنەگرەکەوە هەیە.

وێنەگرەکانی کۆن، لە چەند خاڵێکی سنووردار و لە مەوداگەلێکی تایبەتەوە، وێنەیان دەگرت و بەزاندنی ئەو سنوور و مەودایانە بۆ وێنەگرتن بەگونجاویان نەدەزانی. وێنەگرانی ئەمڕۆ گۆشەی دیدی خۆیان دەگۆڕن و گۆشەگەلێکی تازە لە سروشت و ژیان ئاشکرا دەکەن.

گوزارشتێکی باشتر، هەست و تێگەیشتنێکی تازەتریان لە شتەکان و بوونەوەران هەیە. کە زەرووڕەتی پەسەندکردنیان، گۆڕانکاری و گۆشەی دید و چێ کردنی وێنەگەلێکی داهێنانە و تازەیە.

ئەم نموونەیە لەهەمبەر شاعیریش راستە: ئەگەر شاعیرێك هەست و تێگەیشتنی تازەی لە خۆیدا هەبوو، ژیان و پاشکۆکانی _هەرچەندە کۆنە و یەکبینە بێت_ بە چاوێکی دیکە دەبینێت و ئەم دیدی تازەیە، رەنگی شیعرەکەی دەگۆڕێت. ئەگەر شاعیری ئەمڕۆ هەست و تێگەیشتنی تایبەتی هەبێت و هەموو شتێ بە چاویلکەی نەریتەباوەکان و پەیمانە ئەدەبییەکانەوە نەبینێت، مانگ بەو جۆرە نابینێت کە شاعیری کۆن تەماشای کردووە. مانگ لە پەیڤی شاعیری کۆندا بە روخساری خۆشەویست چوێندراوە. ئەمڕۆ لە نێو شیعری شاعیری سەردەمدا رەنگە سکەیەکی زێڕ یان بە دوورگەیەك لە نێوان ئاودا چوێندرابێت. یان بۆ نموونە زولفی خۆشەویست لە شیعری شاعیری کۆندا بە زنجیر و کۆت و بەند چوێندراوە. ئەمڕۆ بە دووکەڵێکی ناسك یان هەڵمێکی زێڕین دەچێت.

کاتێ هەست و تێگەیشتنی شاعیرێك تازە بوو، ناچار هێزی گوزارشت و تەنانەت جۆری لێکدان و وشەکانیش تازە دەبێت. ئەمەش بەو هۆیەوەیە کە هەر دۆخێکی تایبەتی دەروونی دەستەواژە و وشەی گونجاو لە زەینی شاعیردا دەووروژێنێ وچوارچێوەیەکی دروست و شایستەی خۆی دەدۆزێتەوە.

هەر بەم هۆیەوەیە کە ئەمڕۆ، شێوەی شیعر لە چامە و غەزەلەوە گۆڕاوە بۆ چوارپارچە و





پارچەی ناڕێك (نیوە دێڕی کورت و درێژ).

تێگەیشتن و هەستەکانی شاعیری ئەمڕۆ لە چوارچێوەی غەزەل و چامە ناگونجێن و هەلومەرجی دیکە دەخوازێت و ئەم هەلومەرجە دۆخی دەروونی شاعیر کە لەو کات و شوێنەدا بەرهەم هاتووە، دەخاتە بەردەستی. لێرەدا ئەم سێ شێوەیەی ژێرەوە دێتە ئاراوە:

١_ شاعیر، بابەتێکی تازە بە دیدێکی کۆن هەست پێ دەکات و دەریدەبڕێت. بۆ نموونە ((فڕۆکە)) هەر بەوچەشنە دەبینێت کە شاعیری سەدەی چوارەم (کۆچی) ((مەرکەبی هەوایی))ی بینیوە. ناچار هەر بەو وشە داهێزراوانە خەریکی وەسف کردنی بێت. بەڵگەنەویستە کە چنینی پەیڤی شاعیرێکی لەو جۆرە، تازە نابێت و نوێگەری بابەتەکەی رەنگی تازە بە شیعرەکەی نابەخشێت.

٢_ شاعیر، بابەتێکی کۆن بە دیدێکی تازەوە هەست پێدەکات و دەریدەبڕێت، لەم بارەدا چنینی پەیڤەکەی تازە دەبێت شیعرەکەیشی حاڵەتێکی تازە لە خوێنەردا دەووروژێنێ.

٣_ شاعیر، بابەتێکی تازە بە دیدێکی تازەوە هەست پێدەکات و دەریدەبڕێت. لەم حاڵەتەدا چنینی پەیڤەکەی تازە دەبێت، واتە وشە و گوزارشتەکانی شیعرەکەیشی پێ بەپێی هەستەکانی دەگۆڕێن.

لە هەموو ئەم بارانەدا چوارچێوە (واتە شێوەی شیعر کە شتێکی تەواو جیاوازە لە چنینەکەی) پەیوەندییەکی شاراوەی هەیە لەگەڵ ناواخندا (کە هەست و تێگەیشتن لەخۆدەگرێت و پێکەوە بە_ دید _ روانگە تەعبیر دەکرێت).

ئاماژە بەم خاڵە پێویستە کە تەنها تێکشکاندنی چوارچێوە کۆنەکان و کورت و درێژکردنەوەی دێڕەکان و بەیەکلاخستنی سەرواکان بەڵگەی تازەکردنەوە و نوێگەری نیە. هەر کەسێك شیعری بێ بەند و باری گوت، نابێت بە شاعیری نوێخواز بزانرێت.

گەلێ پارچەی بێ کێش و سەروای هاوچەرخانمان خوێندووەتەوە کە ناوەڕۆکیان جگە لە لاساییەکی گاڵتەجاڕانەی غەزەلەکان هیچی دیکە نەبووە و بێ مایەیی یان کەم سەلیقەیی هونەرەکانیان هۆکاری ئەم بێ بەند و باری و چوارچێوە شکاندنانەن. رەنگە ناواخن و ناوەڕۆکی ئەم پارچانەیان لە نێو چوارچێوەی غەزەلێکی جوان یان چامەیەکی کێشداردا بخستایە، گەلێ دڵپەسەنتر و کاریگەرتر بوونایە.



**ئەناتۆل فرانس**

# سەوزە فرۆش

**و: خالید حەمید**

هەموو ڕۆژێك گیرۆم كرانكبی سەوزە فرۆش، لەگەڵ دەركەوتنی یەكەم گزنگی بەیانیدا، تاوەكو بانگی شێوان، عارەبانە پڕ لەسەوزەكەی، بەهەموو كۆڵانەكانی شاردا دەگێڕاو هاواری دەكرد: سەوزە.. سەوزە.. وەرن بۆ تەماتە.. وەرن بۆ بیبەر.. وەرن بۆ گێزەر...

گەر ڕۆژێكیان سپێناغی پێبوایە، لەكۆڵانە هەژارەكاندا دەیگێڕا.. چونكە هەژارەكان حەزیان لەچێشتی سپێناغ دەكرد.. هاواری دەكرد: ورەن بۆ سپێناغ.. بۆ سپێناغی تازەو بەتام.. وەرن.

نیوەڕوانێكی گەرمی قرچەی هاوین، گیرۆم كزنكبی بەرەو مۆنمارتە بەرێكەوتبوو.. لەپڕ خاتوو بایار، كە بەفریشتەی ئێشكگر بەناوبانگبوو، لەبەردەم عارەبانەكەی وەستاو یەكسەر دەسكێك سپێناغی هەڵگرت و لێوی هەڵقرچاند و پێكەنی و وتی: گرنگیی ئەم سپێناغە





سیسە چییە هێناوتە.. تۆ هەر وەها شتی كۆن و بێكەڵك دەفرۆشیت... دە پێمان بێژە دەسكی بەچەندە؟!!.

– بایار خاتوون بە هەزار دینارە.. گوێ بگرە و بڕوابكە تازەیە و لەمەش باشترت دەست ناكەوێت.

بە فیزێكەوە سپێناغەكەی فڕێدایە سەر عارەبانەكە و وتی: ئا ئەم سپێناغە سیسە كۆنە بەهەزار دینار!! بۆ ئێمە ئەوەندە گەمژەین.. یان بە گێلم دەزانیت!!

ئا لەو بارودۆخەدا بوو، پۆلیسێك دارێكی كێشا بە عارەبانەكە و بەسەریا شیڕاندی: لێرە مەوەستە.. دەی دووربكەوە..

كرانكبی نزیكەی نیو سەدەیە، لە بەیانییەوە تاوەكو بانگی شێوان، لە كۆڵانەكانی ئەو شارەدا سەوزە دەفرۆشێت و خەڵكی خۆشیان دەوێت، هیچ بارگرانییەكی بۆ سەر كەس نییە، بۆیە خۆی نەشێواند و نەشڵەژا.. بارودۆخی لەم جۆرەشی زۆری بینیوە، كرانكبی دەیویست خاتوو بایار زوو سپێناغەكە بكڕێت، خاتوو بایار بە تووڕەییەوە قیژاندی: ئەرێ ئەوە چیت لێقەوماوە... دەلێمگەڕێ با بە ئارەزووی خۆم هەڵیبژێرم.. تێگەیشتی!!

خاتوو بایار هێدی هێدی و لەسەرخۆ دوو دەسك سپێناغی هەڵبژارد...

گوتی: دەبگرە.. نیوەكەی تری، وا دەڕۆم لە دوكانەكەوە دەیهێنم.

– دە باشە چاوەڕێت دەكەم.. باشە..

پۆلیسەكە سەرلەنوێ هاتەوەو زۆر بەتوندی پاڵی بە عارەبانەكەوە ناو قیڕاندی بەسەریا و عارەبانەكەی دایە بەر دار: ئەرێ كابرا خۆت بەچی دەزانیت؟ پێم نەگوتی دەبێت چۆڵی بكەیت و لێرە بڕۆی.. نازانیت ئەمە یاسایە و دەبێت گوێڕایەڵی بیت!

كرانكی وتی: بەقوربان.. چاوەڕێی ژنەكەم، هەركە پارەكەی بۆ هێنام، بەسەر چاوان ئێرە چۆڵ دەكەم و دەڕۆم.

پۆلیسەكە بەتووڕەییەوە وتی ئەز پێت نابێژم چاوەڕێی ژنەكە مەكە.. بەڵكو دبێژم لێرە مەوەستە و ئێرە چۆڵ بكە.. دەی فەرموو..

بەڵام خاتوو بایار لە دوكانەكەیدا، خەریكی فرۆشتنی پێڵاوێكی شینی منداڵانە بوو بەژنێك كە دەیویست بۆ كچەكەی بیكڕێت.

هەرچەندە کرانکبی خۆی لەگەڵ جۆرەها دیاردەدا گونجاندبوو، بەڵام زانی ئەمجارەیان جیاوازە، نەیدەزانی ئایا چاوەڕێی خاتوو بایار بکات و پارەکەی بداتێ، یان فەرمانی پۆلیسەکە جێبەجێ بکات. لەبەر ئەوەی کرانکبی شارەزای یاسا نەبوو، چونکە هێنانە دی مافی خودیی، لە مافی گشتی کۆمەڵایەتی رزگاری ناکات. بۆیە پۆلیسەکە هەڕەشەی لێکرد و بێسوود بوو، یەکسەر قۆڵبەستی کرد و ئا لەو بارودۆخەدا، خاتوو بایار هات و ویستی پارەکەی بداتێ، بەڵام پۆلیسەکە لەگەڵ خۆیدا بردی، بەپێی ئەوەی بەندکراو قەرزی بەسەر کەسەوە نییە، یەکسەر خاتوو بایار پارەکەی خستە گیرفانی خۆی، بەپێی یاسا بەند کراو قەرزی بەسەر کەسەوە نییە، بەچاو تروکاندنێك، خۆی لە بەشی پۆلیس بینییەوەو لە هەموو سەربەستییەك و ماڵ و حاڵی خۆی بێبەش بوو، وای دەزانی خۆر رووناکی خۆی لەدەستداوەو زەویش لەژێر پێیدا دەلەرزێ و ڕۆ دەچێتە خوارەوە، سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد و بەئاوازێکی خەماوی پچڕ پچڕەوە، وتی: ئەمە بۆ ئەز زۆرە..

شەوی لە پۆلیسخانە کردەوە و بەیانی زوو بەرەو بەندیخانەیان برد.

کرانکبی نە هەستی بە سووکایەتی دەکرد نە بە خەم و پەژارە و ناسۆری، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەندیخانەی بە شوێنێکی پێویست زانی، هەر کە تەماشای ژوورەکە و هەرچوار دیواری دەوروبەری خۆی کرد، لە پاك و خاوێنی شوێنەکە سەری سووڕما و لە دڵی خۆیدا وتی: "بەڕاستی چەند شوێنێکی پاك و خاوێنە، هەر بۆ ئەوە باشە، مرۆڤ لەسەر زەوییەکەی نانی خۆی بخوات" کە لای کردەوە، دەستی برد و کورسییەکەی تەنیشتی ڕاکێشیت، بەڵام لەبەر ئەوەی کورسییەکە بەدیوارەکەوە چەسپابوو، بۆیە بەچوار دەوری خۆیدا سووڕایەوەو هاواری کرد: بەڕاستی ئەمە بیرۆکەیەکی فرە خاسە و بەهیچ شێوەیەکیش، شتی وام بەبیردا نەدەهات.

سەوزەفرۆش، لە شوێنی خۆیدا چەقی بەست و حەپەساو لەنێو لێکدانەوەی جۆراو جۆردا مەلەی دەکرد، لەپڕ ئازاری تەنیایی پێکای و هەستی مەترسی لە دڵێوە دەرپەڕی و هەموو لەشی داگیرکرد، دەستێکی بە دەموچاویدا هێنا و لێی دانیشت و بیری لە عارەبانەکەو سەوزەکەی سەری دەکردەوە. سەریخستە سەر ئەژنۆی و وتی دەبێت عارەبانەکەمیان لەکوێ داناوە؟!





چیرۆکنووسی فەرەنگستانی (ئەناتۆل فرانس)، لە چەند دێرێکدا:

* لە ساڵی ١٨٤٤داو لە شاری پاریس لەدایکبووە.
* لە ساڵی ١٩٢٤ داو لە شاری تۆرین کۆچی دوایی کردووە.
* ناوی راستەقینەی خۆی ئەناتۆل فرانس، (فرانسوا تیبۆیە)ە.
* زۆربەی کتێبەکانی پاچڤەی سەر زمانانی جیهانی کراوە.
* کتێبەکانی بە گاڵتەجاڕییەکی بەرز و بەشێوازێکی نایاب و شیرین ئامێز بەناوبانگە.

سەرچاوە/ مجلة الهلال/ روائع القصص اغسطس ١٩٦١



ئیتالۆ کالڤینۆ

# کێ لە دەریادا مینی چاند؟

و: سلێمان دڵسۆز

بانگهێشت کراوەکان لە ڤێلای پۆمپۆنیۆی بانکەواندا، لە شانشین، قاوەیان دەخواردەوە. ژەنەراڵ ئامالاسونتا بە فنجان و کەوچکی چکۆڵە شەڕی سێیەمی جیهانی بۆ شەرح دەکردن. خانمی پۆمپۆنیۆ کە ژنێکی لەسەرخۆ بوو بە دەم بزەیەکەوە دەیگوت: "ئۆی کە سامناکە!"

تەنیا خانمی ئامالاسونتا کەمێك ترسی ڕێ نیشتبوو و هەقیشی بوو چونکە مێردەکەی ئازایانە و زۆر بە پەلە خوازیاری شەڕێکی هەمەلایەنە لە گشت بەرەکاندا بوو. خانم دەیگوت "هەر خوا بکەم زۆر نەخایەنێت..."

سترابۆنیۆی ڕۆژنامەنووس کە پیاوێکی دوودڵ بوو دەیگوت" باشە، خۆ من پێشبینی ئەوەم کردبوو، بیرت دێ جەناب؟ وتارەکەم ، هی پارەکە..."

"بەڵێ، بەڵێ." و پۆمپۆنیۆ سەری بۆ دەلەقاند یانیها لەبیریەتی، چونکە سترابۆنیۆ وتارەکەی دوای وتووێژ لەگەڵ ئەودا نووسیبوو.

پایەبەرز ئوچێللینی کە بەر لەوە نەیتوانیبو مەئموریەتە ئاشتیخوازانەکانی پاپ لە درێژەی





ئەو شەڕە ڕێلێنەگیراوە و دوای ئەویش، بە تەواوی ڕوون بکاتەوە گوتی:

"بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نابێ لەبیرمان بچێ کە...."

هەموویان بە نەرمونیانی گوتیان" وایە جەناب، هەڵبەت..."

پێیان خۆش نەبوو نارەحەتتری بکەن چونکە پۆمپۆنیۆ حەزی لە ژنی پایەبەرز دەکرد.

جاروبار کە پەردە ڕێڕێیەکە لادەچوو، دەریا وەدەر دەکەوت کە وەك پشیلەیەکی ماڵی خۆی لە کەنار هەڵدەسوو و بە دەم هەموو شنەیەکەوە سەری دادەنەواند.

خزمەتکارێك وەژورکەوت و پرسیاری کرد ئاخۆ گیانلەبەری ئاوییان دەوێن یان نا و گوتی پیرەپیاوێك بە سەبەتەیەك "تۆتیا" و "لیمپێت"ەوە هاتووە. باسەکە لە مەترسیی شەڕەوە هاتە سەر مەترسیی کەوتوویی، ژەنەڕاڵ باسی چەند حاڵەتێکی لە ئەفریقا کرد و سترابۆنیۆ، لەو حاڵەتانە دوا کە لە چیرۆکە ئەدەبییەکاندا تووشیان ببوو. پایەبەرز بۆ هەمووانی لە مل دەدا. پۆمپۆنیۆ کە سەری لە گیاندارانی ئاوی دەردەچوو، گوتی با پیرەپیاوەکە بهێننە ژوورەوە و بڕیار درا ئەو تێبگەڕێت.

پیرەپیاوەکە ناوی باچی دێلی سکۆلی بوو. لەگەڵ پێشخزمەتەکەدا لێیان بووە کێشە چونکە پێی ناخۆش بوو ئەو دەست لە سەبەتەکانی بدات، دوو سەبەتەی شڕی کەڕوو هەڵێناو. یەکیانی لە بن هەنگڵی نابوو کە هەر کە وەژوور کەوت، بە عەرزی دادا. سەبەتەکەی تر کە لەسەر شانی لەبەر قورسییان داخزابوو، بە ئەسپایی لە عەرزی دانا. سەری داپۆشیبوو و توورەکەیەکی بەسەر هەڵکێشابوو. باچی سەر و دەموچاوی کەوتبووە بن تووکی سپییەوە. بەڵام بەشێکی بچووکی دەموچاوی کە بە دەرەوە مابوو هێند سوور بوو کە دەتگوت بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە خۆر لە جیاتی ئەوەی ڕەشی بکا ئاوەکوڵی کردبوو و ئینجا دایماڵیبوو. چاوی وەك دوو کاسە خوێن وا بوون. وەك بڵێی ئاوی چاوی ببێت بە خوێ. بەژنی هێندەی کوڕیژگەیەك کورتیلە بوو، دەست و لاقی پڕ ماسوولکەی لە دڕاوایی ئەو بەرگە شڕەی لەبەریدا بوو وەدەردەکەوتن، لە ژێرەوە هیچی لەبەردا نەبوو. پێڵاوەکانی هێند پەڕپووت، لینگاولینگ و گرمۆڵە بوون بیرت بۆ ئەوە دەچوو لە دەریا ڕاوی کردبن. سەرتاپای گیانی بۆگنخی قەوزەی لێدەهات. خانمەکان دەیانگوت: "چ کەسێکی تایبەتە!"

باچی دێلی سکۆلی سەری سەبەتەکەی کردبۆوە و ئەو تۆتیا لەسەر یەك کەڵەکە بووانەی پێشان دەدان کە دڕکە ڕەش و بریقەدارەکانیان لێك دەخشان. بەو دەستە پیرەلۆکانەیەوە

کە پڕ بوون لە نووکە دڕکی ڕەشی تۆتیا وای سەروبن دەکردن دەتگوت کەروێشکان بە گوێیان هەڵدەکێشیێ. وەریدەگێڕان و گۆشتە سوور و نەرمەکانی نیشانی بانگهێشت کراوەکان دەدان. نایلونێکی لەبن تۆتیاکان ڕاخستبوو و بن نایلۆنەکەش پڕ بوو لە لیمپێت، بە لەشی تەخت و ڕێڕیێ و، زەرد و قاوەییەوە.

پۆمپۆنیۆ تێکی وەردەدان و بۆنی پێوە دەکردن: "ئەوانەت خۆ لای خۆتان، لە زەلکاوەکانتان نەگرتوون، ها؟"

باچی لەنێو کۆڵێك ریش و پەشمەوە بزەیەکی هاتیێ: "ها؟ نا کاکی خۆم، من لە بەستێنیێ دەژیم، ئەنگۆ لێرە زەلکاوو هەن. مەلەشی تێدا دەکەن..."

بانگهێشت کراوەکان باسەکەیان گۆڕی. هەندێکیان تۆتیا و لیمپێت کڕی و باچییان ڕاسپارد لەمەودوا لەو شتانەیان بۆ بێنیێ. بانگهێشت کراوەکانی دیکەش سەر و کارت ڤیزیتی خۆیان دایە بۆئەوەی سەر لە ڤێلای ئەوانیش هەڵێنێت.

پرسیان: "لەو سەبەتەی دیکەتدا چیت پێیە؟"

پیرەپیاوەکە چاوێکی داگرت و گوتی: "ئەها، لەوێدا جانەوەرێکی ئاسنم پێیە. جانەوەرێك کە نایفرۆشم."

ـ ئەدی چی لێدەکەیت؟ دەیخۆیت؟

ـ بیخۆم؟ جانەوەرێکی ئاسنە... دەبیێ خاوەنەکەی وەبینم و وێی بدەمەوە با بۆخۆشی بڕێکی ئاگا لێبیێ. خراپ دەڵێم؟

لە قسەکانی تێنەدەگەیشتن.

ڕوونی کردەوە: "دەزانن چییە، ئەو شتانەی دەریا ڕایاندەداتە قەراغ، ئەمن دابەشیان دەکەم. لە لایەکەوە قدوولکەی تەنەکە دێن لە لایەکی دیکەڕا ئێسقان. کەچی، لە ناکاو ئەو سەگبابخێوە چنگ من دەکەویێ. دەی چی لیێ بکەم؟ چاوم لێبوو لە ناو دەریادا دەهاتە پێشیێ. نیوێکی لە بن ئاودا بوو و نیوێکی لە سەر ئاویێ. قەوزە دایپۆشیبوو و ژەنگی گرتبوو. ئەمن سەرم سوڕماوە، باشە ئەو سەگبابخێوانە بۆچی دەخەنە ئاوێوە؟ بۆخۆو پێو خۆشە لە بن قەرەوێڵە یان لە ناو کومێد وەیانبینن؟ ئەمن گرتمەوە و ئێستێش بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێم کە ئەوانە دادەنێتەوە تا پێی بڵێم: پیاوەتی بکە و با تۆزێکیش لای تۆ بیێ!"

ئەوەی گوت و سووکێکی خۆی گەیاندە سەبەتەکە، گرێی ئەو کیسەیەی کردەوە کە لە





زارکی سەبەتەکەی بەستبوو و شتێکی زلی سامناك و ئاسنی خستە بەر دیدەی هەمووان. خانمەکان سەرەتا نەیانزانی چییە بەڵام کاتیێ ژەنەڕاڵ ئامالاسونتا نەڕاندی: "مین!" ئەوان لە زیڕژنیان دا. خانمی پۆمپۆنیۆ بوورایەوە.

هەموویان سەریان لێشێوا. یەکێك خانمی باوەشێن دەکرد، یەك دڵخۆشی دەدانەوە کە: "حەتمەن پووچەڵە، ئەویش پاش ئەو هەموو ساڵە کە لە ئاودا بووە..." یەکیش دەیگوت: "دەبیێ لێرە لاببرێت، دەبیێ ئەو پیرەپیاوە بگیرێت." بەڵام لەو چرتان پرتانەدا پیرەپیاو بە خۆ و سەبەتە سامناکەکەیەوە بزر ببوو.

خانەخویێ، هەرای پێشخزمەتی کرد:" نەتاندی کێوە چوو؟" کەسیان لەوە دڵنیا نەبوون پیرەپیاو ماڵەکەی جێهێشتبێت. "ئەم ماڵە هەموو سەنگ و سووژن دەن، کۆمێد و قەرەوێڵەکان، عەمبارییەکە وەدەربنێن!"

ئامالاسونتا کە ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو لە ناکاو قریشکاندی: "هەر بابایە و فریای خۆی کەویێ، ئەو ماڵە لە خەتەرایە. هەمووتان بۆ دەرەوە!"

پۆمپۆنیۆ لیێ وەدەنگ هات: "بۆ هەر ماڵی من ژەنەڕاڵ؟ ئەی ماڵی خۆت؟ بڕۆ خەمی ماڵی خۆتت بێت!"

سترابۆنیۆ کە وتارەکانی دوێنیێ و ئەمڕۆی خۆی بیر کەوتبوونەوە گوتی:" منیش دەبێت بڕۆم هۆشم بەسەر ماڵی خۆمانەوە بێت..."

خانمی پۆمپۆنیۆ کە بە هۆش هاتبۆوە خۆی بە ملی مێردەکەیەوە هەڵڕوسکاندبوو و دەیقیژاند: "پیترۆ!"

خانمی ئۆچێللینی کە ئەویش بە باوەشی پۆمپۆنیۆوە هەڵڕوسکابوو و خۆی لەتەك هاوسەرە شەرعییەکەی پۆمپۆنیۆ دەخافڵاند زریکاندی: "پییەرینۆ!"

پایەبەرز ئۆچێللینی کە هاوسەرەکەی بەو شێوەیە بینی گوتی: "لوویزا! با بڕۆینەوە!"

پێیان گوت: "پێتان وا نەبیێ ماڵی ئێوە لە ماڵی خەڵکی ئەمنترە! بەو سیاسەتەی حیزبەکەتان گرتوویەتە بەر، ئێوەش لە ئێمە زیاتر مەترسیتان لەسەرە!"

ئۆچێللینی بیرێکی نایابی بە مێشکیدا هات: "پۆلیس ئاگادار دەکەینەوە!"

پۆلیس لە سەرانسەری شاری سەر کەناردا بە دوای پیرەپیاوێکدا دەگەڕا کە مینێکی پێبوو. لە ڤێلای پۆمپۆنیۆی سەرمایەدار و ژەنەڕاڵ ئامالاسونتا و سترابۆنیۆی ڕۆژنامەنووس و

جەنابی ئۆچێللینی و ئەوانی دیکەدا، سەربازی پرچەک کرانە پاسەوان و تاقمی پووچەڵکردنەوەی مین، لە ژێرزەمینەوە تا سەربانی ڤێلاکانی پشکنین. بانگێشت کراوەکانی ڤێلای پۆمپۆنیۆ خۆیان ئامادە کرد تا ئەو شەوە لە دەرەوی ماڵەکانیان ئێشک بگرن.

لەو کەس بە کەسەدا، قاچاخچییەک بە ناوی گریمپانتێ کە لە سایەی برادەرەکانییەوە ئاگای لە هەموو شتێک بوو، بۆخۆی کەوتە پێوشوێنی باچی دێلی سکۆلییەوە. گریمپانتێ پیاوێکی چوارشانە بوو و کڵاوێکی قوماشی سپی لەسەر دەنا. گشت سات و سەودای مەشکووک لە دەریا و کەناردا لەژێر چاوەدێریی ئەودا بە ئەنجام دەگەیشت. دوای گەڕان بە ناو چەند مەیخانەیەکی گەڕەکی کازێ ڤێکییەدا، گریمپانتێ خۆی لەبەر دەم باچیدا دیتەوە کە بە سەرخۆشی و سەبەتە مەتەڵئامێزەکەی لەسەر شان دەهاتە دەرەوە.

فەرمووی کردە مەیخانەی ئۆرکیا مۆتزاتا پێکەوە پێکێک هەڵدەن. کە گلاسەکانی پڕ دەکردن، دەستی کردە شەرحدانی پلانەکەی خۆی بۆی.

دەیگوت: "کەڵکی چی هەیە مینەکە بگەیەنیەوە دەست خاوەنی، بەهەر شێوەیەک بێ هەر بۆی برەخسێ مینەکە لەو شوێنە دادەنێتەوە کە تۆ هەڵتگرتۆتەوە. بە قسەی من بکەی، هێند ماسییان دەگرین هەموو بازاڕی کەناری لێ پڕ دەکەین و بە چەند ڕۆژ دەبینە ملیۆنێر." لە بیرمان نەچێ منداڵێکی تۆقە بە ناوی زێفرینۆ کە دەمی لە هەموو شتێک دەهێنا پێش، تا مەیخانەی ئۆرکیا مۆتزاتا کەوتبووە شوێنیان و لە ژێر مێزەکەیان خۆی مات کردبوو. هەر خێرا لە مەبەستی گریمپانتێ گەیشت و بە غار دەرپەڕی تا ئەو هەواڵە لە نێو هەژارەکانی کازێ ڤێکییەدا بڵاو بکاتەوە:

"حەزتان لێیە ئەمڕۆ گۆشتی سوورەوەکراو بخۆن؟"

لە پەنجەرەی خوارو خێچ و تەسکەوە، ژنانی لاواز و سەرقرژن و منداڵ بە باوەش، پیری گوێ بە بیستۆک(سەمعەک) و ژنی مەکردار کە ڕەنگی گیایان سپی دەکردن و لاوانی بێکار کە ریشیان دەتاشی سەریان وەدەر نا.

ـ چلۆن؟ چلۆن؟

زێفرینۆ گوتی: "بێ خشپە و هەرا وەدوام کەون."

گریمپانتێ سەرێکی لە ماڵێ دایەوە و بە خۆی و سندووقێکی کەمانچەوە گەڕایەوە. ڕێگای قەراغ دەریایان گرتەبەر. لە پشت سەریانەوە، بە پێدزە، هەژارانی کازێ ڤێکییە دەهاتن. ژنانی تاوە بەدەست کە هێشتا بەروانکەیان پێوە بوون، پیری سەقەت لە ناو کورسی





چەرخدا، لاق پەڕپیوەکان بە شەقەی بن هەنگڵیانەوە و ڕەوەدەیەک منداڵ لە دەوروبەری ئەم ئاپۆڕایەوە دەهاتنە پێش.

گریمپانتێ و باچی کاتێ گەیشتنە تاشەبەردەکانی کەنار، مینەکەیان خستە دەریاوە و سپاردیانە دەست ئەو نەرمە شەپۆلەی کە بەرەو قووڵایی دەریا دەبزووت. گریمپانتێ لە سندووقی کەمانچەکەوە، یەکێک لەو شتانەی کە مرۆڤان دەکوژێ و دەیانداتە بەر دەسڕێژ دەرهێنا و لە پشت تەختە بەردێک دامەزرا. سێرەی لە مینەکە گرت و دەسڕێژی کرد. گوللەکان لەسەر ئاوەکە نافوورەی چکۆڵەیان دروست دەکردن. هەژاران، لەسەر جادەی کەنار، لە سەر زگ ڕاکشابوون و توند گوێیان گرتبوون.

لە ناکاو کۆڵەکەیەکی زەبەلاحی ئاو، ڕێک لەو شوێنەی کە مینەکەی لێبوو، هەڵکشا. شووشەی ڤێلاکان تێکخرمان. شەپۆل گەیشتە سەر جادە. کە ئاوی دەریا گەڕایەوە شوێنی خۆی، وردە وردە بەرزگی سپیی ماسییان لە سەر ئاو دەرکەوتن. گریمپانتێ و باچی تازە دەستیان بۆ تۆڕێکی گەورە بردبوو کە کەوتنە بەر سێڵاوی ئەو خەڵکەی بەرەو دەریا هوروژمیان هێنا. هەژارەکان بە بەرگەوە خۆیان بە ئاودادا. یەکێک کەوشەکانی بەدەستەوە بوون، یەک دەلینگی هەڵکردبوو، داوێنی ژنەکانیش بە شێوەی بازنەیی ڕەسەر ئاو کەتبوون: هەموو داهاتبوونەوە و ماسیی قرپوویان دەگرتنەوە. هەبوو بە دەستان دەیگرتەوە، هەبوو بە کڵاو، هەبوو بە پێڵاو، هەبوو لە گیرفانی دەنان و هەشبوو دەیخستنە جانتاوە. منداڵەکان لە هەمووان ئازاتر بوون بەڵام پێک هەڵنەدەپرژان چونکە ڕێک کەوتبوون وەک یەک لە نێو خۆیان دابەشیان بکەن. بێ لەوە، زەینی پیرەکانیشیان بوو یارمەتییان بدەن، چونکە ئەوان جار هەبوو هەڵدەخلیسکان و بە ریشی پڕ لە قەوزە و قرژاڵی بچووکەوە، لە ئاو دەهاتنەوە دەر. لە هەموان بەختەوەرتر، ئەو ژنانە بوون کە چارۆکەیان لەسەر ئاوێ پان ڕاکردبوون و دەریایان گسک دەدا. لە کەناردا، بە چرپی و قەوزەی وشک ئاگر دەکرانەوە و تاوە دەهاتنە دەرێ. هەریەکەو بتڵێکی بچووکی ڕۆنیان لە گیرفانی دەرهێنا و وردە وردە بۆنی ماسیی سوورەوەکراو بڵاو بۆوە. گریمپانتێ بۆی دەرچوو هەتا بە خۆی و چەکەکەی دەستییەوە نەکەوێتە داوی پۆلیسەوە... بەڵام باچی دێلی سکۆلی بەو ماسی و قرژاڵ و مەیگۆیانەوە کە لە هەموو دڕاوایییەکی جلوبەرگیەوە سەریان وەدەر نابوو لە نێو ئاپۆڕاکەدا بوو و لە خۆشیان قاشە ماسییەکی بە کاڵ و نەکوڵیوی دەخوارد.

# مردنی سپی

## هێمن عومەر خۆشناو

هێشتا دەکرێ بڵێم کە بەیانی دانەهاتووە، خەریکم سەیری بارینی بەفر دەکەم وەك ئەوەی پارچە پەڕۆ بن بەسەرماندا ببارێن، ئەم کلۆ بەفرانە چەند ئاواتیانە لە ڕێگادا بەیەك بگەن‌و ژوان ببەستن، بۆنی یەکتر دەکەن، شان لە شانی یەکتر دەخشێنن، لێك زیز دەبن، با دەیانهێنێ‌و دەیانبا، بەڵام تا نەگەنە سەر زەوی ئاوێزانی یەکتر نابن. نازانم بۆ ئەو تەزووە خۆشەم بە لەشدا دەهات، پێدەچوو تازە بەفر بوو لەم ساڵدا یان خۆشم نازانم، لەشم هەمووی ختووکە دەدرێ، هەستم دنەم دەدات، گیانم دەکەوێتە خرپەو جۆش و تەزووی خۆشی تەواوی گیانم دادەگرێ.

ئەو چارەگەی دوایی شەوێ خەوم لێ هەڕما، لەخۆشی بەفر، لە سەرمای تازەو لە دیمەنی بەر تاریکایی. هێند جوان بوو نەمدەزانی کە بەیانیش دابێت دیمەنی بەفر تەواو سەرسامم دەکات، سپێدێ کە سیپاڵی سپیایەتی ڕۆژ ختووکەی داو شەو بە غەمگینی باری تێکنا، هەستامەوە تەماشای دیمەنی بەفر بزواندمی و بەقەد بستێك، بەفر لەسەر لق و کەدی دارەکان هەڵستابوو. تەواو دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش بوو، شەپلاڕۆخەکەم[1] دەستدایێ و بەر هەیوان و دەرگای ماڵەوەم ماشت، کۆرە ڕێی پێش ماڵان کە بەفری کەوتبووە سەر بە





ئاستەم دەناسرایەوە، نازانم چی وای کرد بڕۆم و پێ بە پێ حەزم دەکرد بەفرەکە بشکێنم. هەنگاوەکانم زۆر لە بن یەك و بۆڕ دەهاویشتن تا هەرچی زوو ڕۆحی بەفر بپەستمەوە، چەند گوناهە ئەنفال‌و قرکردنی بەفر، کە پێی لەسەریان دادەگری، ڕۆحیان دەفیچێتەوە، هەناویان دەتەقێتەوەو بە هێواشی زیندە بە عارد دەکرێن.

دونیا کش و مات، جگە لە جریوە جریوەی چۆلەکە و دمك دمکانەکانیان‌و قوقوی کەڵەشێر، هیچی ترم نەدەبیست، ناو بە ناویش بۆڕەی ڕەشەوڵاغێك و زەڕەی کەرێك هۆشی دەبزواندمەوە. کە پێم دادەنا وەك بڵێی نەرماییەك بپەستمەوە، پێ لە ڕۆحێکی شل‌و خاو بنێم، ئاوێکی کەم لە بنەوەی بەفر دەنگی لێوە دەهات، هەتا گەیشتمە دەرگاکە، بەفر وا چەسپاوی کردبوو ئەگەر خۆی نەکرابایەوە زەحمەت بوو لە ڕێسمە ببردرێ. بیرم کردەوە دەرگای مزگەوت هەمیشە کراوەیە دەنا ئەو پیرەمێردە قور وەسەرە، بەخۆیی و کەم ئەندامییەکەی خۆی نەدەلوا ئاوا لەناو بەفردا بلەنگێتەوە. ئاوڕێك دەدەمە دواوە شوێنەکەم بەرزە تەواوی خانووی ئەو ماڵانە هۆدەیەك یان دوانیان ڕەشایی و دەوری کووانوەکەی سۆبەی دارانیان دووکەڵی لێهەڵدەستێ. لە بەرامبەر دەرگاکەی دەوەستم، زەردابییەك بەقەد دوو بست و نیو ڕەنگی بەفرەکەی گۆڕیووە. گومانی ئەوە دەبەم میزی ئەو بێت، دەبێ بەم بەیانییە ڕشتبێتی. بێ ئەوەی دەنگ و نووزەی ببیستم لەخۆوە نازانم بۆ ئەوە دێتە خەیاڵم بە نەزمێکی غەمگینەوە سەرم نزیك دەرگاکەی دەکەمەوەو دێمە گۆ: مام پیرۆ خۆت ئامادە بکە من عیزرائیلم، هاتووم ڕۆحت بکێشم، سێ جاران دەڵێمەوە. هیچ وەڵامێکم نابیستم، ڕەنگبێ بترسێ نەوێری نوقە بکا. چەند خولەکێك ڕادەمێنم، ناهەقی نییە بەم بەیانییە زووەو بەم سەرماو سۆڵەیە، ئاخر مەرگیش دەرگاو دووڕیانێکە دەبێ پێیدا تێپەڕین. من ڕادەچڵەکێم بەدەست خۆم نییە دەترسێم، خۆ بەفری سەر دارقەیسییەکە چەند بە بێ دەنگی‌و بەبێ شەرمی تەماشام دەکا، ترس لە سپی‌و پاکیی بەفر، لە جریو جریووی شەڕی چۆلەکەکان تەواوی گیانم دەکەوێتە لەرزین، لە شوێنی خۆم دەگەڕێمەوە. دەچمەوە پێش ماڵ. دایکم لەبەر دەرگاوەیە، دان دەداتە مریشکەکان، سەرسام دەبێ کە من دەبینێ، شەپلاڕۆخەکە لە بنمیچی دەرگاوە داندراوە، پێش ئەوەی دایکم قسە بکا دەڵێم دایە دەچم بەفری سەربان دەماڵم.

جارێك بەفرماڵەکە بەسەر بەفرەکە دادێنم هەست دەکەم دەستم تەواو سڕ بوون خۆم ڕێك دێنم، ددانەکانم لەیەك گیرو لەپی دەستم لەیەك دەخشێنم، دادم نادا ئاوڕ بۆ دواوەم



دەدەمەوە، لوولەی بۆرییە سۆبەکە ئاگری لێ هەڵدەستێ دەستم لەبەر تینی گەرماکە دادەنێم، تومەز لەگۆ چوون ئازاریان زیاتر دەبێ، دێمەوە ژوور لەتاو ئازارم فرمێسکم لەچاو دێنە خوار، خودایە رقی گەرمی بەفر بۆ ئاوا ساردە، رەنگی سپی بەفر بۆ وا رۆح رەشە؟!
دەچمەوە بن نوێنەکەم خۆم ڕێك دێنم دوای ماوەیەك دایکم نان تێدەکات، بانگم دەکا .. من پێدەچێ لە ژووری مام پیرۆ و لە هەیوانی مزگەوت بەم بەیانییە ترسابم ، ترسەکە تا دێ پتر دەبێ وەختە بڵێم دایە هێندێك ڕەژوو و ترس دەرکردن. نانەکەم بۆ ناخورێ، هێڵێنجم دێ، دایکم خۆیم بە قوربان دەکا، زۆرم لەگەڵ دەکا بێ سوودە، من جگە لە ترسەکە، نیگەرانم.
خۆشم نازانم نیگەرانییەکەم لە چیدایە، لە خۆوە بێتاقەتی ڕووی تێ کردووم، دڵم بەتوندی لێ دەدا ناتوانم هۆکاری ترس و دڕکاندنەکەشی بدرکێنم.
لە مزگەوتەوە بانگ ڕادەهێشترێ: هەڕوونە سەر قەبران مسوڵمانێك مردوە ڕەحمەتتان لێ بێ. من گومانم بۆ کاکیلە دەچێ، ئەو بریندارێك بوو برینەکەی فرە سەخت بوو، خۆم دەپێچمەوە، بە کوتەکەکە پێش خۆم و ڕێگاکەم دەکوتمەوە، بەفر و سایەقەیەکی گەلێك ساردە، دەگەمە یەك دوو کەس ئەوانیش بۆ سەر قەبران دەچن. من یەکەم جارە بەبێ زانینی کەسی مردوو ملم بۆ سەر قەبران ناوە، ئەوان دێنە پێش لێیان دەپرسم، موچڕکم پێدا دێ لەرز دەمگرێ، دەترسم هۆکاری مردنەکەی من بم، لێیان دەپرسم بەچی مردووە،





ئەوان دەڵێن ئەم بەیانییە کە سەربانی مزگەوتیان ماشیوە، تەماشایان کردووە لەش ساردو سڕ لەسەر جێگایەکەی بۆ تا هەتایە دڵی وەستاوە، دڵم دەخێورێتەوە، قەڵەمی دەستو پێیانم دەشکێ، لە شوێنی خۆم لەناو بەفرەکە لەسەر چیچکان دادەنیشم، ئەوان بەرەو قەبرستان دەچن، منیش لێیان رادەمێنم، لە نێوان منو ئەواندا دونیایەك خەیاڵ هەیە، ئەوان یەك یەك و دوو دوو دەڕۆن، لەنێوان منو قەبرستاندا لەپێش چاوو خەیاڵمدا دونیایەکی سپی، رۆحی مام پیرۆ سوور سوور دێتو دەچێ، سوورێك تامی مردنو رەنگی مردنی لە بەفرێکی سپیدا لەخۆدا هەڵگرتووە. بەفرێك بۆنی سپی مردنێکی سپی لە هەناوی زەوییەکی سوورو رەشدا هێناوە. هەموو ئەو شەپلارۆخو بەفرماڵانەی بە زەویماندا هێنان، مردنێکی سپی وەك بەفریان ختووکەدا.

کاوانیان–شەقلاوە
سەرەتای زستانی ۲۰۰۸



سەلمان شێخ بزێنی

# مەرز

تەمێکی خەست مەرزەکەی جێدەهێشت و بە لوتکە بەرزەکانەوە دەئالاً، خوناوی شەویٚ گیا و گۆلّی تەڕکردبو،دلّۆپـەی سـەرگەلاًکان لەبـەر گزنگـی خـۆرا.. چـەند ڕەنگێکـی دەنوانـد . سەرکار بە پیالّە چاکەی دەستێوە بۆنوختەی چاودێریەکە سەردەکەوێو فەرمانی کردنەوەی مەرزەکەئەدا، دوربینەکەی بەپێش چاوی دەگـریٚ و لـەو بـەر دەڕوانـیٚ .. چـەند ماشـێنێکی دەولّەتی بەپاسەوانی تایبەتەوە ڕاوەستاون، بەبیری دێتەوە دوێنیٚ شتێکیان بەگوێیداوە ! بۆماوەیەك هەلّوەستە دەکا، شتەکان هەروەك خـۆی دەبینـیٚ، خەریکـە بـاوەڕ دەکـا، دێتـە خوارەوە بۆلای بەڕێوەبەر هەلّدەکوتیٚ، پیٚ تەڕەکەی لەبەرانبەر بەڕێوەبـەر بـەزەویا ئـەدا و سلاّوی لێدەکا، بەڕێوەبەر کەمژوّلّی دەمو دو بو لەگەلّ میوانەکەی، بەنێو چەوانێکی گرژەوە لە بالاّی دەڕوانی و دەست هەلّدەبڕیٚ تا قسان بکات، سەر کار چاوێك لە پاوپلی خۆی دەکـا و دەلّیٚ:" ببورە گەورەم.. لەوبـەرەوە چـەند ماشـێنێکی دەولّـەتی بەپاسـەوانی تایبەتـەوە چاوەڕوانن، لەبەیانیەوە کەس بۆئەمبەر نەپەڕیوەتەوە، لـەکاتێکا چـون بـۆ ئەوبـەر گرفتێـك نیە، گەورەم .. دەلّێن حوسێن پاشا لە مەرزەکەی ئێمەوە دەپەڕێتەوە.."لـەژێرەوە نیگـای میوانەکە دەکا و دەلّیٚ:" چەند کەسێکیش ناردراون تا ئاسان کاری بۆبکەن .!" بەڕێوەبەر





بزەیەکی دەستکرد دەخاتە سەر لێوی و دەلّیٚ: "ئێمە حوسێن پاشایەکمان نیـە تـا لێـرەوە بپە ڕێتـەوە" بەپـشتە دەسـتی ئامـاژە دەکـات بـچێتە دەرەوە، سـەرکار دێتـە دەرەوە و دەبـۆلّێنیٚ، کـزە بایـەکی سـارد تـازە هـەلّی کردبـوو، شـپرزەی دەکـا، دەسـتەکانی لـەژێر پالّتۆکەی دەنیٚ، لەبەر خۆیەوە دەلّیٚ:" دلّنیام ئەو ئەمڕۆ بە مەرزەکـەی ئێمـەدا ڕەتـدەبیٚ، دەبێـت لەمبارەیـەوە ڕاپۆرتیـك بـۆ سـەروتر ئامـادە بکـەم، نیـشانی ئـەدەم کـە چـەندە دلّ سۆزانە ئەرکەکانم ئەنجام دەدەم و چی دەچنمەوە.!" لەنوختەکـەی خۆیـەوە دوربینەکـەی ئەداتـەوە بەرچـاوی، جموجۆلّـەکان زیـاتر بوونـە، دواتـر بـۆلای ولاّت دەڕوانـیٚ و چـاوەڕوان دەبێت، ماشێنێك لەدور ڕا کەسێك دادە بەزێنیٚ، چاکەتێکی شـین و پـانتۆلّێکی خۆلّەمێـشی لەبەردایە، کلاّوە خاکیەکەی تابـان گوێـچکەی هێنـاوە، دو تورەکـەی دەسـتی .. شـانەکانی داتەکاندوە بە گەیشتنی پۆلیسەکان ڕایدەگرن و تورەکـە کـانی دەبیـنن و بـانگی سـەرکار دەکـەن: " سـەرکار.. ئـەم پیـاوە شـتگەلی ئەنتیکـەی پێیـە. "سـەرکار لـەڕوانینی خـۆی ناکـەوێو.. دەلّـیٚ:" لێـی گـەڕێن بارەتبێـت و زۆر وریـابن! لەنوختـەکان دانەبـەزن، هـەر چاوێکتان بکەنـە چـوار چـاو، لەهـەر پـێش هاتێـك هـەوالّم پێبـدەن. " سـەرکار ئەوەنـدەی قسەیدەکرد، ڕێبوارەکان بەلێشاو پەڕینەوە ئەمبەر، پۆلیسەکان فریاناکەوتن ڕێکیان بخـەن، سـەرکار سـەرا سـیمە ببـو، خێـرا دوربینەکـەی خـستەوە پـێش چـاوی و بینـی لەوبـەرەوە ماشـێنەکان بەجولّـە کـەوتن و گەڕانـەوە، لەنوختەکـەی هاتـەخوارەوە، بـەناو ڕێبوارەکانـدا ئەمسەرو ئەوسەری دەکردو دەی پرسی:" کاکی برا تـۆ بینیـت کاروانێـك ..کەژاوەیـەك لـەم مەرزەوە بپەڕێتەوە؟ ئەریٚ خالّۆ بیستت حوسێن پاشـا ئـەمڕۆ لێـرەوە پەڕیبێتـەوە ؟ سـلاّو خـاتون .. ئەوماشـێنە حکومیانـەی ئەوبـەر لەپێـشوازی حوسـێن پاشـادابون؟.!" سـەرکار شەکەتو ماندو هەوالّێکی چنگ نەکـەوت، لەبـەر زەردەی خـۆرا ..دوا ڕێبـواری ئێـوارە بـەڕیٚ کراو مەرزەکە داخرا، سەرکار بـەترس و گومانـەوە چـووە ژورەکـەی و کەوتـە لێکدانـەوەی، دەیزانی هەرشتێك لەم مەرزە ڕویدابێت پێی ئەم دەگرێتەوە، ژەمی ئێوارەی نەخوارد، میلی ڕادیۆکەی سوڕاند، بەدرێژایی شەو گویٚ ڕایەلّ بو.. تا دوا هەوالّە کانی ئەودیو بزانێت .!

کەرکوك ٥/٤/ ٢٠١٠

ZRIAN

# زریان

## ئازاد شوان

شەو تا دەهات تاریکتر دەبوو، ڕەشەباکەش هێندەی تر توونـد و تیـژتر دەبـوو، ڕێبـواریش ماوەیەکی دوورو درێژ بوو لە سەفەرەکەی نەگەڕاوەتەوە، ئەو کاتێ سەفەری کرد، نەورۆزی سەفەربکا، بڕیاریان دابوو ناوی مناڵەکەیان بنێن، زریان..!

بـاوکی ڕێبـواریش ئـەو ڕۆژەی کـە چـاوەڕوانی ڕێبـوار بـوو، لەپـشت شووشـەی پەنجـەرەی ژوورەکەیـەوە، سـەیری دەرەوەی دەکـرد و چـاوی بڕیبـووە ڕێگـا، دڵـی خەبـەری پێدابوو، ڕێبوار ها ئێستا نا کەمێکی تر دەردەکەوێ، خۆی دەکا بـەژووردا، بـەڵکو بـە چـاوی خـۆی کۆرپە نۆبەرەکەی خۆی ببینێ و دڵی پێی شادبێ. لە ژوورەکەی تردا، نەورۆز ژان گرتبـووی و کاتی منداڵبوونی هاتبوو، دایکی ڕێبواریش لەنزیك نەورۆزەوە سەرقاڵی ئاوگەرمکردن بوو، ئامادەبوو خۆی بەکاری مامانی هەڵسێ، بۆیە شـادییەکی لەڕادەبـەدەر چـووبووە دڵییـەوە، ئەی چۆن نا.. ئەو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیـە کـە پـێش ئـەوەی بمـرێ چـاوی بـە کوڕەزاکـەی شـادبێ، بەتایبـەتی ئـەو ماوەیـەی کـە ڕێبـوار لـە سـەفەرە و زۆریـش بـیری دەکـا، جـار ناجارێکیش بانگی باوکی ڕێبواری دەکرد، ئـەرێ بـاوکی ڕێبـوار هـیچ دیـار نییـە؟ دەنگـێ.. ڕەنگێ..؟ بەخوا دڵم زۆر ناڕەحەتە، نازانم بـۆ درەنگـی پێـچوو، خـۆ ئـەو خەبـەری نـاردبوو ئینشاڵڵا ئەمشەو دەگاتە ماڵەوە.. خوایە دواکەوتنەکەی بەخێر بگێڕی..! باوکی ڕێبـواریش





وەڵامی دەدایەوە، نەوەڵڵا ئافرەت، هیچ بەدی ناکەم، ماشاڵڵا ئەمشەو هێندە تاریکـە چـاوم هیچ نابینێ، بەڵام دڵـم خەبـەری داوە پـاش ماوەیـەکی کـەم دەگاتـە ماڵـەوە و ئەمـشەویش شتێکی گرنگ ڕوودەدات و مژدەی خۆشیمان بۆ دێنێ..! گەرچی گەلە گورگە برسییەکان لە دەورو پشتی دێ لـوورە لووریانـە و، خۆیـان مـەڵاس داوە و چـاوەڕوانی پـەلاماردانن، بـەڵام ترسم لێیان نییە، چونکە کەڵبەکانیان کولبوون و توانای پەلاماردانیان نەماوە، خـۆ خـەڵکی دێش گشتیان چـەکدارن و لـە بۆسـەدان بۆیـان، شـەوانیش تـا ڕۆژ هەڵـدێ ئێـشك دەگـرن و ئامادەن بۆ بەرەنگاربوونەوەیان..!

لەو کاتەدا کە دایك و باوکی ڕێبوار لەو قسانەدا بوون دەنگی هـاواری نـەورۆز قـسەکانی پـێ بڕین، چونکە تا دەهات ژانی منداڵبوونەکـەی زیـاتر دەبـوو، وا دیـارە کـاتی منداڵبوونەکـەی نزیك بۆتەوە، دایکی ڕێبواریش دڵی دەدایەوە و هێوری دەکردەوە و دەیوت:

کچی شیرینم، سەبرت هەبێ تۆزێ دان بە خۆتا بگرە، هەر ئێستا نا ئێـستا کـوڕێکی جوانـت دەبێ و گشت ئێش و ئازارەکانت لەبیر دەباتەوە.

نەورۆزیش بەدەم ژانەوە دەیگوت: دایە گیان.. خۆزگە ڕێبواریش لێرە دەبوو تا کۆرپەی لـە ئـامێز بگرێـت. نـەورۆز لـەم قـسانەدا بـوو، لـەپڕ جـارێکی تـر هـاواری لـێ هەڵـساو لەگـەڵ هاوارەکەیدا سـەری منداڵەکـە لـە ئامێزییـەوە دەرکـەوت..! دایکـی ڕێبـواریش لەخۆشـیاندا نەیدەزانی بگری یا پێبکەنێ، فرمێسکی شادی خوڕخوڕ بە چاوەکانیدا دەهاتـە خـوارەوە و دەیـوت: ئۆخـەی.. ئۆخـەی وا کوڕەزاکـەم لـەدایك دەبـێ، دەی ڕۆڵـەی شـیرینم، دەی کۆرپەکەم.. وەرە.. وەرە، سڵ مەکەرەوە و مەترسە.. با بـەفر و بـاران و ڕەشـەبا و تۆفـان بێ، با گورگەکان لوورە لووریان بێ، تازە توانای پەلاماردانیان نـەماوە، بـێ هێـز و لاوازن و دانەکانیان کول بوون، وا باوکیشت لە ڕێگایە، هێندە نابات لە دەرگا دەدات و خۆی دەکا بە ماڵدا و لە ئامێزت دەگرێ و تێـر.. تێـر ڕوومەتـەکانت مـاچ دەکـات.. دەی وەرە کۆرپـەم.. وەرە میوانی ئازیز و فریشتەی خواوەند.. وەرە، لـەپڕ ڕێبـوار خـۆی کـرد بەماڵـدا و دەنگـی واقە واقی زریان و دەنگی ڕێبوار و دەنگی نەورۆز و دایك و باوکی ڕێبوار تێکەڵ بەیەك بـوون و پێکەنین و هەڵهەڵەی شادیان لە گشت لایەکی گوندەکەدا دەنگی دەدایەوە.. هەموو بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد.. زریان لەدایکبوو.. زریان لەدایکبوو..!

لەولاشەوە لوورەلووری گورگەکان تا دەهات دوور دەکەوتەوە و کز و لاوازتر دەبوو.!!



فەیسەڵ هەمەوەندی

# کۆتاییەکی تر..!!

دەمەوێ بقاسپێنم و مل رووتێکی قوول درێژی رەشتاڵە بە بان سەرمەوەیە..دەیەوێ شوێنەکەم پێ چۆڵ بکات. ئەمە شوێنی من بووە و لێرەوە هەموو بەیانیانێك خوێندوومە. بە هاتنی ئەو مەلۆزمە جێی بە هەموو مەلەکان لەقکردووە و ئیسراحەتی لێ بڕیوین. دەیەوێ وا خۆی پیشان بدا کە گەورەی هەموومانەو جێ متمانەی راوکەرەکەیە بۆ هەموو راوێك و دەبێ لە ژێر فەرمانی ئەودا بین.

کەڵەشێرە کرماشانیەکە لە شیرین خەودا بوو کە زەفەری پێبرد و چاوێکی کوێر کرد، ئێدی کەڵەشێرەکە چەندی تێهەڵداو سەرو گوێلاکی خەڵتانی خوێن کرد،دڵی ئاوی نەخواردەوە، دەنگۆکە وا بڵاوبوەوە کە مل رووت لە کەڵەشێرە کرماشانیەکەی داوە، لەو شەڕە چاوێکی کرماشانیەکەی دەرهێناوە. هەندێ لە مەلەکان لە ترسی ئەوەی بە دەردی کەڵەشێرە کە نەچن.. ژێراو ژێر دانووساندنیان لە تەك مل رووت کردبوو، کە ببنە هاوپەیمانی. بە پێی ئەو دانووساندنە قسەو باس و نهێنی و بەشە دانیی خۆیانی بۆ بەرن، ئەگەر هەچ شەڕێکیشی نایەوە خەتاکەی لەسەر لابەرن. مل رووت بەوەشەوە نەوەستا شەڕی بە تانجیەکانیش دەفرۆشت، هەر کاتێ راوکەرەکە دەربکەوتایە دەنووکی لە پاشەڵی تانجیەکان دەگرت و بە شەلەشەل بەرەو راوکەرەکە دەچوو، کە تانجیەکان تاویان لێ دەدا ، ئەو گەیشتبوە لای راوچیەکە و بە داماویەکەوە لەبەر پێی خۆی رادەخست.. وەك ئەوەی سکاڵا لە دەستی ئەوان بکات، کە دەیانەوێ لەت و پەتی بکەن، نانی ئەو رۆژەی تانجیەکان دەبڕدراو یەکی دوو نووکە شەقیشیان تێهەڵدەدرا.

بۆ خۆم حەزم بە تانجیەکان نەبوو،سپڵەو حەرام زادەبوون، هەر لەبەر ئەوان نەماندەوێرا هەڵێین، کەرەتێ کەوکەندەرێك هەڵات.. هەر زوو گەیشتنە سەری و پارچە پارچەیان کرد، چونکە یاسای ئەم راوکەرە وایە..هەچ هەڵاتوویەك بگیرێ خوراکی تانجیەکانە، بۆیە کەس بیری لە هەڵاتن نەدەکردەوە. تا هاتنی مل رووت قیزم لە تانجیەکان دەبوەوە، وەلێ ئێستا لە رق قوول درێژ کەیفم پێیان دەێتەوە، حەز دەکەم رۆژێ زووتر تۆڵە لە مل رووت بکەنەوە، خۆ هەردولا بۆ من هەر ناحەزن، بەڵانکێ وا هەست دەکەم ئەم رەشتاڵە نەگریسە دەچێتە خوێنی هەموومانەوە.

بۆ خۆم خەتام هەیە لەم دەسبەسەریە، ئەگەر چی نەمدەزانی ئەو داو و قەفەسە بۆ راوکردنمە، وەلێ دووربین نەبووم، راستتر ..عەقڵم بەکار نەهێنا لە توێژینەوەی ئەو حاڵەتە، وەك کەوێکی رەسەن و جوامێر دەموویست ئەو ماکەوە لەو قەفەسە رزگار بکەم. سیحری قاسپە قاسپی ماکەوەکە عەقڵی بردبووم، نەك هەر من برێ تریشی کێشکردبوو، بەڵام لە بێ عەقڵی و بیرنەکردنەوەم.. داوەکە ئاڵکایە پێی منەوە. ئەوان لە ترسی تانجیەکان کە بە تاو بۆمان هاتن، دایان لە شەققەی باڵ و هەڵفڕین. بە داماویەکەوە لە دوویان دەمڕوانی. هەستم کرد هەموو چیاو زورگ و کانیاو و بەردو داری ئەو دەڤەرەیان لێ داگیرکردووم.

فرکە فرکی بەیانیان و ئەمبەر و ئەوبەر کردنی چەم و شیو و بە شەیداییەوە قاسپە قاسپکردن و پێشبڕکێ لە هەڵفڕین بە ڕەو.. حەسرەتێکی گەورەیان لە ناخمدا داگیرساند، حەسرەتێك بۆ ئەو سەربەستیەی قەدریم نەدەزانی. رۆژ نەبوو هەوارێکی تازە ئاشکرا نەکەم، لەسەر کانیاوەکان بە بەژنی خۆم دەڕوانی و پڕ بە ناخم بەسەر پێدەشتەکان



فۆتۆ: ئاشتی گەرمیانی

دەمقاسپاند و هەستم دەکرد هەرچی دارو درەخت و گوڵە حاجیلەو لاسکە ڕێواس و چنار و بی هەیە بە خویندنی من دەبووژێنەوە، تەنانەت مرۆڤەکانیش منیان بە سونبولێکی خۆیان دەزانی بۆ پاراستنی نیشتمان. نەمزانی دەبم بە لووتی مل رووتێکی قوول درێژی ناکەس پەچە، کە ژیانمان لێ هەراسان دەکات و مەیلی خوێن رشتن دەکات.

بیرمە کە بۆ یەکەمجار ویستم وەك کەوێکی دەنگخۆش بقاسپێنم، لەبان گابەردێکی سەر چەمێ راوەستام.. زانیم کەس بە دەورمەوە نیە سنگم لێ بەرز کردەوەوپڕ بە ناخم قاسپاندم، ئەوەندەی نەبرد کەوێ لەو بەری چەمەکەوە وەڵامی دامەوە، ئەلهەقی دەنگێکی بە سۆز بوو، مووچڕکی بە گیانمدا هێنا، هەوای نەغمەکەی چوون هەواو نەغمەی ئەو شمشاڵ ژەنە بوو کە هەست و نەستی مرۆڤەکانی دەهێنایە جۆش. دام لە شەققەی باڵ و چوومە حزووری، جاحێڵێکی فرە جوان و شیرین کەلامبوو، زۆر بە حورمەتەوە پێشوازی لێ کردم، مەخابن لاقێکی لە داودا لەدەست دابوو، تا دەسبەسەر نەبێ. کە تەواوی





بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە..ووتم( ئاخ لەم خۆخۆریە، کە نەدەبوو لەناو هۆزی کەواندا هەبوایە..!!). ئەو بزەیەکی هات و سەری بۆ ئاخهەڵکێشانەکەم بادا، وەك ئەوەی قسەیەکی تری پێبی ، وەلێ قووتی دا و بە جووتە کەوتینە قاسپە قاسپ. لەوە بە دوا دەگەیشتمە هەچ دەڤەرێ بەو دەنگە زولاڵەی ئەو دەمقاسپاند، من دەمقاسپاندو لە چیاکان دەنگی دەدایەوە..من دەمخوێند و پیرەمێردێك لە سیلەی مزگەوتێکدا سەری بادەداو دەگریا.. کچێ بە دەسماڵێکی سوورەوە لە چاوەڕوانیدا یە ، منالێك لەناو پۆلەکەیدا دەروانێتە دوو داری دوور، برێ هەرزەکار بەرەو لووتکەکان هەڵدەکشێن، من دەمقاسپاند و رۆژ هێدی هێدی خۆی هەڵدەبڕی.من بۆ قاسپە قاسپ فرۆشرام، کەسێ گوێی لێگرتبووم، بۆ پارە منی بردە مەیدانەکەو فرۆشتمی. من ماڵێکی زۆرم کرد بە فرۆشراوی، لە ماڵی ئاغایەك بۆ شەڕ فرۆشرام. رۆژێکی شووم بوو کە بردمیان بۆ شەڕ. مرۆڤەکان بازنەیکیان بە ست ، منیان بەرەڵا کرد، کەوێکیان بەردا، بەلەز هەڵیکوتایە سەرم و خەڵتانی خوێنی کردم. وویستم پێی بڵێم گەمژە تۆ بۆ وادەکەی ، خۆ من و تۆ دوژمنی یەك نین، بێ سوودبوو،من دەستم نەدەچوە خوینی ئەو، دەبوو بازنەکە ببڕم و تێی بقووچێنم، کە چی پیاوەکانی ئاغا بە نووکە شەق دەمیانگێڕایەوە ناو شەڕەکە. من تەسلیم بووم، ئاغا لیسێکی تێ سرواندم و بە پیاوەکانی ووت( جێی بێڵن.. کەوێکی رەسەنم دەوێت، شەڕ بباتەوە).

پیاوێکی زەعیفی لووت بڕاو هەڵیگرتم و بردمیەوە ماڵی خۆی.. چەند رۆژێ تیماری کردم و خزمەتێکی باشی کردم. هەر کە دەهاتەوە بەرەو رووی دەچووم وەك ئەوەی ئەو باوك و دایکم بێ، زۆر پێی خۆشحاڵ دەبووم، قەفەسێکی بۆ کردبووم تا پشیلە زەفەرم پێ نەبا، پشیلەکان لیکاو بە دەمیانا دەهاتە خوارەوە، کابرا لاقی یەکێکیانی لەسەر من شکاندبوو. هەستم کرد چاکەی ئەو پیاوەم بۆ نادرێتەوە، هەر هیچ نەبێ لە کۆڵ ئەو شەڕانەی کردمەوە رەنگە باڵم لێ بڕوێو بە تاقەت ببمەوە ئازادم بکات، هەر ئەو بەزەیی پیاما هاتەوە و داڵدەی دام. بەرە بەیانێ ئەو نوێژی دابەست و منیش وەك چاکەیەك کە پێم بکرێ، لەبان کورتانی کەرەکەی راوەستام قاسپاندم. زۆر کەیفی بوەوە، تەنانەت نوێژەکەشی بۆ تەواو نەکرا. دوای نیوەڕۆ کە هاتەوە تا توانیم بۆم قاسپاند. پیاوێکی رەشتاڵەی وورگن هاتە ژوورەوە، برێ پارەی دایێ و بە قەفەسەکەوە فرۆشتمی.

مل رووت لە ماڵی ئەو پیاوە بوو بە تووشمەوە، قوول درێژ دەیزانی خەیاڵ بە چیاکانەوە دەکەم، بە زوورگ و چەمەکانی ئەوێ کە بۆ من نیشتمانە. خۆی و ئەو باڵندانەی کە

دانووساندنیان کردبوو، پیلانی لە ناوبردنمیان دەگێڕا، شوێنیان پێ لەق کردم، مل رووت بە بان بەردەکەمەوە بە دەنگێکی کەرخن گوایە دەخوێنێ، ئەوانیش بە شان و باڵی هەڵیان دەدا(هەرتۆی گەورەی ناومان..خوا بتهێڵێ بۆمان) .

لەو ماڵە سێ راوچیان هەن، راوچی یەکەم تەنها راوی مامز و کەڵەکێوی و ئەسپی دەکرد، هەواڵگری ئەم راوچیە لە هەموو ناوچەیەك تیکرای راپۆرتیان لە مەڕ ئەو گیاندارانەوە بەرز دەکردەوە.راوچی دووەم ئیختیساسی گورگ و سەگ و رێوی و چەقەڵبوو، ئەمیان کۆڵکە راوچیانی دەڤەرە سەختەکانی بە پارەیەکی زۆر کردبوە ژێر رکێفی خۆی. سێیەمیان ئەم راوچیەی ئێمەیە کە هەموو باڵندەیەك لە راودا بەکار بێت و شەڕی پێبکرێت دەیانگرێتە خۆی. ئەم راوچیەی ئێمە بڕێ تانجیشی بە دواوەیە، کە وای کردووە ، بێ خەم بێ لە هەڵاتنمان.

دوای ئەو رۆژەی گەلە کۆمەی قوول درێژو هاوپەیمانەکانی لێمیان کردو خەڵتانی خوێنیان کردم، دەبوو خۆم لە خۆڵە پەتانەکە وەردەم تا سوورایی خوێنەکە بشارمەوە، دەنا وەك کەوێ لە دەست و پا کەوتبێ تۆڕ دەدرێمە بەردەم تانجیەکان، بەمە قوول درێژ منیشی بە دەرد کرماشانی برد و سەرکەوتنێکی تری بەدەست دەهێنا.منیش ئەگەر لاقێکم وەك ئەو کەوە لە دەست بدایە رۆژم بەم رۆژە نەدەگەیشت. ئەو لاقێکی لەدەست داوە وەلێ بە سەربەرزیەوە لە چیاکان دەژێ، ئەو قوول درێژێك بە سەر سەریەوە نیە، چ حەددی هەیە لەوێ وا بخووڕێ ، ئەو کەس نەیتوانیوە دارو بەرد و چەم و چیای لێ بسێنێتەوە، کێ دەتوانێ نووکە شەقی تێهەڵبدا. ئەو کەوماره، هەر بە کەوماریش دەمێنێتەوە دوای مردنی.

نازانم چۆن لەم بەڵایە رزگارم بێت، ناخی خواردووم، حورمەتی کاڵکردوومەتەوە، چارەنووسێکی شوومە ، ئەو رۆژەی لە شەڕەکەدا کە ئاغا لە بەین من و کەوێکی تر نایەوە، ئەو رۆژە زانیم لە رەسەنایەتی دەکەوم، ئەو رۆژە بوو بە رۆژی رەش و لکا بە نێوچەوانمەوە. ئەو دەبەنگ بوو ، نەیدەزانی شەڕ بۆ چی دەکات، گرنگ ئەوەبوو شەڕ بباتەوە. ئاخۆ دەستی چووەتە خوێنی چەند کەوی تر . رۆژێ دێ پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام پەشیمانیش دادی نادا، من بەزەییم بە خۆمانا دێتەوە، ساوێلکانە دەڕوانینە ژیان، قەدری خۆمان نازانین، لە راو یەکتر دەخەینە داوەوە، لە شەڕ یەکتر دەکوژین، ئازارەکانی ئێمە بە ئاسانی لەبیر ناچێتەوە، دوژمنەکانمان بەردەوام پێمان دەڵێن ئێوە خۆ خۆرن،

جاران مرۆڤەکان بە سەرسامیەوە لێمان رادەمان، حورمەتیان دەگرتین و شیعریان بە





سەرماندا هەڵدەدا.دوای ئەو شەڕە هەست دەکەم مرۆڤەکان لێمان رانامێنن، حورمەتمان کاڵبوەتەوە، مەگەر لای راوچیان و ئەوانەی شەڕە کەومان پێدەکەن پارە بکەین، ئەوەی زیاتر خوێن بڕێژێ ، کەوێکی رەسەنە، ئەوەی بکوژ بێ لە نەوەی کەومارە، ئەوەی کەوبۆ داوەکان بە کێش بکات ئەوە کەوەو پارەی باش دەکات

ئای لەو قەدەرەی گەمە بە چارەنووسمان دەکات، قەدەرێك خۆمان دەستمان لە داهێنانی هەیە، قەدەرێك من دەکاتە ژێر دەستی قوول درێژ. من جارێ لەم ملۆزمە رزگارم نەبووە، بڕێ تریان لە قوول درێژان هێنایە نێومانەوە. دەنگی قەتیس ماوی سنگمان بۆ قاسپە قاسپی چیاکان وەك خەونێك وایە ئای لەوئومێدانەی لە راچنیندا دەکوژێتەوە .

کەوکەندەر: باڵدارێکە لە کەو دەچێ و زل ترە

کەومار : باڵدارێکی خەیاڵییە و لەشی کەوەو سەری مار

# سێ ئافرەتی گەورە لە سێ کورتە چیرۆکدا

عەلـــی حەداد

و:عەباس مەجیـد

## کە مرۆڤ پاکی خۆی ون دەکات
## ئەو شوێنە دەبێتە دۆزەخ

### پاکیزە

ناوی پاکیزە بوو، بالآیـەکی ڕێکـی مامناوەنـدی، نـە کـورت و نەدرێـژ، بـە عابایـەکی پـاك و خاوێنــەوە، بــە هــەنگاوی پێکەنیناوییــەوە دەڕۆیــشت، شـێوەی ئـافرەتێکی بەساڵاچـووی هەبوو، بەڵام تەمەنی بیست ساڵی تێنەپـەڕادبوو، خـۆم بـە دوور دەگـرت لـە تەماشـاکردنی وەیا بۆ برا پاکەکەی کە بە هەمان نەخۆشی تووشـببوو ، ڕوخـساری خـاوببووەوە، چـاوانی





دەرپۆقیبـوو، خـۆی تـەرخان کـرد بـۆ کـار کـردن، بۆیـە سـامانێکی گـەورەی بـەو هۆیـەوە کۆکردەوە، توانی پیاوێکی جوان بدۆزێتەوەو قایلی بکات ببێتە هاوسەری پـاکیزە,, ئـەوەی دەیویـست بـۆی کـرا، ئێمـەی گـەنجان بـەو هاوسـەرەمان دەوت: نـەفام..، کۆرپەیـەکی ئەسمەری لێ کەوتەوە، ئەمە هەموو ژیان و قەوارەی بوو، هەر ئەو سـاڵە پـاکیزە ماڵئـاوایی لە ژیان کرد( لە کارەساتی ئۆتۆمۆبیلـدا شـێلر(ا)، سامانەکەشـی بـۆ ( پـاکیزە) ی خوشـکی بەجێما، هەر لەو ساڵەدا لە گەڵی چوو بۆ حەج، بۆ زیارەتی ماڵی خوا، کە گەڕایەوە خـەڵکی گەڕەك پێیان ڕاگەیاند پـۆلیس ئاشـکرای کـردووە (نـەفام) ئـەو کەسـەیە کـە کـە پـاکیزەی کوشـتووە، بـەڵام بـاوەڕی نـەکردو بەرپـەرچـی دایـەوە، لـەو ڕۆژەدا بواریـان دا کـە خـۆی و کوڕەکـەی بـچنە سـەردانی، بـەڵام لـە ناکـاو زانـی بڕیـاری لـە سـێدارەدانی دەرچـووە،لە بەرانبەریدا دەگریا و دانی بە تاوانەکەیدا دەنا، دەگریـاو بـاوەڕی نـەدەکرد، ترسـابوو، لێـی دەکشایەوە، لە پـێش دەرگـای دەرەکـی لـە گرتووخانـەی ( ئـەبی غرێـب)، خـۆی بـە عـەبا خۆڵاوییەکەیەوە ڕادەکێشا، هەنگاوەکانی پێکەنیناوی بوو، پاکیزە چوون جەستـەیەکی بـێ ڕۆح کەوت، هاوکات کوڕەکەی بە گریانەوە مایەوەو هاواری دەکرد

خەڵکینە.. هۆ خەڵکینە.. پاکیزە مـــــــرد.

### ماڵی بووك

زەماوەند... ئافرەتێکی باش بوو، پیاوێکی بەڕێز...

ئەو ناوی سائیمە بوو، گۆرەوی سوورو پێڵاوی سـپی و تەنوورەیـەکی سـووری خـەت خـەت ڕەشی لە بەر دەکرد، ڕەش لە ڕەنگی پرچە درێژو قەترانییەکەی، شووی بە پیاوێك کرد کـە سی ساڵ لـە خـۆی گـەورەتر بـوو، قـژی سـەری سـپی ببـوو، کەسـێکی ورگـن و دوو گـوێی گەورەی توکن، لێ ئەو لە دەمی زەماوەندەکەیانەوە هـۆگرو ئاشـقی ببـوو، ئێمـەی منـداڵان دەمانڕوانییە ڕوومەتە سوورو گەشەکەی، لە شەرمدا وەخت بوو شـەق بـەرێت، لەوانەیـە لـە بەر ئەوە بوو بێت چونکە ئافرەتێکی زۆر لە خۆی بچوکتری مارە کردبوو.. وەك ئەوە وابـوو دەیەوێت لە گەڵیدا هەڵبێت بەر لەوەی کارەکەی ئاشکرا بێت.

دوای سێ ڕۆژ پیاوی علشق بە بێ پێشەکی کۆچی دوایی کرد.

سالآن دەڕوا و غەریب ون دەبێت، لە ماڵێك لە ماڵان، دەپرسێ لە خەڵكی گەڕەك.

ـ دەڵێن نزیكە لە ماڵی بووك

پاشان گۆڕانكاری لە كارەكەدا ڕوو دەدات، دەبێتە شەقامی بووك و لەو كاتەوە تاوەكو ئێستا غەریب دەپرسێ لە گۆڕەپانی بووك و بازارگەی بووك ..گەر بۆت ڕەخساو دوای ئەم هەموو ساڵە بینیت، بە ڕاستی دەیدۆزیتەوە،

.. بووكێك زاوایەكی خۆش ویست.. سێ شەوو سێ ڕۆژ لە گەڵیدا ژیا.. وەكو ئەوەی هەموو تەمەن........

## لەمیعەی نازدار

ئۆف .. بۆ ئەوانەی دۆزەخ دروست دەكەن.. بۆ ئەوانی تر...

سێ براو خوشك بوون، دوو كوڕو كچێكی نابینا، هەموان لە هەوڵدا بوون بە شووی بدەن، پێش ئەوانیش بە هەمان شێوە دایك و باوكیان هەوڵی خۆیان خستبووە گەڕ، كەچی بێ ئەنجام بوو، لەمیعە بە قەیرەیی مایەوە، نازدارە خزمەتچییەكی هەبوو، بەغدادییەكان پێیان دەوت: (شاگرد )، دەیشۆریو جەستەی وشك دەكردەوە، نینۆكەكانی دەبڕی و گرنگی دەدا بە گۆڕینی جل و بەرگەكانی..

باوكی پێش مردنی زۆربەی سەروەت و سامانی خۆی بەناوی ئەم كچە تاقانەو نازدارەوە تۆمار كردبوو، برا گەورەكەی لە لوبنان شەهید ببوو، برای دووەمیشی بە هۆی توشبوونی بە نەخۆشی شێرپەنجەوە مرد، ئەوی ڕۆژێ ( نەعیم ) چووە داخوازی، ئەو پیاوێكی ساناو ڕوون بوو، تاقە كەسێك بوو لە گەڕەكەكەماندا پەرتووكی دەخوێنەوەو ڕۆژنامەو گۆڤاری دەكڕی، ڕیكۆردەرێكی هەبوو سترانەكانی غەزالی و ئوم كەلسوومی تیا تۆمار كردبوو.. بالا بەرزێك بوو، قژەكەی شانە دەكردو پێلاوەكەی بۆیەو بریقەدار دەكرد.. ئێمەی زارۆكان پێمان دەوت : ڕۆشنبیر

لە دواییدا ئەو پێنج شەممەیە كردیە هاوسەری خۆی، كۆگایەكی شووشە فرۆشی هەبوو، چوار چێوەشی بۆ وێنەو دیمەن دروست دەكرد..

لە ناكاو ( نەعیم ) دیار نەماو ونبوو، هەموو سامانەكەی لەمیعەش لە گەڵیدا بزر بوو، خەڵكی گەڕەك لە ژوورێكی بچووكدا حەوانیانەوە، خۆی و شاگردەكەی دەستیان بە فرۆشتنی بسكێت و نەستەلە و شیرنەمەنی كرد هەر لە پێش دەرگەی حەوشەدا، لە هاوین دۆندرمەو ئایس كرێمیان دەفرۆشت.. بە ڕێكەوت ڕۆژێكیان لە بازاڕی شۆریجە لە گەڵ شاگردەكەیدا بینییانم، ئەویش بە دەنگەكەم ناسیمیەوە، پرسیارم لێ كرد لە بارەی تەندروستی و پێداویستییەكانیان، بە ئابڕومەندییەوە وەڵامی دامەوە، هەر ئەو كاتە گۆنای سوور هەڵگەڕا وەكو گوڵ

ـ سوپاست دەكەم چاوەكەم.. سوپاس بۆ یەزدانی مەزن.. هەزار جار سوپاس، لە نازدارە جیا بوومەوە، بە ئاخنینی فرمێسكەكانم كە لە قوڵایی ڕۆحمەوە بڵقی دەدا.

# فەلسەفەی مەرگی سەلاح جەلال

**سەلاح جەلال**

پزوی ئەستێرە گومانی کەوتنە خوارەوەی شارای رۆحە (...)
هێشوی مەرگ تەونی هەسارەیان پێچا
گومان بکە ئێستا زەمەن ناو نیشانی منالّی شێتی گرتوە
کۆلارەی مەرگ لە بیرکردنەوەی رۆح هەلّد ێت
***
ئاوێنەی  زەمەن تاریکخانەی منالّیمە (...) !!
زانکۆی شێتی و نوسینەوەی زمانی مەرگ
بلوێن ئاوێنەی شکاوی مەلۆتکەی بیرکەرەوە ی هێنا...
لە گەردونی جالّجالّۆکەی فەلسەفەیا تیشکیان دەرخست (...)





***
چی نوسینێک هەیە مەرگ لە روانینا وێنا بکات ؟!!!
زمانی رۆح چون لە چاپخانەی مەرگی بونا لە چاپ بدات ؟!!
کێ ساتێک مەرگی لە پەرتوکی (با) یا دیوە  ؟!!
گێژەلّوکەی وشە مەرگی میتا مەرگی خوێندۆتەوە ؟!
کلّافەی بون بەبێ زانکۆی مەرگ پچڕا !!
فەزا پۆپەشمینی  زمانی ئێوەی لە پێستەیەکا وە رگێڕا
مێژوی گەردون لە بێ زمانی (بون و نەبون ) سڕایەوە (...)
***
ئای لە نوسراوی گڕوگالّی کوژانەوەی زمانی بون ؟!!
هەمو حەرفێک بەسەر وشە و رستەی خۆیا توایەوە
ئێوە بە چی ئاماژەیەک جوگرافیای جەستە دەنەخشێنن ؟!
چۆن گۆی زەوی بۆ هەسارەی بەرد دەگوێزنەوە  ؟!
کە زمان لە ناو(با) یا شێوە و ئاماژە و روخساری سڕایەوە
بون لە گێژەنگی بێ زمانی وشەی مەرگی بیر چوەوە(...)
***
من مەلۆتکەی چاخی بیر کردنەوەی زمانی مەرگی عالەمم (...)
حەزم لە شیری نەمری گلگامشی مەرگی فەلسەفەی جیهانە
لە زانکۆی مەرگ و شێتی  شارێکی سڕاوە دەرچوم
ژەهرە مەرگی مێژوم لە کوپەی شای  سەگ خواردەوە
بوم بە رەمزی بێ زمانی مەرگی نەمری فەلسەفە
کۆلارەی وێنە و روانین و بیر و ناسنامەم پچڕاوە
کێ دەتوانێت تەنیا حەرفێکم پێ بلّێ لە مەرگی خۆم ؟!!
هەتا فێری زمانی زانستی  میتا مەرگی میتا زەمەن ببم ؟!!

***

تەنافە شەیتانەی مەرگ بە بونەوە رایەڵ بوە

هێلکەی نەبون گەڵای درەختی مەرگی گرت

تۆفانی مەرگی زانستی شاری رۆح چونی ئاوا کرد

جوگرافیای بون بە چوار رەنگە فۆتۆنی فیزیا سیواخ بو

بروسکەی رۆحی عالەم وێنەی گەردەلولی هەڵگرت

گەڵای مەرگی بونەوەران لە فۆتۆنا چرۆی دەرکرد ..!!

***

درەختی ئەفسانە کۆرپە بە قالۆنچە وێنای کردم (...)

پزوی هەوا لە فەزای مەرگما کرایەوە

گەردون بو بە هێشوی زمان

کۆلارەی بیر کەرەوەم لە دەست بەر بو

چۆن ئاوی مەرگێکی هەزار سەدە بخۆمەوە؟!!

چۆن ببمەوە بە رۆحی یەکەم مردو ؟!!

لەم تاریکخانەیە دەبمەوە بە رەگەزێک وێنای نەبێت

دەچمە نیشتمان و زمانی مەرگە زانستی

دەبمە درەختی بیرچونەوە و گەواڵە مەرگ (...)

***

کشتوکاڵی زمانی مەرگ فەزای گەردونی سەوز کرد

زەمەن بە ساتی بێ زمانی قفل درا

رستەی زمان نێرە موکێکی ناو نا بو

مێژوی زەمەنی بەردینی دەخوێندەوە

کۆلارەی زمانم فڕی .. هەسارەی بۆشایی پچڕا (...)

***





ئێستا حەزم لە زەریای ئەڤێنی مەرگە...

عاشقێک لە هێشوی مەرگ دەپێچمەوە

دەچمە سەر خەوی مەرگەوە هەتا خۆشەویستێک دەگرم

لە دوای مەرگی ئەزەل بۆ سەدەیەک وچانی خامۆشی دەدەم

زەمەن دۆشاوی ژەهری مەرگی بونی پێ بەخشیوم

پیاڵەی زێری فیرعەونی چاخی بیر چونەوە

شەلالی مەرگێکی کردم هەزار هەزارەی گرتەوە

میاوەی پشیلەی زانستی زمانی بونی داپۆشی

جاڵجاڵۆکەی فیزیا تەنافی فەلسەفەی چنی

بای ئەزەلی دوا حەرفە مەرگ بۆ سەرەتا هێنامیەوە (...)

***

کۆلارەی بون بە گێژەنگی باوە زەمەنی ئاڵتونیان نوسی

دەچمەوە بۆ مەلۆتکەیی کاتی لگوس

زمانی کۆرپە لە گەڵای مەرگەوە دەگرم

خومخانە مەرگ بە تۆوی هەزار رەگەز رەنگی کردم

هەوری ئەزەل بە( با) ی فیکر لە بێ زمانی گێژی دام

بە پلەی مەرگا دەچمەوە بۆ هەزارەی سێ

بە زمانی سەرەتا و مەرگ و لگوس رستە دەگرم

ئەوسا تۆ و مەرگ و داڵی زەمەن دەخوێنمەوە (...)

***

ئەم نیشتمانە تۆوی تلیاکی دۆژە مەرگی زەمەنیە (...)

ئاوی مەرگ وێنەی نەمری دەشواتەوە

وەرە ئازیزە مەرگ با لە تۆفانێکا بمرین

گۆپکەی مەرگی خۆشەویستی لە میتا مەرگا هەڵگرین (...)

***

من چۆن فیری زمانی مەرگی عالەم  دەبم  (...)؟

کە تەمەنی مەرگم تەنیا هەزار ساڵی مۆمە

زانکۆی مەرگە شێتی زەمەن داخراوە و

جگە لەمەرگ زمانێکی تر نازانم

نامەی مێژوم بە رێنوسی مردن نوسرا

زمانی هەوری بیر کەرەوەی چاپە مەرگ

لە چاپخانەی بون چاپ نەکرا

پەرتوکێکە ناسنامە و وێنەی بونی هەموتانی تیایە

جێ چەمۆڵەی پشیلە مەرگی زانستی بە لینجایی جاڵجاڵۆکە

زانکۆی زمانی مێرولە دەنەخشێنێت

وەرن بینە قۆزاخەی مەرگە لۆکەیی

ئەگەر بمرم ناو و شوێنەوارتان دەسرێتەوە

هێلکەی گەردون دەفلیقێت و ناسنامەی بونتان هەڵدەگرێت (...)

***

سەرابی وێنەی مناڵی نوقمی خەوی  فەلسەفیە (...)

زمانی تێکەل بە نیشانە وگرۆگاڵی کۆرپە و مەرگە

بۆ هیچ  زمانێک وەرناگێردرێت  (..)

وەرن لە هەوری ئەفسانە مەرگەوە زمان  بگرن

ئاوێنەی منداڵی خۆتان لەم ئەلبومە بناسنەوە (...)

***

چیە گەردون بۆتە شینایی هەوری گومانە مەرگ ؟(...)

مێژو تێکەڵ بە ژەهراوی تلیاک بوە





وەرن شەرابی گومانی مەرگ  بخۆنەوە

تا زمانی من و مەرگ و خۆشەویستی بگرن

وەرن لەم فوە نەفخی گومانەدا تەونی زمانێک بهۆننەوە

جاڵجاڵۆکەی سەدەی گومان زمانی گرۆگاڵیان لە چاپ داوە

گەردون بە تۆڕی گومانە مەرگەوە چنراوە

هیچ زمانێک تەونی سەدەی گومان وەرناگێڕێت

تەنیا لە نوسراوە ئەبەدیەکانی زانکۆی مەرگە شێتی

لە زەمەنی لە دایک بوی مەرگی نوێ یا چاپ دەبنەوە  (...)

***

حەزم لە دۆشاوی هەزارە ژەهری مێژوە (...)

تا تینوێتی مەرگە گومانم دەشکێنم

خۆزگە گەردون ببوایە بە پیاڵەی مەرگ

هەتا رەنگی دڵداریم تیا بکێشایە

حەزم دەکرد فەزا لە عیشقێکا بتوایەوە

هەتا ببوایە بە گورێک لە مەرگا عیشقم کردایە

هەوری ژەهراو بۆ لە تۆفانی مەرگا نوقمم ناکات ؟!!

میوانی شاری بیر چونەوەی رێکەوتە مەرگی کۆتاییم

هیمالایەم بە بروسکەی شێتی گۆڕی

بە ئەکادیمای مەرگە ساتی هەزارەی دو  (...)

***

ئەگەر مردم جوگرافیای شار هەڵدەکەنرێت ...

کۆلارەی روانینی مەرگم هیمالایە دێنێتە جێی

هەورێک لە دوامەوە کەشە دەکات  مەرگەساتە

رەمزی کشتوکاڵی ئێوە لە تۆوی سەگ بێ بەر دەکات

من بەزمانی مەرگ دەدوێم

ئێوەش نازانن کۆلارەی روانین رەنگی چۆنە ؟

لە زەمەنی  کشتوکاڵی فەلسەفەیا  وشەکانم وەردەگێڕێت

ئەوسا زمانی مەرگە بونی ئەزەل دەگرین (...)

***

من مەرگێکم روپۆی جیهانی بونم بە وێنە مەرگ لێ گیراوە (...)

دەبێت مەرگ هێمای لە من هەڵگرتبێت (...)؟

تەنیا شێوەم رەمزی خۆشەویستی تیایە

زمانم لە ئاماژە و هێما و وشە وێنا ناکرێت

رستەی  شێتی مەرگە کەڕ  و لاڵی ( بون نەبون) ە

حەرفی واتای شمشێرێکە کە بە زمان ئاو دار بوە

دارستانی نەبون ئێزگەی عاشقانی بێ زمانی پەخش دەکات

رۆمانی نێرەموکی دایە و بابە ی تیا نوسراوە

ئەم رستەیە بانگەشەی پشیلەی  بیرکەرەوەی نازەمەنە

پزوی گەردون  وشەی مەرگی کرایەوە

چاپخانەی نەبون زمانی لە بێزمانی بونەوەر نوسی

تەنیا پەڕەی سپی رەمزی جوت بونی ئەوان بو

فەزای خستە تاریکخانەی کەوتنە خوارەوەی وێنەی بون (...)

***

چیە تاریک خانەی شەوارە وێنەی ئێوە و ئەوان(..) ؟!

ئەکادیمیای شێتی زمانی مەرگی کردەوە

کاتێک تۆم دی جەنگی جیهانی کۆتا بو





گەڕامەوە بۆ کشتوکاڵی فەلسەفە

زمانی سەرەتا و هەزار سەدە مەرگم گرت و

لە جەستەی سەگی خۆرافەدا یەکمان ناسی

بوین بە دزاینی زمانی سەدەی جوانی گەردون (...)

***

گۆڕی گەردون من و زمان و بیرکردنەوەی پێکهێناوە (...)

گێژەنگێکە زەمەنی کۆلارەی عیشقی ئەوە

گۆڕێک لە گەردونی نەبون  لە مەرگا جەستەم  دەفرێنێت

زمانی نەبونی ئەوانی تۆوی  مەرگی هەڵگرتوە

تاریکخانەی روح  جەستەی  بێ زمانی نوسی

من مەرگێکم هەزار جارە کێلی مردنم ڕوخاوە

دەبێت لە چاوانتا بمرم فێری زمانی مەرگ ببم  (...)!!

***

تابوتێک خۆر ئاوای عیشقی زەمەنی گرت بونی وەستاند (...)

دەسرازەی بون گرێی بۆ شاخی رۆح  کردەوە ....

سوقرات پێکی ژەهری لە شەرابی فیرعەون پڕ کرد

ئەسکەندەریش پیاڵە تۆوی بونی بە دۆشاوی زەریا نەخشاند

خۆر و زوحەیل پزوی هەسارەییان پچڕا  !!

گەردون لە پیاڵە شەرابی سەدەی جوانی شۆرایەوە !!

بوکە بارانەی زەمەن ژەهری هابیل و قابیل بو

سەر لە نوێ خاکیان بە فر مێسکی  نەزۆکی چاند  (....)

***

ئەگەر بمرم فەزا بۆنی تلیاکی نەمری پەخش دەکات  (...)

کۆلارەی هەسارەکان دەکەونە خوار

گۆڕێک رۆژ ئاوا وخۆر هەلاتی نەبون  دەگرێت

جێگەی مێژو دەکاتەوە

دو باڵندەی زەمەن لە سەرەتا و کۆتایی وێنە

لە دڵی گەردونا دەمنێژن

رەنگی فەزا بە پێستەیەک تێکەڵ دەبێت

رەنگی مناڵی هەموتان لە شیلاوگی سەگ رەنگا دەکرێت

پێستە سەگێک شوناسی نادیارتان لە چاپ دەدات (...)

***

کۆلارەی مەرگم هەڵدا بۆ دوا وێسگەی گۆڕی گەردون (...)

فریشتەی مەرگ گوتی : نابێت بمریت

تۆ زمانی مەرگ نازانیت

گوتم: پەساپۆرتی مەرگم هەیە و لە عیشقی گەردونا دەمرم

گوتی : تۆ هەوری بیرچونەوەت ئاوا بوە

زمانی مەرگ وبیرکردنەوەت بڕایەوە

هەڵدرامە ناو ئەستێرەی بیر چونەوە و رێکەوتە مەرگ

ئێستا شیرە خۆرەی مەرگی هەسارەی نەمریم

دۆشاوی شیرە ژەهری زەمەنی مەرگەسات دەخۆمەوە (...)

***

بە تێزابی هەورا داچوم بەرە و گۆڕستانی دایک (....)

دایکە مەرگێک نەبو شیری مردنم بداتێ

سەدەی پێشو گوتم : ئازیزم تۆ نابیتە خۆشەویستم

گوتی : نەخیر نەکەی پزوی خۆشەویستی گرێ بدەیت

وتم : چونکە تۆ مەرگ نیت





چۆن پێم دەڵیی کشتوکاڵی مەرگ لە چی زەویەکی بون دایە ؟

دوای سەدەی گومانی شیر پەنجە لە ئاوێنە بینیمەوە

دەچوە زەریای مەرگەسات و لە  مەرگی منا دەگەڕا

کۆلارە مەرگم بۆ هەڵدا تا سەدەیە ک نەمر ببین

ئەستێرەی مەرگ هەڵی دامە هەسارەی بیرچونەوە وە

شای هەسارەی مەرگ گوتی : تۆ مەرگێکی کەڕو لاڵیت

تۆ زمانی مەرگی ئەزەلت نەگرتوە

گێژەلوکەی مەرگ فڕێی دامە  هەسارەی مەرگ

ئێستا شیرە خۆرەی مردنم بە بێ دایە

کێ دەبێتە دایە و خۆشەویستی مەرگم

هەتا هەوری گومانە مەرگ  دابارێنین (...)

***

من بە زمانی پیشەسازی لگوس هەوری بیرم باراندوە (...)

بۆ نابیتە سوقرات ژەهری وەرگێڕانم بەیتێ ؟

بە زمانی هیمالایای بیر کەرەوە هەوری مەرگ دەخۆمەوە

ئەسکەندەرێک نەهات لە خوێنی ئاوا نوقمم کات ؟!!

هیمالایای بیر چونەوەی مەرگی ئێوەم

بۆ دارستانی سدرە سەوز نابێت ؟!!

گەڵایەکی سەوزە هەور رەمزی ئێرە بونی منی تیا بو

تەونی مێژوی لە جوگرافیایا هەڵوەشاند

پیشیلەی زانستی هات و بانگەشەی بونی قفڵ دا :

ئەم زەویە بۆتە کشتو کاڵی مەرگی شۆڕینەوە

تۆوە گومانی مەرگی من و ئێوە و ئەوانی زانستیە

سەدەی گومانی رێکەوتە مەرگ سەوز دەکەین (...)



فروغ فروخزاد

# پایز

و: لە فارسییەوە: مستەفای سەیدمینە

من لە ڕووی سروشتی ئەفسووناویی
دادەخەم هەردووک چاوی خەماویی
تا نیگای لەرزیوی تا لێهاتووم
ڕانەمێنێ لە دیمەنی وا شووم

پایز ، ڕێبواری ماندوو و خۆڵاوی
چییان لە داوێندا حەشارداوی؟!
لە پەلکی وشک و مردوو بەولاوە
چ سامانێکت بە دنیا داوە ؟!







لە خەم بترازێ ، چ دەداتە دڵ
ڕۆژئاوابوونی قورس و خامۆشت ؟!
لە سارد و سڕیی و بێزاریی بەدەر
کام دیاریی بۆ گیان وا لە نێو کۆشت؟!

لە نێو بێدەنگیی خەفەتهێنی تۆ
هەر خەمە برینی من دێنێتە سۆ
حەز و ئارەزووی نادیار و ون
چۆتە نێو پەردەی خەیاڵاتی من

پایز ، سروودی خەیاڵ وروژێن
پایز ، گۆرانیی خەم و مەینەتهێن
پایز ، ئەی بزەی سارد و خەماویی
لەسەر ڕووی سروشتی ئەفسووناویی

# تیشکە سپییەکانی تۆ!

گوتنی گۆرانییەکان: دایدۆ

و: هۆشەنگ شێخ محەمەد

**سپاس**

چایەکەم سارد دەبێتەوە، پرسیار دەکەم بۆ
لە نوێنەکەم بە تەواوی هەڵدەستمەوە
سپێدە، هەور دێنێتە سەر پەنجەرەکەم
منیش ناتوانم هیچ ببینم
تەنانەت ئەگەر من بە تەواوی خۆڵەمێشیش بم
بەڵام وێنەکەت بە دیوارەکەمەوەیە
بیرم دینێتەوە کە ئەوە زۆر خراپ نییە
ئەوە زۆر خراپ نییە!
شەوی ڕابردوو زۆرم خواردەوە،
هێندێک لیستەی پارەم بۆ هاتن
هەستم بە ژانیسەر کرد
بە پاس ڕانەگەییشتم، ئەمرۆم لێ دەبێ بە دۆزەخ!
دووبارە لە کار دواکەوتم





خۆ ئەگەر لەوێش بم، ئەوان هەموویان ئاماژە دەکەن
کە لەوانەیە من دواڕۆژم نەبێ
ئینجا تۆ تێلیفۆنم بۆ دەکەی" کە ئەوە زۆر خراپ نییە،
ئەوە زۆر خراپ نییە!
دەمەوێ سپاست بکەم
کە باشترین ڕۆژی ژیانم پێ دەبەخشی
ئەگەر بەس دەگەڵ تۆ بم،
خاوەنی باشترین ڕۆژم لە ژیانم دا!
دەرگاکە پاڵدە، لە دواییدا من لە ماڵەوەم و
من بە تەواوی تەڕ دەبم
ئینجا تۆ خاولییێکم دەدەیتێ
منیش تەنیا تۆ دەبینم
تەنانەت ئەگەر ماڵەکەشم بڕمێ
بەڵگەییێکم نابێ،
چونکە تۆ لە من نزیکیت و...
دەمەوێ سپاست بکەم
کە باشترین ڕۆژی ژیانم دەدەیتێ
ئەگەر بەس دەگەڵ تۆ بم،
خاوەنی باشترین ڕۆژم لە ژیانم دا!

**ئاڵای سپی**

دەزانم تۆ پێتوایە نابێ هێشتا خۆشم بوێی،
یان وات پێ بڵێم،
بەڵام ئەگەر واش نەڵێم، هەمیشە ئەو هەستەم هەر هەیە:
ئەمە چ جیاوازییێکی تێدایە؟!
سوێز دەدەم کە هەوڵ نادەم ژیانت سەختتر بکەم،
یان بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی کە لێی بووین!
بەڵام من دەگەڵ ئەم بەلەمە نوقم دەبم و

نامەوێ دەستەکانم بڵیند بکەم و خۆم بە دەستەوە بدەم:
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم-
من لە خۆشەویستی دام و هەمیشە لە خۆشەویستیش دا دەمێنمەوە!
دەزانم، من فەوزا و خراپکردنێکی زۆرم بە جێ هێشت
لە گرفت زیاتر هۆکاری هیچی دیکە نەبووم
تێدەگەم ئەگەر نەتوانی جارێکی دیکە قسەم دەگەڵ بکەیتەوە
ئەگەر بە یاسای (کۆتایی هات) ژیان بکەی
دڵنیام ئەوە جیاوازییێک دروست دەکا...
بەڵام من دەگەڵ ئەم بەلەمە نوقم دەبم و
نامەوێ دەستەکانم بڵیند بکەم و خۆم بە دەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم-
من لە خۆشەویستی دام و هەمیشە لە خۆشەویستیش دا دەمێنمەوە!
کەینێ یەکدیمان بینییەوە [کە دڵنیاشم یەکدی دەبینینەوە]
هەموو شتەکانی ئەوێ، هەر لەوێ دەمێننەوە:
لێدەگەڕێم بڕوات و زمانی خۆم دەگرم"
جا تۆش وا دەزانی من بە سەرچووم!
من دەگەڵ ئەم بەلەمە نوقم دەبم و
نامەوێ دەستەکانم بڵیند بکەم و خۆم بە دەستەوە بدەم
ئاڵای سپی لەسەر دەرگاکەم هەڵنادەم-
من لە خۆشەویستی دام و هەمیشە لە خۆشەویستیش دا دەمێنمەوە!

**ژیان بۆ کرێ**

من هەرگیز شوێنێکم بە ڕاستی نەدۆزییەوە، ناوی بنێم ماڵەوە
من هەرگیز کاتێکی پێویست نەگیرسامەوە، تا ئاوای بکەم
بە داخەوە، کە من ناتوانم دیسان ئاشق ببمەوە
بەڵام ئەوە بەو شێوەیە نییە کە گوایە
من ئەو دڵەی تۆ بە ڕاستی بشکێنم
ئەوە هزرێکە و بەس، تەنیا هزرێکە!





بەڵام ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێ و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت،
چونکە هیچ شتێک بە ڕاستی ئی من نییە!
هەمیشە بیرم دەکردەوە،
کە ئەشقم دەویست بۆ ئەوەی بە تەنیا بژیم
بە تەنیا بە جیهاندا بگەڕێم
ساکارتر بژیم
هیچ هزرێکم نەبێ: ئەو خەونە چیی بەسەر هات؟
چونکە لێرە بە ڕاستی هیچ شتێک نییە من ڕابگرێ"
ئەوە هزرێکە و بەس، تەنیا هزرێکە!
ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێ و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت،
چونکە هیچ شتێک بە ڕاستی ئی من نییە!
تاکو دڵی من قەڵغان بێ و نەهێڵم بکەوێتە خوارەوە
تاکو من ترسم لە شکست هەبێ
تەنانەت نامەوێ هەوڵیش بدەم،
جا چۆن بڵێم من زیندووم؟
ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێ و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت،
چونکە هیچ شتێک بە ڕاستی ئی من نییە!
بەڵام ئەگەر ژیانی من بۆ بەکرێدان بێ و فێرە کڕینی نەبم
من شایانی هیچ نیم لەوەی زیاتر وەگیرم کەوت،
چونکە هیچ شتێک بە ڕاستی ئی من نییە!
لێرە، دەگەڵ من دا
گوێم لێ نەبوو کە بڕۆی
سەرم سوڕماوە: چۆن هێشتا لێرەم؟
نامەوێ تەنیا شتێک لێرە بجووڵێنم

لەوانەیە یادوەریی من بگۆڕێ!
ئۆە! من! من چیم؟
هەر شتێکم بوێ، دەیکەم
بەڵام من ناتوانم بشاردرێمەوە:
نامەوێ بڕۆم
نامەوێ بنووم
ناتوانم هەناسە بدەم،
تا تۆ لە تەک مندا پشوو نەدەی!
نامەوێ بڕۆم
ناتوانم خۆم بشارمەوە
ناتوانم ببم،
تا تۆ لێرە، دەگەڵ مندا پشوو نەدەی!
نامەوێ پێوەندی بە دەستەخوشکەکانمەوە بکەم
لەوانەیە لەو خەونە بە ئاگام بێننەوە:
ناتوانم ئەو پێخەفە بە جێ بێڵم
لە ترسی بیرچوونەوەی هەموو ئەو شتانەی بوون
ئۆە! من! من چیم؟
هەر شتێکم بوێ، دەیکەم
بەڵام من ناتوانم بشاردرێمەوە:
نامەوێ بڕۆم
نامەوێ بنووم
ناتوانم هەناسە بدەم،
تا تۆ لە تەک مندا پشوو نەدەی!

## ڕاوچی

دەگەڵ چراپێکی ڕۆشن، لە ژوورێکدا:
کە دێمەوە ماڵەوە، بە هەستانەوەت دەزانم
دەگەڵ هەنگاوێچکەیێک بەسەر پەیژەکەدا





کە دەگەمە ئەوێ، دەزانم ڕوانینت چۆنە
ئەگەر وا تێدەگەی پادشای، لەوێ، لەسەر تەختی خۆتی:
ئەوەندە حەکیم دەبی، تا بهێڵی بڕۆم؟!
بۆ ئەو شاژنەی تۆ وا دەزانی خاوەنی ئەوی
دەیەوێ دووبارە بێتەوە بە راوچی
دەیەوێ دووبارە دنیا بە تەنیا ببینێ
بۆ ئەوەی دووبارە چانسێکی دیکە لە ژیان وەربگرێ
بۆیە لێمگەڕێ بڕۆم!
کتێبی نەخوێندراوە دەگەڵ ڕوانینی بە ئازار
تێلیڤزیۆن داگیرساوە، دەنگەکەی نزمە
وەستانێکی درێژ
دواتر تۆ دەست پێ دەکەی
ئا! بڕوانە پشیلە چیی هێناوە
ئەگەر وا تێدەگەی پادشای، لەوێ، لەسەر تەختی خۆتی:
ئەوەندە حەکیم دەبی، تا بهێڵی بڕۆم؟
ئەو شاژنەی تۆ وا دەزانی خاوەنی ئەوی
دەیەوێ دووبارە بێتەوە بە ڕاوچی
دەیەوێ دووبارە دنیا بە تەنیا ببینێ
بۆ ئەوەی دووبارە چانسێکی دیکە لە ژیان وەربگرێ،
بۆیە لێمگەڕێ بڕۆم!
لێمگەڕێ بە جێت بێڵم!
بۆ تاجەکە شوێنێکت هەیە، کە تەپڵی سەری منە
کە ئێستا هەست دەکەم گرانە و
نامەوێ بە تۆ بڵێم!
هەرچۆنێک بێ، خەندەت بۆ دەکەم
هەموو کاتێک بیردەکەمەوە و بیردەکەمەوە
کە دووبارە ببمەوە بە ڕاوچی

دەمەوێ بە تەنیا دنیا ببینمەوە
بۆ ئەوەی چانسێکی دیکە لە ژیان وەرگرمەوە
بۆیە لێمگەڕێ بڕۆم!
دەمەوێ دووبارە ببمەوە بە ڕاوچی
دەمەوێ دووبارە بە تەنیا دنیا ببینمەوە
بۆ ئەوەی چانسێکی دیکە لە ژیان وەرگرمەوە
بۆیە لێمگەڕێ بڕۆم!
لێمگەڕێ بە جێت بێڵم!
لێمگەڕێ بڕۆم!

**لە بارەی ئەم هونەرمەندەوە:**

دایدۆ (Dido Florian Cloud de Bounevialle Armstrong- دایدۆ فلۆریان کلۆود بۆنیڤیال ئارمسترۆنگ)، ناسراو بە (دایدۆ) لە (٢٥ی دێسێمبێری ١٩٧١)، لە لۆندۆن، لە دایك بووە... دایکی فەرەنسییە، شیعریش دەنووسێ. باوکی ئێرلەندییە و کاری بڵاوکردنەوە دەکا. برا گەورەکەی ﴿ڕۆلاند کۆنستنتین﴾ بەرهەمهێنەری گۆرانییە.

دایدۆ، لە لۆندۆن، لە خوێندنگەی ( Guildhall School of Music and Drama)دا، لە بارەی موزیکەوە خوێندنی تەواو کردووە و میوزیسیەنە؛ جۆرەکانی گۆرانیی (پۆپ، تریپ پۆپ و ئەلتێرناتیف ڕۆك) دەچڕێ و ئامێرەکانی (پیانۆ، گیتار، دڕام و "ریکۆردەر- recorder" ﴿کە جۆرێکە لە فلووت﴾) دەژەنێ.





تێبینی: نێونیشانە سەرەکییەکە لە لایەن وەرگێڕەوە داندراوە.

سەرچاوەکان:

(١)http://www.youtube.com/watch?v=cUZyFphrG٣s:
(٢)http://www.youtube.com/watch?v=j-fWDrZSiZs&ob=av٢n:
(٣)http://www.youtube.com/watch?v=OFtNChII٧٨k:
(٤)http://www.youtube.com/watch?v=PoZ-br٨KGsE:
(٥)http://www.youtube.com/watch?v=١qmKk٧fj٩Ug&ob=av٢n:



# نامەیەک بۆ شاعیری گەورەی کورد

## مامۆستا لەتیف هەڵمەت

خالید باشبلاخی





کێ وەکو تۆ،
بە شیعری جوان.
بە وشەی شیرین و ڕەوان.
بەستەو،گۆرانی بەسۆزی
دارشتووە بۆ کوردستان..؟!

کێ وەکو تۆ،
پرچی کچێ،بۆ خۆی دەکات بە ڕەشماڵ.
تا..شەوانە،چۆلەکەی شیعری تیا بنوێ؟!
کێ وەکو تۆ،
ڕۆژ و شەو،بە درێژایی ساڵ.
بە ڕۆحێکی پەپوولەیی و،
زمانێکی وەک گوڵ دەدوێ..؟!

کێ..وەکو تۆ،
بۆ دڵی داگیرکەرانی وڵاتەکەی،
وشەکانی تیژبوون،وەک خەنجەرو چەقۆ؟
کێ..وەکو تۆ،
وێرای لە پایتەختی تاوان..
بە دەنگی بەرز شیعر بڵێ و،
بڵێ تاجە زێڕینەکەی سەری سوڵتان
بۆ هەژارو..بێنەواکان،دەدەم بەنان؟!

کێ..وەکو تۆ،چەمی شیعری،
سەوزەو،پڕە لە تاڤگەی ئاو؟

کێ..وەکو تۆ،پەنجەی سۆزی،
کردۆتە شانە بۆ پرچی کچی هەتاو؟!

کێ..وەکو تۆ،بۆتە چرا
لە دەواری.. هەژارێکدا..؟!
کێ وەکو تۆ،بۆتە بازنگ،
لە نێو بوخچەی کچی ماڵە بێکارێکدا..؟!

کێ..وەکو تۆ،
ڕەگی شیعرەکانی قووڵ و
درێژن،وەک هی داربەڕوو؟
کێ..وەکو تۆ،
بە سووتانی چڵەداری
باڵی پەپوولەی ئاواتی بۆتە ڕەژوو؟!

کێ..وەکو تۆ،
گەندوم،بۆ کۆتری وشەی،
ڕۆدەکات..لە لەپی دەستیا؟!
کێ..وەکو تۆ،
هێندە تۆوی وشەی ناسک
دەڕوێنێ لەناو ئێنجانەی هەڵبەستیا؟!

کێ..وەکو تۆ،
جەلادو..داگیرکەرانی
وڵاتەکەی خۆی ناسیووە..؟!
کێ..وەکو تۆ،دوشمنانی
بە لقی داربەڕووی ڕقی

پیرۆزیدا..هەڵواسیووە..؟!

کێ..وەکو تۆ،
ڕۆحی دەبێتە منداڵ و..
لەنێوانی هەردوومەمکی،
یارەکەیدا..یاری دەکات؟!
کێ..وەکو تۆ،
لە دارستانی مەمکیدا
ڕاوە پاساری دەکات..؟!

کێ وەکو تۆ،
شیعرەکانی دەکاتە باڵ.
پێیان دەفڕێ،
دەشتاودەشت و..یاڵەویاڵ؟!
کێ..وەکو تۆ،
هەژارەکانی خۆشدەوێ و،
هەرئەوانیش،تاجی شیعری لەسەردەکەن!
هەر منداڵانی ئەوانیش،
شیعرەکانی..لەبەردەکەن..!!

کێ..وەکو تۆ،
کچە چەوساوەکانی شار دەیناسن؟!
کێ وەکو تۆ،لەبەرامبەر دوژمنانی
وڵاتەکەی
بووە بە کێوێ..لە ئاسن..؟!

کێ..وەکو تۆ،
حەز دەکا..هەرچی زیندانە.
لەم جیهانە فراوانە،
بڕوخێنرێ و،شوێنەکەیان،
بکرێتە باخچەی بۆنخۆش و قوتابخانە..!

کێ..وەکو تۆ،
کاتێ وڵاتەکەی لە ژێر
چەکمەی پۆستاڵدا دەبینی،
بە شیعرە بەرگریەکانی،
هاواری کردو،هاتەدەنگ!
وشەکانی کرد بەبۆمباو،
بە نارنجۆک و،بە تفەنگ!!

کێ..وەکو تۆ،
دارستانەکان لە دڵیا حەشار دەدات!
کێ وەکو تۆ،دوژمنی سەرسەختی
تەورە..؟!
کێ..وەکو تۆ،هاوەڵی دڵسۆزی بایەو،
دۆستی لەمێژینەی هەورە..؟!

کێ..وەکو تۆ،
لە کوێستانی دڵە پڕ لە بەفرەکەیدا
ڕەشماڵی ئەوین هەڵدەداو،
چرای گەشی شیعری تیا دادەگیرسێنێ؟!
کێ..وەکو تۆ،
بە زمانی پەپوولەو گوڵ،
منداڵانی نیشتیمانەکەی دەدوێنێ..؟!





کێ..وەکو تۆ،
لە دڵە ئاوێنەکەیدا،
نیشتیمانەکەی پیر نابێت و،هەر لاوە..؟!
کێ..وەکو تۆ،
لەگەڵ هاتن و نووسینی هەڵبەستێکدا
لەشی دەڵێی خۆڵەمێشی بەر لافاوە..؟!

کێ..وەکو تۆ،
لەو ڕۆژانەی خۆشەویستی قەدەغە بوو
لە دڵە بەفرینەکەیدا،
فەرشی کەسکی وشەی ڕاخست،
بۆ وڵاتە زامدارەکەی؟!
کێ..وەکو تۆ،دڵۆپ دڵۆپ،
ماچی هەنگوینیی ناردووە
بۆ ناو..ناودەمی یارەکەی..؟!

کێ..وەکو تۆ،
لە پایتەختی سێدارەدا
خوێنی کرد بە مەرەکەب و،
سەربەرزانە،وەکو هەڵگورد..!
شیعری پێدەنووسی،بۆ کورد..؟!
کێ..وەکو تۆ،
پێنووسەکەی،هێندە لا بە قیمەت بووە؟
زۆرجار بەقەد سەدان تفەنگ،
لە دەستیا..بە هەڵمەت بووە..!
من،پێم وایە،ئەوە تەنهاو
تەنها..لەتیف هەڵمەت بووە..!!!



ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

# لانەی نهێنی دایک [٧]



دەستی راستم ..
بۆ چەپ درێژکردووە.
چەپیش بۆراست .
زمان دەسمانە
پێنووسەکەم دەکەمە گیرفان
گەردنم دەسرم
پێیەک دەنێم
ئەوی هەڵدەگرم
خشپەیەک
بەدەنگم دەمرێ
باران دایکردووە
بەفر لە رۆژ دەنوارێ

شەختە دەکەوێتە رێ
شەفەق دەتوێتەوە
خۆر
کەمەری دارەکان سووردەکا
پرچی لەخەنە دەگرێ
تاڵێک لەسەرم هەڵدەوەرێ
دەنگێک لەگەرووم دەفرێ
ژنێک برۆ دەسرێ
جوانی لەدایک دەبێ
نهێنیەک دەبێتە لانک
خامە بەنەمام







زاکان بەزام
کەرتی گشتیم
رەگ دەژێنێتەوە
بەفر لەئاودا دەختکێ
ترۆپکیک گرۆ دەکا
ناواخنم لەرووکەشم
تیشک دەبارێنێ
دارێ کوورِ دەبێتەوە
شارە هەنگێک
دیوار دەتاشێ
پەیکەرێک دەشکێ
باخچەکەم
دەلاقەیەک لەخۆی دەدات
کتێبێک دەچێتە سەری
پەپوولەیەک لەبەهەشت دەبەرێ
بازێک راوکەرەو
قەڵەمێ شیرو
ساوایەک پێکەنین
چاوی راستم دەسکردەو
چەپم بەزگماک
خواییە
پێدەکەنێ پێدەکەنێ
دەیەوێ چاویلکەی تاریکی
لەبەریان داکەنێ
ئاسمان دەگری
خوێن دەسرێ و
تاوان کۆدەکاتەوە

دیسانەوە بارا ن زەوی رادەکێشێ
بەرەو عەرش
ماڵەکەم گەورە دەبێ
لەگەڵ خێزانەکەمدا
دەبم بەپشتیوانێکی برا بەش
بەگوڵێکی سپی
گیانیش بەبۆن
رووناکی لەخۆی دەدات
دەبێ بەنوور
دایکم بەگوڵە نەسرین
خاک دەبێتە بەردەوامی
من بەچڵ و
ئەوان بەژەک و
شیر دروستدەبێ
وشە دەبارێ
قەڵەم دەپێچێتەوە

کاغەز نانەو
نانەوایەک دەیسووتێنێ
کەپوومان
لەگۆڕدەداو
دایکم دەدۆزمەوە
شەکری بەفر
بەسەرمدا دەپرژێنێ

# ئەندێشەی تریفە

غازی زەنگەنە



**ئەندێشەی تریفە**

گەر بێتو
حوسنی ئەو کچە
قەشەنگە
بە شەو لە سەرکانی
بوایە
شوێنی منی دەگرتەوە
لە سەر
ڕوومەتی ئەو

**خەم و تەم**

عەشق و لانەوازانی
دوو ئاوێتەن
بۆ خەمباری دڵگرانی
چونکە
ڕەنگ و بۆی
ئاهوو ئۆفیان
لەیەک دەچن ...







**نەی یار**

هەر لە ئێمە دەچن
سیما
پڕ لە چاوەڕوانی
پەشۆکاو
لە ڕەنگ زەردی و
خەزانی
هەموو دەستان
پێیدەگەن
جگە لە دەستی
عاشقان

**عیشقی کەو**

کەو خۆی دەکا بە قوربانی
دەنگی عاشقەکەی
لە پێناوی خۆی قەفەس ڕێژ دەکا
لە ڕاوچی وایە ...
گێلی یە وا تووشی داوی ئەسیری دەکا
گێلیش هەر بۆ ڕاوچییە ...
کاتێ بێ عیشقانە
بۆ کارەکەی چەپڵە ڕێزان دەکا ...

**دۆزەخ**

دۆزەخی پەپوولە
لێو بردنە بۆ تینی ئاگر
بەڵام
سۆزی عیشقە و
ئەبێ دروستکا
تابلۆی
ئەوین و سوتاندن

**عیشق**

بولبول و عیشق
بولبول ناهەقی نییە
ڕەنگی شەڕابی
لێدەبێ بە گوڵ
عاشقیش
کە گوڵە هەنار دەبینێ
یەکسەر لێی دەبێ
بە لێوانی سوور و
گۆنا
ئاڵەکانی یار ...

## پەیکەر سازو شێوەکار کامەران دارتاش:

# من سەنگەتاشم نەك دارتاش!



دیمانە: بەناز کەریم





***نەزیر خەیلانی: لە بواری هەڵکۆڵینەکانی لەسەر بەرد پیرۆزبایی ئەو کارە نەمرانەت لێدەکەم**

***عەبدوڵلا سەراج: هەست دەکەم لە پەرستگەیەکی بوودابییدام وکڕنۆشم بۆ خودای جوانی و ئیستاتیکا بردووە**

***عەبدوڵلا سەراج: هەست دەکەم لە پەرستگەیەکی بوودابییدام وکڕنۆشم بۆ خودای جوانی و ئیستاتیکا بردووە**

***ئاشتی عەدۆ: دەتوانین بڵێین: ئێستا هونەرمەندێکی خۆڕسکی گەورەمان هەیە کە دەتوانێ (بەرد) بەقسە بهێنێ.**

<u>پرۆفایل:</u>

- ناوی تەواوی (کامەران نەجمەدین مەجید) ناسراو بە (کامەران دارتاش)
- ساڵی ١٩٦٨ لە کەرکووك لە دایك بووە.
- ساڵی ١٩٨٤ لە یەکەمین پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کەرکووك بەشداری کردوووە.
- ساڵی ١٩٨٥ لە دووهەمین پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کەرکووك بەشداری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥وە ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق وکۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق.
- ساڵی ٢٠٠٩ لە هۆڵی نەورۆز لە شاری کەرکووك یەکەم پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە.
- لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لەدەیان پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کوردستان بەشداری کردووە.
- لە٢٠١٠/١/١٢ لە فیستیڤاڵی (خۆشەویستی وئاشتی) کە بۆهونەرمەندە شێوەکارەکانی سەرجەم نەتەوەکانی شاری کەرکوك ساز کرابوو بە شداری کردووە...
- ئیستاش لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ سازدانی سێهەم پیشانگای تایبەتی خۆی.



**★ هەندێ لە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد پێیان وایە، هونەری پەیکەرسازی بوونی نییە لە کوردستان، رای تۆ چییە؟**

کامەران دارتاش: ئەو رایە دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێ یەکەم: گەر مەبەستیان ئەوە بێ ئەم هونەرە هەر نییە! ئەوە لە وەڵامی ئەوانە دەڵێم: بوونی ئەو هەموو پەیکەرانە لە شەقام وپارك وشوێنە گشتییەکان بەتایبەتی باخی گشتی لە شاری سلێمانی کە چەندین پەیکەری





شاعیران وناودارانی کوردی لە ئامێز گرتووە، وساڵانە کردنەوەی چەندین پیشانگای پەیکەر سازی لە شارەکانی کوردستان وهەر وەها بوونی بەشی تایبەتی پەیکەر سازی لە پەیمانگەو ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە کوردستان باشترین وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن: پە یکەرسازی بوونی نییە. و دووەم : گەر مەبەستشیان ئەوەبێ شاکار وداهێنان نییە! ئەوە دەڵێم: گەر تەمەنی کورتی ئازادی لە کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ وڵاتانی تر ئەوە خاوەنی ئەزموونی دەوڵەمەندو دەیان شاکار وکاری نایاب وبەپێز، ئەوە ئێمە دەبێ لەسەرەتابین ولە خانەی سفر دامان بنێن، کەچێ شاکارەکانی هونەرمەندانی کوردی بەتوانا بەڵگەی پێشکەوتنی هونەری شێوەکاری وپەیکەرسازین، وەلێ بەداخەوە هەندێ لە هونەرمەندانی کورد بەچاوێکی کەم دەڕواننە بەرهەم وخودی هونەرمەندانی کورد !!!

* تۆ لەسەر چ ماددەیەك كار دەكەی یاخود چ كەرەستەیەك بەكار دەهێنی بۆ بەرهەم هێنانی پەیكەرێك یاخود كارێكی هونەری؟

کامەران دارتاش: کار لەسەر دارو بەرد بەهەموو جۆرەکانییەوە دەکەم و پەیکەر دەتاشم، تەنانەت لەسەر بەفریش دەتوانم جوانترین پەیکەر دروست بکەم، هەر چەند گرانترین ماددە بەردی مەڕمەڕە وەلێ من زۆر بەعشق وئارەزووە کاری لەسەر دەکەم و زۆربەی کارەکانم لە سەر بەردی مەڕمەڕن! واتە من سەنگەتاشم نەك دارتاش! هەرچەندە نازناوەکەم دارتاشەو لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە.

**★ وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری وهونەری هەولێر. بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری، رۆژی ٢٠١٠/٥/١٠ ولەهۆڵی گەلەری کوردستان لە هەولێری پایتەخت دووهەمین پێشانگای تایبەتی پەیکەرسازیی بۆت کردەوە، بۆماوەی ٤ رۆژ بەردەوام بوو، کە تیایدا ٢٢پەیکەرت نمایش کرد، ١٥ پەیکەری لە بەردی مەڕمەڕو ٧ لە دار هەڵکۆڵیون، لەمبارەیەوە جی دەڵێی؟**

کامەران دارتاش: سەرەتا پێم باشە ئەوەتان پێ رابگەیەنم من دەرچووی هیچ پەیمانگاو ئەکادیمیایەك نیم، هەر بەخۆڕسك وبەئارەزو وعیشق وخۆشەویستیم بۆ هونەر، خۆم فێری هونەری وێنەکێشان و پەیکەر سازی کرد، وپتر لە ساڵێك خەریکی خۆ ئامادە کردنم بۆ ئەم پێشانگایە و هەموو بەرهەمەکانم هەڵکۆڵینە وداتاشین و کاری دەستین، زۆر ماندوو بووم تا تەواوبوون، چونکە ئیشکردن لەسەر بەردو مەڕمەڕ ودار هەروا کارێکی سوك وهاسان نییە، وپەیکەرەکانم بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لەزۆر لایەنەکانی ژیان دەکەن وئازارو



نەهامـەتی و مەینەتییـەكانی گەلەكـەشمان بـیٚ بـەش نـین لێیـان ، ورەنگدانـەوەو مـۆركی گەلەكەمانی پێوە دیارن، بۆ نمونـە: روفـاتی ١٠٤منـدالّ و٢ ژنەكـەی ئـەم دوواییـەی كـە لـە شارۆچكەی دووبزی خواروی شاری كـەركوك دۆزرانـەوە و لـەرۆژی ٢٠١٠/٤/١٣ هێنایانـەوە بۆ بازێری چەمچەمالّ، لە پەیكەرێكمدا بەرجەستەیانم كردوون.

**★ هونەرمەندو رۆشنبیرو بینەرانی شاری هەولێر چۆن پێشوازیان لە پیشانگاكەت كرد؟**

كامـەران دارتـاش: خـەڵكێكی زۆر ئامـادەبوون و زۆر بـەیان سەرسـامی خۆیـان دەربـڕی چ رووبـەڕو پێمیـان وت، چ بـە نووسـین ،ولێـرەدا رای ٣لەهونەرمەنـدان ورۆشـنبیران بۆنموونـە دێنمەوە كـە لـە دەفتـەری پێـشانگاكە تۆماریـان كـردووە، هونەرمنـدی پەیكەرسـاز (نـەزیر خەیلانی) نووسیویەتی: (لە بواری هەڵكۆڵینەكانی لەسەر بەرد پیرۆزبایی ئەو كارە نەمرانەت لێدەكـەم، وەلـیٚ بـۆ كـارو بەرهەمـە دارییـەكانت جیاوازییـەكی رێـژەیی هەیـە، بەتایبـەتی پەیكەری ڤینۆسەكەت كە لاسایی كردنەوەی هونەرمەندە رۆمانییەكانە.. نووسەرو شـێوەكار (عەبـدوڵلاّ سـەراج) نووسـیویەتی: (لـەم پیـشانگایەدا چـاوی بینـەری وابەسـتەی ناوەڕۆكـە پیرۆزەكانی ئەنفال ومرۆڤ خەساندن كردووە. هەسـت دەكـەم لـە پەرسـتگەیەكی بوودایـیدام وكڕنۆشم بۆ خودای جوانی وئیستاتیكا بردووە..)





هونەرمەندی شـێوەكارو فۆتۆگرافـەر (ئاشـتی عـەدۆ)ش نووسـیویەتی: (لەوەتـەی مـن لێـرە كاردەكەم، لەم هۆڵەدا نمایشێكی تایبەت بۆ هیچ هونەرمەنـدێكی پەیكەرسـاز نەكراوەتـەوە، لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی پەیكەرتاشـەكان ئەوەنـدە كاریـان نییـە هۆڵێـك پـڕ بكاتـەوە. بۆیـە دەتوانین بڵێین: ئێستا هونەرمەندێكی خۆڕسكی گەورەمان هەیە كە دەتوانیٚ (بـەرد) بەقسە بهێنیٚ...

**★ بەنیاز نیت لە شارەكانی تری كوردستان نمایشیان بكەیت؟**

كامەران دارتاش: سـەرەتا زۆر هەوڵمـدا لـە شـاری كـەركووك نمایـشیان بكـەم، روم لـە زۆر لایەن ودەزگای هونەری ورۆشنبیریی كرد، لیٚ بەداخەوە هیچیان ئامـادە نـەبوون هاوكـاریم بكـەن، ئـەوەبوو بـە سوپاسـەوە بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی رۆشـنبیری وهونـەری هـەولێر وبەڕێوەبەرایـەتی هونـەری شـێوەكاری هاوكاریـان كـردم وتـوانیم دووهـەمین پێـشانگای تایبەتی خۆم لە پایتەختی كوردستان بكەمەوە. گەر هەر لایەنێك هاوكاریم بكـات ئـەوە بـە خۆشحاڵیەوە دەیگوازمەوە بۆ سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردسـتان بەتایبـەتی شـاری سلێمانی كە شاری هونەر وداهێنان وجوانییە..

**★ بەرای تۆ جی بكرێت بۆ پێش خستنی هونەری پەیكەرسازی لە كوردستان؟**

كامـەران دارتـاش: گرنگیـدان بـە توانـای هونەرمەنـدە لاوەكـان ودابـین كردنـی كەرەسـتەو پێداویـستیەكانی پەیكەرسـازی، ونـاردنی هونەرمەنـدان بـۆ ولاّتـە پێـشكەوتووەكانی ئـەم بووارە بەمەبەستی بەشداربوون لـە ۆرك شـۆپ وخـولی پەرەپێـدانی هونـەری پەیكەرسـازی تاكو هونەرمەندی ئەكادیمی بەتوانامان هـەبیٚ وهونـەری پەیكەرسـازی لـە كوردسـتان پـتر گەشە بكات هەروەها گرنگی زیاتر بدریٚ بەم هونەرە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە...

.

# میسر و کاریکاتێر

## لە عەرەبییەوە: گرفتار کاکەیی

دیارە مێژوویەکی دوور و درێژ لەدوای ئەم هونەرەوە هەیە لە سەدەکانی داهاتوودا زاراوەی (کاریکاتێر)ی پێوە نوساوە، کە لە بنەچەدا وشەیەکی ئیتالییە و واتای (وێنەی خەندەدار و زیادەڕەوی لە دەرخستنی عەیب و جیاوازییەکان) دەگەیەنێت. ئەشکەوتنشینەکانی سەدەی بەردین یەکەمین وێنەی لەم جۆرەیان نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا هەڵکۆڵیوە، وەك ئەو وێنانەی کە لە ئەشکەوتی (کامبول)ی فەڕەنسا و لە جەزائیردا هەن. هەروا ئەغریقییەکانیش بە گاڵتەجاڕییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دونیادا کردووە، لەوێدا وێنەی خەندەداری کەسایەتییە ئەفسانەییەکان بەرچاو دەکەوێ. ڕۆمانییەکانیش بەهەمانشێوە ئەم هونەرەیان ئەنجامداوە چەند تابلۆیەکی تەنزئامێزیان لە کەلاوەکانی (بۆمبی)دا دۆزراوەتەوە.

هەروا لە سەردەمی دەوڵەتی بیزەنتییەکاندا دەبینین میسرییە قوبتییەکان لەو کاتەدا گاڵتەیان بە لەدەستبەسەرا گرتنی دەوڵەتی بیزنتییەکان کردووە. لێرەدا وێنەکێشە میسرییەکان دەسەڵاتی بیزەنتییەکانیان بەشێوەی پشیلەیەك کێشاوە، مشکەکان داو دەرمانی بۆ دێنن و ئاڵای سپیان هەڵکردووە (ئاڵای ملکەچبوون).

لە شوێنەوارە دۆزراوە و ئەشکەوتە میسرییەکاندا چەندین نموونەی کاریکاتێری دۆزراوەتەوە کە مرۆڤی چاخی دێرین شارەزاییان لەم جۆرە هونەرەدا هەبووە کە لەوپەڕی





تەنزو و گاڵتەجاڕیدان لە دەرخستنی خەوش و جیاوازییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵە ناسراوەکاندا.

هونەری کاریکاتێر لەگەڵ ڕەوڕەوی پێشکەوتنی سەردەم و کۆمەڵگاکان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی باودا بە گیانێکی پڕ لە گاڵتەکردن و ورووژاندن و (هەنێ جاریش بریندارکردن)دا هەبووە. هەر لە سەردەمی فەرعەونییەکانەوە بەو کاریکاتێر و وێنەدارانەدا چووینەتەوە کە وێنەی ئاژەڵی تێدا کێشراوە و گوزارشت لە ڕەفتار و ڕەوشتی مرۆڤ دەکەن تێیدا مشکەکان هێرش دەکەنەسەر قەڵای پشیلەکان و لە شوێنی وەجاغزادەکاندا دادەنیشن. وێنەی شێریش دەبینین لەگەڵ کەردا یاری شەترەنج دەکەن، هەروەك گورگەکان شوانکاری مێگەلێك دەکەن.

ئەو وێنانەی دۆزراونەتەوە زۆر هەمە چەشنەن. ئەوە جگە لەو وێنانەی کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا دۆزراونەتەوە یان ئەوانەی لەسەر کاغەزی زەل و کەرتە گۆزەن و هەندێکیشیان لە زۆربەی مۆزەخانە جیهانییەکاندا پارێزراون. وەك مۆزەخانەی (تۆرینۆ) لە ئیتالیا. هەروەها مۆزەخانەی بەریتانی و مۆزەخانەی (میونگ) لە ئەڵمانیا و مۆزەخانەی (بروکلین) لە نیویۆرك. توێژەری شوێنەوارناس دکتۆر مەحموود ماهیر تەها بەڕێوەبەری سەنتەری زانیارییەکان کۆمەڵەی شوێنەوارەکانی میسر باسی لێوە کردووە و دەڵێ: (ئەو وێنە تەنزئامێزە کاریکاتێرییە میسرییە کۆنانە لەگەڵ نموونەی ئەم سەردەمەی ئێستادا زۆر لێك دەچن، جیاوازییەکەی ئەم لە ڕوحییەتە شادییەکەی و پەنابردنە بەر خەیاڵ و بەکارهێنانی دروشم و وێنەی ئاژەڵان ڕەخنەگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و رامیاری و گاڵتەپێکردنیان لەخۆ دۆزینەوە لە ڕەخنەی لە روو و راستەخۆدایە[1].

مێژوونووسان لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامەگەری عەرەبی لە میسردا وتوویانە کەوا ڕۆژنامەنووسی میسری یەعقوب سەنوع یەکەمین کەسە کە ئەم هونەرە دێرینەی هێناوەتە ناو ڕۆژنامەنووسی عەرەبییەوە بە وێنەکانی کە لە گۆڤارەکەیدا (ئەبو نەزارە)، خاوە چاوێلکە کە بێشکەی راستەقینەی وێنە کاریکاتێرییەکانن لە ڕۆژنامەگەری میسری بەتایبەتی و لە ڕۆژنامەگەری عەرەبیدا بەشێوەی گشتی، ئیدی دوای ئەوە گۆڤاری تارمایی سێبەر (خیال الظل) کە چەندین کاریکاتێر و بابەتی کۆمەڵایەتی و رامیاری سادە و راستەوخۆی بڵاوکردووەتەوە. پێش ئەویش گۆڤاری کەشکۆڵ (الکشکول) کە گۆڤارێکە ڕێبازی گاڵتەجاڕی و تەنزئامێزی پەیرەو دەکرد جگە لە وێنە کاریکاتێرییە پێکەنیناوییەکانی. دوای ئەوەش یەك لەدوای یەك گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە بڵاوبوونەوە کە



هەندێکیان تایبەت بوون بە بواری تەنز گاڵتەجاڕی چ بە وشە بێت یان وێنە یان هەردوو پێکەوە. ئەم بڵاوکراوە تەنز ئامێزانە لە وڵاتە عەرەبییە جیاجیاکاندا بڵاوبوونەوە و مێژوویەکی بەرفرەیان هەبوو لەسەرەتای دەیەکانی سەدەی بیستەمدا لە سوریا و لوبنانیش، هەروا (قوتابخانەی هونەرە جوانەکان) کە میر یوسف کەماڵ لە میسر دایمەزران رۆڵێکی باشی هەبوو لە دروستکردنی بناغەی ئەم هونەرە، ئەویش لە دەستپێشخەری کردنی لە هێنانی سێ لە هەرە گەورە وێنەکێشە بیانییەکان لەلایەن دامەزرێنەرەکەیەوە لە سەرویانەوە هونەرمەندی ئیسپانی (سانتیس) کە شوێن پەنجە و مۆرکێکی بەجێهێشت و کاریگەرییەکی دیاری هەبوو لەسەر پاشەڕۆژی پێشکەوتنی هونەری کاریکاتێر و بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەگەری میسریدا.

(ژوان سانتیس) خاوەن سەبکێکی ئەکادیمی بوو پەیڕەوی شێوازی هونەری فەڕەنسی دەکرد. لەو کاتەدا کاریکاتێریستی میسری (رخا)[٢] سەبارەت بەو هونەرمەندە دەڵێ (بە توانا هونەری و شێوازە شکۆدارەکەی سانتیس، هەناسە بڕ دەبم، هەروەکو شەمەندەفەرێکە بەسەر ئاسنەکانیدا دەڕوات و هەرگیز لێی دەرناچێت هەر لەسەرەتای دەرچوونیەوە ساڵی ١٩٢١ وێنەی بۆ گۆڤاری کەشکۆڵ دەکێشا هەروا دوای سێ ساڵ گۆڤاری (خیال الظل) دەرچوو کە دووەمین گۆڤاری میسری بوو عەلی رفقی کە بەڕەگەز تورکییە وێنەی تێدا دەکێشا، لە ستایلی رفقیدا ناسکی و رەوانی و توند و تۆڵی و شەنگییەك و توانایەکی لە رادەبەدەر لە دەربڕین و گونجاندنی جوانیدا دەبینم) وێنەکێشی





سێیەم کە لەم کاتەدا و لەناکاو پەیدا بوو ئەویش کاریکاتێرستی ئەرمەنی (ساروخان) بوو کە سەرەتاییەکی بۆ قۆناغێکی راستەقینە لە مێژووی رۆژنامەگەری میسریدا پێکهێنا دوای ئەوەی بانگەوازی دەرکەوتنی یەکەمین تۆ و هێماکانی لەدایکبوونی کاریکاتێری نیشتمانی میسر لەسەر دەستی چەند قوتابیەکی میسری دەربڕی کە کاریگەرییان لە شێواز و بابەتی ئەو کەسایەتییە کاریکاتێرییانەی لەدواییدا دایهێنان، دیارترینیان کەسایەتی میسری ئەفەنی (المصری أفندی) بوو.

لەدوایی بابەتەکەدا بە تێر و تەسەلی دێینە سەر ئەم باسە ساروخان توانی دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە لە کاروانەکە ناوی خۆی لە تۆماری زێڕینی کاریکاتێری جیهانی تۆمار بکات بەدیارترین پسپۆڕانی ئەم بوارە بناسرێن. بەتایبەتی خامەی ئەم بلیمەتە توانی هەموو ئەوانەی کە لە دەروونی خەڵکی رەمەکیدا دەخولێنەوە بچنێتەوە و ورووژاندنی پرسیارە زیرەکانە و گاڵتەجاڕییەکان سەبارەت بە کێشە سەرەکییەکانی میللەت بەرەچاوکردنی چەرمەسەرییەکانی رۆڵەی چینەکانی خەڵکی هەژار و چینی مامناوەندی و ورد بوونەوە لە جیاوازییەکانی نێو چینی ئینتلای چەوسانەوە و دەردەسەری و لەگەڵ ئەوانەی ئینیلای چاوچنۆکی تالان و بڕۆ و داگیرکەرانەن. ئەمەیان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی کاریکاتێری رۆژنامەگەری. کەم و کوڕی لەش و رواڵەت و دەموچاوی بابەتی دیار و گرینگ نەبوون لای ساروخان لەبەر ئەوەی مەبەستی گاڵتە و گەپ و پێکەنین نەبوو تەنها بۆ پێکەنین، بەڵکو مامەڵەکردنی لەگەڵ ناوەڕۆك و ژیانی تایبەتی بابەتەکەی یان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی هەڵگێڕانەوەی مەنەلۆژی ناوەکی بەدەرخستنی لەنێو گفتوگۆ و توانجی گەپجاڕ و گاڵتە ئامێز بەو پێیە توانی دانایی و رامیارێتی میسری ئەفەنی ئەو هاوڵاتییە سادە و دڵپاکە لە هەمانکاتدا لە ڕاستیدا قوربەسەر بوو.

کاتێك وێنەی بەمات و مەلولی دەکێشا چاودێڕی ئەو دەمە و داهاتوو دەکات بۆ ئەوەی بانگهێشتی هاوارێکی توند و مۆشەك ئاسا (ساروخیانە) بەڕووی زوڵم لێکەر و چەوسێنەرەوەکانیدا دەربڕێت.

١– أبو العینین، سعید: رخا، فارس الكاریكاتیر (١) أخبار الیوم – القاهره ١٩٩٠ص(٢٥).

٢– الجمعیه المصریه للكاریكاتیر: وداعاً بابا رخا (سروشور)

سەرچاوە: جریده الجماهیر العدد ٣٣٣١٠

# کورد لە سەرچاوە دێرینەکاندا

ن: ج. ئار. درایڤەر
وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناو

پێشەکی:

توێژینەوەکانی هەندێك لە رۆژهەڵاتناسان چەند تایبەتمەندیەکیان لەخۆ گرتووە، کە ئێمەش هان دەدات بەدواداچوونێکی تایبەتیان بۆ بکەین لەو توێژینەوانەی بڵاوکراوەکانی (ج. ئار. درایڤەر)ە ، کە لەمەڕ کوردو کوردستان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە-:

-١ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردو کوردستان، ١٩١٩.

-٢بڵاوبوونەوەی کورد لەمێژووە دێرینەکان، ١٩٢١.

-٣ئایینی کورد، ١٩٢١–١٩٢٣.

-٤چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی کورد، ١٩٢١–١٩٢٣.

-٥ناوی (کورد) و پەیوەندیە فیلۆلۆژییەکان، ١٩٢٣.

وا پێ دەچێ وەرگێڕ هەستی بەجۆرە گرنگیەکی نووسراوەکانی (درایڤەر) کردبێ، بۆیە هەستا بەوەرگێڕانی هەردوو لێکۆڵینەوەی دووەم و پێنجەم، بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەستی ئەو کەسانەی کە گرنگی بە دیراساتی کوردی دەدەن، ئەو توێژینەوەیەی کە لەمەڕ ناوی (کورد) ئەنجام دراوە، لەچۆنێتی پێشڤەچوونی ئەم وشەیەو ماناکانی دەکۆڵێتەوە، بەو تەرحە شێوازەی کە لەسەرچاوە بەرابیەکاندا هاتووە تادەگاتە ئەمڕۆ.

بەهەمان شێوە رووناکی دەخاتە سەر هۆکارەکانی جیاوازی وشەکە لەگەلێکەو بۆ گەلێکی





دی، جگە لەوەی کە چۆنێتی وەرگێڕانەکانی ئەم وشەیە بۆ سەر زمانی یۆنانی و سریانی و عەرەبی و، کرۆکی واتا راستەقینەکانی بەو شێوازانەی کە لەچاخە جۆربەجۆرەکاندا هاتووە، دەخاتە ڕوو.

هەرچی بابەتی دووەمیشە باسی لەو شوێنو شارو پێگە جۆگرافیانە دەکات، کە لەدێر زەمانەوەو لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بەتایبەتی لەچەرخی ئیسلامیدا، کوردی لێ رۆنیشتووە. سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامیەکانیش رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لەچڕکردنی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانست و زانیارییەوە بەتایبەتی ئەو شتانەی کە گەڕۆك و گەریدە عەرەب و موسوڵمانەکان لەم بوارەدا نووسیوویانە.

جا ئیتر لێرەوە گرنگی ئەم دوو توێژینەوەیەی (ج–ئار– درایڤەر) سەرهەڵدەدات و پاڵنەرە خودیەکانی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبیو کوردی روون دەبێتەوە. هەروەها (کودڤری رولز درایڤەر) مامۆستای (ئینگلیزی)یە، کەسالّی (١٨٩٢) لەدایکبووە، دواتر لە سالّی (١٩١٥) چووەتە سوپاوە و سالّی (١٩١٦)ش وازی لێ هێناوە، پاشان لەدەزگای هەوالگری سەربازی بەریتانی سالّی (١٩١٩) دەست بەکاربووە، لەسالّی (١٩١٧) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوەو ماجستێریشی لەسالّی (١٩١٩) بەدەست هێناوە، لەسالّی (١٩١٩)ەوە تاکو سالّی (١٩٦٢) لە کۆلیژی (ماجدولین)ی سەر بەزانکۆی (ئۆکسفۆرد) هاوکاری فەخری هەتاهەتایی بووە، لەسالّانی (١٩١٩–١٩٢٨)وەك مامۆستایەکی توێژینەوە کلاسیکییەکان لەکۆلیژی (–ماجدولین) بووەو لەسالّانی (١٩٢٣–١٩٤٠) بەرپرسی نووسینگەی ئەو کۆلیژە بووە، لەسالّانی (١٩٣١–١٩٣٤) جێگری راگری کۆلێژ و لەسالّانی (١٩٥٢–١٩٦٢) دیسان بۆتە هاوکارێکی دەست پێشخەری بۆ کۆلێژەکە لەسالّانی (١٩٣٨–١٩٦٢) مامۆستای زمانە سامییەکانی بووە لەو کۆلیژە.

زانکۆی (ئابردین) سالّی (١٩٤٦) بڕوانامەی و زانکۆی (مانشتر) سالّی (١٩٥٦) و زانکۆی (دارهام) سالّی (١٩٤٨) و زانکۆی (کامبرج) سالّی (١٩٦٤) بڕوانامەی دکتۆرای فەخریان پێ بەخشیوە، هەروەها سالّی (١٩٦٣) ئەندامی شەرەفی کۆلیژی توێژینەوەی رۆژهەلاتی و ئەفریقییەکانی زانکۆی (لەندەن)بووە.

کتێب و نووسینەکانی تریشی ئەمانەن:

١- letters to the first Babvloni٣n pynasty ١٩٢٥.

٢- Gromerd Collpguid Arabic of Syria and phalastine ١٩٢٥.

٣- Neslonus the Bazar of Hearcleides (joinstly) ١٩٢٥.

٤- Assyrian lows (joinhy) ١٩٢٥-١٩٥٢-١٩٥٦.

٥- Problams of the Hsebrew verbal system ١٩٣٦.

٦- Semitic Writhing ١ ٩٤٨, ١٩٥٤.

٧- Aramic Docoments From Egypt, ١٩٥٢.

٨- Baby lonion laws (jointy)١٩٥٢, ١٩٥٥.

٩- canantite mayth and legends ١٩٥٥.

١٠- Aramic Documents of the sth century B. C, ١٩٥٢.

١١- Aramic Documents ١٩٥٧.

١٢- the Judean serolls ١٩٦٥

هیواخوازین كە ئەم دوو لێكۆڵینەوەیە جێی خۆیان لەپەرتوكخانەی كوریدا بگرنەوەو رۆڵی شیاوی خۆیان ببینن لە دوو تویێ ئەو توێژینەوانەی كە لەبواری كوردناسیدا ئەنجام دەدرێن.

## ناوی كورد و پەیوەندییە فیلۆلۆجییەكانی

پێدەچێ كە دێرینترین ناوهێنانی گەلی كورد لە تابلۆ قورینە سۆمەریەكان هاتبێ، كە مێژوویان بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە كە گوزارەی (زەوی كاردا)یان (قاردا) تیادا هاتووە(land of kar-da of qar-dat)).)، )زەوی كاردا) بەرانبەر بەزەویەكانی گەلی(Peopol of su))) )، ئەو گەلەی كە نیشتەجێی باشووری دەریاچەی (وان) بوو، وا پێدەچێ كە پەیوەندیان دەگەڵ (كۆرەنتییەكان)دا هەبووبێ -Qur-ti))، كۆرتییەكانیش لەو چیایە دەژیان كە كەوتبووە رۆژئاوای دەریاچەكە و ئەو گەلەی كە سێ جار لەگەڵ (تكلات بلاسەر)ی یەكەم جەنگاوە.

جا ناسنامەی فیلۆلۆجی ئەم دوو ناوە نەسەلمێنراوە، ئەویش بەهۆی ئەو گومانەی كە ئاوێتەی خەملاندنی وردەكارییەكانی سروشتی دەربڕینی دەنگەكانی وشەكانە بەزمانی سۆمەری. رواڵەتی دووەمی ڕەگ و ڕیشەكانی وشەی (كورد) لەوشەی (كاردۆچی)دا (kardochi)گەشەی كردووە كە (گەزنەفون) باسی لێوە كردووە، ئەم وشەیە هیچ ناگەیەنێت تەنها ئەوە نەبێت كە لە وشەی گورتوGurtu) )ی هاومانای وشەی (كورتی Qurti)ەوە بۆ زمانی یۆنانی گوازراوەتەوە، ئەم دوو وشەیە پاش زیادكردنی ئامرازی كۆی





ئەرمەنی (Kh) بۆ سەری هەندێك لە گوزارشە ئەرمەنییەكان دەبنە وشەی (كورتوخ kurtukh)، ئەویش ئەو زمانە دەگرێتەوە كە سەدەی پێنجەمی پێش زایین بەكاردەهێنرا. هەروەها (دەهەزارەكە)، ئەم دوو وشەیەی خستە سەر ئەو زاراوانەی كە لە زمانی یۆنانیدا بە بڕگەی ناسراوی (وچی) كۆتاییان دێت.

هەرچەندە لەو زمانە دێرینەو بەراییەدا زانیاریەكی ئەوتۆ سەبارەت بە زمانی ئەرمەنی دەست ناكەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان وشەكە لەو دوو وشە ئەرمەنییەی كلاسیكییەوە (Gurtu-kh) یان (Gortai-kh) وەرگیراوە، كە ماناكەیان (گەلی كورد) دەگەیەنێ، ئەویش لەبەر ئەوەی كە وشەی (كاردۆچی) هەر كۆپییە یۆنانییەكە بوو و هەمان ئەو گوزارشەی زمانی پێش ئەدەبی ئەرمەنی دێرین دەگەیەنێت.

ئەم بەڵگەیەش دوو راستەقینەی زەق پشتگیری لێدەكەن، كە (ستیڤان بێزەنتی) هێناویەتی:

-١ناوی راستەقینەی ئەو گەلەی كە (گەزنەفۆن) بە (تاوچی) (Taochi) ناوی بردوو، ئەوە گەلەی تایTai) )یە، كە پێشترداSophainilus) )تۆماری كردووە.

-¬٢گەلی كوردیایا (Qordiaea) بەناوی ترەوە دەناسران، وەكو (گوردی) و (گوردۆچی)Gordiand Gordchi) )، هەردوو ئەم ناوانەش گوزارشتێكی دەقاودەقی دەربڕینە یۆنانییەكانە، كە لەگوزارشتی كۆنی ئەرمەنییەكە تایخTaikh) )و گورتوخ (Gortkh)یەك بەدوای یەكەوە وەرگیراون.

جا فۆرمەلەیەكی تری (كاردۆچی) یان (كوردۆچی) لە وشەی (كارداكسیkardaksi -)دا تێبینی دەكرێت، كە ناوێكە كۆمەڵە جەنگاوەرێكی ئاسیایی پێ ناو دەبرا، كە لەشوێنگەی نیشتەجێ بوونی كاردۆچییەكانەوە هاتبوون، جا دوای ئەوەی كە ناوەكە بەسەر هۆزێكی دیاریكراودا بردرا، ئیتر دوورنییە كە وشەی (كاداكسی) بووبێتە زاراوەیەك كە بۆ ناوهێنانی چەتەكانی ئاسیا بەكاربردرابێ.

هەروەها قوتابییەكی (ستراپۆ) سەبارەت بەم ناوە تێبینییەكی گرنگ دەخاتە روو و دەڵێ: ئەو چەتەگەلە لەبەرئەوە بە (كاداكسی) ناوزەد كران، چونكە ژیانیان بەچەتەیی و رێگە بڕین دابین دەكرد، جگە لەوەی كە مانای وشەی كاردا(kardaا ))، ئازایی و دلێری دەگرێتەوە، لەهەمان كاتیشدا ناكرێت بڵێین كە غەیری ئەو هۆزە كوردیانە دەگەڕێتەوە كە بەشێكیان ژیانیان بەچەتەیی و ڕێگری دابین دەكرد، بەڵام هەرر زوو بە ئەو سروشتی

پاشبەندی کۆی (ئوجای) دۆزرایەوەو لەگەڵ (ئای) و (ین) و هاوشێوەکانی جێگۆرکێش پێکرا، لەگەڵ ئەوەشدا داڕشتنی (اوجی) ماوەیەك لەو وەسفسازیانەدا بەلەکاردەهێنرا کە ئاماژەیان بۆ گەلان دەکرد، هەروەك (پلینی)(Pliny )بەروونی دەڕپیریوە...

)گەلێك کە لەپێشدا بەکاردۆچی (kardochi) ناسراوە، بەلام ئێستا بە گوردۆنین (Gordonin)ناسراون و دراوسێی (ئادیابینی) (Adyabini) بوون، کە رووباری (دیجلە) لەباکووری جوگرافیایەکەیانەوە رێچکە دەکات)).

لەماوەیەکی تریشدا ئاماژەی بۆ (چیاکانی کوردیای) (the mountain of ((Gordyai)کردووە، کە رووباری دیجلەی پێدا تێدەپەڕێ، و هەردوو شاری (ئورویان - orroeyan)واتە شاری ئودیس – بەسریانی ئورهای پێدەڵێن کە ئێستا شاری (ئۆرفای)یە و شاری ئادیابین (Adyabin) جودا دەکاتەوە، بەلام (سترابۆ) کاتێك کە باسی لە زەوییەکانی کوردیای دەکات، ریشەی وشەی (کوردیای) بۆ وشەی کاردۆچی دەگەڕێنێتەوە، واتە ئەو پیاوە دێرینانەی کە بە (کاردۆچی) دەناسرێن، بەهەردوو ئەم داڕشتنەو جیاوازەکانیان لەوانەیە بۆ نەزانیو بێ گوێدانە کۆپیکارە یۆنانی و رۆمانییەکان دواتر گەر بگەڕێینەوە هەڵەکاریەکانیان رۆڵیان گێڕا لەشێواندنی شکڵ و شێوازی وشەکە، تەنانەت لەلای سۆمەرەییە مەسیحییەکانیش، ئەم هەڵەیە ئەنجام دراوە.

ئەمەی خوارەوەش خشتەیەکە دەربارەی شێوەکانی وشەکەو بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی بەو شێوازەی کە نووسەرە یۆنانی و لاتینییەکان لەسەدەی یەکەمی پێش زایینەوە بەکاریان هێناوە-:

-١لەسەدەی یەکەمی پێش زایین:

کوردۆیینCordueni

کوردوئینCordyene

گوردیایۆسGordyaeus

گوردیایاGCordyaea

-٢لەسەدەی یەکەمی زایینی:

گوردوئیینی و گوردینGordyena ana gordyene

گوردوئیینیCordueni

گوردویایۆسGordyaeus



گزنگ ٨٧
سەکۆی گزنگ
کانوونی دووەم ٢٠١١

کوردیایKordyaei

کوردیایCurdiaei

-٣لەسەدەی دووەمی زایینی:

گوردینCordyene

گوردایوسGordyaeus

کوردوئینKorduene

کاردینوسKardynus

-٤لەسەدەی چوارەمی زایینی:

کاردۆئینیKardueni

کاردۆئینیCardueni

کوردیایKordyaei

-٥لەسەدەی پێنجەمی زایینی:

کاردۆئیینیCardueni

کوردۆئیناCorduena

کوردیناCordyena

کاردۆئینیKardueni

-٦لەنووسینە کڵیساییەکاندا:

کاردۆیۆسKardyeus

کوردۆلیاCordulia

کودریالیاCodryalia

پاش هەموو ئەم شتانە ئیتر پێویست بەناوهێنانی جیاوازییەکانی دی ناکات، کە لەمەڕ داڕشتنی ئەم وشەیە بدرکێنرێت، چونکە جیاوازییەکان کە بەچڕی لەدەسنووسەکاندا ناوبراون، هەروەها پێویستیش ناکات کە داڕشتنی وشەی کوردیاس شێوێنراوە، بەهەمان شێوە ناوبرێت کە (ستیڤان بیزەنتی) وەکو ناوێك بۆ زەوی گوردیای (Gordyaei) دەستنیشانی کردووە. بەهەر حاڵ لێرەدا نازناوێکی تر کە ئاماژە بۆ گەلێك لەگەلەکان دەکات، لەوە دەچێ کە لە ریشەیەکی وشەکەوە داتاشرابێ کە دەتوانی تارادەیەك بەهەند وەربیگرین، چونکە سیرتییەکانCyrtii) )لەلایەن زۆر لەنووسەرە کلاسیکییەکانەوە وەك

عەشرەتێکی ئاسیایی ناوبراون، ئەویش وەك میللەتانی (کاردوچی) و (کارداکس) کە بە بەردهاوێژ ناسراون(Silingar)، لەبەر ئەوە (سترابۆ) دەربارەیان دەڵێت: ئەوانە لەناوچەکانی فارس نزیك چیاکانی زاگروس لەتەنیشت ماردی (Mardi) نیشتەجێن. هەروەها هەریەك لە (بولیبیوس) و (لیفی) وا وەسفیان دەکەن کە جەنگاوەری بەرهاوێژن، لەبەر ئەوە هیچ گومانێکمان لەوەدا نییە کە هەر ئەوانە گەلی (کاردۆچی)ن.

جگە لەوەی کە پیتی (بزوێنی)ی کورت کە لەپێش کۆتایی وشەکانەوە دێت، (ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ جۆراو جۆری داڕشتنی وشەی (Cytaei) وپاشان بۆ شێوازێکی تری باوەڕپێکراو).

ئەو داڕشتنەی کە بەم دوواییە لەسەرجەم شێوەکانی ناودا بڵاوبووە، وەکو (کاردا کورتی، کاردوچی، کارداکسی، کوردیای و کوردۆئین...هتد). ئەمانە هەموو پاڵپشتیەکی فیلۆلۆژیە بۆ ئەم سەلماندنەی کە لەئایندەی لێکۆڵینەوەکەماندا تێبینی دەکەین.

پاشان ناوەکە بۆ زمانی سریانی بەشێوازی کاردو (Qardu) گوزرایەوە، ئەوناوەش ناوی ئەو زەویەیە کە سریانەکان بە ناوچەکانی نێوان (تورعا بدین و چیاکانی زاگرۆس و دورگەی "ئیبن عومەر"ناویان دەبرد. ئەو زەویانەش زێدی کاردۆچییەکانن، کە ئێستا کوردی لێ نیشتەجێن.

جا هۆکاری شیکردنەوەی پێش کۆتایی بۆ ئارەزوومەندانی قسەپێکەرانی زمانە سامییەکان دەگەڕێتەوە، کە بە شکڵ و شێوازی ئەو وشانەی دەبەخشن کە بەپتی کورت کۆتاییان دێت(short-vowels)، لەبەرئەوە ئەم پیتانە یان ئەو دەنگە کورتانەی کە پەیدابوون و لەرووالەتدا سادەو سانا دەردەکەون، یان پەراوێز خراون و وەیان بە وشەیەکی لاواز پاڵپشت کراون، بەمشێوەیە کورتوخ بەپشت بەستن بەدابونەریتەکانی بەسریانی (Qardu-w)لەئاخاوتنەکاندا بۆ (Qardu) گۆڕدرا. پاش لکاندنی پیتی لاواز (w) بە پیتیu)ی پێشوو. ئەمانەش شرۆڤەی راستەقینەی خۆیان هەیە سەبارەت بەو کۆتایی و پاشبەندانەی کە لەوە دەچێ لەگەڵ سەرچاوە عەرەبییە بەراییەکاندا وێکچووبن. لێرەدا دەبینین کە پیتە کورتەکانی کۆتایی وشەکان (ئـ)ەa)، هەروەکو لەوشەی (کاردا– کسی) (karda-kas)داهاتووە، ئەمەش شرۆڤەی پەیدابوونی وشەی کاردای (Qarda-y) دەکات، پاشان بۆ قاردا یان کاردا(Qarda)گۆڕدرا. هەروەها وشەکە لەچەند سەرچاوەیەکی سریانییەوە بەشێوەی (قاردۆQardo -)هاتووە. بۆ سەرزمانی عەرەبی





بەشێوازی قاردۆیە (Qorduh) وەرگێڕدراوە، بەڵام ئەمە لەهەموو حاڵەتێکدا نییە، چونکە قاردۆ وشەیەکی پڕ بەپێستی وشەی قاردایە.(Qarda)

شاری دوورگەی (ئیبن عومەر)یش کە دەکاتە پایتەختی(Qarda)، بەچەند ئاخاوتنێکی سریانی هەمە جۆر هاتووە، کە هەمووی لەبنەچەی وشەکەوە داتاشراوە کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

گازارتا کاردوGazartad-Qardu

گازارتا کاردویتاGazartad-qardwatha

گازارتا کارداوایاGazartad-Qardawaya

بۆیە تێبینی دەکەین کە ناوەکەی کۆتایی نزیك .((Gordiaei) adushi) ئەویش پاش زیادکردنی کۆتاییە سریانییەکانە بۆ سەر شێوازی کۆ کەلە خودی زمانی سریانیدا باوە.

سەرباری هەموو ئەمانەش گوزارشتێك هەیە، کە لە , lands Anicdota syriasa) - : voliii p.٣٣٢)دا هاتووە کە بێ هیچ گومانێك دەڵێت: – کە کارداوایی و مارودایی (نیشتەجێ بووانی ماردینی دێرین) (maroday and qardauaya) هەردووك پێکەوە لەوڵاتی (ئاشور)دا نیشتەجێ بوون.

ئیتر هەر چۆنێك بێت داڕشتنی کۆتایی بەسووك کردنەوەی پیتەکە لەQ)وە بۆ (K) دەبێت ، کە دەرئەنجام وشەی (Kartawayi) هاوکوف و هاوواتای پڕ بە پیتی وشەی (Qartawayi)دەبێت.

پەراوێزێکی دی لەپەرتووکی (life of maryabhalaha) سریانییدا هاتووە، کە (Kartawyi)لەQurdyd)ەکانە. واتە ئەوانەی کە عیبری و کلدانییەکان ناوی کوردایا Qurdayi))یان لێ ناون و فارسیش بەکورد ناویان دەبەن، هەروەها ئەو (Qurdawaya)یانە دانیشتووانی چیاکانن و بەQurdu)ناسراون . جا ئەم تێبینییە ڕای (نولدکە)ی لەبواری دەستنیشان کردنی ناسنامەی چیاکانی (سوریە)دا پتەوتر کرد کە بەزمانی سریانی بەناوی (Tellad , Qurdaya) ناسراون، واتە کاردایا واتە گردۆلگەکانی (کورد).

بەشێوەیەکی گشتی تێبینی دەکرێت کە بەکارهێنانی وشەکان جیاوازی هەیە، تەنانەت لەتوێی پیتیQ)و پیتیK)یش، ئەو جۆرە جیاوازییە هەر لەئارادایە، لەبەر ئەوە ناوی کاردۆ و کاردایا هەردووکیان زۆرتر بەکاردەهێنرێن.

ئەم ناوانەی خوارەوەش لە (Editaion sot Barhfbrains) دۆزراونەتەوە:

-١قاردۆQarda

-٢كاردۆkarda

-٣قارداوایاQardawaya

-٤قاردایاQardaye

-٥كوردایاKurdye

بەڵام ئـەو شـێوە بەكارهێنراوانـەی وشـەی كـورد لـەزمانی ئارامیـدا هەرچـەندە زۆر گـرنگن، كەچی شكلەكانیان لەو شێوازانەی كە لەزمانی سریانیدا هاتوون.

بۆیـە (اونكلـوس) ( Onkelos) نـاوی (كـاردۆ)Qardu) )ی لەچـیاكانی (ئـارارات) كـە كەشتیەكەی نوحی لەسەر گیرسایەوە، هەروەها لەوەرگێڕانە عەربییەكـەدا بـەناوی (قـاردۆ) هــاتووە، لەوەرگێڕانــە عبرییەكەشــدا بــەناوی (قاردونــا) (qardun) هــاتووە كــە رەنگدانەوەیــەكی شــێوازی ئــەو (kardinos) كاردینوســەیە كــە (دیوكاســیوس) لەكۆپییەكانی تەوراتی دێریندا (المهدالقدیم) نووسیویەتی، جا هەمان ئەو پێگەیە نـاوی نـرا كاردا و گەلەكەش ناونا (كارودوایا). هەروەك لەزمانی عیبری كۆندا بەشێوزای كۆ كاردوایین (Qardwayin)هاتووە، یەكجاریش واهاتووە كە كاردۆ جیایە لەگەڵ قاردودا، بەڵام ئـەم تێبینییە سەر پێییە هیچ گرنگیـەكی ئـەوتۆی نییـە، ئـەویش لەبـەر ئـەو جیاوازیـەی كـە لـە كۆنترۆڵ كردنی بێژتن وردكاوەكانی زمانی عیبری دواتردا دەبینرێت.

ئێستا ئیتر بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم وشانە- :

قاردا یان كارداQurda(or karda )

كاردوچیkarduchi

گورتاچی و گوردیGortochi (and Gordi )

كارداكسی و سیرتیKardakes and sirtii

كوردیای و كوردوئینCordyaei and corduchi

كاردۆ و كارداQardu and Qarda

كارداوینQardavaye

كوردایاQurdaye

كارتاوایاو كوردایاKartaweye and kudoyya



چـەند وشـەیەكی دی هەرچـەندە ئـەو جیاوازیـە بـچوكەی شـێوازەكانی دركانـدنیان لەیـەك سەرچاوەوە، سەرهەڵدەدات و ئەم جیاوازییەش لەدەروازەی دەربڕینی وشەكاندا بۆ سەختی دركاندنی دەنگـە نامۆكـان دەگەڕێتـەوە، ئـەویش كـە لەزمانـە ئەورووپییەكانـەوە بـۆ زمانـە سامییەكان دەیانگۆڕین یان وەریاندەگرین. بـەڵام ئایـا دەكـرێ ئـەم وشـانە لەگـەڵ وشـەی كوردیدا دەقاودەق هاوشێوەو هاوكوف بكرێن، كە لە نووسینە فارسی و عەرەبییەكـەدا، كـە پیتی (بزوێن)ی تێدا نییە بەپیتی (ك (K -دەست پێ دەكات ؟ ئایا ئـەو دانیـشتوانەی كـە ئەم ناوانە دەیانگرێتەوە، ئەوانە ئەو (كورد)انەن كە پەرتووكە عەربی و فارسییەكانی ئـەمڕۆ مەبەسـتیانە. گـەر بمانـەوێ وەڵامـی پرسـیاری دووەم بدەینـەوە، ئـەوە وەڵامەكـە لێـرەدا بەڵێییە، ئەویش لەبەر مشتێك هۆو هۆكار، چونكە كاردا ئەوانەی كە لەسەر دەریاچەی (وان) دەژیان و سومەرییەكان ئاماژەیان پێ كردووە، و (كورتی)Qurti) )یـەكان كـە لەچـیاكانی (ئـازۆ) (Azu) دژ بەئاشـوورییەكان جـەنگاون، هـەمان ئـەو كەرتـەیان داگیركـرد كـە كاردۆچیەكان تیایدا دەژیان، و هەرلەوێشدا بوو كە دەهەزارەكە پاشەكشێیان كرد، هەروەها ئـەو شـوێنەی كـەوا وەسـف دەكـرێ كـە زێـدی (كوردیایـە)كانـە، لەراسـتیدا درێـژەی (كاردۆچیا)یە. واتە كوردستانی ئێستا جگە لـەوەی كـە فـراوانترین جوگرافیـای ئـەم شـوێنە بەشـێوازی (كـوردونی) یـان (گوردایایـا) (Gordyaea or corduene) هـاتووە، دابونەریتـەكانی ئـەم گەلانـەش وێكـچوویو دابـو نەریتـەكانی یەكـدین "ئەوانـە گـەلێكی شاخاوین، بەهێزو پتەون، دڕندەن، بەسەركردایەتی خۆیانەوە پابەندن".

لەكۆتاییـدا پێویـستە ئـەو ژێـدەرە دێرینانـەمان لـەیاد نەچـێت كـە ئامـاژە بـۆ وێكـچوویی و دەقـاودەقی ئـەو وشـانە دەكـەن، كـە هەنـدێكیان لـەو پەرتووكـە دێرینانـەدا هـاتووە كـە پەیوەندییـەك لـەنێوان (كارداكسی) كـە (سترابۆ) هێنـای وەنێـوان (كـاردا (Karda -ی فارسـیدا دروسـت كـرد، ئەمـەش بـەهیچ گومانێـك مـەرامی وەرگێـڕی پەرتووكەكەیـە (Chanogaphia of eliasfnisidin)لــەو كەرتــەی كــە نــاوی (كارتاوای)) Kartawayهاتووە، كە ناویـان (الیعاقبـە) (jakubes ،كـە بـۆ سـەر زمـانی عەربی بە (الاكراد الزین یـسمعون بالیعاقبـە) وەرگـێڕدراوە، كەچـی شـرۆڤەكانی پـەرتووكی (life of mar jabhalaha)كە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد، روونتر و ئاشكراترن لـەو رووەوە، هـەروەها دەقێكـی دی لەپـەرتووكی مێـژوو (Barhebraens) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـــات، كـــە كوردەكـــانakrad) )هـــەر ئـــەو گەلـــەن كـــە لەپێـــشدا بـــە

(کوردایـا)(Kurdaye))نـاوبراون. هەرچـی پەیوەندیـە فیلۆلۆژییەکانـە بەپێـچەوانەوەیە، چونکە ناتوانرێ بەسادەیی وەك بەڵگەیەك بەکاربهێنرێ، دەشتوانین کە ئاماژە بەوە بکـەین کە پیتی سامی (ق) (Q) بۆ (g) و (ك (k - زمانی فارسی گۆڕدراوە بەتایبەتی لەوشەی نامۆ و شازەکاندا.

لێکچوونی نێوان (کورد Kurd -)و (کارداQARDA - )و نێوان لـێ بووەکـانی ئـەم دوو وشەیە، لەراستیدا نیمچە کەمەنەکێشییەکیان پێوەدیارە.

بۆیە (نولدکە) ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە ئـەو زەوییـەی کـە (کـاردۆ)ەکـان جـێگیر بوونـە، پێگەیەکی جوگرافی سنووردا– بووە، لەکاتێکدا کە زەوی کوردستان ئـەمڕۆ فـراوانترو پـان و بەرینترە لەبەرئەوە وشەی کورد لەوشەی کیرتی (Kirti) داتاشراوە، ئەو وشەیە (نولدکـە) ئاماژەی بەوە داوە کە بـە پانتـایی فارسـی و میـدیا فـراوان دەبێـت:.. و درێـژە دەکێـشێ.

لەراستیدا هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کـە ئـەمڕۆ بەزێـدی کـورد هـەژمار دەکـرێن، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەربارەی فـراوان بـوونی بـەکارهێنانی وشـەی (کیرتـی) هـیچ بەڵگەیـەکمان بەدەستەوە نییە، هەروەك ئەو ناوچەیە کـە لەدەوروبـەری دوورگـەی (ئـیبن عومـەر)ە، ئـەو شـوێنگەیە کـە بـەزەوی (کورتـوخ) نـاوزەد دەکرێـت. ئـەم ناوچـەیە بەبـەردەوامی تووشـی شاڵاوی جەنگاوەران دەبوو، هەروەها ئـەم دوورگەیـە تاکـە شـارێك بـوو، کـە زۆربـەی زۆری دانیشتوانی کورد بوون، جا ئەگەر ئەم دوورگەیە بێشکەی ئەوان نەبووبێ، ئەو گومـان نییـە لـەوەی کـە شـوێنی زایـینی رەگەزەکەیانـە (The birthplace of the race) کـە هەرپاشان لەم پێگە جوگرافیایەوە، ئەم رەگـەزە بـەرەو بـاکوورو رۆژهـەڵات و بەئاراسـتەی باشـووری رۆژهـەڵات بـەبێ هـیچ لەمپـەرێك و بەرگریـەك بڵاوبوونـەوە. لەلایـەکی تریـشەوە ئاسەواری خۆیان لەو دەڤەرانەی بـەروونی و ئاشـکرایی دامەزرانـد، چـونکە نەتـەنها موڵـك و ئاوی خۆیان تێ بەجێهێشت، بەڵکو تەرزی ژیانیان و بەرەنگاربوونەوەی سەختییەکانی ژیان لەو حاڵەتانەدا تۆمارکردووە.

دوای هەموو ئەم شتانە گەر وشەی کورد لەرووی فیلۆلۆژییەوە بەوشـەی کـورتی پەیوەسـت نەبووە...هتد. ئایا رەچەڵەکی ئەم وشـەیە چییە؟ هـیچ دوورنییـە بۆچـوونی زانـا کۆنـەکان سـەبارەت بەپەیوەنـدکردنی وشـەی (کورداکسی) بەوشـەی فارسـی (Kurda) گرفتێکـی خولقاندبێ، ئایا لەوپەڕی ڕاستی و واقعییەتەدا نییە بڵێین کە ئەو فارسانە مامەڵەیان لەگـەڵ کورتییەکاندا کردبـێ و نازنـاوێکی فارسـی خۆیـان پـێ بەخـشی بـن. بـۆ ئـەوەی وەك نـاوە



راستەقینییەکانی خۆیانی لێ بێ، و بگرە پڕاو پڕ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیان یەك بکاتەوە. کورتی (Qurti) جا ئەوە نازناوێکی فارسییان پێ ببەخشێ نەك تەنها وێکچوو و گونجـاوی ناوەکەیانە بەڵکو وەسفیشیان دەکات و بەروونی و ئاشکرایش تایبەتمەندییـەکانیان دەخاتـە ڕوو. وشـەی فارسـی کـورد (Gurdo or kurdo) کـە لەبنەچـەی وشـەیەکی بابلییـەوە کاردۆەوە هاتووە، مانای ئازاو دلێرو جەنگاوەر دەبەخشێ و پاڵەوانێتی و جەنگین لەئادگارە دیارەکـانی میللـەتی کـوردە. جـا هـەر لـەزمانی فارسیـشەوە وشـەکە چـۆتە نـاو نووسـراوە عەرەبییەکانەوەو لەوانیشەوە وشەی کورد گوازراوەتەوەو بۆتە ناوێکی ئـەورووپی بـڵاوە بـۆ گەلی کورد.

<u>روونکردنەوەی</u>

ژمارە (١)

نووسەر هیچ بەڵگەیەکی سەبارەت بە بۆچوونی هەندێك لەو پسپۆرانە لـە ژێـر دەسـتا نییـە، کە ئاماژە بۆ پەیوەندی گۆتی یان گۆتـۆ بـەکوردەوە دەکـەن، بڕوانـە وتارەکـەی سـەبارەت بەکوردسـتان لـە (Dictionniredelajeaq raphic univeasellew) لـە بەرێوەبەرایەتی (معارف)ی بەریتانی، رای سایس لەهەمان سەرچاوەدا، بەشـی (٣)، لاپـەڕە (١٠٣).

**روونکردنەوەی**

ژمارە(٢)

لـەم سەرچـاوەیەدا (lant,s anecdeta syriqca-i-(jeoq raphica, nfol. Ir., (syr.,p.٢٣ئاماژەیەك هاتووە دەڵێت: " باردایەکان گەیشتنە دەریاچـەیthospitis) )، واتە دەریاچەی (وان)، هەروەها (باردایەکان) لەهیچ سەرچاەیەکی تردا ناسـراو نـین، لەبـەر ئەوە هیچ هەڵە نییە. کە بە (کاردایا) بخوێنرێتەوە، چونکە جیاکردنەوەی لەزمانی سریانیدا زۆر کەم و بچووکە، بەشێوەیەك ناتوانرێ بەسانایی دەرکی پێ بکرێت.

بڵاوبوونەوەی کورد لەچاخە کۆنەکاندا

واپێ دەچێ کە کوردستان لەچاخە دێرینەکاندا بـەناوە یۆنانییەکـەی (کاردۆچیا) ناسـرابێ، بەهەمان شێوەش بەناوە یۆنانی و ڕۆمانییەکە کە کوردوئینە یـان گوردیایـا دەناسـرا، جگـە لەوەی کە سریانییەکان ناوی (کاردۆ) یان (قاردو)یان نابوو، هەر لەم ناوەشـەوە سەرچـاوە بەراییە عەرەبییەکان ناوی قاردایان لـێ داتاشـی، کـە نـاوی ئـەو شـوێنانەیان لـێ نـابوو کـە

ئەرمەنییەکان لە باکوورەوەو رووباری فورات لەرۆژئاواوەو بیابانی عەرەبی لەباشوورەوە و مەملەکەتی میدیای کۆن لەرۆژهەڵاتەوە هاوسنووری بوون.

هەروەها جوگرافیناسی یۆنانی سترابۆ ئاماژەی بەوەدا کە ئەرمینیا و ئەتروباتین دووکەرتی زۆر دەوڵەمەند بوون، کەچی بەشەکەی باکووری هەرێمێکی شاخاوی رەقەڵان بوو، چەند تیرەیەکی وەکو کیرتی کە جەنگاوەر و رەوەن بوون و ژیانی کۆچەریان بەسەردەبرد و لەسەر جوگرافیای ئەرمینیادا تاکو رۆژهەڵات و لەدرێژایی چیاکانی زاگرۆسپەرت ببوون.

وردتریش بڵێین کە سنووری زەویەکانی کوردیای کە پەرتووکی هەرە دێرین ناوی بردووم، بەناوی کاردۆچی دەست نیشانکراوە، بەوەی کە دەکەوێتە سەر هەردوو رۆخی رووباری (دیجلە)، لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ شاری پیناکا (pinaka) دەکا کە فینیقی تازەیە، و دەڵێ کە لەگرنگترین شارەکانی بوونە، بەمشێوەیە وەسفی کردووە (لەچەند قەڵایەکی پتەو پێك دێت، سێ گردۆڵکی گونبەند ئاسایی لێیە، هەر قەڵایەکی شورای تایبەتی خۆی هەیە، بەهەرسێ قەڵایەکەیەوە نمایان دەبێت، وەك بڵێی شارێکی سێ گۆشەییە، و ئەرمەنەکان توانیان چۆکی پێ دابدەن، بەڵام پاشان رۆمانەکان لەدەستی ئەرمەنییەکانیان سەند، جا لەبەرئەوەی ئەو کوردیایانە لەبیناسازانی کارامەو قەڵا دروست کردن بوون، بۆیە تگرانس (Tigranes)لەوبوارەدا بەکاریانی هێناو سوودی زۆریانی لێ بینی).

کەرتی کاردونین بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بەم کەرتانەوە هەبوو: لەرۆژئاواوە بەئەرزانین (Arzanen) و لەباشوورەوە بەزابدین (Zabdien) و لەباکووریشەوە پەیوەندی بە(موکسوتین)ەوە هەبووە. لەوپەڕی باکووریشەوە ئەرمینیا لەزنجیرە چیای (ئانتی خورس) و ئەو دیو دەریاچەی وانەوە، کە پاشان ناوی لێنرا ئوسپیتس (thospitis)درێژە دەکێشێ تادەگاتە پاش چیای نیڤاتس(Nivats )، کە دەکەوێتە نزیك رووباری ئارتاکسز لەباشووری رۆژئاوای ئەرمینیاش هەردوو کەرتی انکلین و سومنین (lngi lene and sophene)کە لە (مەلاتیا)ەوە دەست پێدەکات تادەگاتە ئامەد، لەکارێکدا کە لەنێوان ئەم و هیرابلوس (جرابلسی ئێستا) کەرتی ئوسرهون هەبوو کە ئورهای) urhai ئودیسا) پایتەختەکەی بوو. هەروەها باشووری زایدکین هاوسنووری کەرتی (میسا بوتیمیا) (وڵاتانی نێوان دوو رووبار) بوو. تا باکووری میسابوتامیا لەهەرێمی کاردوئینەوە تا دەگاتە باشووری رۆژهەڵات، هەموو ئەو ناوچە نیمچە شاخاویەی کە بەدەوری (اربیلا) دایەو تا دەگاتە رووباری (دیالە) بەناوی (ادیابین)ەوەی ناسرابوو.





کەرتی ئترۆماتینیش دەکەوتە باکووری رۆژهەڵاتی ئادیابینەوە. دواتر ئەم هەرێمە بۆ جارێکی دی و بەئاشکرایی بەدرێژایی زەویەکانی میدیەکان درێژبۆوە.

بەمشێوەیە هەرێمی (کاردوئین)ی کۆن کەرتێکی بچووك بوو و گردەڵانەکانی بەدرێژایی نێوان دیاربەکر –نسیبین– زاخۆ لەخۆ دەگرت کە ئێستا پانتاییەکی بچووکیان بەناوی کوردستانەوە هەیە، ئیتر هەر چۆنێك بێت دەستنیشانکردنی سنورەکانی ئەو هەرێمە هەمیشە وردو دروست نەبوو، و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام دەستنیشانکردنەکەی سترابۆ بۆ ئەو سنوورانە لەهەمووی وردترو راستربوو، جا لەوکاتەی کە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە خەڵکان لەو باوەڕەدان گردۆڵکەکانی کاردوئین ئەو زنجیرە چیایانەیە کە لە (تووری)ەوە لەشاری (ئاودیسا) (ئۆرفەی ئێستا)ەوە دەست پێدەکات تادەگاتە نسیبین و زەویەکانی پشتەوەی نسبین، بەم شێوەیەش سنوورێك دەخەنە نێوان هەردوو هەرێمی (سوفین)و تەواوی ناوچەکانی ئەرمینیا لەلایەك و لە مسابۆتیمیای جیادەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کاردوئین لەو گردۆڵکانە پێك دێت کە لەباکووری نسیبیندا درێژە دەکێشێ و دەوری رووباری دیجلە دەدان هەروەك بلینوس ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەرێمی کوردیای دراوسێی هەرێمی (ئازونی) (Azoni) بووە، کە لەوانەیە ناوی شاری (هازو)ی تازەی (Hazu)لێ داتاشرابێ.

هەرچی (فیلۆستورجیوس)یشە لەمێژووی کلێسایی خۆیدا وای تۆمارکردووە کە رووباری دیجلە لەدەریای (هیرکانیان)ەوە (Hyrecanian) هەڵدەقوڵێ، کە واپێ دەچێ مەبەستی دەریاچەی (وان) بێ.

هەروەها ئاماژەی بەوەداوە کە رووبارەکە لەچەند چلووکی هەڵوڵاوی هەرێمی کوردیایاوەیە، لەکاتێکدا لەرێگادا بۆ مەملەکەتی ئاشوور رێچکەی دەکردو ئاو دەچۆرایە ناوی، ئەمانەش هەموو هەر ئاماژەی راست و رەوانن بۆ خودی هەرێمەکە و بۆ ئەو رووبارانەی کە لەوشاخانەوە هەڵدەقوڵان کە تا باکووری نسیبین و دوورگەی ئیبن عومەر زنجیرەکانی درێژەیان دەکێشا.

جێی ئاماژە پێکردنە کە دەستنیشانکردنی (ولیوس سونوریوس) لەوانی دی وردترە، چونکە هەرێمی کوردوئینا وادەست نیشانکردووە کە دەکەوێتە نێوان رووباری دیجلەو (شریورواس) (CHRYSORROAS).

جا ئاماژەکردن بۆ کوردوئین یان کاردو یان قاردو هەروەك هەندێ لەنووسەرە سریانەکان

ئاماژەی بۆ دەكەن، هیچ سەختییەك بۆ خوێنەر دروست ناكات، بەڵام تاڕادەیەك تەمومژ لەسەر شوێنەكانی هەیە، چونكە لەتۆیی راڤەكانی نووسەرە مەسیحی و جوولەكەكاندا دەستنیشان نەكراوە، جگە لەوەی ئاماژەكردن بۆ سنوورەكانی ئەم هەرێمە لەلای ئەوان لەو وداوە ئەفسانەییەكانی مێژووەوە هەڵگۆزراوەن كە گریمانەی ئەوە دەكەن لەسەر شوێنەكانی ئەم هەرێمەدا روویان دابێت، زۆربەی زۆری ئەم ئەفسانانە چەندەها جار ئاماژەیە بۆ دەقاو دەق بوونی ئەو هەرێمە دەكەن، لەگەڵ ئەو زەویانەی كە چیاكانی ئارارات دەگرنە خۆ، كە دەكەونە باكووری دەریاچەی وان و نێوان دەریاچەكەو رووباری ئاراكسی.

گرنگی ئەم چیایەی كە دەكەوێتە وڵاتی كاردۆ لەوەوە هاتووە كە كەشتییەكەی نوح گوایە پاش ئەوەی ئاوی تۆفانەكە شوێنەكەی داگیركرد، لەوێوەنیشتووە.

لەوەش دەچێ كە ئەم باوەڕە (بروس) (Beroses) لەسەدەی سێیەمی پاش زاییندا هێنابێتە كایەوە.

كۆمەڵێكی دی لەنووسەرانی كڵێسا هەن كە جیهان لەنێوان كوڕەكانی نوحدا دابەش دەكەن، و هەرێمی كاردوئینایش بەپێی دابەشكردنی ئەوان، بەر سامی كوڕی نوح دەكەوێت، لەكاتێكدا كە یەكێك لەنووسەرانی (تەلمۆد) ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە ئیبراهیم حەوت ساڵ لەسەر زەوی كاردۆ ژیانی بەسەر بردووە، هەرچی نووسەرانی كڵێسای سریانیشن ئاماژەی یەكجار زۆریان بۆ كاردۆ كردووە، بەو پێیەی (ئەسقەفیاتی نستووریی) وكورسی ئەسەقفی تایبەتی خۆی لە (ئأزارتا) یان (بزابدا) دا هەیە (Qazarta or Bazabda) و پلەی كورسیە ئەسقفییەكەشی پاش هەردوو پایەی وڵاتی وارزۆنی كەرتی نسیبین دێت.

هەرچەندە مێژوونوسان و جوگرافیناسانی عەرەب زۆر بەكەمی ئاماژە بە كاردا و قاردا بەهەروناوە سریانییەكەی دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەباتی ئەو دوو ناوە، ناوی وردتریان بەكارهێناوە (ئیبن خردازبە) كە لەسەدەی نۆیەمی زایینی ناوبانگی دەركرد. لەم رێچكەیە بەدەرە، چونكە لەو لیستەی كە ناوی هەندێك لەشوێن پێگە جوگرافییەكانی دەڤەرەكە دەهێنێت ئاماژە بۆ ئەم ناوانە دەكات:

نسیبین، ئامەد، راس العین، میافارقین، ماردین، باعربایا، بلدسینی، قاردا، بزابدا، هەروەها وتوویەتی: "هەردوو هەرێمی قارداو بزابدا دوو بارەگای نیشتەجێی زۆر خۆشی بەهارو هاوینە، چونكە ئاوەكانیان سازگارو زووڵاڵن".





لەشوێنێكی دیكەشدا (ئیبن خردازبە) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە وداهاتی ساڵانەی قارداو بزابداكە لەكاتی خۆیدا پێشكەشی دەكرد دەگەیشتە بڕی ٣٢٠٠٠٠٠ درهەم، دەرامەتی موسڵیش ٦٣٠٠٠٠٠ درهەم و دیار ربیعە ٩٦٣٥٠٠٠ درهەم و (رزان) و (میافارقین) یش پێكەوە دەرامەتەكایان دەگەیشتە ٤٢٠٠٠٠٠ درهەم.

ئیتر پاش (ئیبن خردازبە) بەكارهێنانی زاراوەی (قاردا) لەلایەن نووسەرانی عەرەبەوە پشتگوێ دەخرێ، هەرچەندە ئاماژەكردنی عەرەب بەهایەكی مەزنی لەبواری روونكردنەوە و بڵاوبوونەوەی فراوانی كورد لەدەقەلەكەدا هەیە، (یەعقوب) كە لەكۆتایی ئەو سەدەیەدا نووسینی هەبووە، كە (ابن خردادبە)ی تێدا ژیاوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە زێدی كورد هەرێمی ئەو شاخانەیەكە رۆژهەڵاتی عێراق و رۆژاوای فارس دەگرێتەوەو لەسەردەمی خەلافەتی عومەری كوری خەتتابدا (٦٣٤-٢٦٤٣) لە (ماسیزان) و (العجم) و (سیمارە)ی مرج الافیك )دا بڵاوبوونەتەوەو، لەگەڵ عەرەبیشدا زۆربەی زۆری دانیشتوانی (سەلوان)و (قرمیسین) پێك دەهێنن و ئاماژەشی بۆ ئەوە كردووە كە كورد لەهەرێمی (ئەسفەهان ) دا هەن و تێیدا نیشتەجێن.

هەرچی (ئیبن رستە)شە (٢٩٠٣) ئاماژە بۆ ئەوە كردووە كە كورد لەرەشماڵ و چادردا لەنشێوەكانی عیراق و باشووری مەدائن دەژین و ئەوەشی روون كردۆتەوە كە بەشێكیان لەسەر رێگاكانی نێوان (داروастا)ن بۆ (مرج القلعە) رێگری و چەتەییان دەكرد.

هەروەها مەسعوودی (٩٤٣ م) ئەوەی روون كردۆتەوە كە كورد لەچیاكانی ئازەربایجاندا هەن، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە یەكێك لە سەرۆكەكانیان ناوی ئیسلام aslam)و نازناوی (شادلویە) بووەو، حوكمرانی هەرێمێكی فراوانی كردووە كە ئازەربایجان و ئاران و بەیلقان و ئەرمینیا دەگرێتەخۆ ، وتووێتیشی كۆمەڵێك كورد لەیەعقووبیە مەسیحییەكان هەن كە لە موصل و چیای جودی دا ژیان دەبەنە سەر، هەروەها لە (التنبیە و الاشراق)دا (مەسعودی) دەڵێت كە میللەتی كورد لەكرمانو سجستانو خراسان و اصفهان و چیاكان و دەوروپشتی كوفە و بەسرە دا هەن، هەروەك ئاماژەشی بۆ بوونی كورد لەچەند شوێنێكی دیكەدا كردووە دەكەونە نێوان عێراق و فارس و هەمەدان و شارەزوورو درایا، و سمیغان و ئاران و ئازەربەیجان و ئەرمینیاو جەزیرە و تەنانەت لەسوریاشدا هەن.

ئەستەخری هەرلەو سەردەمەدا (٩٥١ز) ئاماژە بۆ بوونی گوندێك دەكات لە (ئەسەد ئاباد)

کە گوندی کوردی پێ دەگووترێت و ئاماژە بۆ شارێکیش دەکات کە پێی دەگووترێت شاری کورد کە خانوو بەرەکانی بەقوڕو خشت دروست کراون، و دەکەوێتە لای شاری ئەسفەهانەوە، گەلەوەپێش دەڤەری دەوروپشتی ئەو شارەی وا وەسف کردووە کە بەکەڵکی کشتوکاڵ و تۆو دانەوێڵە چاندن نایەت.

دەشڵێن کە کوردەکانی کەرتی ئازەربایجان بەسەرۆکایەتی (شەهریار)ی پێشەوایان زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەو کەرتەیان پێك دەهێنا.

لەجوگرافیای رۆژهەڵاتدا واهاتووە کە لەوانەیە لەنووسنەکانی (اصگخری)دا بێت، هۆزو تیرە کوردەکان هێندە زۆر بوونە ژماردنیان سەخت و دژوار بووە، هەروەها زیاتر لە (٥٠٠٠٠٠) کۆمەڵە خێران یان بنەماڵەی کورد تەنها لەکەرتی فارسدا هەبونە، هەرهەمووشیان لەهەوارگەکانی خۆیاندا بوونە چ بەهاوین و چ بەزستان، هەندێك لەدەوڵەمەندانی کوردیش زیاتر لە (٢٠٠) کرێکارو شوان و گاوان و خزمەتگوزاریان راگرتووە.

سەرچاوەکە ئاماژە بۆ چەند شوێنێکی زانراو دەکات وەك هەردوو ناوچەی شارەزوورو شەهرەوار، بەو پێیەی کە دوو ناوچەی کوردنشینی سەد دەرسەدن، جگە لەوەی کە ئەوەی روونی کردۆتەوە کە کورد شوێنی دیکە یان هەیە کە دەکەونە سەر سنوورەکانی سرور و جرورsarur- and jurur )، لەلایەکی ترەوە (ئیبن حوقل) (١٩٧٨) چەند زانیاریەکی گرنگی تۆمارکردوە کاتێك کە دەڵێ لەیەکێك لەناوچە فارسەکاندا کۆکردنەوەی باج بەپێشەوایەکی کورد سپێردراوە، سەرباری ئەوە گرنگی بەدەڤەرەکە دەدات لەهەموو روویەکی ئەمنی و دابین کردنی ئاسایش بۆ کاروانەکانو رێگاکانی هات و چۆ، بەهەمان شێوەش بەرپرسو سەرپەرشتیاری واردات و حاصلاتی هەرێمی سولتانیش خرابووە ئەستۆ.

لەکۆتایی هەمان سەدەدا (مەقدسی) (١٩٨٥) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کوردان لەخانووبەرەی بەقوڕو بەرد دروستکراوە لەهەرێمی (دبیل) نیشتەجێن، و (قندیە)ش کە دەکەوێتە هەمان هەرێمەوە لەو شارانەیە کە کورد خۆیان بینایان کردووە، لەهەردوو سەدەی دواتردا جوگرافیناسەکان زانیاریەکی زیاتریان نەخستە سەر ئەم زانیاریانەی بەردەست، تاکو (یاقوت الحموی) (١٢٢٥ م) پەیدا بوو، ئیتر لەوەوە زانیمان کە پێنج کەرتی فراوانی لێ بووە، هەر کەرتێك ژمارەیەك لەشارو گوندی دەگرتەخۆ و باج و دەرامەتەکانیش لەلایەن کەسێکەوە کۆدەکرانەوە کە کوردەکانی ئەوێ بۆ خۆیان دیاریان





دەکرد، ئەو کەسە بەرپرسیارێتی پاراستنی قافڵەکانی ئەو سەرە رێیانەی دەڤەرەکەی دەگرتە ئەستۆو جەنگاوەرانیشی بۆ خزمەتکردنی سوڵتان ئامادە دەکرد، ئەو پێنج کەرتەش ئەمانە بوون : (زنجان) کە دەکەوێتە نێوان ئەسفەهان و ئاراجان، (بازنجان) کە لەهەرێمی چیاکاندایە و (ریهان) کە نزیکی ئەردەشیرە، و (کاردیان) کە نزیکی (کیروفان)ە، کە رێژەیەکی زۆری گوندو کشتوکاڵ و چۆڵ و سەوزایی بەرهەمداری گرتبووە خۆ، سەرباری ئەوەش یاقوت ئەلحەمەوی گووتوویەتی کە لە (فارس)دا دوو شار هەیە کە کوردیان پێ دەووترێت، و کورد و ئەرمەن زۆربەی زۆری دانیشتوانی (زۆزان) پێك دەهێنن.

زۆزانیش ئەو ناوچە فراوانەیە کە دەکەوێتە نێوان چیاکانی ئەرمینیاو ئازەربایجان و دیاربەکرو موسڵ کە زەویەکانی ماوەی دوو رۆژەرێ شارەوە تا دەگاتە شاری (خیلات)دوورە، هەروەها (یاقوت الحموی)دەڵێ کە کورد لەم شارانەدا دەژیان: (برزعە) کە شارێکە بەناو (باب الکراد)ەوە ناسرابوو، شاری (بیزە) کە (علی بن الحسین الکردی) تیایدا دەژیا. شاری (جرزقیل) کە (بختیە)یان پێ دەووت و دەکەوێتە (زۆزان)، شاری (دشت) کە شارۆچکەیەکی بچووکە و دەکەوێتە نێوان (ئەربیل) و (تەورێز) و شاری (داوین) کە نزیکی (ئاران)ە و لەسەرسنووری (ئازەربایجان)ە و زێدی رەسەنی (ئەییوبیەکان)ە.

شاری (سابور) نزیکی شیرازە و شاری (سرماج) کەدەکەوێتە نێوان (هەمەدان) و (قوجستان) کە شاریچکی سەربە (بدر کوڕی جبیویەی کوردی)ە، کە بەهەمان شێوە هەردوو شاری (سابورخاست) و شاری (سیسار)ی لە هەمەدان حوکمرانی دەکرد، کە لەدێرزەمانەوە ببووە موڵکی تایبەتی خۆی.

بەهەمان شێوە کورد لەشاری (شرناخ)دا دەژیان کە خۆیان بۆ خۆیان بەو کەرەستانەی بیناکردن بینایان کردبوو کە لە (نەهاوەند)ەوە هێنابوویان، بەشێکیشیان لەناوچەکانی شارەزووردا دەژیان کە ناوبانگی ئازایەتی و جوامێریان لەو ناوچانەدا دەرکردبوو، لەهەرێمی (فارس)یش یاقوت الحموی ژمارەی چادرەکانی سەر بەهۆزو تیرە کوردەکانی ئەوێی دیاری کردووە، ئەو خێڵە کوردانە زستان و هاوین لەو لەوەڕگا تایبەتیانەدا دەمانەوە، و گەلی زەویەکانی دەوروپشتی (کوهستان) چەندەها هۆزی کوردی گرتبوەخۆ، کە کۆچەربوون و سەرقاڵی ژیانی ئاژەڵ پەروەری و رەوەندنی بون، جگە لەوەی کە کۆمەڵە هۆزو خێڵەکانی دی کورد لەناوچە، راوانەکانی (لوڕستان)دا بڵاو ببوونەوە.

لەنێوان شارەکانی کوردستانیشدا (یاقوت الحموی) ناوی چەند شارێکی هێناوە: ئالان،

الشتر، بەهار، هەروەها شاری (باز) کە لەقەڵایەك پێك دەهات کە لە (زۆزان) دا بوو و کوردەکانی عەشیرەتی (بوختی (Bnkhti kurds خاوەنی بوون. هەروەها شاری (خوفتیان) کە لەسەر روووباری (زاب) دا بوو، پێگەیەکی پۆڵایین بوو، و شاری (خوشان) کە بەزەوی و زارەبە پیت و سیستەمە ئاودێریە رێگەکانی و حاسلاتە کشتوکاڵیە زۆرەکانی ناسرابو بەتایبەتی (گەنم) و (میوە)ی جۆراوجۆر، (یاقوت) باسی دووشاری تریشی کردووە کە بەناو (دربەند) ناسراوە دووشاری دیکەش کە (ماهی ئاباد) و (الوی) کە ئاماژەی بەوە داوە کە لەقەڵا سەرەکییەکانی عەشیرەتی بوختی کوردین.

جگە لەشاری (هوسین) کە هەرسەر بەوان بووە، (یاقوت) دیسانەوە ئاماژەی بەشوێنگەیەك داوە کە ناوی (بانوس)ی لێ ناوەو دانیشتوانەکەی بەکورد شوبهاندووە، هەروەها دوو نموونەشی هێناوەتەوە سەبارەت بەکاریگەریەکانی کورد لەسەر هەرێمەکانی دراوسێ، یەکەمیان سەبارەت بەرۆڵی (رسیبی) لەخوزستان کە شاڵاو بردن، یەك بەدواییەکی کوردەکان هەراسانیانی کردبوو، دووەمیشیان نموونەی شاری (ماراند)ی سەربە ئازەربەیجانی هێناوەتەوە، کە گرنگی دێرینی خۆی لەدەستدا بووو ئەم شارە لەزەمانی (یاقوت حەمەویدا) ببووە، شارێکی وێران و چۆڵ ئەویش لەبەر دەستدرێژی جەنگاوەرە کوردەکان کە بەبەردەوامی شاڵاویان دەبردە سەری و دانیشتوانیان بەدیل دەگرتن.

پاش سەدەیەك (مستوفی ١٣٤٠م) ئاماژەی کردووە بەوەی کە کورد زۆربەی زۆری دانیشتوانی نەهاوەند پێك دەهێنن، و ئەم شارە ناوەندێکی زۆر لەسوارەکانی هۆزە کۆچەرە کوردیەکانن، ئەوانەی کە بۆ باجدانی(١٢٠٠٠) ماڵبات روو لەوێ دەکەن. لەشوێنێکی دی لەپەرتوکی (نزهە القلوب)دا ئاماژەی بەوەداوە کە شاری شارەزور کە قوباد ساسانی دروستی کردووە بەم ناوە ناونرا، چونکە منای شاری هێزە و هەمیشە دەسەڵاتێکی کوردی حوکمرانی کردووە، هەرسەرکردەیەکیش کە هێزێکی گەورەتری هەبوایە، دەیتوانی حوکمی ئەم شارە بگرێتە دەست، دوهەمین گەریدەی عەرەب کە سەردانی زێدی کوردی کردبێت (ئیبن بەتوتە) بوو (٢١٣٥٥) کە لە رامهرمزەوە چووە ناوی، و سەرەتا کە چاوی بە چەند خێڵێکی کوردی کەوت وای زانی کە خێڵی عەرەبین، لەبەر ئەوەی داب و نەریت و تەزی ژیانیان لەعەرەبی دەکرد، هەروەها (ئیبن بەتوتە ) کاتێك کە سەردانی (حلە) دەکات ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵکەکەی دوو بەشن، بەشێکیان لەهاوەلاتی (دوو مزگەوتن)ن و ئەوان دیش کوردن و هەمیشە لەدژایەتی کردنی یەکدیدان بەهەمان شێوە سەردانی (سنجار)ی





کردووە و خەڵکەکەی بە ئازایەتی و پیاوەتی و شێخەکانیشی بەزوهد و دونیانەیش وەسف کردووە. ناوی شێخەکەشیان شێخ (عبدالله کوردی) دەهێنێت و دەڵێ: کە شێخێك ببوە خاوەن موعجیزە و کەرامات بووە و ماوەی چل رۆژ بەرۆژوو بووەو تەنها بەپارو وەك یەك رۆژەکەی شکاندووە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە میللەتی کورد میللەتێکی فراوان و بەربڵاون، کە زێدەکەیان لە(خوراسان) و (هەورامان) و (مەلاتیا)لەئاسیای بچووك بوون، بەڵام ئەوەی کە لەسەدەی سیانزەی میلادیدا روویدا ئەوەیوو ئیمپراتۆری سەلجوقی (سنجار) کەرتێکی تازەی دروست کرد و ناوی نا (کوردستان) کە دەکەوتە نێوان وڵاتی (فارس) و ناوچە عەرەبییەکانی عێراق، و هەمووشی خستە ژێر دەسەڵاتی (سلێمان پاشا)ی کوڕە زای خۆیەوە، پاش دووسەدە مەغۆلەکان دووبارە هەرێمەکانیا کە دروست کردووە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیان فراوانترکرد، ئەویش بەخستنە سەری چەند ناوچەیەکی عەجەمی لە عیراق، (ابن المستوفی) سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بەمشێوەیە دەستنیشانکردووە (کەلەنێوان عیراقی عەرەبی و خوزستان و عیراقی عەجەم و ئازەربەیجان و دیاربەکردایە).

داهاتی هەرێمی کوردستان لەزەمانی حوکمرانی سەلجوقییەکاندا بە (٣٠٠٠٠٠) دەخەملێنرێت، بەڵام لەزەمانی خۆیدا ئەم داهاتە بۆ (٢٠١٥٠٠) دینار کەمبۆتەوە.

سەبارەت بەپاشا سەرەکییەکانیش ئاماژەی بۆ ناوی چەند شارێك کردووە بەڵام ئەوشارانە حاڵی حازر زانراونین . ئەوەشی تۆمارکردووە کە دانیشتووانی (دربندی زنکی) قەومێکی خراپ و بەدکارن و هەموو چەتەو رێگرو جەردەن و خەڵکی بەگشتی رقیان لێیانە.

**بڕوانە:**

ج. ئار. درایڤەر، الکرد فی المصادر القدیمە ، و. بۆسەر زمانی عەرەبی: : د.فوئاد حەمە خورشید ، و. بۆ سەر زمانی کوردی نەریمان خۆشناو ، ١٩٨٦، بەغدا

**پەراوێزەکان:**

-١الملك الاشوری (١١١٢–١٠٧٤–ق. م) – ف.

-٢راجع زینفون، حمله العشره الالف، ترجمه، یعقوب افرام منصور، الموصل، ١٩٨٥، (٤٠٠) صفحه– ف.

-٣راجع اصل البحث

**G.R.Diver (the name kurds and its philologicalconn exion) , Royal Asiaatic society** journal. July, ١٩٢٣, pp. ٣٩٣- ٤٠٣

# کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد

ئا/ سابان ستار

## کێشەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە کۆڕێکی د.فواد رەشید دا

* لە درێژەی چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠١١/١/٦ ولە هۆڵی (مستەفا گەرمیانی) لەژێر ناونیشانی (کێشەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی) ئێوارە کۆڕێك بۆ دکتۆر فواد رەشید ساز کرد، سەرەتا بەڕێوەبەری کۆڕ (عەبدولستارجەباری) تیشکی خستە سەر کارو چالاکییەکانی کۆڕگێڕ، دواتر د.فواد چوەناو باسەکەوە، سەرەتا تیشکی خستە سەر مێژووی رەخنەی کوردی ورایە جیاوازەکان وزمانی رەخنەو شێوەو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رەخنە. لەکۆتایی باسەکەی د.فواد وتی:








بەداخەوە چەندین ساڵە لە کوردستان فیستڤاڵ بۆ شیعر و چیرۆك ولێکۆڵینەوە وکۆنسێرتی گۆرانی ومۆسیقا و......تاد دەکرێ. کەچی تاکو نهۆ یەك کۆنگرەو دیدارو فیستیڤاڵ بۆ رەخنەی کوردی نەکراوە ! لە کاتێکدا تاکو ئێستا ١٦کۆنگرەی نێو دەڵەتی کراوە بۆ (رەخنەی عەرەبی) کە دواهەمینیان لە ساڵی ٢٠٠٦بوو لە وڵاتی ئوردن سازکرا.

لەکۆتاییدا ئەم بەڕێزانە (شاهۆ عەبدولقادر، سەراب، ستارئەحمەد، مامۆستا سەربەست، دانا عەسکەر) گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکە کرد، کۆڕەکەش پتر لە دەمژمێرێکی خایاند

## چاپکراوی نوێ

*** کتێبی (خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری)**

لە نووسینی (سامان محەمەد) و لە چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك و لەژێر زنجیرەی (١٠٨) کەوتە بەر دیدی خوێنەران، شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەمە یەکەمین کتێبە دەستەی نوێی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانە، بۆ ئەم مەبەستەش لقی ناوبراو لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ سەرپەرشتیاری چاپ، بریتین لە (بورهان ئەحمەد و




حەمەسەعید زەنگنە و سەباح ئیسماعیل).



حەمەسەعید زەنگنە، جێگری سەرۆکی لق و ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ، لەبارەی چۆنیەتی چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران تایبەت بە گزنگ دواو وتی: بەکۆی دەنگ بڕیارمانداوە، وەکو چالاکییەکی بەردەوامی لقەکەمان، مانگانە دوو کتێب چاپ بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش جگە لە لیژنەی سەرپەرشتیاری ناوبراو، لیژنەیەکی تریشمان پێکهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی چاپیان دەکەین و ئێستاش (١٥) کتێبی جۆراوجۆرمان لەبەردەستدایە و هەندێکیان بڕیاری چاپ کردنیان لەسەر دراوە و لە نۆرە چاپدان.








* (هەرمێیەکانی فیرعەون) کۆمەڵە شیعرێکی شاعیری دوورە وڵات (ئەحمەدی مەلا)یە، دووەمین کتێبی نووسەرانی کورد لقی کەرکووکە. لەژێر زنجیرەی (١٠٩) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

* ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/١٦ عەبدولستار جەباری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (گزنگ) بە نوێنەرایەتی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، سەردانی نووسەر(زاهیرڕۆژبەیانی) لە ماڵی خۆیان لە شاری هەولێر کرد، کە بەهۆی نەشتەرگەرییەکی کوتوپڕەوە باری تەندروستی تێکچووبوو، سڵاو و ڕێز و هیوای چاکبوونەوەی سەرجەم نووسەرانی کەرکوکی بە مامۆستا زاهیر ڕۆژبەیانی گەیاند و ئەویش لەلای خۆیەوە سوپاسی ئەو بەسەرکردنەوەی کرد و داوای کرد ڕێز و سڵاوی خۆی بگەیەنرێتە نووسەرانی کەرکوک و هیوای سەرکەوتنی بۆ نووسەرانی کەرکوک خواست.